# Don't Waste Your Life
by
John Piper

جان پایپەر

# ژیانت بەفیڕۆ مەدە

وەرگێڕان: دانیال گەردی

# ژیانت بەفیڕۆ مەدە

نووسینی:
**جان پایپەر**

وەرگێڕانی:
**دانیال گەردی**


Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, PanckCity 16

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لە:

Don’t Waste Your Life
by John Piper
Copyright © 2003 by Desiring God Foundation
Text updated 2009
Published by Crossway
1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60187

Kurdish Edition Copyright 2023 by Hand of Help, all rights reserved. Without prior permission of the publisher, no portion of this book may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means-electronic, mechanical, photocopy, recording, or any other - except for brief quotations in printed reviews.

**هەموو مافەکانی وەرگێڕانی چاپی کوردیی ٢٠٢٣ی ئەم بەرهەمە لە لایەن ڕێکخراوی ”هاند ئۆف هێڵپ“ەوە پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێت، یان بە شێوەی ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی ببەخشرێت، مەگەر ئەوەی کە تەنها دەقی کورتی لێ وەربگیردرێت و ئاماژە بە ناوی بەرهەم و نووسەر بکرێت.**

- **ناوی کتێب: ژیانت بەفیڕۆ مەدە**
- **نووسەر: جان پایپەر**
- **وەرگێڕانی: دانیال گەردی**
- **چاپی یەکەم، ٢٠٢٣**
- **چاپخانە: ئاسیا**
- **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
- **ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (***)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.**

**هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.**

# ناوەڕۆک


**پێشەکی** ........................................................................................ ١

بەشی یەکەم:

**گەڕانەکەم بۆ تاکە سۆزێک بۆ ژیان بەپێی..** ................................................ ٣

بەشی دووەم:

**پێشکەوتن / جوانی مەسیح، خۆشی من** ................................................ ١٣

بەشی سێیەم:

**خاچ تەنها شانازی و ناوەندی بڵێسەی شکۆمەندی خودایە** ................................ ٣٠

بەشی چوارەم:

**شکۆدارکردنی مەسیح لە ڕێگەی ئازار و مردنەوە** ................................ ٤٥

بەشی پێنجەم:

**مەترسی دروستە - باشترە ژیانت لەدەست بدەیت نەک بەفیڕۆی بدەیت** ............ ٦٠

بەشی شەشەم:

**ئامانجی ژیان - بە خۆشحاڵییەوە دڵخۆشکردنی کەسانی دیکە بە خودا** ............ ٧٨

بەشی حەوتەم:

**ژیان بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت خودا لە ژیان بەهادارترە** ................................ ٨٤

بەشی هەشتەم:

**شکۆدارکردنی مەسیح لە ماوەی کارکردنی ڕۆژانەدا** ................................ ١٠٦

بەشی نۆیەم:

**شکۆدارکردنی مەسیح لە خزمەت و ئەرکی کڵێسادا بە دڵسۆزیتان؛ داواکارییەکم بۆ ئەم نەوەیە** ...... ١٢٨

بەشی دەیەم:

**نوێژی من بۆ ئێوە - با کەس لە کۆتاییدا نەڵێت: "ژیانم بەفیڕۆ داوە"** ............ ١٥١

# پێشەکی

باوەڕ بکەن یان یان، بۆب دیلانی ئەستێرەی جیهانی میوزیک بەشداره لەم چیرۆکەدا. هۆکاری ئەوەی لێرەدا باسی دیلان دەکەم ئەوەیە کە لەنێوان یەکەم چاپی ئەم کتێبە (٢٠٠٣) و ئێستا (٢٠١٧)، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێبەخشرا. سەرسوڕهێنەرە. ماڵپەڕی خەڵاتی نۆبڵ دەڵێت خەڵاتەکە «بەهۆی دروستکردنی دەربڕینی شیعری نوێ لە چوارچێوەی نەریتی گەورەی گۆرانی ئەمریکیدا بووە.»

گرژی لەنێوان دیلانی چیرۆکەکەمدا و دیلانی وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیدا هەیە. لەدوای ئەوەی بۆمانی باسکرد کە چۆن فیلمە کلاسیکەکانی مۆبی دیک، ئۆڵ سییت و لە بەرەی ڕۆژئاوادا ئۆدیسێ کارەکانی ئەوی لە قاڵب داوە، دیلان دەپرسێت، ”کەواتە هەموو ئەمانە واتای چییە؟“ بە چاوەڕوانییەوە دانیشتم. ئەمەیە کە ئەم کتێبە باسی دەکات. ژیان واتای چییە؟

پاشان وەڵامی دەداتەوە، ”[گۆرانییەکانم] دەتوانن واتای زۆر شتی جیاواز بن. ئەگەر گۆرانییەک هەست بجوڵێنێت، ئەوە شتێکی گرنگە. پێویست ناکات بزانم گۆرانی واتای چییە... وە من خەمی ئەوە ناخۆم- هەموو ئەمانە واتایان چییە.“

ئەگەر ئەوە وەک قارەمانێک، یان بوێرێک، یان ڕەسەنایەتییەک کاریگەری لەسەر هەیە، لەوانەیە ئەم کتێبەت بەدڵ نەبێت، لانیکەم لە سەرەتادا کە دەیخوێنیتەوە. چونکە ئەمە وەک کارەساتێک کارم تێدەکات. حەفتا و شەش ساڵ ژیانێکی زۆرە کە لێیەوە کۆتایی بە قسەکانم بهێنم و بڵێم، ”من بڕیار نییە نیگەران بم کە واتای هەموو ئەمانە چییە. ئەگەر هەستم بجوڵێت، ئەوە شتێکی گرنگە“. نەخێر بەڕێز (دیلان). لە دونیایەکی پڕ لە ئازاری وەک دونیای ئێمەدا و لە بەرامبەر مردن و هەتاهەتاییدا، ”جووڵەکردن“ بە هەست بەس نییە.

ئەم کتێبە باسی جۆرێک لە خۆشی دەکات کە هەرگیز کۆتایی نایەت. بەڵام پێش هەر پێچ و پەنایەکی تایبەت ئەوە گرنگە کە ئەم خۆشییە وا لە خودا دەکات وەک ئەو گەنجینە باڵا بەرزەی کە هەیە، دەرکەوێت. ژیانی بەفیڕۆنەدراو لەسەر بنەمای ئەو دۆزینەوەیە کە قووڵترین دڵخۆشیمان و شکۆمەندی جوانی خودا پێکەوە دەگەنە لوتکە.

ئاگادارکردنەوەیەک هەیە. ڕێگای خۆشی بەرزکردنەوەی خودا بە بەهای لەدەستدانی ژیانت دەبێت. عیسا فەرموویەتی: «ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات، دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لەپێناوی من و مزگێنییەکەم ژیانی خۆی بدۆڕێنێت، ڕزگاری دەکات» (مەرقۆس ٨: ٣٥). بە واتایەکی دیکە باشترە ژیانت لەدەست بدەیت نەک بەفیڕۆی بدەیت.

ئەگەر بە خۆشی بژیت بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بە خودا دڵخۆش بکەیت، ژیانت سەخت دەبێت، مەترسییەکانت زۆر دەبن، بەڵام خۆشیەکی پڕت دەبێت. ئەمە کتێبێک نییە کە باس لە چۆنیەتی دوورکەوتنەوە لە ژیانێکی بە ئازار بکات، بەڵکو باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە ژیانێکی بەفیڕۆدراو دوور بکەویتەوە. هەندێکتان لە خزمەتکردن بە مەسیح دەمرن. ئەوە کارەسات نابێت. بەهادارترکردنی ژیان زیاتر لە مەسیح ئەمە کارەساتە.

هیوادارم دەربارەی بۆب دیلان هەڵە بم. کاتێک دەڵێت: «من لەوە نیگەران نابم کە هەموو ئەمانە واتای چییە»، ڕەنگە بەڕاستی مەبەستی ئەوە بێت کە «خەمبار نابم، چونکە واتای گەورەی ژیانم دۆزیوەتەوە، وە چیتر پێویست ناکات نیگەران بم». ڕەنگە بەڕاستی باوەڕ بکات کە «وڵامەکە لە بادا دەفڕێت.» وەڵامەکە. پێت وایە ئەو گۆرانییە چۆن هاتبێتە ناو چیرۆکەکەمەوە. ئەوە نەبووە هۆی ئەوەی باوەڕم بەوە هەبێت کە هیچ وەڵامێک نییە.

تکایە بزانن کە من نوێژتان بۆ دەکەم، جا تۆ خوێندکار بیت خەونی شتێکی بنەڕەتی بۆ ژیانت دەبینیت یان خانەنشین بیت و بە هیوای ئەوەی ساڵانی کۆتاییت بەفیڕۆ نەدەیت. ئەگەر پرسیارت هەیە کە من سەبارەت بە چی نوێژ دەکەم، بەشی ١٠ ی ئەم کتێبە بخوێنەرەوە، ئەوە نوێژی منە.

لە ئێستا سوپاسی خودا دەکەم بۆ هەبوونی ئێوە. خۆشی من لەگەڵ هەر ڕۆحێکدا گەشە دەکات کە بەدوای شکۆمەندی خودادا دەگەڕێت لەبەردەم عیسای مەسیحدا. لەبیرت بێت، تۆ یەک ژیانت هەیە. ئەوە هەموویەتی. تۆ بۆ خودا دروست بوویت. بەفیڕۆی مەدە.

جان پایپەر

١٢ی ئەیلوولی ٢٠١٧

# بەشی یەکەم

## گەڕانەکەم بۆ تاکە سۆزێک بۆ ژیان بەپێی...

باوکـم باوەڕدارێکـی ئینجیلـی (مزگێنیـدەر) بـوو. کاتێـک منـداڵ بـووم، بۆنەیەکـی دەگمـەن هەبـوو کـە مـن و دایکـم و خوشـکەکەم لەگەڵیـدا گەشـتمان کـرد و گوێـمان لـە بانگـەوازی ئـەو بـوو. گوێـم لـە بانگەشـەی باوکـم بـوو دڵـم لـەرزی. سـەرەڕای خاڵـی کـراوەی پێشـبینییەی، هەمـوو شـتەکە وەک شـتێکی ڕەهـای خوێنـاوی بـە ڕژدی لـە دڵـی دام. لـە چاویـدا دەربڕینێکـی دیاریکـراوی هەبـوو و گرژبوونـی لێوەکانـی وەک بەفربارینیـک بـوو کاتێـک دەقـە ئینجیلییەکانـی لـە جێبەجێکردنیانـدا بـە لوتکـە گەیانـدە.

### "بەفیرۆم داوە، بەفیرۆم داوە"

ئـای چـۆن دەپاڕایـەوە! منداڵان، هـەرزەکاران، گەنجانـی سـەڵت، گەنجانـی هاوسـەردار، تەمـەن ناوەڕاستەکان، پیـرەکان- باوکـم هۆشـداری و هاندانـی مەسـیحی دەخسـتە نـاو دڵـی هـەر کەسـێکەوە. ئـەو چیرۆکـی هەبـوو، ئەوەنـدە چیرۆکـی هەبـوو، بـۆ هـەر گروپێکـی تەمـەن- چیرۆکـی گۆڕینـی شـکۆمەندانە، وە چیرۆکـی ڕەتکردنـەوەی ترسـناکی بـاوەڕ و بەدوایـدا مردنـی دڵتەزێـن. بـە دەگمـەن ئـەو چیرۆکانـە بەبـێ فرمێسـک ڕژان دەهاتـن.

بـۆ مـن وەک کوڕێـک یەکێـک لـەو وێناکردنانـەی کـە باوکـە ئاگرینەکـەم بـەکاری هێنابـوو، چیرۆکـی پیاوێـک بـوو کـە لـە تەمەنـی پیریـدا بـاوەڕی بـە مەسـیح هێنابـوو و دیسـان لەدایکبـووەوە. کڵێسـاکە دەیـان سـاڵ بـوو نوێـژی بـۆ ئـەم پیـاوە دەکـرد. دڵ ڕەق و خۆڕاگـر بـوو. بـەڵام ئەمجارەیـان لەبـەر هەندێـک هـۆکار، کاتێـک باوکـم بانگەشـەی دەکـرد، خـۆی نیشـان دا. لـە کۆتایـی خزمەتەکـەدا، لـە کاتـی گۆرانییەکـی ڕۆحیـدا، بـە سەرسـامی هەمـووان هاتـە پێـش و دەسـتی باوکمـی گـرت. لەکاتێکـدا خەڵکەکـە لـە کارەکانـی خزمەتەکـە تـەواو دەبـوون پێکـەوە لەسـەر کورسـی پێشـەوەی کڵێسـاکە دانیشـتن. خـودا دڵـی ئـەو پیـاوەی بـۆ ئینجیلـی مەسـیح کـردەوە و لـە گوناهەکانـی ڕزگاری بـوو و ژیانـی هەتاهەتایـی پێبەخـشرا. بـەڵام ئـەوە نەبـووە هـۆی ئـەوەی کـە نەگریێـت و لەڕێـگای فرمێسـکەکانی کـە بەسـەر دەموچـاوە چـرچ و لۆچەکەیـدا دەڕژان، ئەمـە بڵێـت و چ کاریگەرییەکـی لەسـەر مـن هەبـوو کـە باوکـم گوێـی لێبـوو بـە فرمێسـکەکانیەوە دەیگـوت: "مـن بەفیـڕۆم داوە! بەفیـڕۆم داوە!"

ئەمـە ئـەو چیرۆکـە بـوو کـە زیاتـر لـە هەمـوو چیرۆکەکانـی ئـەو گەنجانـە کاریگـەری لەسـەر کـردم، کـە پێـش ئـەوەی بگۆڕدرێـن لـە ڕووداوی ئۆتۆمبێلـدا گیانیـان لەدەسـتداوە-

چیرۆکی پیرە پیاوێک کە دەگریا بۆ ئەوەی ژیانی بەفیڕۆداوە. لەو ساڵە سەرەتاییانەدا خودا ترس و سۆزێکی لە مندا بەئاگا هێنایەوە کە ژیانم بەفیڕۆ نەدەم. بیرکردنەوە لەوەی کە بچمە تەمەنی پیرییەوە و بە فرمێسکەوە بڵێم "بەفیڕۆم داوە! بەفیڕۆم داوە!" بۆ من بیرکردنەوەیەکی زۆر ترسناک بوو.

"ژیان تەنها یەک جارە، ئەویش بەم زووانە تێدەپەڕێت"

هێزێکی دیکەی پەیوەندیدار لە ژیانی گەنجیەتیمدا – کە لە سەرەتادا بچووک بوو، بەڵام ئای کە چەند بە تێپەڕبوونی کات بەهێزتر بوو- تابلۆیەک بوو کە لە چێشتخانەکەماندا بەسەر سینکی قاپشۆرەکەماندا هەڵواسرابوو. ئێمە لە تەمەنی شەشساڵی مندا چووینە ئەو ماڵەوە. بۆیە پێموایە بۆ ماوەی دوازدە ساڵ نزیکەی هەموو ڕۆژێک تەماشای وشەکانی سەر ئەو تابلۆیەم دەکرد، هەتا لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا چوومە کۆلێژ. پارچە شووشەیەکی سادە بوو کە پشتەکەی بە ڕەش ڕەنگ کرابوو و زنجیرێکی خۆڵەمێشی بە دەوریدا چەسپابوو وەک چوارچێوەیەک و سنوورێک بوو بۆ جێگای هەڵواسینی. لە پێشەوە، بە ڕێنووسی ئینگلیزی کۆن، بە ڕەنگی سپی نەخشێنرابوو، وشەکانی ئەمە بوو:

ژیان تەنها یەک جارە،

ئەویش بەم زووانە تێدەپەڕێت؛

تەنها ئەوەی بۆ مەسیح ئەنجامدەدرێت

بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

لە لای چەپی تابلوکەوە، لە تەنیشت ئەم وشانەدا، گردێکی سەوزی ڕەنگاوڕەنگ هەبوو کە دوو درەختی لەسەر بوو و ڕێگایەکی قاوەیی بەسەر گردەکەدا ون دەبوو. چەند جار، وەک کوڕێکی بچووک، وە پاشان وەک هەرزەکارێکی هەڵەشە و دڵ پڕ لە ئارەزوو و نیگەرانی، تەماشای ئەو ڕێگا قاوەییەم دەکرد (وەک ژیانی من بوو)، پێم سەیر بوو چی لەسەر ئەو گردەدا هەیە. پەیامەکە ڕوون بوو. لە ژیاندا یەک دەرفەتت دەبێت. ئەوە هەموویەتی. تەنها یەک. وە پێوەرە هەتاهەتاییەکەی ئەو ژیانە عیسای مەسیحە. ئەو تابلۆیە ساڵانێک بوو بە دیوارەکەی لای دەرگای پێشەوەمانەوە هەڵواسرابوو. هەر جارێک لە ماڵەوە دەردەچووم دەمبینی.

بەفیڕۆدانی ژیانم واتای چی دەبێت؟ ئەوە پرسیارێکی سووتێنەر بوو. یان، بە شێوەیەکی ئەرێنیتر، ژیانی باش واتای چی دەبێت- نەک بەفیڕۆدانی ژیان، بەڵکو...؟ چۆن ئەو ڕستەیە تەواو بکەین، ئەمە پرسیارەکە بوو. تەنانەت دڵنیا نەبووم کە چۆن پرسیارەکە بە وشە بخەمە ڕوو، چ جای ئەوەی وەڵامەکەی چی بێت. پێچەوانەی ژیان

بەفیڕۆ نەدان چی بوو؟ "بۆ ئەوەی لە پیشەیەکدا سەرکەوتوو بیت؟" یان "بۆ ئەوەی زۆرترین دڵخۆشیت هەبیت؟" یان "بۆ بەدیهێنانی شتێکی گەورە؟" یان "بۆ دۆزینەوەی قووڵترین واتا و گرنگی؟" یان "بۆ یارمەتیدانی زۆرترین کەس؟" یان "بۆ خزمەتکردنی مەسیح بە تەواوی؟" یان "بۆ ئەوەی لە هەموو کارێکدا خودا شکۆدار بێت؟" یان خاڵێک، ئامانجێک، سەرنجێک، کرۆکێک بۆ ژیان هەبوو کە هەر یەکێک لەو خەونانە بەدی بهێنێت؟

## "ساڵە لەدەستچووەکان"

لەبیرم چووبوو کە ئەم پرسیارە چەندە قورس بوو بۆ من هەتا ئەو کاتەی لە مەلەفەکانمدا تەماشای ئەو ساڵانەی سەرەتاییم کرد. هەر لەو کاتەی کە خەریک بوو لە ساڵی ١٩٦٤ ماڵەکەم لە کارۆلینای باشوور بەجێبهێڵم و هەرگیز وەک دانیشتوویەک نەگەڕێمەوە، قوتابخانەی ئامادەیی وەید هامپتۆن گۆڤارێکی ئەدەبی سادەی شیعر و چیرۆکی بڵاوکردەوە. نزیک لە لاپەڕەی کۆتایی گۆڤارەکە، شیعرێک هەبوو لە نوسینی جان پایپەر. لێرە نایئنوسم. شیعرێکی باش نەبوو. جینی سەرنوسەری، لە میهرەبانی خۆی بوو کە بڵاویکردەوە. ئەوەی ئێستا بۆ من گرنگە ناونیشان و چوار دێڕی یەکەم بوو. ناوی "ساڵە لە دەستچووەکان" بوو. لە تەنیشتیەوە وێنەی پیرە پیاوێک لەسەر کورسییەکی جوڵانێ هەبوو. شیعرەکە وا دەستی پێدەکرد:

لەمێژە بەدوای واتای شاراوەی زەویدا دەگەڕام؛
هەر لە گەنجیدا گەڕانم بێهودە بوو.
ئێستا لەگەڵ نزیکبوونەوەی ساڵانی کۆتایی و کەمبوونەوەی تەمەن،
دەبێت گەڕانەکەم دەست پێبکاتەوە.

لە سەرانسەری ئەو پەنجا ساڵەی تەمەنم کە لە کاتی نوسینی ئەو شیعرە جیام دەکاتەوە دەتوانم خۆبەدوورگرتنێکی ترسناک ببیستم، "بەفیڕۆم داوە! بەفیڕۆم داوە!" بە جۆرێک لە جۆرەکان خولیای کرۆک و خاڵی سەرەکی ژیان لە مندا بەئاگا هاتبووەوە. پرسیاری بنەڕەتی «ئایا شتێک ڕێگەپێدراوە یان نا؟" لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسیارەدا کاڵ بووەوە کە "شتە سەرەکییەکە، یان شتە گرنگەکە چییە؟» بیرکردنەوە لە بنیادنانی ژیانێک لە دەوری کەمترین ڕەوشت یان کەمترین گرنگی- ژیانێک کە بە پرسیارەکە پێناسە کراوە، «چی ڕێگەپێدراوە؟»- نزیک بوو لە هەستێکی قێزەون بۆ من. من ژیانێکی کەمترینم نەدەویست. من نەمدەویست لە پەراوێزی ڕاستیدا بژیم. ویستم لە شتە سەرەکییەکەی ژیان تێبگەم و بەدوایدا بگەڕێم.

## بوونگەرایی ئەو هەوایە بوو کە هەناسەمان هەڵیدەمژی

ئـەو خولیایـەی کـە کرۆکـی ژیـان لەدەسـت نەدەیـن واتـا بەفیـڕۆی نەدەیـن، لـە کۆڵیـژدا چڕتـر بـووەوە- کۆتایـی سـاڵانی شەسـتەکانی پـڕ لـە گێـژاو. هـۆکاری بەهێزیـش هەبـوو بـۆ ئەمـە، هۆکارگەلێـک کـە زۆر لـە گێـژاوی نـاو دەروونـی کوڕێـک تێدەپـەڕی کـە دەگەیشـتە ئـەو تەمەنـە. "کـرۆک" نزیکـەی لـە هەمـوو شـوێنێک لەژێـر هێرشـدا بـوو. بوونگەرایـی ئـەو هەوایـە بـوو کـە هەناسـەمان هەڵیدەمـژی. وە واتـای بوونگەرایـی ئـەوە بـوو کـە "بـوون پێـش کـرۆک دەکەوێـت". واتـا سـەرەتا تـۆ بوونـت هەیـە و دواتـر بـە بـوون، کرۆکـت دروسـت دەکەیـت. تـۆ کرۆکـت بـە هەڵبژاردنـی ئـازادی ئـەوەی کـە دەبیـت دروسـت دەکەیـت. لـە دەرەوەی تـۆ هیـچ کرۆکێـک نییـە کـە بەدوایـدا بگەڕێیـت یـان لەگەڵیـدا بگونجێیـت. نـاوی بنـێ بـە «خـودا» یـان «واتـا» یـان "مەبەسـت"- هەتـا ئـەو کاتـەی بـە بوونـی بوێرانـەی خـۆت دروسـتی نەکەیـت، لەوێـدا نییـە. (ئەگـەر بـڕۆت کرژبـووە و بیـر لـەوە دەکەیتـەوە «ئەمـە بـە شـێوەیەکی سـەیر لـە ڕۆژگاری ئێسـتامان دەچێـت کـە پێـی دەڵێیـن پۆسـتمۆدێرنیزم»، سەرسـام مەبـە. وەک سـلێمانی پێغەمبـەر دەڵێـت کـە هیـچ شـتێکی نـوێ لەژێـر خـۆردا نییـە. تەنهـا پێچانـەوەی نوێـی شـتە کۆنـەکان هەیـە.)

بەبیـرم دێتـەوە کـە لـە هۆڵێکـی شـانۆی تاریکـدا دانیشـتبووم و تەماشـای شـانۆییەکانی بوونگەرایـی، "شـانۆی بێواتـا"م دەکـرد. شـانۆنامەکە نـاوی «لـە چاوەڕوانـی گـۆدۆت» لـە نووسـینی ساموئێل بێکێتـە. ڤلادیمێـر و ئیسـتراگۆن لەژێـر دارێکـدا یەکتـر دەبینـن و گفتوگـۆ دەکـەن و چاوەڕێـی گـۆدۆت دەکـەن. کەچـی ئـەو هەرگیـز نایـەت. لـە نزیـک کۆتایـی شـانۆکەدا کوڕێـک پێیـان دەڵێـت گـۆدۆت نایـەت. بڕیـار دەدەن بـڕۆن، بـەڵام هەرگیـز ناجوڵێـن. بـۆ هیـچ شـوێنێک ناچـن. پەردەکـە دادەخرێـت و گـۆدۆت هەرگیـز نایـەت.

ئـەوە ڕوانگـەی بێکێـت بوو بۆ کەسانی وەک مـن- چاوەڕوانـی، گەڕان، هیـوای دۆزینەوەی کرۆکـی شـتەکانن، لەبـری ئـەوەی کرۆکـی خـۆم بـە بوونـی ئـازاد و بـێ سـنوورەوە دروسـت بکـەم. هیـچ شـوێنێک- ئـەوە ئـەو شـوێنەیە کـە ئامـاژە بـەوەدات، ئەگـەر مەبەسـتتە بـەدوای هەندێـک خاڵـی زلـدا یـان ئامانـج یـان سـەرنج یـان کرۆکـدا بگەڕێیـت دەبێـت بڕۆیـت.

## "پیاوی هیچ شوێنێک"

بیتڵـز ئەلبوومەکەیـان بەنـاوی (ڕۆحـی لاسـتیکی) لـە کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٥ دا بڵاوکـردەوە و زۆر بـە هێـز بـۆ نـەوەی تەمەنـی مـن بـوو کـە گۆرانـی بوونگەرایـی خۆیـان گوتۆتـەوە. ئەمـە ڕەنگـە لـە کتێبـی "پیـاوی هیـچ شـوێنێک"ی جـۆن لێنـۆن ڕوونـتر بووبێـت؛

ئەو پیاوێکی ڕاستەقینەی هیچ شوێنێک نییە
لە خاکی هیچ شوێنێکی خۆیدا دانیشتووە

هەموو هیچێک شوێنێکی لە پلانەکانی دروستکردوە
بۆ هیچ کەس
خاڵی ڕوانگەی نییە
نازانێت بۆ کوێ دەچێت
ئایا کەمێک لە من و تۆ ناچێت؟

ئەمانـە ڕۆژانـی سەرسـوڕهێنەر بـوون، بـە تایبەتـی بـۆ خوێندکارانـی کۆلێـژ. وە، سـوپاس بـۆ خـودا، خـودا بێدەنـگ نەبـوو. هەمـوو کەسـێک جێگـەی خـۆی نـەدا بـە هاندانـی شـتە بێواتـاکان و هاندانـی بۆشـایی قارەمانانـە. هەمـووان خۆیـان نەدایـە دەسـت بانگهێشـتی ئەلبێـرت کامـۆ و ژان پـۆڵ سارتەر. تەنانـەت ئـەو دەنگانـەی کـە ڕەگیـان لـە ڕاسـتیدا نەبـووە، دەیانزانـی کـە دەبـێ شـتێکی زیاتـر هەبێـت- شـتێک لـە دەرەوەی خۆمـان، شـتێکی گەورەتـر و شـایانتر لـە ژیـان بـۆ زیاتـر لـەوەی کـە لـە ئاوێنـەدا دەیبینیـن.

## وەڵامەکە، وەڵامەکە لە بادا دەفڕێت

بـۆب دیـلان گۆرانییەکانـی ناڕاستـەوخۆ بـە پەیامـی بـەرەو هیـوا دروسـت دەکـرد کـە بـە وردی لەسـەر دیمەنەکـە سـەری هەڵـدەدا، چونکـە ئاماژەیـان بـە ڕاسـتیەک دەکـرد کـە بـۆ هەمیشـە چاوەڕێـی نەبیـن. شـتەکان دەگـۆڕا. درەنـگ یـان زووتـر گۆرانییـە خاوەکـە خێـرا دەبـوو و یەکەمیـان دەبـووە دواهەمیـن. لەبـەر ئـەوە نییـە کـە ئێمـە گـەورەی بوونگەراییـن لـە چارەنووسـی بێواتامانـدا هـەر دەهاتـە لای ئێمەیـش. ئەمـەش ئەوەیـە کـە هەمووەمـان لـە گۆرانییەکـەدا هەسـتمان پـێ دەکـرد، «کاتـەکان، دەگۆڕێـن.“

”ئەو هێڵەی کە کێشراوە،
ئەو نەفرەتەی کە دەکرێت،
ئەو هێواشەی ئێستا
دواتر خێرا دەبێت.
وەک کاتی ئێستا کە
دواتر تێپەڕ دەبێت،
فەرمانێک هەیە
بە خێرایی کاڵ دەبێتەوە.
وە یەکەمیان ئێستا
دواتر دواهەمین دەبێت،
بۆ ئەو کاتانەی، کەوا دەگۆڕێن.“

بوونگەراییـەکان ڕەنگـە بەبـێ ئـەوەی بزانـن تـووڕە بـن کـە گوێیـان لـە گورانییـە نوێیەکـەی دیلان دەبێـت، ڕێژەگەرایـی هەمـوو شـتێکیان دەدرێتـە دەم بـاوە ”وەڵامەکـە... وەڵامەکـە لـە بـادا دەفرێت.“

مرۆڤ چەند جار دەبێت سەری بەرز بکاتەوە
پێش ئەوەی بتوانێت ئاسمان ببینێت؟
بەڵێ، پیاوێک دەبێت چەند گوێی هەبێت،
پێش ئەوەی بتوانێت گوێی لە گریانەکانی خەڵک بێت؟
بەڵێ، وە چەند مردنی دەوێت
هەتا دەزانێت کە زۆر کەس مردوون؟
وەڵامەکە هاوڕێکەم لە بادا دەفڕێت،
وەڵامەکە لە بادا دەفڕێت.

مرۆڤ چەند جار دەتوانێت سەری بەرز بکاتەوە و ئاسمان نەبینێت؟ لەوێ، واتا لەسەرەوە ئاسمانێک هەیە بۆ ئەوەی ببینرێت. لەوانەیە دە هەزار جار سەرت بەرز بکەیتەوە و بڵێیت نایبینم. بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بوونی بابەتیی خۆی نییە. ئاسمان هەر لەوێیە. وە ڕۆژێک دێت دەیبینیت. چەند جار دەبێت سەرت بەرز بکەیتەوە پێش ئەوەی ببینیت؟ وەڵامێک هەیە. وەڵامەکە، هاوڕێکەم، وەڵامەکە هی تۆ نییە بۆ داهێنان یان دروستکردن. بۆ ئێوە یەکلایی دەبێتەوە. لە دەرەوەی تۆیە. ڕاستی و بابەتیانە و پتەوە. ڕۆژێک دێت گوێت لێ دەبێت. تۆ دروستی ناکەیت. تۆ پێناسەی ناکەیت. دێتە لات و درەنگ یان زوو لەگەڵیدا دەگونجێنیت- یان کڕنۆشی بۆ دەبەیت.

ئەوە بوو کە لە گۆرانییەکەی دیلاندا بیستم و هەموو شتێک لە مندا دەیگوت بەڵێ! وەڵامێک هەیە، بە دڵنیاییەوە هەیە. لەدەستدانی بە واتای ژیانێکی بەفیڕۆچووە. دۆزینەوەی بەو واتایە دەبێت کە وەڵامێکی یەکگرتووم هەبێت بۆ هەموو پرسیارەکانم.

ڕێڕەوی بچووکی ڕەنگ قاوەیی بۆ سەر گردە سەوزەکە لەسەر تابلۆی چێشتخانەکەمان، بە درێژایی سالانی شەستەکان- لەنێو تەڵە شیرینەکانی گەمژەیی فیکریدا، ڕێگەی خۆی پێچاوپێچ کردبوو. ئای، ئەو نەوەیەی سەردەمی من چەندە بوێر دەرکەوتن کاتێک لە ڕێگاکە هاتنە خوارەوە و پێیان کەوتە ناو تەڵەوە! تەنانەت هەندێک دەتوانن تێکەڵەیەک کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکەن کە "من ڕێگەی ئازادیم هەڵبژاردووە. من بوونی خۆمم دروست کردووە. یاسا کۆنەکانم شل کردۆتەوە. بڕوانە چۆن قاچم بڕاوە!"

## پیاوێکی قژ درێژ و چەقۆکێش

بەڵام خودا بە میهرەبانییەوە بە درێژایی ڕێگاکەدا هۆشداری زۆرەملێی بڵاو دەکردەوە. لە پاییزی ساڵی ١٩٦٥ فرانسیس شافەر بۆ ماوەی هەفتەیەک وتارەکانی لە

کۆلێژی ویتن پێشکەش کرد کە لە ساڵی ١٩٦٨ بوو بە کتێبی، ”خودایەک کە لەوێیە“.a ناونیشانەکە سادەیی سەرسوڕهێنەری بابەتەکە نیشان دەدات. خودا لەوێیە. نەک لێرە، کە لەلایەن ئارەزووەکانی خۆمەوە پێناسەکراوە و شێوەم داڕشتووە. خودا لەوێیە. بەشێوەی ڕاستەقینەی ڕەهای خۆی (کەوا شافر بە شتێکی وەک «ڕاستی ڕەها» باسی دەکات). هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕاستی دەچن بۆ ئێمە پەیوەندیدارە بە خوداوە. دروستکراو و دروستکەر هەیە، لەوە زیاتر هیچی دیکە نییە. وە بەدیهێنراو هەموو واتا و مەبەستەکەی لە خوداوە وەردەگرێت.

لێرەدا هێمایەکی ڕێگاوبانی ڕەهای ناچارکەر هەبوو. لەسەر ڕێگای ڕاستی بابەتی بمێنەرەوە. ئەمەش دەبێتە ڕێگایەک بۆ ئەوەی ژیانت بەفیڕۆ نەدەیت. لەسەر ئەو ڕێگایە بمێنەرەوە کە باوکە مزگێنیدەرە ئاگرینەکەت لەسەری بوو. واز لە تابلۆی سەر دیواری چێشتخانەکەت مەهێنە. لێرەدا پشتڕاستکردنەوەی ئەندێشەیی قورس هەبوو کە ژیان لە کۆنکریتی بوونگەراییدا بەفیڕۆ دەچێت. لەسەر ڕێگا بمێنەرەوە. ڕاستییەک هەیە. خاڵ و ئامانج و کرۆکێک لە هەموو ئەمانەدا هەیە. بەردەوام بە لە گەڕان، دەیدۆزیتەوە.

پێم وایە هیچ سوودێکی نییە کە شیوەنی بۆ ئەوە بگێڕین کە مرۆڤ ساڵانی کۆلێژی خۆی بە فێربوونی شتە ئاشکراکان بەسەرببات- کە ڕاستەقینەیە، کە هەبوونێکی بابەتیی و بەهای بابەتیی هەیە. وەک ماسییەک بچێتە قوتابخانە بۆ ئەوەی بزانێت ئاو هەیە، یان باڵندەیەک فێربکرێت کە هەوا هەیە، یان کرمێک بزانێت کە پیسی هەیە. بەڵام وا دیارە، لە ماوەی دوو سەد ساڵی ڕابردوودا یان زیاتر، ئەمە خاڵی سەرەکی پەروەردەیەکی باش بووە. وە پێچەوانەکەی کرۆکی پەروەردەی خراپە. بۆیە من ناگرییێم بۆ ئەو ساڵانەی کە لە فێربوونی شتە دیارەکان بەسەرم بردووە.

## ئەو پیاوەی کە فێریکردم ببینم

بەڕاستی سوپاسی خودا دەکەم بۆ ئەو پرۆفیسۆر و نووسەرانەی کە زۆر وزەی داهێنەرانەیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی وا بکەن هەبوونی دار و ئاو و ڕۆح و خۆشەویستی و خودا باوەڕپێکراو بێت. سی ئێس لویس لە هەمان ڕۆژ کە جۆن ئێف کێنێدی لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد ئەو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد وانەی زمانی

a کارە پەیامبەرییەکانی شافر بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو پەیوەندیدارە لەگەڵ سەردەمی ئێمەدا. من هانی هەر خوێنەرێک دەدەم کە لانیکەم یەک بەرهەمی شافر بخوێنێتەوە. شوێنێکی باش بۆ دەستپێکردن بە «باشترینی باشترینەکان“ بەرگێکی کتێبی فرانسیس ئەی شافەر: «ئەو خودایەی کە لەوێیە، هەڵهاتن لە ئەقڵ، وە ئەو لەوێیە و ئەو بێدەنگ نییە (ویتۆن، ئای ئێل: کرۆس وەی، ١٩٩٠).

ئینگلیزی دەگوتەوە، لە ساڵی ١٩٦٤دا بە ڕووناکییەکی هێندە گەشاوەوە بەسەر ئاسۆی ڕێگا بچووکە قاوەییەکەمدا ڕۆیشت کە سەختە زیادەڕەوی لەوە نەکەم کە باسی کاریگەرییەکەی لەسەر ژیانی خۆم بکەم.

ساڵی یەکەمی خوێندنم کەسێک بە کتێبی (Mere Christianity)[1] ناساندم لە نووسینی سی ئێس لویس. بۆ ماوەی پێنج شەش ساڵی داهاتوو نزیکەی هەرگیز بێ خوێندنەوەی کتێبێکی لویس نەبووم کە لە نزیکەمەوە بوو. پێم وایە بەبێ کاریگەری ئەو لەسەر ژیانم بە هێندە خۆشی و بەسوودەوە نەدەژیام. هۆکار هەیە بۆ ئەمەش.

ئەو وای لێکردووم ئاگاداری خۆبەزلزانینی مێژویی بم. واتا نیشانی دام کە نوێبوون هیچ چاکی و شانازییەک نییە و کۆنبوونیش هیچ خراپەکارییەک نییە. ڕاستی و جوانی و چاکە بە کاتی هەبوونیان دیاری ناکرێن. هیچ شتێک لەبەر ئەوەی کۆنە نرخی کەم نابێت و هیچ شتێک چونکە مۆدێرن و نوێیە بەنرختر نییە. ئەمەش لە ستەمی نوێگەرایی ڕزگاری کردم و دانایی سەردەمەکانی بۆ کردمەوە. هەتا ئەمڕۆش زۆربەی خوراکی ڕۆحم لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە دەست دەکەوێت. سوپاسی خودا دەکەم بۆ نیشاندانی زۆرەملێی لویس بۆ شتە دیارەکان.

ئەو بە منی نیشاندا و ڕازی کردم کە لۆژیکی توند و ورد و دزەپێکەر دژایەتی هەستێکی قووڵ و ڕۆح وروژێنەر و خەیاڵی و زیندوو -تەنانەت وەرزشوانانە- ناکات. ئەو "عەقڵانییەکی ڕۆمانسی" بوو. ئەو ئەو شتانەی تێکەڵ کرد کە ئەمڕۆ نزیکەی هەموو کەسێک وا گریمانەی دەکرد لە دژی یەکتری بن: عەقڵانیزم و شیعر، لۆژیکی وشک و هەستی گەرم، نووسینی لەقاڵبدراو و خەیاڵی ئازاد. لە شکاندنی ئەم چەشنە کۆنە چەقبەستووانە ئازادی کردم کە بە توندی بیربکەمەوە و شیعر بنووسم، مشتومڕ بۆ زیندووبوونەوە بکەم و گۆرانی ڕۆحی بۆ مەسیح دابڕێژم، لە گفتگۆدا بەرانبەرەکەم بەزێنم هەروەها لە باوەشی بگرم، داوای پێناسەیەکی ڕوون بکەم و هەروەها مەتەڵ و دەستەواژە بەکاربهێنم.

لویس هەستێکی چڕ و پڕی بە «ڕاستەقینە"ی شتەکان پێدام. باسی بەهای ئەم شتە قورسانە بۆ ڕوونکردنەوە. بۆ ئەوەی بەیانیان لە خەو هەڵبستیت و هەست بکەم بە پتەوی دۆشەکەکە، گەرمی تیشکی خۆر، دەنگی زەنگلێدانی کاتژمێرەکەم، هەبوونی تەواوەتی شتەکان (وەک خۆی پێی دەڵێت؛ چونیەتی شتەکان)[2] یارمەتیم دەدات هەتا بزانم لە ژیاندام و زیندووم. ئەوە یارمەتی دام بزانم چی لە جیهاندا هەیە- شتگەلێک کە ئەگەر نەمانبووایە، ملیۆنێک دۆلارم دەدا بۆ ئەوەی هەمبێت، بەڵام هەبوونیان، پشتگوێ دەخەم. زیاتر بەئاگای هێنام بۆ بینینی جوانی. ڕۆحی منی خستە سەر

ئـاگاداری کـە لـە ژیانـی ئاسایی ڕۆژانـەدا شـتی سەرسوڕهێنەر هەیـە کـە ئەگـەر چاوەکانـم بکەمـەوە ستایشـی خـودا بەئـاگا دەهێنێتـەوە. ڕۆحـی خەوتـووی منـی هەژانـد و ئـاوی ساردی ڕاستی بـە ڕووخسـارمدا پرژانـد، بـە جۆرێـک ژیـان و خـودا و بەهەشـت و دۆزەخ بـە شـکۆمەندی و ترسـناکییەوە هاتنـە نـاو جیهانـی منـەوە.

ئـەو دژایەتییـە فیکرییـە ئاڵۆزەکـەی بـۆ بوونێکـی بابەتیـی و گەمژەیـی بەهـای بابەتییانـەی تـەواو ئاشـکرا دەکات. پادشـای فەلسـەفی نـەوەی مـن هیـچ حەشـاردانێکی نەبـوو، نووسـەری کتێبـی منـداڵان لـە زانکـوی ئۆکسـفۆرد بوێـری ئـەوەی هەبـوو ئەمـە ئاشـکرا بـکات و دەڵێـت:

ناتوانیـت بـۆ هەمیشـە بـەردەوام بیـت لـە «بینینـی لـە ڕێـگای» شـتەکان. تـەواوی خاڵـی بینیـن لـە ڕێگـەی شـتێکەوە ئەوەیـە کـە شـتێک لـە ڕێگەیـەوە ببینیـت. باشـە پەنجەرەکـە لێـڵ بێـت، چونکـە شـەقام یـان باخچـەی ئەودیـو ناڕوونـە. تـۆش چـۆن لـە ڕێگـەی باخچەکـەوە دەبینیـت؟ هەوڵـدان بـۆ «بینیـن لـە ڕێـگای» بنەمـا سـەرەتاییەکانەوە هیـچ سـوودێکی نییـە. ئەگـەر لـە ڕێگـەی هەمـوو شـتێکەوە ببینیـت، ئـەوا هەمـوو شـتێک لێڵـە. بـەڵام جیهانێکـی تـەواو لێـڵ جیهانێکـی نەبیـنراوە. «بینیـن لـە ڕێـگای» هەمـوو شـتەکان هەمـان شـتە لەگـەڵ نەبینینـی.[٣]

ئـای، چەنـدە زیاتـر دەتوانرێـت بگوترێ دەربـارەی جیهـان وەک ئـەوەی سـی ئێـس لویـس بینیبـووی و بـەو شـێوازەی قسـەی لەبـارەوە دەکـرد. کەموکـوڕی خـۆی هەیـە، هەندێکیـان ڕژدە. بـەڵام هەرگیـز وازناهێنـم لـە سوپاسـگوزاری خـودا بـۆ ئـەم پیـاوە سەرنجڕاکێشـە کـە لـە ساتەوەختی گونجـاودا هاتـە سـەر ڕێگاکـەم.

## دەزگیرانێک ڕاستییەکی بابەتییە بە شێوەی سەرسەختانەی

هێزێکـی دیکـەش هەبـوو کـە بـاوەڕە نەگـۆڕەکـەی منـی بـە بوونـی نەچەمـاوەی ڕاسـتی بابەتیـی چەسـپاند. نـاوی نۆئێـل هێـنری بـوو. مـن لـە هاوینـی سـاڵی ١٩٦٦ عاشـقی بـووم. لەوانەیـە زۆر زوو بووبێـت. بـەڵام بـاش دەرچـووە؛ هێشـتا خۆشـم دەوێـت. هیـچ شـتێک خەیاڵێکـی فەلسـەفی سـەرگەردان هۆشـیار ناکاتـەوە وەک بیرکردنـەوە لـە هەبوونـی ژن و منداڵێـک بـۆ پشـتگیریکردن.

لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٨ هاوسـەرگیریمان کـرد، شـتێکی باشـە مـرۆڤ بیرکردنـەوەی خـۆی لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ مرۆڤـە ڕاسـتەقینەکاندا ئەنجـام بـدات. لـەو سـاتەوەختەوە هەمـوو بیرکردنەوەیـەک بیرکردنەوەیـەک بـووە پەیوەنـدی بـە ئـەوەوە هەبـووە. هیـچ شـتێک تەنهـا بیرۆکەیـەک نییـە، بەڵکـو بیرۆکەیەکـە کـە کاریگـەری لەسـەر هاوسـەرەکەم هەیـە، پاشـان، لەسـەر پێنـج منداڵەکـەم و ژمارەیەکـی زۆرتـر لـە نەوەکانـم. سوپاسـی خـودا دەکـەم بـۆ مەتەڵەکـەی مەسیح و ئـەو کڵێسـایەی کـە پابەنـدی بـووم و لـەم

چل ساڵەدا پێی ژیام. لە ژیاندا وانە هەیە -ژیانی بەفیڕۆنەدراو- کە ڕەنگە بەبێ ئەم پەیوەندییە هەرگیز فێری نەبووام (هەروەک چۆن فێربوونی وانە لە ژیانی سەڵتیدا هەیە کە ڕەنگە بە هیچ شێوەیەک فێری نەبووام).

### نەخۆشی تاکگەردیلەیی (مۆنۆنوکیۆسس)، خودا تۆی وەک بەرەکەت بە ژیانی من دا

لە پاییزی ساڵی ١٩٦٦ خودا ڕێگایەکی تەسکی خستە بەردەم ڕێگای ژیانم. کاتێک هەنگاوی یەکلاکەرەوەی داهاتووی خۆی ئەنجامدا، نۆئێل پرسیاری ئەوەی لێکردم کە من لە کوێم. وەرزی پاییز دەستی پێکردبوو، منیش لە پۆلەکان و لە هۆڵی نوێژکردندا دیار نەبووم. لە کۆتاییدا منی دۆزییەوە، لە بنکەی تەندروستی لەسەر پشت ڕاکشابووم و نەخۆشی تاکگەردیلەییم گرتبوو، لەوێ بۆ ماوەی سێ هەفتە پاڵکەوتم. ئەو پلانەی ژیانم کە چوار مانگ پێشتر زۆر لێی دڵنیا بووم، ئێستا لە پێش چاوی پڕ لە پەتا و نەخۆشیمدا هەڵدەوەشایەوە.

لە مانگی ئایاردا هەستم بە متمانەیەکی خۆش کردبوو کە ژیانم وەک پزیشکێک زۆرترین سوودی دەبێت. من زۆر حەزم لە بایۆلۆژی بوو؛ زۆر حەزم لە بیرۆکەی چاککردنەوەی مرۆڤەکان بوو. زۆر تامەزرۆبووم بزانم، لە کۆتایی کۆلێژدا چی دەکەم. بۆیە لە قوتابخانەی هاوینەدا بە خێرایی کیمیای گشتیم وەرگرت، بۆ ئەوەی بتوانم پێشبکەوم و لەو پاییزەدا کیمیای ئۆرگانیک وەربگرم.

ئێستا بە نەخوشی تاکگەردیلەیی، سێ هەفتە لە وانەکانی کیمیای ئۆرگانیکم لەدەستدابوو. هیچ پەیوەندییەکم نەبوو. بەڵام لەوەش گرنگتر، هارۆڵد جۆن ئۆکێنگا، کە ئەوکات قەشە بوو لە کڵێسای پارک ستریت لە بۆستن، بۆ ماوەی یەک هەفتە هەموو بەیانییەک لە هۆڵی نوێژکردنی زانکۆکەمان وتاری دەدا و بانگەشەی وشەی خودای دەکرد. من لە نەخۆشخانە گوێم لە وتارەکانی دەگرت لە وێستگەی WETN کە وێستگەی ڕادیۆی کۆلێژ. هەرگیز نەمبیستبوو بەم شێوەیە کتێبی پیرۆز ڕوون بکرێتەوە. لەناکاو هەموو بابەتییەتی شکۆمەندی ڕاستی لەسەر وشەی خودا بۆ من بووە شتێکی کرۆکی. لەوێ پاڵکەوتم و هەستم دەکرد وەک ئەوەی لە خەونێکەوە بەئاگا هاتبمەوە، وە دەمزانی، ئێستا کە بەئاگا هاتبووم، دەبێت چی بکەم.

نۆئێل هات بۆ سەردانیم، منیش پێم گوت: ”ڕات چییە ئەگەر من لەجیاتی خوێندنی پزیشکی بچمە زانکوی یەزدانناسی؟“ وەک هەموو جارێکی دیکە کە بە درێژایی ساڵان ئەو جۆرە پرسیارەم کردووە، وەڵامەکە ئەوە بوو کە «ئەگەر خودا بۆ ئەوێ ڕێبەرایەتیت بکات، ئەوا منش لەگەڵ تو دێمە ئەوێ.» لەو ساتەوە هەرگیز گومانم لەوە نەکردووە کە بانگەوازی من لە ژیاندا ئەوەیە کە خزمەتکاری وشەی خودا بم.

# بەشی دووەم

## پێشکەوتن

## جوانی مەسیح، خۆشی من

لە ساڵی ١٩٦٨ هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو کە خزمەتکاری وشەی خودا بۆ من چی دەگەیەنێت. قەشەیەتی هێندەی لە چاوەڕوانییەکانی من دوور بوو، هێندەش هاوسەرایەتی قەشەیەک لە چاوەڕوانییەکانی نۆئێل دوور بوو. کەواتە چی؟ ئایا واتای ئەوە دەبێت کە ببمە مامۆستا، مزگێنیدەر ، نووسەر، یان ڕەنگە پرۆفیسۆری ئاداب کە یەزدانناسی بە باشی دەزانێت؟ تەنها هێندەم دەزانی کە لەناکاو ڕاستیی کۆتایی بۆ من بووە کرۆکیبوونی وشەی خودا. ئەو خاڵ و ئامانج و کرۆکە گەورەیەی کە تامەزرۆی پەیوەندی بووم لەگەڵیدا، ئێستا بە شێوەیەکی دانەبڕاو پەیوەستم دەکات بە کتێبی پیرۆزەوە. ئەرکەکە ڕوون بوو: «کۆشش بکە وەک کارگەرێکی بێ شەرمەزاری خۆت بسەلمێنی بۆ خودا، بە ڕێگای ڕاست وشەی ڕاستی لێک بدەیتەوە» (دووەم تیمۆساوس ٢: ١٥). بۆ من ئەوە بە واتای خزمەتەکە بوو، کە سەرنج دەخاتە سەر گرنگی تێگەیشتن و مامەڵەکردن بە پێی ڕاستی کتێبی پیرۆز.

### فێربوون خۆتووشکردن بە ژانەسەر نییە

جەنگی فێربوونی شتە دیارەکان بەردەوام بوو. هێرشی مۆدێرن بۆ سەر ڕاستی -کە ڕاستییەکی بابەتیی ڕاستەقینە لە دەرەوەی خۆماندا هەیە و دەتوانرێت بەڕاستی بناسرێت- خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزی کردبووە تاڵاوێکی ئەندێشەیی. دەتوانیت لە کڵێسادا ببینیت کاتێک گروپە بچووکەکان کاریگەرییە بابەتییەکانیان لەسەر دەبێت سەبارەت بەوەی دەقەکانی کتێبی پیرۆز بە واتای چییە بۆ "تاک"، بەبێ ئەوەی بە هیچ واتایەکی ڕەسەنەوە لەنگەرێک هەبێت. وە دەتوانیت لە کتێبە ئەکادیمییەکاندا ببینیت کە زانایانی داهێنەر سەری خۆیان دێشێنن تاکو بیسەلمێنن کە دەقەکان هیچ واتایەکی بابەتییان نییە.

ئەگەر لەم جیهانەدا تەنها یەک ژیان هەبێت و ئەگەر بڕیارە بەفیڕۆی نەدەم، هیچ شتێک گرنگتر نەبوو بۆ من لەوەی بزانم خودا بەڕاستی مەبەستی لەم ئایەتانەی کتێبی پیرۆزدا چییە، بەو پێیەی ئەو کەسانەی نووسیویانە بە سروشی خودا بووە. ئەگەر ئەوە شتێکی خراپ بووبێت، ئەوا کەس نەیدەتوانی بزانێت کام ژیان شایەنی

ئەوەیە و کام ژیان بەفیڕۆ دەچێت. من سەرم سوڕما لە یاریکردن لە جیهانی زانستیدا، چونکە نووسەران هەموو هێزی فیکری خۆیان بەکاردەهێنن بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەوەی خۆیان نووسیویانە! واتا تیۆرییەکانی واتا دەردەبڕن کە دەڵێن هیچ واتایەکی ڕاست و ڕەوا لە دەقەکاندا نییە. کەسانی ئاسایی کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە، ئەمەیان لەلا باوەڕپێنەکراوە (هەڵبەت هیوادارم وەها نەبێت). من تۆ تاوانبار ناکەم. بەڕاستی باوەڕپێنەکراوە. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەتا ئەمڕۆش پرۆفیسۆرەکانی مووچەیەکی باش وەردەگرن و کرێی خوێندن و باج بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی بڵێن «بەو پێیەی ئەدەب بە وردی ڕاستی ناگەیەنێت، پێویست ناکات لێکدانەوەی ئەدەبی بە وردی ئەو ڕاستیەی بگەیەنێت کە هەیە.»[٤]

بە واتایەکی دیکە، بەو پێیەی ئێمە ناتوانین ڕاستی بابەتیی لە دەرەوەی خۆمان بزانین، هەروەها ناتوانرێت واتای بابەتییمان هەبێت لەو شتانەی کە دەینووسین. کەواتە لێکدانەوە بە واتای هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هیچ شتێکی بابەتیی نییە کە نووسەرێک لە دەقێکدا دایبرێژێت، بەڵکو بە سادەیی واتای ئەوەیە کە ئێمە ئەو بیرۆکانە دەرببڕین کە لە کاتی خوێندنەوەدا دێنە ناو هزرمان. کە ئەمەش لە ڕاستیدا گرنگ نییە، چونکە کاتێک کەسانی دیکە ئەوە دەخوێننەوە کە ئێمە نووسیومانە، ئەوانیش دەستیان بە مەبەستەکەمان ناگات. ئەمە هەمووی یاریە. وە یارییەکی ترسناکە، چونکە هەموو ئەم زانایانە (وە ئەندامانی گروپە بچووکەکانی کڵێسا) پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە پەیامی خۆشەویستی و گرێبەستەکانی خۆیان بە یەک یاسا بپێورێت؛ ئەوە یاسایە کە مەبەستیان بووە بیڵێن. هەر سەبارەت بە بیستنی داهێنەرانە ئەگەر ئەوان "بەڵێ" ببیستن لە کاتێکدا من «نا»م نووسیوە، ئەم لیکدانەوەیە هیچ بایەخێکی نابێت لە بانکدا یان لە شوێنی گرێبەستی هاوسەرگیریدا.

وە بەم شێوەیە بوو کە بوونگەرایی هاتەوە ژوورەوە بۆ ئەوەی لەناو کتێبی پیرۆزدا ڕەگ دابوکتێت: بوون پێش کرۆک کەوت. من واتا نادۆزمەوە- من دروستی دەکەم. ئینجیل پارچەیەک گڵینە و منیش کوزەچیم. لێکدانەوە دروستکردنە. بوونی من واتای ئەندێشەم، "کرۆک" واتا بابەت دروستدەکات. پێمەکەنە. ئەوان جدی بوون. ئێستاش هەروایە تاکو ئەمڕۆش تەنها ناونیشانی جیاوازی هەیە.

## ڕێگریکردن لە ڕووناکی هەتاو لە ڕۆژی ڕووناکدا

لەناو ئەم زەلکاوەی ئەندێشەگەراییدا مامۆستایەکی ئەدەبیات لە زانکۆی ڤێرجینیا، ئی. دی. هیرش. سەری هەڵدا. خوێندنەوەی کتێبەکەی لە سالانی خوێندنی قوتابخانەدا وەک ئەوە وابوو لەناکاو بەردێک لەژێر پێمدا لەناو خاکە زیندووەکانی چەمکە

هاوچەرخەکاندا سەبارەت بە واتا بدۆزمەوە. ئی. دی. هیرش وەک زۆربەی ئەو ڕێبەرانە بوو کە خودا بە درێژایی ڕێگاکەمدا بۆ منی ناردبوو. بەرگری لە دیارەکان دەکرد. بەڵێ، ئەو دەیگوت، واتایەکی ڕەسەن هەیە کە نووسەر لە کاتی نووسیندا لە مێشکیدا بووە. بەڵێ، لێکدانەوەی ڕەوا لە دەقەکەدا بەدوای ئەو مەبەستەدا دەگەڕێت و هۆکاری باش دەخاتە ڕوو بۆ بانگەشەی بینینەکەی. ئەمە وەک خۆری ڕۆژی ڕووناک بۆ من دیار بوو. ئەوە گریمانەی هەموو کەسێک بوو لە ژیانی ڕۆژانەدا کاتێک قسەیان دەکرد یان دەیاننووسی.

ڕەنگە لەوەش گرنگتر، ئەوە بوو کە نووسینەکانی بە ئەدەبەوە دەردەکەوت. هیچ کام لە ئێمە نامانەوێت تێبینی و نامە و گرێبەستەکانمان بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی کە مەبەستمانە لێکبدرێتەوە. بۆیە ڕێزگرتن، یان یاسای زێڕینی مەسیح داوا دەکات کە ئێمە کەسانی دیکە بەو شێوەیە بخوێنینەوە کە خۆمان دەخوێندرێینەوە. پێم وابوو زۆرێک لە قسە فەلسەفیەکان سەبارەت بە واتا تەنها دووڕوویەکی سادەیە: لە زانکۆدا واتای بابەتیی تێکدەدەم، بەڵام لە ماڵەوە (وە لە بانکدا) پێداگری لەسەر دەکەم. من هیچ بەشێکم لەو یارییە نەدەویست. لە ژیانێکی تەواو بەفیڕۆچوو دەچوو. ئەگەر لێکدانەوەیەکی دروست نەبێت کە لەسەر بنەمای واتای ڕاستەقینەی بابەتیی، نەگۆڕ و ڕەسەن بێت، ئەوا بە هەموو هێزمەوە دەڵێم، "با بخۆین و بخۆینەوە و شاد بین. بەڵام بە هیچ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی زانستدا نەکەین وەک ئەوەی بەڕاستی گرنگ بن.»

## مردنی خودا و مردنی واتا

شتەکان خەریک بوو پێکەوە کۆدەبوونەوە. لە نیوەڕۆیەکی فێنک لە مانگی نیساندا لە ساڵی ١٩٦٦ لە کۆلێژی ویتن گۆڤاری نوێی تایمم بردبوو بۆ گۆشەیەکی نهۆمی دووەمی کتێبخانەکە و چیرۆکی بەرگی گۆڤارەکەم خوێندەوە: «ئایا خودا مردووە؟» (٨ی نیسانی ١٩٦٦). "بێباوەڕانی مەسیحی" وەک تۆماس جەی جەی. ئەلتیزەر وەڵامیان دەداتەوە، بەڵێ. هەواڵێکی نوێ نەبوو. فریدریش نیچە سەد ساڵ پێشتر پەیامی مردنەکەی ڕاگەیاندووە و دەڵێت: "خودا لە کوێیە؟... پێت دەڵێم. ئێمە کوشتوومانە- من و تۆ، هەموومان بکوژین... خودا مردووە. خودا بە مردوویی دەمێنێتەوە و ئێمە ئەومان کوشتووە."[5] ئەم دانپێدانانە تێچووی زۆری هەبوو: نیچە یازدە ساڵی کۆتایی ژیانی لە دۆخێکی نیمچە شێتیدا بەسەربرد و لە ساڵی ١٩٠٠ کۆچی دوایی کرد.

بەڵام «بێباوەڕانی مەسیح» واتا بوێرەکانی ساڵانی شەستەکان، تێچووی بوون بە جێگرەوەی خودا وەک سوپەرمانیان (کە نیچە ناوی لێنابوون) هەژمار نەدەکرد.

خواردنـەوەی بەهێـزی شـەڕابی بوونگەرایی زمانـی ئەو داهێنەرانە یەزدانناسـانەی شـلکردەوە، وەک ئـەو پیاوانـەی کـە بـە هـۆی خواردنـەوەی بیـرەی زۆر لەنـاو فڕۆکـەدا پێنـج ڕیـز بەهەڵـە دەگەڕێنـەوە دواوە. کەواتـە جارێکـی دیکـە ئـەو جەختکردنـەوە خۆکوژییـەی کـە دەڵێـت خـودا مـردووە، قسـەی لەسـەر کـرا. وە کاتێـک خـودا مـرد (هـەروەک بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد -وەرگێـڕ) واتـای دەقـەکان مـرد. ئەگـەر بنەمـای ڕاسـتیی بابەتیـی بمرێـت، ئـەوا نووسـین و قسـەکردن لەسـەر ڕاسـتیی بابەتیـی دەمرێـت. هەمـووی پێکـەوە هەڵـواسراوە.

کەواتـە ڕزگاربوونـم لـە کۆتایـی سـاڵانی شەسـتەکاندا لـە شـێتی کوشـتنی خـودا بـە شـێوەیەکی سروشـتی و لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوودا بـووە هـۆی ڕزگاربوونـم لـە بۆشـایی دووڕوویـی ئەندێشـەگەرایی لێکدانەوەیـی -ئـەو تێڕوانینـە دووڕووانەیـە کـە هیـچ واتایەکـی بابەتیـی لـە هیـچ ڕسـتەیەکدا نییـە (بـەڵام بێجگـە ئـەم ڕسـتەیە). ئێسـتا ئامادە بـووم بـۆ کاری ڕاستەقینەی زانکـۆی یەزدانناسـی: واتـا دۆزینـەوەی ئـەوەی کـە کتێبـی پیـرۆز دەیگـوت سـەبارەت بـەوەی چـۆن ژیانـم بەفیـڕۆ نـەدەم.

## فێربوونی "بنەمای توند"ی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز

لـەم خاڵـەدا قـەرزاری مـن بەرانبـەر بـە دانیـال فۆلـەر بـێ هەژمـارە. ئـەو فێـری هارمێنۆتیکـی کـردم، زانسـتی چۆنیەتـی لێکدانـەوەی کتێبـی پیـرۆز. نـەک هـەر بـە ئـی دی هیرشـی ناسـاندم و ناچـاری کـردم بـە ڕژدی بیخوێنمـەوە، بەڵکـو فێـری کـردم چـۆن کتێبـی پیـرۆز بخوێنمـەوە بـەو شـتەی کـە ماتیـۆ ئارنۆڵـد پێـی دەگـوت «بنەمـای تونـد». ئـەو شـتە ئاشـکراکەی پیشـاندام: کـە ئایەتەکانـی کتێبـی پیـرۆز مـرواری تـاک نیـن، بەڵکـو کۆمەڵـە مرواریێکـن کـە لـە زنجیرێکـدا بسـتراونەتەوە. نووسـەران شـێوازی یەکگرتـووی بیرکردنەوەیـان پەرەپێـدا. ئـەوان هۆکارەکانیـان لێکدایـەوە لەسـەر ئـەم ئایەتـە؛ یـەزدان دەفەرموێـت: «ئێسـتا وەرن یەکلایـی بکەینـەوە» (ئیشـایا ١: ١٨). ئەمـەش بـەو واتایـە بـوو کـە لـە هـەر بڕگەیەکـی کتێبـی پیـرۆزدا، مـرۆڤ دەبـێ بپرسـێت کـە هـەر بەشـێک چـۆن پەیوەنـدی بـە بەشـەکانی دیکـەوە هەیـە بـۆ ئـەوەی شـتێکی یەکگرتـوو بڵێـت. پاشـان بڕگـەکان بـە هەمـان شـێوە پێکـەوە پەیوەسـت بـن. بابەتـەکان، پاشـان کتێبـەکان، تاکـو یەکێتـی کتێبـی پیـرۆز لەسـەر مەرجەکانـی خـۆی دەدۆزرێتـەوە.

هەسـتم دەکـرد ڕێـڕەوە بچووکـە قاوەییەکـەی ژیانـم چووەتـە نـاو باخچەیـەک، باخێکـی تـری، باخچەیـەک کـە میـوەی بیرکردنـەوە، دڵڕفێنـی و ژیانگۆڕینـی تێدایـە کـە لـە هەمـوو شـوێنێکدا هەڵدەگیرێـت. هەرگیـز ئەوەنـدە ڕاسـتی و ئەوەنـدە جوانیـم نەبینیبـوو کـە لـە گۆیەکـی هێنـدە بچووکـدا چـڕ بووبێتـەوە. پێدەچێـت ئـەو کاتـە و هەتـا ئەمـڕۆش کتێبـی پیـرۆز بەلامـەوە تەواونەکـراو بێـت. ئەمەیـە کـە لـە بنکـەی تەندروسـتیدا کـە نەخۆشـی

تاکگەردیلەییم هەبوو خەونم پێیەوە بینیبوو، کاتێک خودا بانگی کردم بۆ خزمەتکردنی وشەکەی. ئێستا پرسیارەکە بوو بەوەی کە: خاڵ، ئامانج، سەرنج، کرۆکی ئەم وردبینییە جوانەی ڕاستی خوادیی چییە؟

## وردەکارییەک بۆ ئەوەی بۆچی من و هەموو شتێک بووینمان هەیە

بێگومان لەدوای تێپەڕبوونی کۆرسەکانی زانکۆ پارچەکان لە شوێنی خۆیان دانران و وێنەکە تەواو بوو. ئەو سێ ساڵەی زانکۆ چ نیعمەتێک بوو! لە قۆناغی کۆتاییدا لەگەڵ دکتۆر فۆلەر، کە ناوی وانەکەمان ئەمە بوو «یەکێتی کتێبی پیرۆز» (کە هەروەها کتێبێک هەیە بەو ناونیشانە)[6] ئاڵای یەکگرتوویی بەسەر هەموو کتێبی پیرۆزدا هەڵکرا.

خودا مێژوویەکی ڕزگارکەری دانا کە ڕێزبەندییەکەی بە تەواوی شکۆمەندی خۆی نیشان دەدات، بە جۆرێک کە لە کۆتاییدا زۆرترین ژمارەی خەڵک پێشینەی مێژوویی پێویستیان هەبێت بۆ ئەوەی [زۆرترین] خۆشەویستی پڕ لە دڵگەرمیان بۆ خوداکەیان هەبێت... یەک شت کە خودا لە هەموو مێژووی ڕزگاریدا دەیکات ئەوەیە کە بەزەیی خۆی بە شێوەیەک نیشان بدات زۆرترین ژمارەی خەڵک بە درێژایی مێژوو بە هەموو دڵ و هێز و ئەقڵیان پێی دڵخۆش بن... کاتێک زەوی دروستکراوی نوێ پڕ بوو لەم جۆرە کەسانە، ئەوا مەبەستی خودا لە نیشاندانی بەزەیی ئەو بەدی هاتووە... هەموو ڕووداوەکانی مێژووی ڕزگارکەر و واتاکانیان وەک لە کتێبی پیرۆزدا تۆمارکراون، یەکێتییەک پێکدەهێنن لەوەی کە یەکدەگرنەوە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە.[7]

لەم ڕستانەدا تۆوی ژیانی داهاتووی من هەبوون. خولیای بەڕێوەبردنی ژیانم لێرەدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. یەکێک لە تۆوەکان لە وشەی "شکۆمەندی"دا بوو- ئامانجی خودا لە مێژوودا ئەوە بوو کە "شکۆمەندی خۆی بە تەواوی دەربخات". تۆوێکی دیکە لە وشەی "دڵخۆشی"دا بوو- ئامانجی خودا ئەوە بوو کە گەلەکەی "بە هەموو دڵەوە پێی شاد بن". خولیای ژیانم ئەوە بووە کە تێبگەم و بژیم و فێر بکەم و بانگەشەی ئەوە بکەم کە ئەم دوو ئامانجەی خودا چۆن پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە -بەڕاستی چۆن دوو ئامانج نین بەڵکو یەکن.

ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوونتر دەبووەوە کە ئەگەر بمەوێت بگەمە کۆتایی ژیانم و نەڵێم "بەفیڕۆم داوە!" پێویستە پەستان بخەمە سەر هەموو ڕێگایەک بۆ ناوەوە، وە هەموو ڕێگایەک بەرەو سەرەوە، بۆ ئامانجی کۆتایی خودا و لەو مەبەستەدا بەشداری بکەم. ئەگەر ژیانم خاوەنی سۆزێکی تەواو و ڕەزامەندیەکی تێر و یەکگرتوو بێت، ئەوا دەبووا سۆز و خولیای خودا بێت. وە، ئەگەر دانیال فۆلەر ڕاست بکات، سۆز و خولیای خودا پیشاندانی شکۆمەندی خۆی و خۆشی دڵی من بوو.

هەمـوو ژیانـم بـە دوای دۆزینـەوە و ئەزموونکـردن و پشـکنین و ڕوونکردنـەوەی ئـەو ڕاسـتییە بەسـەر بـردووە. لەگـەڵ تێپەڕینـی سـاڵ ڕوونـتر و دڵنیاتـر و داواکاری زیاتـر بـووە. ڕوونـتر بووەتـەوە کـە شـکۆمەندکردنی خـودا و چێژوەرگرتـن لـە خـودا پۆلێنێکـی جیـاواز نیـن. پەیوەندییـان پێکـەوە هەیـە نـەک وەک میـوە و ئـاژەڵ، بەڵکـو وەک میـوە و سـێو. سـێو یەکێکـە لـە جۆرەکانـی میوە. چێژوەرگرتـن لـە خـودای باڵادەسـت یەکێکـە لـە ڕێگاکانـی شـکۆمەندکردنی. چێژوەرگرتـن لـە خـودا وا دەکات بـە بەهایەکـی بـاڵا دەربکەوێـت.

## بانگخوازێکی سەدەی هەژدەهەم مۆری پێشکەوتنەکەی کرد

جۆناسـان ئێـدواردز لـەم کاتـەدا هاتـە ژیانمـەوە و بەهێزتریـن پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم ڕاسـتییەی پیشـاندام کـە هەتـا ئێسـتا لـە دەرەوەی کتێبـی پیـرۆز نەمبینیـوە. ئەمـە بەهێـز بـوو چونکـە نیشـانی دام کـە ئەمـە لـە کتێبـی پیرۆزدایـە.

ئێسـتا کـە ئـەم کتێبـە دەنووسـم، واتـا سـاڵی ٢٠٠٣ دەکاتـە سێسـەدەهەمین سـاڵیادی لەدایکبوونـی. قەشـە و زانایەکـی یەزدانناسـی بـووە لـە نیـو ئینگلانـد. بـۆ مـن لـەدوای کتێبـی پیـرۆز بۆتـە گرنگتریـن مامۆسـتای کۆچکـردوو. کـەس لـە دەرەوەی کتێبـی پیـرۆز زیاتـر لـە جۆناسـان ئێـدواردز ڕوانگـەی منـی بـۆ خـودا و ژیانـی مەسـیحی لـە قاڵـب نـەداوە.

سوپاسـی خـودا دەکـەم کـە ئێـدواردز ژیانـی خـۆی بەفیـڕۆ نـەدا. ژیانـی ئـەو لەنـاکاو کۆتایـی هـات بەهـۆی کوتانێکـی شکسـتخواردووی دەرزی پێکوتـەی نەخۆشـی هاوڵـە، لـە تەمەنـی پەنجـا و چـوار سـاڵی. بـەڵام بـە باشـی ژیـاوە. بەهـۆی خولیـای بـۆ باڵادەسـتی خـودا ژیانێکـی ڕۆحـی ژیـا و بەفیـڕۆی نـەدا. هەندێـک لـەو بڕیارانـە لەبەرچـاو بگـرن کـە لـە سـەرەتای تەمەنـی بیسـتەکانیدا نووسـیویەتی بـۆ چڕکردنـەوەی ژیانـی بـۆ شـکۆمەندی خـودا.

- بڕیـاری ژمـارە ٥: "بڕیـارم داوە، هەرگیـز بـۆ یـەک سـات کاتەکانـم لەدەسـت نـەدەم؛ بـەڵام تاکـو دەتوانـم بـە باشـترین ڕێـگا سوودبەخشـی بکـەم."
- بڕیاری ژمارە ٦: "بڕیارم داوە، تاکو زیندووم بە هەموو هێزمەوە بژیم."
- بڕیـاری ژمـارە ١٧: "بڕیـارم داوە، کـە بـە شـێوەیەک بژیـم، کاتێـک دەمـرم پەشـیمان نەبمەوە."
- بڕیـاری ژمـارە ٢٢: "بڕیـارم داوە، هەوڵبـدەم هەتـا دەتوانـم بـۆ خـۆم هێنـدە بەختـەوەری لـەم دونیایـەدا بەدەسـت بهێنـم، بـە هەمـوو هێـز، وزە، توانایـی و تەنانـەت بـە تونـدی، بەڵـێ توندوتیـژی، توانـای ئـەوەم هەیـە تەنانـەت خـۆم مانـدوو بکـەم، بـە هـەر شـێوەیەک کـە بیـری لێبکرێتـەوە."[٨]

ئـەم بڕیـارەی کۆتایـی (واتـا ٢٢) ڕەنگـە وەک کەسـێکی خۆویسـت دەربکەوێـت، تەنانـەت مەترسـیدار دیـارە، ئەگـەر لـە پەیوەندییـە قووڵەکـەی مێشـکی ئێـدواردزدا لەنێوان شـکۆمەندی

خـودا و بەختـەوەری مەسـیحییەکان تێنەگەیـن. ئـەو توندوتیژییـەی کـە لـە مێشـکیدا بـوو، مەبەسـتی عیسـای مەسـیح بـوو کاتێـک لـە بنەڕەتـدا دەیگـوت: «ئەگـەر چـاوی ڕاسـتت تووشـی گوناهـی کردیـت، دەریبهێنـە و فـڕێیبـدە. بـۆ تـۆ باشـترە ئەندامێکـت لەدەسـت بچێـت، لەوەی ەەمـوو لەشـت فـڕێبدرێتـە نـاو دۆزەخ» (مەتـا٥: ٢٩). وە سـەبارەت بـە گـەڕان بـەدوای بەختـەوەری خۆیـدا، ئـەوەت لەبەرچـاو بێـت کـە ئێـدواردز بـە تـەواوی قەناعەتـی بـەو شـتە هەبـوو کـە دڵخـۆشی لـە خـودادا ئـەو ڕێگایەیـە کـە ئێمـە دەتوانیـن خـودا شـکۆمەند بکەیـن. ئەمـەش هـۆکاری بەدیهاتمـان بـوو. خۆشـحاڵی بـە خـودا تەنهـا حـەز و بژاردەیـەک نەبـوو لـە ژیانـدا؛ ئـەوە ئەرکـی خۆشـی ئێمـە بـوو و دەبێـت تاکـە خولیـای ژیانمـان بێـت. بۆیـە بڕیـاردان بـۆ زۆرتریـن بەختـەوەری خـۆی لـە خـودادا بڕیـاردان بـوو بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو سـەرچاوەکانی دیکـەی بەختـەوەری شـکۆمەندتر پیشـانی بـدات. گـەڕان بـەدوای دڵخـۆشـی لـە خـودا و شـکۆمەندکردنی خـودا وەک یـەک شـت بـوون.

## کۆبوونەوەی شتە باشەکان بۆ من

لێـرەدا ئێـدواردز چـۆن ڕوونـی کـردەوە. کاتێـک هێشـتا لـە سـەرەتای بیسـتەکانی تەمەنیـدا بـوو وتارێکـی پێشـکەش کـرد لەسـەر ئـەم خاڵـە سـەرەکییە: «خوداپەرسـتەکان بـۆ بەختەوەرییەکـی نەنـاسراو و وێنانەکـراو لەقاڵـب دراون». دەقەکـەی یەکـەم نامـەی یۆحەنـا ٣: ٢ بـوو، «هێشـتا دەرنەکەوتـووە دەبینـە چـی».

"[شکۆمەندی]ـیەکەی خـودا تەنهـا لـە هەسـتکردن بـە تەواوەتـی بەدیهێنـان پێکنایـەت: چونکە ڕەنگـە بوونـەوەر هەسـت بـە هێـز و دانایـی خـودا بـکات، وە لەگـەڵ ئەوەشـدا هیچ دڵخۆشـییەکی تێـدا نەبێـت، بەڵکـو ڕقـی لێـی بێـت. ئـەو بەدیهێنراوانـەی کـە وا دەکـەن، خـودا شـکۆمەند ناکـەن. هەروەهـا شـکۆمەندی خـودا بـە تایبەتـی لـە باسـکردنی تەواوبوونیانـدا پێکنایـەت: چونکـە وشـەکان هیـچ سـوودێکی دیکەیـان نییـە جگـە لـەوەی هەسـتی دەروون دەرببـڕن. کەواتـە ئـەم شـکۆمەندییەی خـودا [پێکهاتـووە] لـە سەرسـامبوون و شـادبوونی بەدیهێنراوەکـە [و] شـادبوون بـە دەرکەوتنـی جوانـی و نایابییەکـەی... کرۆکـی شـکۆمەندی... کەواتـە خـودا پێکدێـت لـە شـادی بەدیهێنـراو بـە دەرکەوتنەکانـی خـودا بـۆ جوانییەکانـی، کـە ئـەو خۆشـی و بەختەوەرییەیـە ئێمـە باسـی دەکەیـن. بۆیـە دەبینیـن لـە کۆتاییـدا دەگاتـە ئـەم ئاسـتە: کۆتایـی بەدیهێنـان ئەوەیـە کـە خـودا دڵخـۆشی بـە بەدیهێنراوەکـە بگەیەنێـت؛ چونکـە ئەگـەر خـودا جیهانـی بەدیهێنـا بـۆ ئـەوەی لـە بەدیهێـنراودا شـکۆمەند بێـت، ئـەوا بەدیهێنـاوە بـۆ ئـەوەی بـە شـکۆمەندی ئـەو شـاد بـن، چونکـە ئێمـە نیشـانمان داوە کـە ئـەم دوو بابەتـە وەک یەکـن.[٩]

ئەمـە کۆبوونـەوەی شـتە باشـەکان بـوو بـۆ مـن- پێشـکەوتنەکە. ژیـان دەربـارەی چـی بـوو؟ بـۆ چـی بـوو؟ بۆچـی بوونـم هەیـە؟ بۆچـی لێـرەم؟ بـۆ ئـەوەی دڵخۆشـبێت؟ یـان

بـۆ شـكۆمەندكردنی خـودا؟ سـاڵانێک بـوو کـە نەگوترابـوو، هەسـتێک لـە منـدا هەبـوو کـە ئـەم دووانـە ناکۆکـن. یـان خـودا شـکۆدار دەکەیـت یـان بـەدوای دڵخۆشـیدا دەگەڕێیـت. یەکێکیـان بـە تـەواوی ڕاسـت دەهاتـە بەرچـاو؛ ئـەوی دیکەیـان بـە تـەواوی تـەواو دەهاتـە بەرچـاو. هـەر بۆیـەش بـۆ ماوەیەکـی زۆر سـەرم لێشـێوا و بێـزار بـووم.

کێشـەکە زیاتـر لـەوە بـوو کـە زۆرێـک لەوانـەی کـە پێدەچـوو لـە بیرکردنەوەکانیانـدا جەخـت لەسـەر شـکۆمەندی خـودا دەکەنـەوە، پێناچێـت زۆر چێژیـان لـێ وەربگـرن. وە زۆرێـک لەوانـەی کـە پێدەچـوو زۆرتریـن چێـژ لـە خـودا وەربگـرن، لـە بیرکردنەوەیـان دەربـارەی شـکۆمەندی خـودا کەموکوڕییـان هەبـوو. بـەڵام ئێسـتا لێرەدا گەورەتریـن ئەقڵـی سـەرەتای دروسـتبوونی ئەمریـکا، جۆناسـان ئێـدواردز هەبـوو، دەیگـوت مەبەسـتی خـودا بـۆ ژیانـم ئـەوە بـوو کـە مـن خولیـای شـکۆمەندی خـودام هەیـە و خولیـای خۆشـیم هەیـە لـەو شـکۆمەندیەکەیدا، وە ئـەم دووانـە یـەک خولیـان.

کاتێـک ئەمـەم بینـی، لـە کۆتاییـدا زانیـم کـە ژیانێکـی بەفیڕۆچـوو چـی دەبێـت و چـۆن لێـی دوور بکەومـەوە.

خـودا منـی بەدیهێنـاوە -وە تۆیشـی بەدیهێنـاوە- بـۆ ئـەوەی بـە تاکـە سـۆزێکەوە بژیـم کـە هەمـوو شـتێک لـە بـاوەش دەگرێـت و هەمـوو شـتێک دەگۆڕێـت، ئەویـش خولیـای شـکۆمەندکردنی خودایـە بـە چێژوەرگرتـن و پیشـاندانی چاکـەی بـاڵای ئـەو لـە هەمـوو کایەکانـی ژیانـدا. چێژوەرگرتـن و نمایشـکردن هەردووکیـان زۆر گرنگـن. ئەگـەر هـەوڵ بدەیـن نایابـی خـودا پیشـان بدەیـن بەبـێ ئـەوەی لەئـەودا شـادی هەبێـت، ئـەوا توێکڵێکـی دووڕوویـی پیشـان دەدەیـن کـە بـە سـووکایەتی یـان دروسـتکردنی شـەریعەت کۆتایـی دێـت. بـەڵام ئەگـەر بانگەشـەی ئـەوە بکەیـن کـە چێـژ لـە نایابـی ئـەو وەردەگریـن و نمایشـی نەکەیـن بـۆ ئـەوەی کەسـانی دیکـە ببینـن و سەرسـامی بـن، خۆمـان فریـو دەدەیـن، چونکـە نیشـانەی خۆشـی سەرسـامکراوی خـودا بریتییـە لـە ڕژان و فراوانبـوون بـە درێژکردنـەوەی ئـەو بـۆ نـاو دڵـی کەسـانی دیکـە. ژیانـی بەفیڕۆچـوو ئـەو ژیانەیـە کـە سـۆز و تامەزرۆیـی بـۆ باڵادەسـتی خـودا لـە هەمـوو شـتێکدا نەبێـت چونکـە شـادکردنی هەمـوو گـەلان بـە خـۆی مەبەسـتی خودایـە.

## هۆکاری ڕوونی بلوری بۆ ژیان

کتێبـی پیـرۆز وەک بلـوری ڕوونـە: خـودا ئێمـەی بـۆ شـکۆمەندی خـۆی دروسـت کـردووە. یـەزدان دەفەرموێـت: «کوڕانـم لە دوورەوە بهێنـە و کچانـم لەوپـەڕی زەوییـەوە. هەمـوو ئەوانـەی بـە نـاوی منـەوە بانـگ دەکرێـن، بـۆ شـکۆمەندیی خۆم بـەدیـم هێنـاون، شێـوەم کێشـاون و دروسـتم کـردوون.» (ئیشـایا٤٣: ٦-٧). ژیـان بەفیـڕۆ دەچێـت کاتێـک بـۆ

شکۆمەندی خودا ناژین. وە مەبەستم هەموو ژیانە. هەمووی بۆ شکۆمەندی ئەوە. هەر بۆیە کتێبی پیرۆز دەچێتە ناو وردەکارییەکانی خواردن و خواردنەوە. «بۆیە ئەگەر خواردتان یان خواردتانەوە یان هەر شتێکتان کرد، هەموو شتێک بۆ شکۆی خودا بکەن» (یەکەم کۆرنسۆس١٠: ٣١). ئێمە ژیانمان بەفیڕۆ دەدەین کاتێک بە چێژ وەرگرتن و دەربڕینی خودا لە خواردن و خواردنەوە و هەموو بەشێکی دیکەی ژیاندا نەژین.

شکۆمەندی خودا واتای چییە؟ ئەگەر وریا نەبین لەوانەیە بەلاڕێدا ڕۆیشتنێکی مەترسیداری هەبێت. شکۆمەندی وەک وشەی ڕازاندنەوە. بەڵام ڕازاندنەوە بەزۆری بە واتای «شتێکی لەوە جوانتر دروست بکە»، جوانییەکەی باشتر بکە. ئەوە بە جەختکردنەوە لەوە نییە کە ئێمە مەبەستمان لە شکۆمەندی بێت لە پەیوەندی لەگەڵ خودادا. خودا لەوە شکۆمەندتر و جوانتر ناکرێ. ناتوانرێت باشتر بکرێت، «بە دەستی مرۆڤ خزمەت ناکرێت، وەک ئەوەی پێویستی بە شتێک بێت» (کردار ١٧: ٢٥). شکۆمەندی بە واتای زیادکردنی شکۆمەندی زیاتر بۆ خودا نییە.

زیاتر لە وشەی گەورەکردن دەچێت. بەڵام لێرەشدا دەکرێت بە هەڵەدا بچین. گەورەکردن دوو واتای جیاوازی هەیە. لە پەیوەندی لەگەڵ خودادا بۆ مرۆڤ پەرستنە و یانیش خراپەکارییە. دەتوانیت وەک تەلەسکۆپ یان وەک مایکرۆسکۆپ گەورە بکەیت. کاتێک وەک مایکرۆسکۆپ گەورە دەکەیت، شتێکی بچووک لەوە گەورەتر دەکەیت کە هەیە. گەردیلەیەکی تۆز دەکرێت لە ئەهریمەنێک بچێت. وا نیشاندانی خودا و بەو شێوەیە گەورەکردنی، خراپەکارییە. بەڵام کاتێک وەک تەلەسکۆپێک گەورەی دەکەیت، شتێکی بە شێوەیەکی خەیاڵی گەورە وا لێدەکەیت وەک ئەوەی کە بەڕاستی هەیە. بە تەلەسکۆپی هابلی بۆشایی ئاسمانی، گەلەئەستێرەکان کە بچوک دیارن لە ئاسماندا بۆ ئەو زەبەلاحە ملیار ئەستێرەییانەی کە هەن ئاشکرا دەبن. گەورەکردنی خودا بەو شێوەیە پەرستنە.

ئێمە ژیانمان بەفیڕۆ دەدەین کاتێک نوێژ و بیرکردنەوە و خەون و پلان و کارمان بۆ گەورەکردنی خودا لە هەموو کایەکانی ژیاندا نەبێت. خودا ئێمەی بۆ ئەمە بەدیهێناوە: ژیانمان بە شێوەیەک بژین کە زیاتر لە گەورەیی و جوانی و بەهای بێکۆتایی بچێت کە بەڕاستی هەیە. لە ئاسمانی شەوانەی ئەم جیهانەدا خودا بۆ زۆربەی خەڵک دەردەکەوێت، ئەگەر هەر وابێت، وەکو تیشکێکی ڕووناکییە لە ئاسمانی تاریکیدا. بەڵام ئەو ئێمەی بەدیهێناوە و بانگی کردووین بۆ ئەوەی وا دەریبخەین کە بەڕاستی هەیە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە لەسەر وێنەی خودا دروستکراوین. ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە لە جیهاندا ئەو وێنە بخەینە ڕوو کە خودا بەڕاستی چۆنە.

## ئایا خۆشەویستبوون واتای زۆر گرنگبوونە؟

بۆ زۆر کەس دیارە ئەمە کردەوەی خۆشەویستی نییە. هەست بە خۆشەویستی ناکەن کاتێک پێیان دەگوترێت خودا بۆ شکۆمەندی خۆی بەدیهێناون. هەست بە بەکارهێنانیان دەکەن. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو شێوازەی لە خۆشەویستی کە لە جیهانی ئێمەدا نزیکەی تەواو شێواوە، شتێکە لێی تێدەگەین. بۆ زۆربەی خەڵکی خۆشەویستی واتای زۆر گرنگی پێدانە. نزیکەی هەموو شتێک لە کەلتووری ڕۆژئاوایی ئێمەدا خزمەت بە شێواندنی خۆشەویستی دەکات. ئێمە بە هەزاران شێوە فێر دەکرێین کە خۆشەویستی واتا زیادکردنی بە گەورەزانینی کەسێکە. خۆشەویستی بریتییە لە یارمەتیدانی کەسێک کە هەست بە باشی بکات بەرامبەر بە خۆی. خۆشەویستی بریتییە لە پێدانی ئاوێنە بە کەسێک و یارمەتیدانی ئەوەی کە هەرچی دەیبینێت بەدڵی بێت.

ئەمە ئەوە نییە کە کتێبی پیرۆز مەبەستی خۆشەویستی خودایە. خۆشەویستی ئەوەیە کە ئەو کارە بکەیت کە باشترینە بۆ کەسێک. بەڵام باشترین کار بۆ خۆمان ئەوە نییە کە هەموو سۆزەکانمان ئاراستەی خۆشویستنی خۆمان بکەین. لە ڕاستیدا ئەوە سەرقاڵکردنێکی کوشندەیە. ئێمە دروستکراوین کە خودا ببینین و تامی بکەین -وە چێژی لێ وەربگرین، واتا بەدەستهێنانی ڕازیبوونێکی تەواو، بەم شێوەیە بەهای ئامادەبوونی خودا لە هەموو جیهاندا بڵاوبکەینەوە. نەک ئەوەی خودایەکی هەموو کەس ڕازیکەر پیشانی خەڵکی بدەین، ئەوە لەڕاستیدا واتای ئەوەیە کە خۆشت نەویستبێت. دەبێت وا بکەین کە بۆ ئەوەی هەست بە باشی بکەن و هەست بە خۆشی بکەن تەماشای خودا بکەن، خەڵکی وا لێ مەکەن چێژ لە باشبوونی خۆیان وەربگرن لە کاتێکدا ئەوان بەدیهێنراون بۆ ئەوەی لە بینینی خودا هەست بە باشی بکەن وەک ئەوە وایە کەسێک ببەیتە بەرزاییەکانی چیای ئەلب و لە ژوورێکی پڕ لە ئاوێنەدا دەرگای لەسەر قفڵ بکەیت.

## پاتۆلۆژی (نەخۆشیناسیی) لە گراند کانیۆن

بەڕاستی ساتەکانی خۆشی نایاب لەم جیهانەدا ساتەکانی لەخۆڕازیبوون نین، بەڵکو خۆ لەبیرکردنە. وەستان لە لێواری گراند کانیۆن و بیرکردنەوە لە گەورەیی خۆت، نەخۆشییە. لەم جۆرە ساتانەدا ئێمە بۆ خۆشییەکی شایستە بەدیهێنراوین کە لە دەرەوەی خۆمانەوە سەرچاوە دەگرێت. وە هەریەکێک لەم ساتانەی دەگمەن و پڕ بایەخن لە ژیاندا-لەپاڵ گراند کانیۆن، لە بەردەم بەرزاییەکانی ئەلب، لەژێر ئەستێرەکان -وەستاوین و ئەمانە دەنگدانەوەی نایابییەکی زۆر گەورەترە، ئەویش شکۆمەندی خودایە. هەر بۆیە کتێبی پیرۆز دەڵێت: «ئاسمان باسی شکۆی خودا دەکات، گەردوون کارەکانی دەستی ڕادەگەیەنێت» (زەبوورەکان ١٩: ١).

هەندێک جار خەڵکی دەڵێن کە ناتوانن باوەڕ بەوە بکەن کە ئەگەر خودایەک هەبێت، ئەوا گرنگی بە پەڵەیەکی وا بچووکی ڕاستی دەدات کە پێی دەگوترێت مرۆڤایەتی لەسەر هەسارەی زەوی. دەڵێن گەردوون هێندە فراوانە، مرۆڤ بە تەواوی بێ بایەخ دەکات. بۆچی خودا خۆی زەحمەت دەکێشێت کە پەڵەیەکی وردبینی وا دروست بکات کە پێی دەگوترێت زەوی و مرۆڤایەتی و دواتر تێکەڵ بە ئێمە بێت؟

لەژێر ئەم پرسیارەدا شکستێکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئەوەی بزانین گەردوون باسی چی دەکات. پەیوەندی بە گەورەیی خوداوە هەیە نەک گرنگی مرۆڤ. خودا مرۆڤی بچووک و گەردوونی گەورە کرد هەتا شتێک لەسەر خۆی بڵێت. وە بۆ ئەوەی ئێمە فێری بین و چێژ وەربگرین وەها ناو دەنرێت- واتا، ئەو بێ سنوور گەورەیە و بەهێزە و دانا و جوانە. هەتا زیاتر تەلەسکۆپی هابل زانیاری سەبارەت بە قووڵاییە نەزانراوەکانی بۆشایی ئاسمان بۆمان بنێرێت، دەبێت زیاتر لە سەرسامی خودادا ڕابوەستین. ناڕێژەیی نێوان ئێمە و گەردوون، مەتەڵێکە سەبارەت بە ناڕێژەیی نێوان ئێمە و خودا. وە کەمکردنەوەیەکیشە. بەڵام بابەتەکە پووچەڵکردنەوەی ئێمە نییە، بەڵکو شکۆمەندکردنی خودایە.

## خۆشەویستی مرۆڤەکان واتا ئاراستەکردنیانە بۆ خودای ڕازیکەر

ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی خۆشەویستبوون واتای چییە. بیرۆکەکە نزیکەی بە تەواوی شێواوە. خۆشەویستی پەیوەندی بە نیشاندانی جوانی ژیانبەخشی شکۆمەندی خوداوە هەیە بە ڕۆحێکی مردووەوە، بە تایبەتی نیعمەتەکەی. بەڵێ وەک دەبینین بە سەدان شێوازی کردەیی شکۆمەندی خودا نیشان دەدەین کە گرنگیدان بە خواردن و جلوبەرگ و شوێنی حەوانەوە و تەندروستی لەخۆدەگرێت. ئەمە مەبەستی عیسا بوو کاتێک گوتی: «با ئێوەش ڕووناکیتان بۆ خەڵک بدرەوشێتەوە، تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لە ئاسمانە» (مەتا ٥: ١٦).

هەموو کارێکی باش دەبێت ئاشکراکردنی شکۆمەندی خودا بێت. ئەوەی کارە چاکەکە دەکاتە کردەوەی خۆشەویستییە، کردەوەیەکی خام نییە، بەڵکو سۆز و قوربانیدان بۆ ئەوەی خودا خۆی بە شکۆمەند بناسرێت. ئامانج لە نەکردنی نیشاندانی شکۆی خودا خۆشەویستی نییە، چونکە خودا ئەوەیە کە زۆرترین پێویستیمان پێیەتی. وە هەبوونی هەموو شتێکی دیکە بەبێ ئەو، لە کۆتاییدا لەناوچوونە. کتێبی پیرۆز دەڵێت؛ «ئەگەر هەموو سامانم بدەمە هەژاران و هەتا سووتان لەشم دابنێم، بەڵام خۆشەویستیم نەبێت، ئەوا هیچ سوودێکم نابێت» (یەکەم کۆرنسۆس ١٣: ٣). ئەگەر بۆ خۆشی هەتاهەتایی ئاراستەیەک بە خەڵک نەدەیت بەرەو خودا، ئەوە خۆشەویستیت نییە. ژیانت بەفیڕۆ دەدەیت.

## ئایا ژیانی هەتاهەتایی بەهەشتێکی پڕ لە ئاوێنەیە؟

ئێستا بیر لەوە بکەرەوە کە ئەمە بۆ خۆشەویستی خودا چی دەگەیەنێت. خودا چۆن خۆشی بوێین؟ تەنها لۆژیک دەتوانێت وەڵامان بداتەوە: خودا ئێمەی زۆر خۆشدەوێت بەو پێیەی باشترینمان پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە چێژ وەربگرین، ئەویش چێژ وەرگرتن لە خۆیەتی، چونکە ئەو باشترینە. بەڵام ئێمە تەنها وابەستەی لۆژیک نین. کتێبی پیرۆز ئەمە ڕوون دەکاتەوە. « لەبەر ئەوەی خودا ئەوەندە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەختکرد، تاکو هەرکەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت» (یۆحەنا ٣: ١٦). خودا خۆشیدەوێین بە پێدانی ژیانی هەتاهەتاییمان بە تێچووی عیسای مەسیحی کوڕەکەی. بەڵام ژیانی هەتاهەتایی چییە؟ ئایا خۆبەگەورەزانینی هەتاهەتاییە؟ ئایا بەهەشتێکی پڕ لە ئاوێنەیە؟ یان تەختەی خزینە لەسەر بەفر، یان لینکی گۆڵف، یان کچە پاکیزە چاو ڕەشەکان؟

نەخێر، عیسا بە تەواوی پێمان دەڵێت مەبەستی چی بووە: «ژیانی هەتاهەتاییش ئەوەیە کە تۆ بناسن، تەنها خودای ڕاستەقینە و عیسای مەسیح، ئەوەی کە ناردووتە.» (یۆحەنا ١٧: ٣). ژیانی هەتاهەتایی چییە؟ ناسینی خودا و کوڕەکەی عیسای مەسیحە. هیچ شتێک ناتوانێت ڕۆح تێر بکات. ڕۆح وای لێکراوە کە لە سەرسامی کەسێکدا بوەستێت -خودا تاکە کەسێکە کە شایەنی سەرسامییە. هەموو پاڵەوانەکان سێبەری مەسیحن. ئێمە زۆرمان خۆشدەوێن و سەرسامین بە نایابی ئەوان. چەندە زیاتر بەو یەک کەسە ڕازی دەبین کە هەموو نایابییەکی لەبیر کردووە و هەموو لێهاتوویی و هەموو بەهرە و هێز و درەوشاوەیی و شارەزایی و چاکەیەکی بەرجەستە کردووە. ئەمەیە کە من هەوڵ دەدەم بیڵێم. خودا ئێمەی خۆشدەوێت بە ڕزگارکردنمان لە کۆیلایەتی خۆمان بۆ ئەوەی بتوانین بۆ هەمیشە چێژ لە ناسین و سەرسامبوونمان لە خودا وەربگرین.

یان بیر لەو شێوازە بکەرەوە کە پەترۆسی نێردراو دەیڵێت: «لەبەر ئەوەی مەسیح تەنها جارێک لەبەر گوناه ئازار درا، بێتاوان لەپێناوی تاوانباران، تاکو لە خودامان نزیک بکاتەوە.» (یەکەم پەترۆس ٣: ١٨). بۆچی خودا عیسای مەسیحی نارد بۆ ئەوەی لە پێناوماندا بمرێت؟ «تاکو لە خودامان نزیک بکاتەوە.» -بۆ خۆی. خودا مەسیحی نارد بۆ ئەوەی بمرێت هەتا بتوانین بگەڕێینەوە ماڵەوە بۆ لای باوکی هەموو خۆشییەکان. ئەمە خۆشەویستییە. خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە ئەوەیە کە خودا ئەو کارە بکات کە دەبێت بیکات، بە تێچووی زۆر بۆ خۆی، بۆ ئەوەی چێژ لە بینین و پێکەوەیی بۆ هەمیشەمان هەبێت. ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، وەک داودی نووسەری زەبوور بە

خـودا دەڵێـت: «تێربـوون لـە شـادی لـە ئامادەبوونتدایـە، خۆشـحاڵی هەتاهەتایـی لـەلای دەستەڕاسـتی تۆدایـە» (زەبـوورکان ١٦: ١١)، کەواتـە خۆشەویسـتی دەبێـت چـی بـکات؟ دەبێـت لـە ئالوودەبووغـان بـە خـود ڕزگارمـان بـکات و بگوڕدرێن و بمانباتـە نـاو ئامادەبوونی خـوداوە.

## ئایا بەکاردەهێنرێت؟

کەواتـە لێرەدا ئـەو پرسـیارە هەیـە بـۆ ئـەوەی ئەزموونـی بکەیـن، ئایـا تـۆ گرفتـار بوویـت بـە شـێواندنی واتـای خۆشەویسـتی لـەم جیهانـەدا: ئایـا هەسـت بـە خۆشەویسـتی زیاتـر دەکەیـت ئەگـەر لەلایـەن خـوداوە گرنگیـت پێبدرێـت و گـەورەت بـکات، یـان لـە کۆیلایەتـی خۆبەگەورەزانیـن ڕزگارت بـکات، بـە تێچوویەکـی زۆر بـۆ خـۆی، بـۆ ئـەوەی بـۆ هەتاهەتایـە چێـژ لـە گەورەیـی و شـکۆمەندی ئـەو وەربگریـت؟

گریـمان تـۆ وەڵام دەدەیتـەوە، ”دەمەوێـت لـە خـۆم ئـازاد بـم و پـڕ بـم لـە خۆشـی لـە خـودا؛ مـن دەمەوێـت چێـژ لـە گەورەیـی خـودا وەربگـرم نـەک خـۆم. وە دەمەوێـت بـۆ هەمیشـە تێـری دڵخۆشـیم بـەردەوام بێـت.“ ئەگـەر بـەم شـێوەیە وەڵام بدەیتـەوە، ئـەوا دەبێـت وەڵامێکیشـت بـۆ ئـەو ترسـە هەبێـت کـە پێشـتر باسـم کـرد، کـە تـۆ تەنهـا لەلایـەن خـوداوە بەکاردەهێنرێـت کاتێـک بـۆ شـکۆمەندی خـۆی بەدیـت دەهێنێـت. ئێسـتا دەبینیـن بەدیهێنانـی ئێمـە بـۆ شـکۆمەندی خۆیەتـی، ئێمـەی بـۆ زۆرتریـن خۆشـی لـە خۆیـدا بەدیهێنـاوە. ئـەو لـە ئێمـەدا زۆرتـر شـکۆمەند دەبێـت کاتێـک ئێمـە زۆر ڕازی و شـاد بیـن لـە خـودادا.

خـودا ئـەو کەسـەیە لـە گەردوونـدا کـە بـۆ خـۆ بەرزکردنـەوەی خـۆی، بـە کـردار زۆرتریـن خۆشەویسـتی نیشـان دەدات. هـەر کەسـێکی دیکـە خـۆی بـەرز بکاتـەوە، سـەرقاڵمان دەکات و دوورمـان دەخاتـەوە لـەوەی کـە پێویسـتمانە، واتـا خـودا. بـەڵام ئەگـەر خـودا خـۆی بـەرز بکاتـەوە، ئـەوا سـەرنجت بـۆ ئـەو شـتە ڕادەکێشـێت کـە زۆرتریـن پێویسـتیمان پێیەتـی بـۆ دڵخۆشـیمان. کاتێـک بەنـاو پێشـانگایەکەدا دەڕۆیـت و چـاوت لەسـەر زەوییـە، تابلـۆ گـەورەکان بتوانـن قسـە بکـەن، هاواریـان دەکـرد و دەیانگـوت: ”بڕوانـە! بڕوانـە، تەماشـام بکـە. مـن هـۆکاری ئـەوەم کـە تـۆ لێرەیـت“. وە کاتێـک لەگـەڵ دەوروبەرتـدا تەماشـای جوانـی تابلـۆکان دەکەیـت و دڵخـۆش دەبیـت، خۆشـیەکەت پـڕ دەبێـت. گلەیـی ئـەوەت نەدەکـرد کـە دەبـووا تابلـۆکان بێدەنـگ بـن. ئـەوان لـە بەفیڕۆدانـی سـەردانەکەت ڕزگاریـان کردیـت. بـە هەمـان شـێوە هیـچ منداڵێـک گلەیـی لـەوە نـاکات کـە «مـن بەکاردەهێنرێـم»، کاتێـک باوکـی دڵخۆشـە بـەوەی بـە ئامادەبوونـی خـۆی منداڵەکـە دڵخـۆش بـکات.

## لە کۆتاییدا ئازادکرام بۆ ئەوەی دوای تاکە سۆزێک بکەوم کە بۆی بەدیهێنرابووم

بەم دۆزینەوانە ئێستا هەستم بە ئازادی دەکرد بۆ دووپاتکردنەوەی مەبەستی خودا بۆ ژیانم کە لە کتێبی پیرۆزدا ئاشکرا بووە. پێویست نەبوو بترسم لەوەی کە دەبێت لەنێوان ئەوەی کە ڕاستە و ئەوەی ڕێی تێناچێت، یەکێکیان هەڵبژێرم- لەنێوان بەدواداچوون بۆ شکۆمەندی ئەو و بەدواداچوون بۆ خۆشی خۆم. من ئازاد بووم کە تاکە سۆز بۆ باڵادەستی خودا لە هەموو شتێکدا بۆ خۆشی هەموو گەلان ئەزموون بکەم. لە ژیانی بەفیڕۆچوو ڕزگارم بوو. ئێستا دەکرێت ژیان واتای کۆتایی هەبێت- هەمان واتای ژیانی خودایی کە هەیە: چێژوەرگرتن و پیشاندانی گەورەیی خۆی.

ئازاد بووم بەوەی بگەمە کۆتایی هەوڵەکانی کۆنم: خاڵەکە، ئامانجەکە، سەرنج و کرۆکی هەموو ئەمانە. ڕاستەقینە بوو. بابەتیی بوو. لەوێ بوو. وە ڕەگ و ڕیشەی لە کرۆکی ئەو شتەدا بوو کە خودا لە خۆیدا چییە. ئەو لە کامڵ و تەواوەتییە فرەچەشنەکانیدا شکۆمەند و جوان و مەزنە. ئەزەلی و هەتاهەتایی و نەگۆڕە. ئەوانیش ڕاستی و دادپەروەری و چاکە و دانایی و دەسەڵات و خۆشەویستین. لە ڕژانی ئەو مەبەستەی کە لە خۆیدا هەیەتی، ئامانجی بوونی ئێمە دێتە ئاراوە. بە سۆزی خودا بۆ شکۆمەندی خۆی، ئێمە لەدایک دەبین. ئەوە هۆکاری تاکە، هەموو شتێک لەخۆ دەگرێت، هەموو گۆڕانکارییەکان بۆ بوون: خولیای چێژوەرگرتن و پیشاندانی باڵادەستی خودا لە هەموو شتێکدا بۆ دڵخۆشی هەموو گەلان.

خودا ئێمەی بەدیهێناوە بۆ ئەوەی بە یەک سۆزەوە بژین بۆ ئەوەی بە خۆشحاڵییەوە باشی بەرزی ئەو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پیشان بدەین. ژیانی بەفیڕۆچوو ژیانی بێ ئەم سۆزەیە. خودا بانگمان دەکات بۆ نوێژکردن و بیرکردنەوە و خەون و پلان و کارکردن نەک لەبەر ئەوەی هەست بە گرنگی و گەورەیی خۆمان بکەین، بەڵکو لە هەموو بەشێکی ژیانماندا خودا گرنگ و شکۆدار بێت.

## ئێستا دەچێتە ناو شکۆمەندی عیسای مەسیحەوە

لە ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ ەوە، لە هەموو کاتێک ڕوونتر بینیم کە چەندە پێویستە بە ڕوونی بە چاکەی مەسیح شاد بین کە بۆ گوناهباران لەخاچ دراوە و لە مردن هەستاوەتەوە. مەسیح دەبێت لە هەموو قسەکردنێکی ئێمە دەربارەی خودامان ڕوون بێت. نابێت، لەم ڕۆژگارەی ئایینی زۆر و فرە خوداییەدا، بە شێوەیەکی ناڕوون باس لە شکۆمەندی خودا بکەین. خودا بەبێ مەسیح هیچ خودایەک نییە. وە کەسێک کە خودا

نەبێت ناتوانێت ڕۆح ڕزگار بکات یان تێر و ڕازی بکات. شوێنکەوتنی خودایەک کە خودا نییە -هەر ناوێک بێت یان هەر ئایینێکی هەبێت- ژیانێکی بەفیڕۆچوو دەبێت. خودای مەسیح تاکە خودای ڕاستەقینە و تاکە ڕێگایە بۆ خۆشی. هەموو ئەو شتانەی هەتا ئێستا گوتوومە ئێستا دەبێت پەیوەندییان بە مەسیحەوە هەبێت. تابلۆ کۆنەکەی چێشتخانەکە دێتەوە یادم: ”تەنها ئەوەی بۆ مەسیح ئەنجامدەدرێت بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە»

بۆ ئەوەی ئمانگەیەنێتە ئەم بەرزترین و بەردەوامترین چێژە، خودا عیسای مەسیحی کوڕەکەی کردە تابلۆیەکی خوێناوی لە ئازار و مردنی بێ تاوانێک. ئەمەیە تێچووی ڕزگاریمان لە ژیانێکی بەفیڕۆچوو. کوڕی هەمیشەیی خودا «نەیویست یەکسانییەکەی لەگەڵ خودا بۆ خۆی بقۆزێتەوە، بەڵکو خۆی کردە هیچ، شێوەی بەندەی وەرگرت، وەک مرۆڤی لێهات... ئەو خۆی نزم کردەوە و تاکو مردن ملکەچ بوو، تەنانەت مردنی سەر خاچ.» (فیلیپی ٢: ٦-٨).

## هەموو شتەکان بۆ ئەو بەدیهاتوون

ئەم عیسایە پیاوێکی مێژوویی ڕاستەقینە بووە و ئێستاش هەیە کە، «خودا بە هەموو پڕیی خۆی لە جەستەی مەسیحدا نیشتەجێیە» (کۆلۆسی ٢: ٩). بەو پێیەی ئەو وەک بڕوانامەی کۆنی نیکییا دەڵێت «خودا لە خوداوە، ڕووناکی لە ڕووناکییەوە، خودای ڕاستەقینە لە خودای ڕاستەقینەوە“. وە بەو پێیەی مردن و زیندووبوونەوەی کردۆتە ناوەندی کاری خودایی لە مێژوودا، سەیر نییە گوێبیستی ئەوە بین کە کتێبی پیرۆز دەڵێت، «بەو هەموو شتێک.... لە ڕێگەی ئەوەوە و بۆ ئەو بەدیهێنران» (کۆلۆسی ١: ١٦). بۆ ئەو! واتا بۆ شکۆمەندی ئەو. ئەمەش بەو واتایە کە هەموو ئەو شتانەی هەتا ئێستا گوتوومانە کە خودا ئێمەی بۆ شکۆمەندی خۆی بەدیهێناوە، بەو واتایەش دێت کە ئێمەی بۆ شکۆمەندی کوڕەکەی بەدیهێناوە.

مەسیح لە نوێژەکەیدا لە یۆحەنا بەشی ١٧ یەکەم شت کە داوای دەکات ئەوەیە، «باوکە، کاتەکە هاتووە. کوڕەکەت شکۆدار بکە، تاکو کوڕەکەشت شکۆدارت بکات» (یۆحەنا ١٧: ١). هەر لە کاتی کاری جەستەیی و ڕزگارکەرانەی عیساوە، خودا بە خۆشحاڵییەوە لەلایەن گوناهبارانەوە تەنها لە ڕێگەی شکۆمەندکردنی خودای بەجەستەبووی هەستاوەوە لەنێو مردوان، واتا عیسای مەسیح شکۆمەند دەکرێت. مردنە خوێناوییەکەی ناوەندی گەشاوەی شکۆمەندی خودایە. هیچ ڕێگایەک بۆ شکۆمەندی باوک نییە جگە لە ڕێگەی کوڕەکەوە. هەموو بەڵێنەکانی خۆشی لە ئامادەبوونی خودا، وە چێژەکان لە دەستی ڕاستیدا، تەنها لە ڕێگەی باوەڕهێنان بە عیسای مەسیحەوە بۆمان دەستەبەرە.

## ئەگەر مەسیح ڕەت بکەینەوە، خودا ڕەت دەکەینەوە

عیسا تاقیکردنەوەی لیتموسی ڕاستییە بۆ هەموو کەس و هەموو ئایینەکان. بە ڕوونی گوتی: «ئەوەش من ڕەت دەکاتەوە، ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە منی ناردووە» (لۆقا ١٠: ١٦). ئەو کەس و ئایینانەی مەسیح ڕەتدەکەنەوە، خودا ڕەتدەکەنەوە. ئایا ئایینەکانی دیکە خودای ڕاستەقینە دەناسن؟ لێرەدا تاقیکردنەوەیەک هەیە: ئایا عیسا ڕەتدەکەنەوە وەک تاکە ڕزگارکەر بۆ گوناهباران کە لەلایەن خوداوە هاتووە لە خاچ دراوە و لە مردن زیندوو بۆتەوە؟ ئەگەر وابن، ئەوا خودا وەک ڕزگارکەر ناناسن.

مەبەستی عیسا ئەوە بوو کە دەیگوت: «منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوک لە ڕێگەی منەوە نەبێت.» (یۆحەنا ١٤: ٦). یان کاتێک گوتی: «ئەوەی ڕێزی کوڕەکە نەگرێ، ڕێزی باوکیش ناگرێ کە ناردوویەتی.» (یۆحەنا ٥: ٢٣). یان کاتێک بە فەریسییەکانی گوت: «ئەگەر خودا باوکتان بووایە، منتان خۆشدەویست» (یۆحەنا ٨: ٤٢).

ئەوە مەبەستی یۆحەنای نێردراو بوو کاتێک گوتی: «هەرکەسێک نکۆڵی لە کوڕەکە بکات باوکی نابێت، ئەوەش دان بە کوڕەکەدا بنێت باوکی دەبێت» (یەکەم یۆحەنا ٢: ٢٣). یان کاتێک گوتی، «هەرکەسێک... لە فێرکردنی مەسیح بەردەوام نەبێت، بێبەرییە لە خودا.» (دووەم یۆحەنا ٩).

ڕۆمانسیزەکردنی ئەو ئایینانەی دیکە کە خوداپەرستی و کاری ڕزگارکەری مەسیح ڕەتدەکەنەوە هیچ سوودێکی نییە. خودا ناناسن. وە ئەوانەی شوێنیان دەکەون بە شێوەیەکی کارەساتبار ژیانیان بەفیڕۆ دەدەن.

ئەگەر بمانەوێت شکۆمەندی خودا ببینین و تامی بکەین، دەبێت مەسیح ببینین و تامی بکەین. چونکە مەسیح «وێنەی خودای نەبینراوە» (کۆلۆسی ١: ١٥). بە واتایەکی دیکە ئەگەر بمانەوێت بە شکۆمەندی خودا شاد بین، دەبێت دەست بە ئینجیلی مەسیحەوە بگرین. هۆکاری ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە گوناهبارین و پێویستمان بە ڕزگارکەرێکە بۆ ئەوەی لە پێناوماندا بمرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەم ڕزگارکەرە خۆی تەواوترین و جوانترین دەرکەوتنی شکۆمەندی خودایە. ئەو چێژە ناشایستە و هەتاهەتاییەکامان دەکڕێت و بۆ ئێمە دەبێتە گەنجینەیەکی تەواو شایستە و هەتاهەتاییمان.

## ئینجیل مژدەی خۆشی شکۆمەندی مەسیحە

ئینجیل بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت. کاتێک لە ڕێگەی باوەڕ بە مەسیحەوە دەگۆڕدرێین، ئەوەی بە چاوی دڵمان دەیبینین «ڕووناکی مزگێنیی شکۆی مەسیحیان

بـۆ دەدرەوشـێتەوە، ئـەوەی وێنـەی خودایـە» (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ٤). ئینجیـل هەواڵـی مـژدەی تـەواوی هەمـوو جوانییەکـە. یـان بـۆ ئـەوەی بـەو شـێوەیەی پۆڵـس بڵێیـن، ئـەوە مـژدەی ”شـکۆی مەسـیح“ە. کاتێـک بـە بـاوەڕی مەسـیح شـاد دەبیـن، بـە خـودا شـاد دەبیـن. شـکۆمەندی خـودا دەبینیـن و تامـی دەکەیـن. تامکردنـی شـکۆمەندی خـودا بوونـی نییـە ئەگـەر لـە مەسـیحدا نەیبینیـن. ئەمـە تاکـە پەنجەرەیـە کـە گوناهبـار لـە ڕێگەیـەوە ڕووخسـاری خـودا ببینێـت و لەناونەچێـت.

کتێبـی پیـرۆز دەڵێـت کاتێـک خـودا دڵـمان ڕوونـاک دەکاتـەوە لـە کاتـی گۆڕانکاریـدا، «بـۆ ڕووناککردنـەوەی ناسـینی شـکۆی خـودا لـەڕووی عیسـای مەسـیحدا.» (دووەم کۆرنسـۆس ٤: ٦). یـان ”لـە ڕووخسـاری عیسـای مەسـیحدا» شـکۆمەندی خـودا دەبینیـن، یـان بـە هیـچ شـێوەیەک نایبینیـن. وە «ڕووخسـاری عیسـای مەسـیح» جوانییەکـەی مەسـیحە کـە لـە خاچـدا دەگاتـە لوتکـە. ڕووخسـاری خوێنـاوی مەسـیحی لـە خاچـدراو (وە سـەرکەوتووا) ڕووخسـاری شـکۆمەندی خودایـە. ئـەوەی ڕۆژێـک گەمژەیـی بـوو بـۆ ئێمـە، دەبێتـە دانایـی و هێـز و شـانازیمان (یەکـەم کۆرنسـۆس ١: ١٨، ٢٤).

ژیـان بەفیـڕۆ دەچێـت ئەگـەر دەسـت بـە شـکۆمەندی خاچـەوە نەگریـن و بـۆ ئـەو گەنجینەیـەی کـە هەیەتـی بـە بەهـاداری نەزانیـن و وەک بەهادارتریـن نرخـی هەمـوو چێژێـک و قووڵتریـن ئاسـوودەیی لـە هەمـوو ئازارێکـدا پێیـەوە نەلکێنیـن. بەشـی داهاتـووی بابەتەکەمـان باسـی ئـەوە دەکات.

# بەشی سێیەم

## خاچ تەنها شانازی و
## ناوەندی بڵێسەی شکۆمەندی خودایە

پێچەوانەی بەفیڕۆدانی ژیانت ژیانێکە بە تاکە سۆزێک کە خودا بەرز دەکاتەوە و ڕۆح ڕازی و تێر دەکات. ژیانێکی باش بژیت، دەبێت خودا بەرزکەرەوە و ڕۆح تێرکەر بێت، چونکە هەر بۆ ئەم مەبەستەیە کە خودا ئێمەی بەدیهێناوە (ئیشایا ٤٣: ٧؛ زەبوورەکان ٩٠ :١٤). ئەمە ئەو خاڵە بوو کە لە بەشی دووەم باسمان کرد. وە "سۆز" وشەیەکی دروستە (یان ئەگەر پێت باشە، زەوق، تامەزرویی، گەرمی، خوێن-بزوێنەر) چونکە خودا فەرمانمان پێدەکات بە "هەموو دڵمان" خۆشمان بوویت (مەتا ٢٢: ٣٧)، وە عیسا بیرمان دەخاتەوە کە خەڵکی شلەتێن لە دەمی خۆی دەتفێنێتەوە (ئاشکراکردن ٣: ١٦). پێچەوانەی بەفیڕۆدانی ژیانت ئەوەیە کەوا بە تاکە سۆزێکی ڕۆح تێرکەر بژیت بۆ باڵادەستی خودا لە هەموو شتێکدا.

وشەی "تاکە" هەتا چەند ڕژدە؟ ئایا بەڕاستی دەکرێت ژیان هێندە ئامانجی لەسەر "تاکایەتی" هەبێت؟ ئایا بەڕاستی کار و کات بەسەربردن و پەیوەندییەکان و خواردن و خۆشەویستی و خزمەتکردن هەموویان دەکرێت لە یەک خولیادا هەڵبگیرێن؟ ئایا شتێک هەیە هێندە قووڵ و هێندە گەورە و بەهێز بێت کە هەموو ئەوانە پێکەوە هەڵبگرێت؟ ئایا بەڕاستی سێکس و ئۆتۆمبێل و کار و شەڕ و گۆڕینی دایبی منداڵ و دانی باج دەکرێت یەکێتییەکی خودا بەرزکەرەوە و ڕۆح تێرکەری هەبێت؟

ئەم پرسیارە دەمانباتە هەمان ئەو شوێنەی کە کۆتاییمان بە بەشی دووەم هێنا، ئەویش مردنی عیسا لەسەر خاچە. ئێمە لەوێ کۆتاییمان پێ هێنا چونکە ژیان بۆ شکۆمەندی خودا دەبێت بە واتای ئەوەی ژیان بۆ شکۆمەندی مەسیحی لە خاچ دراو دەبێت. مەسیح وێنەی خودایە. ئەو کۆی شکۆمەندی خودایە لە شێوەی مرۆڤدا. وە جوانییەکەی زۆرترین گەشاوەییە کە لە تاریکترین کاتژمێریدا دەدرەوشێتەوە.

### پەستان لەلایەن کتێبی پیرۆزەوە بۆ زانینی یەک شت

بەڵام ئێمە بە پرسی یەک سۆزەوە بەرەو هەمان شوێنی خوێناوی دەبردرێین. کتێبی پیرۆز بەرەو ئەم ئاراستەیە پاڵمان دەنێت. بۆ نموونە، پۆڵسی نێردراو گوتی کە ژیان و خزمەتەکەی لەسەر یەک ئامانج پەیوەست بووە: «بڕیارم دا لەنێوتاندا هەموو شتێک

لەبیر بکەم، بێجگە لە عیسای مەسیح، ئەویش بە لە خاچ دراوی» (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ٢). ئەوە سەرسوڕهێنەرە، کاتێک بیر لە هەموو ئەو شتە جۆراوجۆرانە دەکەیتەوە کە پۆڵس کردوویەتی، لە ڕاستیدا باسی کردووە. دەبێت هەستێک هەبێت کە تێیدا «عیسای مەسیح، ئەویش بە لە خاچ دراوی» ناوەڕۆک و کۆی هەموو ئەو شتانەی دیکە بێت کە دەیڵێت. ئەو پاڵمان دەنێت بۆ ئەوەی سەرنجی ژیانمان لەسەر یەک شت بێت، وە بۆ ئەوەی خاچی مەسیح، تاکە جێگای ئەو سەرنجە بێت.

پێویست ناکات زۆر شت بۆ ژیانت بزانیت بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی بەردەوام لە جیهاندا دروست بکەیت. بەڵام دەبێت ئەو چەند شتە گەورەیە بزانیت کە گرنگن، ڕەنگە تەنها یەکێکیان بێت، پاشان ئامادە بیت بۆیان بژیت و بۆیان بمریت. ئەو کەسانەی کە جیاوازییەکی بەردەوام لە جیهاندا دروست دەکەن ئەو کەسانە نین کە لە زۆر شت شارەزا بوون، بەڵکو لە یەک شتی گەورە شارەزا بوون. ئەگەر دەتەوێت ژیانت هەژمار بکرێت، ئەگەر دەتەوێت کاریگەری شەپۆلی ئەو تەپوتۆزانەی کە دەیخەیتە خوارەوە ببنە شەپۆلێک کە دەگەنە کۆتاییەکانی زەوی و بەرەو هەتاهەتایی دەڕۆن، پێویست ناکات ئاستی زیرەکی بەرزت هەبێت. مەرج نییە ڕوخسارێکی باشت هەبێت یان دەوڵەمەندی یان لە خێزانێکی باش یان قوتابخانەیەکی باشەوە هاتبیت. لەبری ئەوە دەبێت چەند شتێکی گەورە، شکۆمەند، نەگۆڕ، ئاشکرا، سادە، بە شکۆمەند بزانیت -یان یەک شتی گەورەی کە هەموو شتێک لەخۆدەگرێت- وە ئەم شتە جۆشت بدات و هەموو بوونت داگیر بکات.

## کارەساتێک لە دروستبووندایە

لەوانەیە دڵنیا نەبیت لەوەی کە دەتەوێت ژیانت گۆڕانکاری دروست بکات. ڕەنگە تۆ زۆر گرنگی پێ نەدەیت کە ئایا لەپێناو شتێکی گەورەدا جیاوازییەکی بەردەوام دروست دەکەیت یان نا. تەنها دەتەوێت بە دڵی خەڵک بیت. ئەگەر خەڵکی تەنها حەزیان لەوە بێت لەگەڵ تۆ بن، تۆ ڕازی دەبیت. یان ئەگەر بتوانی تەنها کارێکی باشت هەبێت لەگەڵ هاوسەرێکی باش و چەند منداڵی باش و ئۆتۆمبێلێکی جوان و کۆتایی هەفتەی خۆش و چەند هاوڕێیەکی باش، خانەنشینییەکی باش، وە مردنێکی خێرا و ئاسان، وە نەچیتە دۆزەخ -ئەگەر بتوانی هەموو ئەوانەت هەبێت (تەنانەت بەبێ خودا)- ڕازی دەبیت. ئەوە ڕێک کارەساتێکە لە سەرهەڵداندایە. ژیانێکی بەفیڕۆچوو.

## ئەم ژیان و مردنانە هیچ کارەساتێک نەبوون

لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٠، ڕوبی ئەلیاسۆن و لۆرا ئێدواردز لە ڕۆژئاوای ئەفریقا لە کامێرۆن گیانیان سپارد. ڕوبی تەمەنی لە سەرووی هەشتا ساڵ بوو. بە درێژایی

ژیانی قەیرە بوو، بۆ یەک شتی گەورە هەوڵی دا: بۆ ئەوەی عیسای مەسیح بناسێنێت بە کەسانی ونبوو، هەژاران و نەخۆش. لۆرا بێوەژن بوو، پزیشک بوو، هەشتا ساڵی تێدەپەڕاند و لە کامێرۆن لەلای ڕوبی خزمەتی دەکرد. سوکانەکە لەکارکەوت، ئۆتۆمبێلەکە کەوتە سەر بەردێک و هەردووکیان دەستبەجێ گیانیان سپارد. لە کۆمەڵەکەمم پرسی: ئایا ئەوە کارەسات بوو؟ دوو ژیان، کە یەک سۆزی گەورە پاڵنەریان بوو، ئەویش ئەوەیە کە ژیان لە خزمەتی مزگێنی بۆ هەژاران و لەناوچووواندا بەسەربەن بۆ شکۆمەندی عیسای مەسیح -تەنانەت دوو دەیە لەدوای ئەوەی زۆربەی هاوتا ئەمریکییەکانیان خانەنشین بوون بۆ ئەوەی ژیانیان لەپێناو شتە بچووکەکان بەسەرببەن. نەخێر ئەوە کارەسات نییە. ئەوە شکۆمەندییە. ئەم ژیانانە بەفیڕۆ نەچوون. وە ئەم ژیانانە لەدەست نەچوون. «ئەوەی بیەوێت ژیانی خۆی ڕزگار بکات، دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لەپێناوی من و مزگێنییەکەم ژیانی خۆی بدۆڕێنێت، ڕزگاری دەکات.» ( مەرقۆس ٨: ٣٥).

## کارەساتێکی ئەمریکی: چۆن تاکە ژیانەکەت تەواو نەکەیت

پێتان دەڵێم کارەسات چییە. من نیشانت دەدەم کە چۆن ژیانت بەفیڕۆ دەدەیت. چیرۆکێک لە چاپی شوباتی ١٩٩٨ی ڕۆژنامەی ڕیدەرز دایجست هاتووە، ئەم چیرۆکە لەبەرچاو بگرن، کە باس لە ژن و مێردێک دەکات کە ”پێنج ساڵ لەمەوبەر لە کارەکانیان لە باکووری ڕۆژهەڵات خۆیان خانەنشینی پێشوەختە کرد، کاتێک پیاوەکە تەمەنی پەنجا و نۆ ساڵ بوو و ژنەکەی تەمەنی پەنجا و یەک ساڵ بوو. ئێستا لە شاری پۆنتا گۆردای ویلایەتی فلۆریدا دەژین، لەوێ بە کەشتییە ترۆلەرەکەیان کە ٣٠ پێیە دەڕۆن و یاری تۆپی سۆفتبۆڵ دەکەن و سەدەف کۆدەکەنەوە“. سەرەتا کە خوێندمەوە پێم وابوو ڕەنگە گاڵتە بێت. گاڵتەیەک لەسەر خەونی ئەمریکی. بەڵام وا نەبوو. بەداخەوە ئەمە خەونەکە بوو: وەرە بۆ کۆتایی ژیانت -تاکە ژیانی بەهادار خودا پێی بەخشیوی- وە با دوایین کاری گەورەی ژیانت، پێش ئەوەی حسابێک بۆ بەدیهێنەرەکەت بکەیت، ئەمە بێت: یاریکردنی تۆپی سۆفتبۆڵ و کۆکردنەوەی سەدەفەکان. لە ڕۆژی گەورەی حوکمداندا لەبەردەم مەسیحدا وێنای بکە: ”پەروەردگار، بڕوانە، سەدەفەکانم ببینە.“ ئەوە کارەساتێکە. وە خەڵکی ئەمڕۆ ملیارەها دۆلار خەرج دەکەن بۆ ئەوەی ڕازیتان بکەن کە ئەو خەونە دڵتەزێنەتان هەبێت. لە بەرامبەر ئەوەدا، ناڕەزایەتی خۆمم خستەڕوو: وەها مەکەن، مەیکرن. ژیانی خۆتان بەفیڕۆمەدەن.

## وا نیشان بدە من باوکتم

لە کاتێکدا ئەمە دەنووسم، ئێستا تەمەنم لە شەستەکاندایە. لەگەڵ تێپەڕبوونی مانگەکاندا، زیاتر و زیاتر پەیوەندیم لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەیە کە تەمەنیان هێندە

گەنجە ببنە کوڕ و کچم. لەوانەیە تۆ لەو پۆلینەدا بیت. چوار کوڕ و کچێکم هەیە. کەم شت هەیە، ئەگەر هەبێت، لەم مانگ و ساڵانەدا زیاتر پڕم بکات لە تامەزرۆیی زیاتر لەوەی کە منداڵەکانم ژیانیان لە سەرکەوتنی کوشندەدا بەفیڕۆ نەدەن.

ئەم تامەزرۆییە زۆر بە ئاسانی بۆت دەگوازرێتەوە، بە تایبەتی ئەگەر لە بیست یان سی ساڵیدا بیت. من وەک بڵێی بە کوڕ یان کچم دەتبینم و لەم لاپەڕانەدا وەک باوکێک داوای لێبوردنت لێ دەکەم -ڕەنگە باوکێک کە زۆر خۆشی دەوێیت، یان ئەو باوکەی کە هەرگیز نەتبووە. یان ئەو باوکەی کە هەرگیز بینینێکی بۆ تۆ نەبووە وەک ئەوەی من بۆ تۆم هەیە- وە خوداش بۆ تۆ هەیەتی. یان ئەو باوکەی کە بینینێکی بۆ تۆ هەیە، بەڵام هەموو شتێک لەسەر پارە و بارودۆخە. لەم لاپەڕانەوە دەڕوانم و وەک کوڕ و کچم دەتانبینم و داوای لێبوردنتان لێ دەکەم: ئارەزووی ئەوە بکە کە ژیانت بە شتێکی گەورە هەژمارد بکرێت! تامەزرۆی ژیانت بۆ گرنگی ژیانی هەتاهەتایی بێت. ئەمەت دەوێت! بەبێ سۆزێک بەناو ژیان مەکەوە.

## من بینینی لوی جیگلۆم بە دڵە

یەکێک لە لایەنە ئیلهامبەخشەکانی پشت ئەم کتێبە بەشداریکردنم بوو لە کۆنفرانسی خوێندکارانی کۆلێژ و گەنجانی پێگەیشتوو بە ناوەکانی سۆز «٩٧، سۆز «٩٨، سۆز «٩٩، یەک-ڕۆژ (٢٠٠٢). لەژێر ناوی مەسیحیدا، پشکۆی هەڵگرساندنی پشت ئەم کۆبوونەوانەی پەرستش و کۆکردنەوەی ئەرکی نێردراییتی لوی جیگلیۆ بوو. ئەو بانگەوازی گەنجانی دەکرد بۆ ئەوەی "بەیاننامەی ٢٦٨" دەربکەن. ژمارەکە لە ئیشایا بەشی ٢٦ ئایەتی ٨ ەوە هاتووە؛ «ئەی یەزدان، لە ڕێی حوکمەکانت چاوەڕێی تۆ دەکەین، بۆ ناوەکەت و بۆ یادکردنەوەتە ئارەزووی گیان.» (ئیشایا ٢٦: ٨). یەکەم لێدوانی "بەیاننامەکە" دەڵێت، "چونکە من لەلایەن خوداوە و بۆ شکۆمەندی ئەو بەدیهاتووم، گەورەی دەکەم کاتێک وەڵامی خۆشەویستییە گەورەکەی دەدەمەوە. ئارەزووی من ئەوەیە کە بەدوای ناسین و چێژوەرگرتن لە خودا بکەوم و خودا مەبەستی بەدواداچوونی سۆزداری ژیانمە."[١٠]

ئەم ڕوانگەیەی ژیان شتی زۆر زیاتر لە بۆشایی سەرکەوتنی ڕەها یان خۆشی پشووەکانی بەهار بۆ خوێندکاران و گەنجانی پێگەیشتوو دەگرێتەوە. لێرەدا تەنها جەستە نییە، بەڵکو ڕۆحێکە. نەک تەنها ڕۆحێک، بەڵکو ڕۆحێک کە سۆز و ئارەزووی هەیە. نەک تەنها ئارەزووی ئەوەی کە حەزت لە یاریکردنی تۆپی سۆفتبۆڵ یان کۆکردنەوەی سەدف بێت. لێرەدا ئارەزووی شتێکی بێ سنوور گەورە و جوان و بەهادار و دڵخۆشکەر هەیە -ناو و شکۆمەندی خودا- "ناو و ناوبانگی تۆ ئارەزووی دڵمانە."

ئەمەش پەیوەندداره لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لە کۆتا بابەتدا نووسیومە و بۆ

نـەوەی داهاتـوو جێبەجێـی دەکرێـت. ئەمەیـە کـە مـن دەژیـم بـۆ ئـەوەی بزانـم و تامـەزرۆی ئەزموونکردنـم. بـە شـێوەیەکی مەجـازی بەیاننامـەی ئەرکـی ژیانـم و ئـەو کڵێسـایەی کـە خزمەتـی دەکـەم ئەمەیـە: "ئێمـە بوونمـان هەیـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی خولیـای باڵادەسـتی خـودا لـە هەمـوو شـتێکدا بـۆ دڵخۆشـی هەمـوو گـەلان لـە ڕێگـەی عیسـای مەسـیحەوە.» پێویسـت نـاکات وەک مـن دەیڵێـم یـان وەک لـوی جیگلیـۆ دەیڵێـت. بـەڵام هەرچییـەک بکەیـت، بـە کتێبـی پیـرۆزە ئـەو سـۆزەی ژیانـت بـدۆزەرەوە کـە خـودا کرۆکـە و مەسـیح بـە تـەواوی شـکۆمەند دەکات، وە ڕێگـەی خـۆت بـدۆزەرەوە بـۆ ئـەوەی بیڵێیـت و بـۆی بژیـت و بـۆی بمریـت. وە جیاوازییـەک دروسـت دەکەیـت کـە بـەردەوام بێـت. ژیانـت بەفیـڕۆ نادەیـت.

## ئەو پیاوەی کە تاکە سۆزەکەی هەبوو، هەموو شتێکی دیکەی کردە زبڵ

تـۆ وەک پۆڵسـی نێـردراو دەبیـت، وەک پێشـتر بینیـمان، کاتێـک گوتـی کـە نایەوێـت جگـە لـە عیسـای مەسـیحی لـە خاچـدراو هیچـی دیکـە بزانـم. کـەس ڕوانگەیەکـی لـە پۆڵـس تاکبیرانەتـری بـۆ ژیانـی نەبـووە. دەیتوانـی بـە چەندیـن شـێوازی جیـاواز بیڵێـت. دەیتوانـی بڵێـت: «بـەڵام هیـچ بەهایەکـم بـۆ ژیانـی خـۆم دانەنـاوە، تەنهـا ئامانجـم ئەوەیـە، ئـەو پێشـبڕکێیە تـەواو بکـەم و ئـەو ئەرکـە بەجێبگەیەنـم کـە عیسـای خـاوەن شـکۆ بـە منـی سـپارد، ئەویـش ئەرکـی شـایەتیدانە بـۆ مزگێنیـی نیعمەتـی خـودا» ( کـردار ٢٠: ٢٤). شـتێک گرنـگ بـوو: "ژیانـم بەفیـڕۆ نـادەم! کۆرسـەکەم تـەواو دەکـەم و بـە باشـی تـەواوی دەکـەم. مـن لـە هەمـوو کارێکـدا ئینجیلـی نیعمەتـی خـودا پیشـان دەدەم. هەتـا کۆتایـی پێشـبڕکێکەم ڕادەکـەم".

یـان دەتوانێـت بڵێـت: «بـەڵام ئـەوەی بـۆ مـن قازانـج بـوو، لەپێنـاوی مەسـیحدا ئەمانـە بـە زیـان دەزانـم. لەمـەش زیاتـر هەمـوو شـتێک بـە زیـان دەزانـم لەبـەر بـەرزی بەهـای ناسـینی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆ. لەپێنـاوی ئـەودا هەمـوو شـتێکم لـە دەسـت دا و هەمـوو ئـەو شـتانەم بـە زبـڵ دانـا، بـۆ ئـەوەی مەسـیح بەدەسـتبهێنم» (فیلیپـی ٣: ٧-٨). شـتێک گرنگـە: مەسـیح بناسـە، وە مەسـیح بەدەسـتبهێنە. هەمـوو شـتێک بـە بـەراورد بـەم شـتە زبڵـە.

تاکـە خولیـای ژیانـت چییـە کـە هەمـوو شـتێکی دیکـە بـە بەراوردکردنـی وەک زبـڵ و خاشـاک دەربکەوێـت؟ ئـای، کـە خـودا یارمەتیـم بـدات تاکـە سـۆزێک لـە تـۆدا بـۆ تاکـە ڕاسـتییەکی گـەورە بەئـاگا بهێنمـەوە کـە ئـازادت بـکات، وە لـە خەونـە بچووکـەکان ڕزگارت بـکات، وە بـۆ شـکۆمەندی مەسـیح، بتنێرێـت بـۆ هەمـوو کایەکانـی ژیانـی دونیایـی و بـۆ هەمـوو گەلانـی سـەر زەوی.

## مەسیحی لە خاچدراو، ناوەندی بڵێسەی شکۆمەندی خودا

بـە نوێژکردنێـک بـۆ ئـەو مەبەسـتە، جارێکـی دیکـە لـەو شـوێنەی کـە لـە کۆتـا بابەتـدا وەسـتابووم، دەسـت پێدەکەمـەوە. لەوێـدا گوتـم: ژیـان بەفیـڕۆ دەچێـت ئەگـەر دەسـت بـە شـکۆمەندی خاچـەوە نەگریـن و ئـەو گەنجینەیـەی کـە هەیەتـی بـە بەهـاداری نەزانیـن و وەک بەرزتریـن بەهـای هەمـوو چێژێـک و قووڵتریـن ئاسـوودەیی لـە هەمـوو ئازارێـکدا پێیـەوە پابەنـد نەبیـن. ئـەوەی ڕۆژێـک گەمژەیـی بـوو بـۆ ئێمـە -خودایەکـی لـە خاچـدراو- دەبێـت ببێتـە دانایـی و هێـزی ئێمـە و تاکـە شـانازیمان لـەم جیهانـەدا.

لـە بەشـی دووەمـدا ئامـاژەم بـەوە کـرد کـە خـودا ئێمـەی بەدیهێنـاوە بـۆ ئـەوەی بـۆ شـکۆمەندی ئـەو بژیـن، وە خـودا زۆرتریـن شـکۆمەندی لـە ئێمـەدا هەیـە کاتێـک زۆرتریـن دڵخۆشبووغان لـە ئـەودا هەبێـت. ئێمـە بەهـای خـودا زۆر گـەورە دەکەیـن کاتێک دەبێتـە تاکە شـانازیمان. وە مـن ئـەو بابەتـەم بـە داواکارییـەک کۆتایـی پێهێنـا کـە لەلایـەن گوناهبارانـەوە دەکرێـت شـکۆمەندی ئـەو تەنهـا لـە ڕێگـەی شـکۆمەندی عیسـای مەسـیحەوە ببینرێـت و تامـی بکرێـت. هـەر نزیکبوونەوەیەکـی دیکـە لـە خـودا وەهـم یـان پووچییـە. ئەگـەر ئانەوێـت خـودا زۆر گرنـگ بێـت لـە ژیانمـان، دەبێـت مەسـیح لەلامـان زۆر گرنـگ بێـت. مردنـە خوێناوییەکـەی ناوەنـدی گەشـاوەی شـکۆمەندی خودایـە. ئەگـەر خـودا شـانازیمان بێـت، ئـەوا ئـەوەی کردوویەتـی و ئـەوەی لـە مەسـیحدا هەیـە دەبێـت شـانازیمان بێـت.

## بانگهێشتێکی شۆکهێنەر و تاسێنەر بۆ شانازیکردن بە پەتێکی لەسێدارەدان

لـەم ڕووەوە کـەم ئایـەت لـە کتێبـی پیـرۆزدا هەیـە لـە گەلاتیـا ٦: ١٤ قوڵـتر و گشـتگیرتر بێـت کـە مەسـیح بەرزتـر و شـکۆدارتر بـکات: «لـە مـن بـەدوور بێـت شـانازی بـە هیـچ شـتێکەوە بکـەم، جگـە لـە خاچـی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان، کـە بەهۆیـەوە جیهـان بـۆ مـن لـە خـاچ دراوە، منیـش بـۆ جیهـان»، یـان بـە شـێوازێکی دیکـە باسـی بکەیـن: تەنهـا شـانازی بـە خاچـی عیسـای مەسـیحەوە بکـە. ئەمـە یـەک بیرۆکەیـە. یـەک ئامانـج بـۆ ژیـان. تاکـە سـۆزێک. تەنهـا شـانازی بـە خاچـەوە بکـە. وشـەی "شـانازی" دەتوانرێـت وەربگێڕدرێـت بـە "خۆشـحاڵی" یـان "شـادبوون". تەنهـا لـە خاچـی مەسـیحدا خۆشـحاڵ بـن. تەنهـا بـە خاچـی مەسـیح شـاد بـن. پۆڵـس دەڵێـت: بـا ئەمـە تاکـە خولیـای تـۆ بێـت، تاکـە شـانازی و شـادی و خۆشـحاڵیت. ئەگـەر لـە مـن تێبگەیـت -وە هیـوادارم پێـش ئـەوەی تـەواو بیـن تێبگەیـت- دەزانیـت بۆچـی دژایەتـی نییـە، بـەڵام هەمـوو ئـەو شـتانە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە لـە بەشـی دووەمـی کتێبەکەمـدا نووسـیومە. خوێنـەری ئەزیـز کاتێـک نوێـژ بـۆ تـۆ دەکـەم، هیـوادارم یـەک شـت کـە بـە بەهـاداری دەزانیـت، ئـەو شـتەی کـە پێـی دڵخـۆش دەبیـت و تێیـدا شـادمان دەبیـت، خاچـی عیسـای مەسـیح بێـت.

بـۆ پۆڵـس کـە بڵێـت تەنهـا شـانازی بـە خاچـی مەسـیحەوە بکەیـن، لەبـەر دوو هـۆکار تووشـی حەپەسـانت دەکات.

یەکێکیـان وەک ئـەوە وایـە بڵێیـت: تەنهـا شـانازی بـە کورسـی کارەبایـی ئەشـکەنجەدان بکـە. تەنها لـە ژووری غـازدا خۆشحاڵ بـە کـە خنکێنـەرە. تەنهـا بـە دەرزی کوشـندە شـادبە. بـا یـەک شـانازی و یـەک خۆشـی و یـەک شـادیت هەبێـت ئەویـش پەتـی لەسـێدارەدان بێـت. «لـە مـن بـەدوور بێـت شـانازی بـە هیـچ شـتێکەوە بکـەم، جگـە لـە خاچـی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان» هیـچ جـۆرە لەسـێدارەدانێک کـە هەتـا ئێسـتا داڕێـژراوە، لـەوە دڕندەتـر و ئازاربەخشـتر نەبـووە کـە بـە بزمـار لەسـەر خاچێکـدا دابکوترێـت و هەڵواسـبرێت بـۆ ئـەوەی وەک پارچـە گۆشـتێک بمرێـت. ترسـناک بـوو. تـۆ نەتدەتوانـی تەماشـای بکەیـت -بەبـێ هاوارکـردن و ڕاکێشـانی قـژت و دڕاندنـی جلەکانـت. ڕەنگـە ڕشـانەوەت بگرتایـەت. پۆڵـس دەڵێـت بـا ئەمـە تاکـە خولیـای ژیانـت بێـت. ئـەوە شـتێکە کـە لـە قسـەکانیدا تووشـی حەپەسـانت دەکات.

ئـەوی دیکەیـان ئەوەیـە کـە دەڵێـت ئەمـە بـۆ ئەوەیـە تاکـە شـانازی ژیانـت بێـت. تاکـە دڵخۆشـی. تاکـە خۆشـحاڵی. واتـا: «لـە مـن بـەدوور بێـت شـانازی بـە هیـچ شـتێکەوە بکـەم، جگـە لـە خاچـی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان، کـە بەهۆیـەوە جیهـان بـۆ مـن لـە خـاچ دراوە، منیـش بـۆ جیهـان.» مەبەسـتی لـەم قسـەیە چییـە؟ ئایـا دەتوانێـت ڕژد بێـت؟ هیـچ شـانازییەکی دیکـە نییـە؟ هیـچ خۆشـحاڵییەکی دیکـە نییـە؟ هیـچ خۆشـییەکی دیکـە جگـە لـە خاچـی عیسـا؟

ئـەی ئـەو شـوێنانەی کـە پۆڵـس خـۆی هەمـان وشـە بەکاردەهێنێـت بـۆ باسـکردنی شـانازیکردن یـان شـانازیکردن بـە شـتەکانی دیکـە؟ بـۆ نموونـە لـە (ڕۆمـا ٥: ٢): «شـانازیش بـە هیـوای شـکۆی خـودا دەکەیـن.» (ڕۆمـا ٣: ٤-٥): «تەنهـا ئەمـە نـا، بەڵکـو لـە تەنگانەشـدا شـانازی دەکەیـن، دەزانیـن تەنگانـە دانبەخۆداگرتـن دروسـتدەکات، دانبەخۆداگرتنیـش ئەزمـوون، ئەزموونیـش هیـوا،». (دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ٩): « بەوپـەڕی شـادییەوە شـانازی بـە لاوازیمـەوە دەکـەم، تاکـو هێـزی مەسـیح بێتـە سـەرم». (یەکـەم سالۆنیکی ٢: ١٩): «هیـوا و خۆشـی و تاجـی شـانازیمان لەبـەردەم عیسـای خـاوەن شـکۆمان چییـە لـە کاتـی هاتنیـدا؟ ئایـا ئێـوە نیـن؟»

### ”تەنها لەمەدا شانازی بکە“ واتا «با هەموو شانازیکردنت شانازی لەئەودا بێت»

کەواتـە، ئەگـەر پۆڵـس بتوانێـت لـە هەمـوو ئەمانـە شـانازی بـکات و شـادی بـکات و دڵخـۆش بێـت، مەبەسـتی پۆڵـس چییـە -کـە «لـە مـن بـەدوور بێـت شـانازی بـە هیـچ شـتێکەوە بکـەم، جگـە لـە خاچـی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان» (گەلاتیـا ٤: ١٦)؟ ئایـا

ئـەوە تەنهـا دوو قسـەییە؟ تـۆ لـە شـتێکدا دڵخـۆش دەبیـت، بـەڵام دەڵێیـت بـە شـتێکی دیکـە شـاد دەبیـت؟ نەخێـر، هۆکارێکـی زۆر قـووڵ هەیـە بـۆ ئـەوەی بڵێیـن هەمـوو خۆشـحاڵییەک، هەمـوو شـادبوونێک، هەمـوو شـانازیکردنێک بـە هـەر شـتێکەوە دەبێـت شـادبوون بێـت بـە خاچـی عیسـای مەسـیح.

مەبەسـتی پۆڵـس شـتێکە کـە هەمـوو بەشـێکی ژیانـت دەگۆڕێـت. مەبەسـتی ئەوەیـە کـە، بـۆ بـاوەڕداری مەسـیحی، هەمـوو شـانازییەکانی دیکـەش دەبـێ شـانازیکردن بێـت لـە خاچـدا. هەمـوو خۆشـحاڵییەک لـە هـەر شـتێکی دیکـەدا دەبێـت خۆشـحاڵی بێـت لـە خاچـدا. ئەگـەر بـە هیـوای شـکۆمەندی شـاد بیـت، دەبێـت بـە خاچـی مەسـیح شـاد بیـت. ئەگـەر لـە تەنگانـەدا خۆشـحاڵ بیـت چونکـە تەنگانـە هیـوا دروسـت دەکات، ئـەوا دەبـێ بـە خاچـی مەسـیح شـاد بیـت. ئەگـەر بـە لاوازییەکانـت، یـان بـە گەڵـی خـودا خۆشـحاڵیت، دەبـێ بـە خاچـی مەسـیح شـاد بیـت.

## مەسیح هەموو شتێکی باش و هەموو شتێکی خراپ کە گۆڕدرا بۆ چاکە، کڕیویەتی

بۆچـی ئەمـە وایـە؟ چونکـە بـۆ گوناهبارانـی ڕزگارکـراو، هەمـوو شـتێکی بـاش -بەڕاسـتی هەمـوو شـتێکی خـراپ کـە خـودا دەیگۆڕێـت بـۆ چاکـە- بـە خاچـی مەسـیح بـۆ ئێمـە دەسـتەبەر بـوو. بەبـێ مردنـی مەسـیح گوناهبـاران جگـە لـە حوکمـدان هیچـی دیکەیـان دەسـت ناکەوێـت. جگـە لـە خاچـی مەسـیح تەنهـا مەحکومکـردن هەیـە. بۆیـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە لـە مەسـیحدا چێژیـان لـێ وەردەگریـت -وەک شـوێنکەوتووێکی مەسـیح، وەک کەسـێک کـە متمانـەی بـە مەسـیح هەیـە- بەهـۆی مردنـی مەسـیحەوەیە. بۆیـە هەمـوو خۆشـییەکتان لـە هەمـوو شـتێکدا دەبێـت شـادییەک بێـت لـە خاچەکـەدا کـە هەمـوو نیعمەتەکانتـان بـۆ کـڕدراوە بـە نرخـی مردنـی کـوڕی خـودا، عیسـای مەسـیح.

یەکێـک لـەو هۆکارانـەی کـە ئێمـە وەک پێویسـت مەسـیح -کرۆکـی ژیانمـان نییـە و تێـر نەبوویـن لـە خـاچ ئەوەیـە کـە ئێمـە درکـمان بـەوە نەکـردووە هەمـوو شـتێک- هەمـوو شـتێکی بـاش و هەمـوو شـتێکی خـراپ کـە خـودا بـۆ چاکـەی ڕۆڵـە ڕزگارکراوەکانـی دەیگەڕێنێتـەوە- بـە مردنـی مەسـیح بـۆ ئێمـە کـڕدراوە. ئێمـە بـە سـادەیی ژیـان و هەناسـە و تەندروسـتی و هـاوڕێ و هەمـوو شـتێک بـە شـتێکی ئاسـایی دەزانیـن. ئێمـە پێـمان وایـە ئەمانـە مافـی خۆمانـە. بـەڵام ڕاسـتییەکە ئەوەیـە کـە لـە ڕاسـتیدا هـی ئێمـە نیـن. ئێمـە دوو هێنـدە ناشایسـتەین بـۆ ئـەوە.

(یەکـەم) ئێمـە بەدیهێنراویـن و بەدیهێنەرمـان پابەنـد نییـە بـە پێدانـی هیـچ شـتێک بۆمـان -نـە ژیـان یـان تەندروسـتی یـان هیـچ شـتێک. «یـەزدان دای و یەزدانیـش بردییـەوە»، هیـچ نادادپەروەرییەکـمان لەگـەڵ نـاکات (ئەیـوب ١: ٢١) .

(دووەم) وە جگـە لـەوەی بەدیهێنراوێکیـن کـە مافـی هیـچ داواکارییەکـمان لەسـەر بەدیهێنەرمـان نییـە، گوناهباریـن. «هەمـووان گوناهیـان کـرد و لـە شـکۆی خـودا دوور کەوتنـەوە» (ڕۆما ٣: ٢٣). ئێمـە پشـتگوێمان خسـتووە و سـەرپێچیمان کـردووە و نەمانتوانیـوە خۆشـمان بوویـت و متمانەمـان پێـی هەبێـت. تووڕەیـی دادپـەروەری ئـەو لـە دژی ئێمـە هەڵدەگیرسـێت. تەنها شـتێک کـە شـایەنی ئەوەیـن لەلایـەن ئـەوەوە حوکمدانـە، «هەمـوو جیهـان بکەوێتـە ژێـر لێپرسـینەوەی خـودا» (ڕۆمـا ٣: ١٩). بۆیـە هـەر هەناسـەیەک کـە هەڵیدەمژیـن، هـەر جارێـک دڵـمان لێـدەدات، هـەر ڕۆژێـک کـە خـۆر هەڵدێـت، هـەر ساتێک کـە بـە چاومـان دەیبینیـن یـان بـە گوێـمان دەیبیسـتین یـان بـە دەم قسـە دەکەیـن یـان بـە پێیەکانمـان دەڕۆیـن، لـە ئێسـتادا، بەخشـشـێکی بێبەرامبـەر و ناشایسـتەیە بـۆ گوناهبارانێکـی وەک ئێمـە کـە تەنهـا شـایەنی حوکمدانیـن.

## بەخێرهاتنی میهرەبانی یان تووڕەیی شکۆمەند؟

مـن دەڵێـم «بـۆ ئێسـتا» چونکـە ئەگـەر ڕەتـی بکەیتـەوە خـودا لـە بەخشـشـەکانیدا ببینیت، ئـەوا دەردەکـەون کـە بەخشـش نیـن، بەڵکو بەڵگـەی دادگای باڵان لەسـەر ناسوپاسـی.

ئینجیـل سـەرەتا باسـیان دەکات وەک، «گاڵتـەت بـە دەوڵەمەنـدی نەرمونیانـی و ئارامـی و پشـوودرێژییەکەی دێـت؟ نازانیـت نەرمونیانـی خـودا بـەرەو تۆبەکردنـت دەبـات؟» (ڕۆمـا ٢: ٤). «بـەڵام تـۆ لەبـەر کەللەڕەقـی و دڵـی تۆبـە نەکـردووت، لـە ڕۆژی تووڕەیی و ئاشـکراکردنی حوکمـی دادپەروەرانـەی خـودا، تووڕەیـی لەسـەر خـۆت کـۆ دەکەیتـەوە» (ڕۆمـا ٢: ٥) .

بـەڵام بـۆ ئەوانـەی کـە لە هـەر هەناسـەیەکدا کـە هەڵیدەکێشـن دەسـتی میهرەبانـی خودا دەبینـن و شـانازییەکەی بـە بەدیهێنـەر دەبەخشـن، عیسـای مەسـیح وەک کڕیـاری گـەورەی هەمـوو هەناسـەیەکی ناشایسـتە دەبینـن و تامـی دەکـەن. هـەر لێدانێکـی دڵ وەک بەخشش لـە دەسـتی ئـەو وەردەگـرن.

## شایەنی هیچ نین، بەڵام میراتگری هەموو شتێکین -بۆچی؟

کەواتـە چـۆن ئەوانـی کڕیـوە؟ وەڵام: بـە خوێنـی خـۆی. ئەگـەر مـن شـایەنی هیچـی دیکـە نیـم جگـە لـە مەحکومکـردن بەهـۆی گوناهمـەوە، بەڵکو لەبـری ئـەوە لـەم سـەردەمەدا ژیـان و هەناسـە بەدەسـت بهێنـم، وە خۆشـی هەمیشـەیی لـە سـەردەمی داهاتـوودا بەدەسـت بهێنـم چونکـە مەسـیح بـۆ مـن مـرد، ئـەوا هەمـوو شـتێکی بـاش -وە هەمـوو شـتێکی خـراپ کـە خـودا بـۆ چاکـە دەیگـۆڕێـت- دەبێـت ببێـت بـە پاداشـتی ئازارەکانـی (نـەک شایسـتەیی مـن). ئەمـەش هەمـوو ئـەو هەمەچەشـنییە دەگرێتـەوە کـە لـە سـەرەتای ئـەم بابەتـەدا پرسـیارم کـرد. پرسـیم: ئایا بەڕاسـتی کار و کات بەسـەربردن و پەیوەندییـەکان و خـواردن و

خۆشەویستی و خزمەتکردن هەموویان دەتوانن لە یەک خولیاوە دابڕێژرێن؟ ئایا شتێک هەیە هێندە قووڵ و هێندە گەورە و بەهێز بێت کە هەموو ئەوانە پێکەوە هەڵبگرێت؟ ئایا بەڕاستی سێکس و ئۆتۆمبێل و کار و شەڕ و گۆڕینی دایبی و دانی باج دەتوانێت یەکێتییەکی خودا بەرزکەرەوە و ڕۆح تێرکەری هەبێت؟ ئێستا دەبینین کە هەموو ئەزموونێک لە ژیاندا بۆ گەورەکردنی خاچی مەسیح داڕێژراوە. یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێین، هەموو شتێکی باش لە ژیاندا (یان شتێکی خراپ بە میهرەبانییەوە بۆ چاکە گۆڕاوە) مەبەست لێی گەورەکردنی مەسیحە، ئەوەی لە خاچ دراوە.

## ئایا مەسیح ئۆتۆمبێلە دۆجەکەی منی کڕیوە؟

کەواتە، بۆ نموونە چەند ساڵێک لەمەوبەر بە ئۆتۆمبێلە دۆج سپیریتیە کۆنەکەمان تووشی کارەساتێک بووین، بەڵام کەس ئازاری پێ نەگەیشت. وە بەو تەندروستییە دڵخۆشم. من شانازی بەوەوە دەکەم. بەڵام بۆچی کەس ئازاری پێ نەگەیشت؟ ئەوە بەخششێک بوو بۆ من و خێزانەکەم کە هیچ کام لە ئێمە شایەنی ئەوە نین. وە هەمیشە بەو شێوەیە نابێت. بەڵام ئەمجارە وا بوو، ئێمەش شایەنی ئەوە نەبووین. ئێمە گوناهبار و بە سروشت منداڵی تووڕەیین، جیا لە مەسیح. کەواتە چۆن توانیمان بەخششێکی وامان هەبێت، ئایا بە چاکەی خۆمان؟ وەڵام: مەسیح لەسەر خاچ لەپێناو گوناهەکانمان مرد و تووڕەیی خودای لێ سەندینەوە و بۆی مسۆگەر کردین، هەرچەندە شایەنی ئەوە نین، نیعمەتی هەموو تواناکانی خودایە کە لە هەموو شتێکدا پێکەوە کاردەکات بۆ چاکەی ئێمە. بۆیە کاتێک بە تەندروستی خۆمان شاد دەبم، بە خاچی مەسیح شاد دەبم.

پاشان کارگێڕی بیمە پارەی ئۆتۆمبێلەکەی پێداین، نۆئێلی هاوسەرم ئەو پارەیەی وەرگرت و چووە ئایۆوا و ئۆتۆمبێلێکی جۆری چیڤی لومینای کڕی کە ساڵێک نوێتر بوو لە ئۆتۆمبێلەکەی دیکەمان و بەناو بەفردا بردییەوەماڵەوە. وە من لە نیعمەتە سەرسوڕهێنەرەکەی بەخشندەیی هێندە دڵخۆشم. ئا بەم شێوەیە. تۆ ئۆتۆمبێلەکەت دەشکێنیت. تۆ بێ ئازار دەردەچیت. بیمە پارە دەدات. یەکێکی دیکەت دەست دەکەوێت. وە نزیکەی وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، بەرەو پێش دەچیت. لە سوپاسگوزاریدا سەرم دادەنەوێنم و بە میهرەبانییە نەگێڕدراوەکانی تەنانەت ئەم شتە ماددییە بچووکانەش شاد دەبم. ئەم هەموو بەزەییە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟ ئەگەر تۆ گوناهبارێکی ڕزگارکراو بیت، باوەڕدار بیت بە عیسا، ئەو بەزەییانە لە ڕێگەی خاچەوە دێن. جگە لە خاچ، تەنها حوکمدان هەیە -پشوودرێژی و میهرەبانی بۆ وەرزێک، بەڵام دواتر ئەگەر ڕەت بکرێتەوە، هەموو ئەو میهرەبانییە تەنها خزمەت

بـە چڕکردنـەوەی حوکمـدان دەکات. بۆیـە هەمـوو شـتێکی بـاش لـە ژیانـدا، وە هـەر شـتێکی خـراپ کـە خـودا بـۆ چاکـە دەیگۆڕێـت، بەخشـشـێکی خوێـن بەهایـە کـە کـڕدراوە. وە هەموو شـانازیکردنێک -هەمـوو شـادییەک- دەبێـت شـانازیکردن بێـت لـە خاچـدا.

ئـاخ بـۆ مـن ئەگـەر لـە هـەر کاتێکـدا بـە هـەر جۆرێـک بـە هـەر نیعمەتێـک شـاد بـم، مەگـەر خۆشـحاڵیم شـادبوونێک بێـت لـە خاچـی مەسـیحدا.

ڕێگایەکـی دیکـە بـۆ گوتنـی ئەمـە ئەوەیـە کـە دیزاینـی خـاچ شـکۆمەندی مەسـیحە. ئامانجـی خـودا لـە خاچـدا ئەوەیـە کـە مەسـیح ڕێـزی لـێ بگیرێـت. کاتێـک پۆڵـس لـە گەلاتیا ٦:١٤دا دەڵێـت: «لـە مـن بـەدوور بێـت شانازی بـە هیـچ شـتێکەوە بکـەم، جگـە لـە خاچـی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆمان»، ئـەو دەڵێـت ویسـتی خـودا ئەوەیـە کـە خـاچ هەمیشـە شـکۆدار بکرێـت -کـە مەسـیحی لـە خاچـدراو هەمیشـە شـانازیمان و خۆشـحاڵی و خۆشـی و ستایشـمان بێـت- کەواتـە مەسـیح شـکۆمەندی و سـوپاس و ڕێـزی بەدەسـتبهێنێت بـۆ هەمـوو شـتێکی بـاش لـە ژیانمانـدا و هەمـوو شـتێکی خـراپ کـە خـودا بـۆ چاکـەی ئێمـە دەیگۆڕێـت.

## بڵاوکردنەوەی سۆزێک بۆ مەسیحی لە خاچدراو -بە فێرکردن

بـەڵام ئێسـتا لێـرەدا پرسـیارێک هەیـە: ئەگـەر ئـەوە ئامانجـی خودایـە لـە مردنـی مەسـیحدا -واتـا، کـە "مەسـیحی لـە خاچـدراو" لـە هەمـوو شـتێکدا ڕێـزی لـێ بگیرێـت و شـکۆمەند بێت- ئـەوا چـۆن مەسـیح ئـەو شـکۆمەندییە بەدەسـتبهێنێت کـە شـایەنیەتی؟ وەڵامەکـە ئەوەیـە ئـەم نەوەیـە دەبێـت فێـری ئـەوە بکرێـت کـە ئـەم شـتانە بزانـن. یـان بـە شـێوەیەکی دیکـە بڵێیـن: سـەرچاوەی خۆشـحاڵی لـە خاچـی مەسـیحدا پەروەردەیـە سـەبارەت بـە خاچـی مەسـیح.

ئـەوە کاری منـە. مـن تەنهـا نیـم، بـەڵام بـە سـۆزێکەوە بـۆ خـۆم لـە باوەشـی دەگـرم. پێـم وایـە کـە لـە سـاڵی ١٩٦٦ کاتێـک بـە نەخۆشـی مۆنـۆ لـە بنکـەی تەندروسـتی لـە ویـتن لـە ویلایەتـی ئیلینۆیـس پاڵکەوتـم پـەروەردگار بـۆ ئەمـە بانگـی کـردم. بـۆ ئەمەیـە کـە هەمـووی پێشـەنگایەتیەکی دەکـردم- ئەرکـی خـودا: بۆیـە بـژی و بـەم شـێوەیە بخوێنـە و بـەم شـێوەیە خزمـەت بکـە و هێنـدە بانگەشـەی بـۆ بکـە و بـەم شـێوەیە بنووسـە کـە عیسـای مەسـیح، خـودای لـە خاچـدراو و زیندووبـووەوە، تاکـە شـانازی ئـەم نەوەیـە بێـت. وە ئەگـەر ئەمـە کاری منـە، کاری تـۆش هـەر وەهایـە، تەنهـا بـە شـێوازێکی جیـاواز: بـە شـێوەیەک بژیـت و قسـە بکەیـت کـە بەهـای «مەسـیحی لـە خاچـدراو» لەلایـەن خەڵکێکـی زیاتـر و زیاتـرەوە ببینرێـت و تـام بکرێـت. بـۆ ئێمـەش وایـە هـەر وەک چـۆن بـۆ ئەویـش تێچـووی زۆری دەوێـت.

## تاکە شوێن بۆ شانازیکردن بە خاچەوە لەسەر خاچە

ئەگـەر هیواخوازیـن شـانازیکردنی دیکەمـان نەبێـت جگـە لـە خـاچ، ئـەوا دەبێـت لـە نزیـک خـاچ بژیـن -بەڕاسـتی دەبێـت لەسـەر خـاچ بژیـن. ئەمـەش شـتێکی حەپەسـێنەرە.

بەڵام ئەمە ئەوەیە کە گەلاتیا ٦: ١٤ دا دەڵێت: «لە من بەدوور بێت شانازی بە هیچ شتێکەوە بکەم، جگە لە خاچی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان، کە بەهۆیەوە جیهان بۆ من لە خاچ دراوە، منیش بۆ جیهان.» شانازیکردن لە خاچدا کاتێک ڕوودەدات کە تۆ لەسەر خاچ بیت. ئایا ئەوە نییە کە پۆڵس دەیڵێت؟ واتا: جیهان بۆ من لە خاچ دراوە و منیش [لە خاچ دراوم] بۆ جیهان. دونیا بۆ من مردووە، منیش بۆ دونیا مردووم. بۆچی؟ چونکە من لە خاچ دراوم. کاتێک لەسەر خاچ دەبین فێردەبین شانازی بە خاچەوە بکەین و بە خاچ شاد بین. وە تاکو خودمان لەوێ لە خاچ نەدرێت، شانازیمان بە خۆمان دەبێت.

بەڵام ئەمە واتای چییە؟ کەی ئەمە ڕوویدا؟ کەی لە خاچ دراوین؟ ئینجیل لە گەلاتیا ٢: ٢٠ وەڵامەکەی دەداتەوە: «من لەگەڵ مەسیح لە خاچ درام، ئیتر من نیم ئەوەی دەژیێت، بەڵکو مەسیحە لە مندا دەژیێت. ئێستاش کەوا بە جەستە دەژیم، ئەوا بە باوەڕ بە کوڕی خودا دەژیم، ئەوەی منی خۆشویست و خۆی کردە قوربانی بۆ من.» کاتێک مەسیح مرد، ئێمەش مردین. واتای شکۆمەندی مردنی مەسیح ئەوەیە کە کاتێک مرد، هەموو ئەوانەی کە هی ئەون لەناو ئەودا مردن. ئەو مردنەی ئەو کە بۆ هەموومان مرد، «لە شێوەی مردنەکەی لەگەڵیدا یەکمانگرتبێت» (ڕۆما ٦: ٥).

بەڵام تۆ دەڵێیت: "ئایا من لە ژیاندا نیم؟ هەست دەکەم زیندووم". باشە لێرەدا پێویستی بە پەروەردە هەیە. دەبێت فێربین چیمان بەسەر هاتووە. دەبێت فێری ئەم شتانە بکرێین. هەر بۆیە گەلاتیا ٢: ٢٠ و گەلاتیا ٦: ١٤ لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە. خودا فێرمان دەکات چیمان بەسەر هاتووە، بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان بناسین، وە شێوازی کارکردنی لەگەڵمان بزانین، وە بەگوێرەی پێویست بە خودا و بە کوڕەکەی و لە خاچدا شاد بین.

## پەیوەست بوون بە مردن و ژیانی مەسیحی لە خاچدراو

دووبارە بیر لە گەلاتیا ٢: ٢٠ بکەرەوە. دەبینین کە، بەڵێ، ئێمە مردووین و، بەڵێ، ئێمە لە ژیانداین. «من لەگەڵ مەسیحدا لە خاچ درام [بۆیە مردووم]. ئیتر من نیم ئەوەی دەژیت، بەڵکو مەسیحە لە مندا دەژیت. ئێستاش کە وا بە جەستە دەژیم [کەواتە، بەڵێ، من زیندووم، بەڵام هەمان «من» نییە لەگەڵ «من» کە مرد] ئەوا بە باوەڕ بە کوڕی خودا دەژیم، ئەوەی منی خۆشویست و خۆی کردە قوربانی بۆ من.» بە واتایەکی دیکە ئەو "من"ـەی کە دەژیم، "من"ی نوێی باوەڕە. دروستکراوی نوێ دەژیێت. باوەڕدار دەژیێت. خودی کۆن لەگەڵ عیسا لەسەر خاچ مرد.

لەوانەیە بپرسیت، "کلیلی پەیوەندیکردن بەم ڕاستییە چییە؟ چۆن دەکرێت ئەمە هی من بێت؟ چۆن دەتوانم لەنێو مردووەکاندا بم کە لەگەڵ مەسیحدا زیندوون و

شکۆمەندی خاچ دەبینن و تامی دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە؟" وەڵامەکە لە وشەکانی سەبارەت بە باوەڕ لە گەلاتیا ٢: ٢٠ دا هاتووە؛ «ئێستاش کەوا بە جەستە دەژیم، ئەوا بە باوەڕ بە کوڕی خودا دەژیم» ئەوە بەستەرەکەیە. خودا بە باوەڕ دەتبەستێتەوە بە کوڕەکەیەوە. وە کاتێک ئەمە دەکات، یەکێتییەک لەگەڵ کوڕی خودادا هەیە بۆ ئەوەی مردنەکەی ببێتە مردنی تۆ و ژیانی ببێتە ژیانی تۆ.

## مردن، ژیان و شانازیکردن بە خاچ

ئێستا با هەموو ئەو بابەتانە ببەینە سەر گەلاتیا ٤: ١٦، وە دەبینین چۆن دێینە سەر ئەوەی کە بە تەواوی بۆ شکۆمەندی مەسیحی لە خاچدراو بژین. واتا: «لە من بەدوور بێت شانازی بە هیچ شتێکەوە بکەم، جگە لە خاچی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمان، کە بەهۆیەوە جیهان بۆ من لە خاچ دراوە، منیش بۆ جیهان.» واتا شانازی بە هیچ شتێکەوە مەکە جگە لە خاچ. چۆن بەم شێوە ڕیشەییە دەبینە یەکتر بەرزکەرەوە؟ چۆن دەتوانین ببینە ئەو جۆرە مرۆڤانەی کە هەموو خۆشییەکانمان بگەڕێنینەوە بۆ خۆشی لە مەسیحدا و ئەوەی کە لە خاچ دراوە؟ وەڵام: ئەو خودە کۆنەی کە حەزی لە شانازیکردن و دڵخۆشبوون و شادبوونە بە شتەکانی دیکە، مرد. بە باوەڕ ئێمە لەگەڵ مەسیح یەکگرتووین. مردنی ئەو دەبێتە مردنی ژیانی خۆبەرزکردنەوەمان. ئێمە لەگەڵ ئەودا بۆ تازەیی ژیان گەشە دەکەین. ئەوەی دەژی بەدیهێنراوێکی نوێیە کە تاکە خولیای بەرزکردنەوەی مەسیح و خاچەکەیەتی.

ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە بڵێین، کاتێک متمانەت بە مەسیح هەیە، کۆیلایەتیت بۆ جیهان و چەواشەکارییە زاڵەکەیەوە دەشکێت. تۆ سەبارەت بە دونیا لاشەیەکی مردوویت، دونیاش بۆ تۆ تەرمێکە. یان ئەگەر بە ئەرێنی باسی بکەین، بەپێی ئایەتی ١٥، تۆ "بەدیهێنراوێکی نوێ"یت. "تۆی کۆن" مردووە. "تۆ"یەکی نوێ زیندووە. وە تۆی نوێ تۆی باوەڕدارە. وە ئەوەی باوەڕ دەیکات ئەوەیە کە شانازی بە جیهانەوە ناکات، بەڵکو بە مەسیحەوە، بە تایبەت مەسیحی لە خاچدراو.

بەم شێوەیە تۆ هێندە سەنتەری خاچ دەبیت کە لەگەڵ پۆڵسدا دەڵێیت: «من شانازی ناکەم، تەنها بە خاچی پەروەردگارمان عیسای مەسیح نەبێت.» ئیتر دونیا گەنجینەی ئێمە نییە. سەرچاوەی ژیانمان نییە و نە ڕەزامەندیمانە و نە دڵخۆشیمانە. مەسیح ئەوەیە.

## ئایا بەها بەو شتانە بدەین کە پێشکەشی دەکات یان ئەوەی کە وێنای دەکات؟

بەڵام ئەی تەندروستیمان لە ڕووداوی ئۆتۆمبێلدا؟ ئەی ئەو پارەیەی بیمەی وەرمانگرتووە؟ ئایا نەمگوت دڵخۆشم بەو شتە؟ ئایا ئەوە دونیا نییە؟ کەواتە ئایا من

بەڕاستی سەبارەت بە جیهان مردووم؟ مردووە بۆ پارەی بیمە و ئۆتۆمبێلی نوێ؟

نوێژ دەکەم بە ڕێگای ڕاست مردبم. من پێم وایە کە من هەم. بە تەواوی نا، دڵنیام، بەڵام بە واتایەکی ڕاستەقینە. ئەمە چۆن دەبێت؟ ئەگەر بە سەلامەتی یان تەندروستی یان هەر شتێکی باش هەست بە خۆشحاڵی بکەم، وە ئەگەر ئەم شتانە شتەکانی جیهان بن (کە هەن)، ئەوا ئایا من مردووم بۆ جیهان؟ بەڵێ، چونکە مردووبوون بۆ جیهان بەو واتایە نییە کە هەستت بۆ جیهان نەبێت (بڕوانە یەکەمی یۆحەنا ٢: ١٥؛ یەکەم تیمۆساوس ٤: ٣). واتا هەموو چێژێکی یاسایی لە جیهاندا دەبێتە بەڵگەیەکی بە خوێن کڕدراو بۆ خۆشەویستی مەسیح، وە بۆنەیەک بۆ شانازیکردن لە خاچدا. ئێمە مردووین بۆ پارەی بیمە لە کاتێکدا پارەکە ئەوە نییە کە تێرت دەکات، بەڵکو مەسیحی لە خاچدراو واتا بەخشەرەکەی، تێرت دەکات.

سی ئێس لویس ئەوە دەخاتە ڕوو کە من مەبەستم چییە لە ئەزموونێک کە لە کۆگایەکی ئامرازەکاندا هەیبوو.

”ئەمڕۆ لەناو کۆگایەکی تاریکی ئامێرەکاندا وەستابووم. خۆر لە دەرەوە دەدرەوشایەوە و تیشکێکی خۆر لە درزەکەی سەرەوەی دەرگاکەدا هاتە ژوورەوە. لەو شوێنەی کە وەستابووم ئەو تیشکە ڕووناکییە، کە تەنولکە تۆزەکانی تێدا هەڵدەفڕی، سەرنجڕاکێشترین شت بوو لە شوێنەکەدا. هەموو شتێکی دیکە نزیکەی ڕەشی تۆخ بوو. من خەریکی بینینی تیشکەکە بووم، شتەکانی دەوروبەرم نەدەبینی.

پاشان جوولام، بەجۆرێک کە تیشکەکە کەوتە سەر چاوەکانم. لە یەک کاتدا هەموو وێنەکەی پێشوو نەما. هیچ کۆگای ئامێرەکانم نەدەبینی، وە (لە سەرووی هەمووشیانەوە) هیچ تیشکێکم نەدەبینی. لەبری ئەوە، لەناو درزی ناڕێکی سەرەوەی دەرگاکەدا لە چوارچێوەیەکدا، گەڵا سەوزەکانی سەر لقەکانی دارێکم لە دەرەوە بینی و لەوە زیاتر، ملیۆنها کیلومەتر دوورتر، خۆرم بینی. تەماشاکردنی بەدرێژایی تیشکەکە، وە تەماشاکردنی لە سەرەوەی تیشکەکە دوو ئەزموونی زۆر جیاواز بوون.[١١]

تیشکی خۆری نیعمەت لە ژیانماندا لە خۆیدا گەشایەوە. هەروەها ڕووناکی دەداتە ئەو زەویەی کە ئێمە تێیدا دەڕۆین. بەڵام مەبەستێکی باڵاتر بۆ ئەم نیعمەتانە هەیە. خودا مەبەستی ئەوەیە ئێمە زیاتر لەوە بکەین کە لە دەرەوەی ئەوان بوەستین و سەرسام بین بەو شتانەی کە هەن. لەوەش زیاتر مەبەستی ئەوەیە ئێمە بچینە ناویانەوە و ئەو خۆرە ببینین کە لێیەوە دێت. ئەگەر تیشکەکان جوان بن، خۆر لەوەش جوانترە. ئامانجی خودا ئەوە نییە کە ئێمە تەنها بە بەخششەکانی سەرسام بین، بەڵکو زیاتریش، واتا بە شکۆمەندییەکەی ئەو سەرسام بین.

## ئێمە لە ئاگری شکۆمەندی مەسیحدا دەمرین بۆ جیهانێکی بێتاوان

ئێستا بابەتەکە ئەوەیە کە شکۆمەندی مەسیح کە بە تایبەتی لە مردن و زیندووبوونەوەیدا دەردەکەوێت، شکۆمەندی سەرەوە و پشتی هەموو نیعمەتێکە کە چێژی لێ وەردەگرین. هەموو ئەو شتانەی کڕیوە کە بۆ ئێمە باشن. شکۆمەندی ئەو لەو شوێنەیە کە دەبێت گەڕان بەدوای سۆزەکانمان کۆتایی پێبێت. هەموو شتێکی دیکە ئاماژەیە -مەتەڵێکە لەم جوانییە. کاتێک دڵەکانمان بە درێژایی تیشکی نیعمەتەکان لە شکۆمەندی گەرمی خاچدا بەرەو سەرەوە ڕادەکەنەوە بۆ سەرچاوەکەی، ئەوا هێڵە جیهانییەکەی نیعمەتەکە مردووە و مەسیحی لە خاچدراو هەموو شتێکە.

## تاکە ژیانێک کە خودا شکۆمەند دەکات

ئەمەش جیاوازی نییە لە ئامانجی گەورەکردنی شکۆمەندی خودا کە لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا بینیمان، مەسیح شکۆمەندی خودایە. خاچە خوێناوییەکەی ناوەندی گەشاوەی ئەو شکۆمەندییەیە. بەو نیعمەتە هەموو نیعمەتێکی بۆ کڕین -کاتی و هەمیشەیی. وە ئێمە شایەنی هیچ نین. ئەو هەمووی کڕی. بەهۆی خاچی مەسیحەوە، هەڵبژێردراوەکانی خودا چارەنووسیان بۆ دانراوە کە ڕۆڵەی خودا بن. بەهۆی خاچەکەیەوە تووڕەیی خودایان لێ دەسەندرێتەوە. بەهۆی خاچەکەیەوە هەموو تاوانبارێک لادەبردرێت و لێخۆشبوون وەردەگرن بۆ گوناهەکان و ڕاستودروستییەکی تەواومان بۆ دادەنرێت و خۆشەویستی خوداش بە ڕۆح لە دڵماندا دەڕژێت و ئێمەش لەگەڵ وێنەی مەسیحدا دەگونجێین.

بۆیە هەموو چێژێک لەم ژیانە و لە ژیانی دواتردا کە بتپەرستی نییە، ڕێزلێنانێکە بۆ بەهای بێکۆتایی خاچی مەسیح -ناوەندی بلێسەی شکۆمەندی خودا. بەم شێوەیە ژیانێکی خاچ سەنتەری، بەرزکەرەوەی خاچ، تێرکراوی خاچ ژیانێکی خودا شکۆمەندکەرە -تاکە ژیانێکە کە تێدا خودا شکۆمەندە. هەموو ئەوانی دیکە بەفیڕۆدانە.

# بەشی چوارەم

## شکۆدارکردنی مەسیح
## لە ڕێگەی ئازار و مردنەوە

ژیان بۆ شکۆدارکردنی مەسیح تێچووی زۆری دەوێت. ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە. مەسیح لە خاچ درا. وەک تاوانبارێک مامەڵەی لەگەڵ کرا. وە بانگمان دەکات کە شوێنی بکەوین. «ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتابی من، با نکۆڵی لە خۆی بکات و خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت» (مەرقۆس ٨: ٣٤). دەڵێت پێدەچێت بۆ ئێمە لەو باشتر نەبێت. «ئەگەر خاوەن ماڵ بە "بەعلزەبول"[١٢] ناو ببردرێت، چەند زیاتر خانەوادەکەی؟» (مەتا ١٠: ٢٥).

بەڵام ئازارچێژتن لەگەڵ عیسا لەسەر ڕێگای خۆشەویستی چیای گولگۆسا تەنها ئەنجامی گەورەکردنی مەسیح نییە؛ هەروەها ئامرازیشە. ئەو کاتێک دەبێتە باڵادەست کە ئێمە هێندە لە ناوی ئەودا ڕازی بین کە بتوانین «واز لە کاڵا و خزمەکانمان و ئەم ژیانە لەناوچووەش بهێنین» وە لەپێناو خۆشەویستیدا ئازار بچێژین. جوانییەکەی زۆرترین دەروشاوەیی دەبێت کاتێک لە سەرووی تەندروستی و سامان و خودی ژیانەوە دابنرێت. عیسا ئەمەی دەزانی. دەیزانی کە ئازار (چ ناڕەحەتی بچووک بێت یان ئەشکەنجەدانی ترسناک) لەم سەردەمەدا دەبێتە ڕێگایەک بۆ ئەوەی بە دیارترین شێوە باڵادەست بێت. هەر بۆیە بانگمان دەکات بۆ ئەمە. ئەو ئێمەی خۆشدەوێت. وە خۆشەویستی بە واتای ئەوە نییە کە زۆر گرنگیمان پێبدات یان ژیانمان ئاسان بکات. واتا وامان لێدەکات بتوانین بۆ هەتاهەتایە چێژ لە شکۆدارکردنی ئەو وەربگرین -گرنگ نییە تێچووی چییە.

### باشترین شانازی ئێمە کاتێکە بەرگەی خاچ دەگرین

وە تێچووی زۆری بۆ ئێمە دەبێت. ژیانی ئاسایی باوەڕدار بە مەسیح ژیانێکە کە تەنها شانازی بە خاچەوە دەکات -ناوەندی گەشاوەی شکۆمەندی خودا- وە لەکاتی هەڵگرتنی خاچدا ئەو کارە دەکات. «ئەوەی خاچەکەی هەڵنەگرێت و دوام نەکەوێت، ناتوانێت ببێتە قوتابی من» (لۆقا ١٤: ٢٧). هەڵگرتنی خاچ ئەو ئامرازەیە کە تادێت ئازادمان دەکات بۆ ئەوەی شانازی بە خاچەوە بکەین. ئازارەکان داڕشتنی خودایە لەم جیهانە گوناهاوییەدا (ڕۆما ٨: ٢٠). ترسناکیی گوناە نیشان دەدات بۆ ئەوەی جیهان

ببینێت. سزای تاوانباریی گوناه دەدات بۆ ئەوانەی باوەڕیان بە مەسیح نییە. هێزی گوناه بۆ ئەو کەسانە دەشکێنێت کە خاچەکانیان هەڵدەگرن و شوێن عیسا دەکەون. لەبەر ئەوەی گوناه بچووککردنەوەی شکۆمەندی ڕەزامەندی خودایە، ئەو ئازارەی کە دەسەڵاتی گوناه دەشکێنێت، نیعمەتێکی زۆر گەورەیە.

هەر شتێک وامان لێدەکات زیاتر و زیاتر بتوانین چێژ لە شکۆدارکردنی خودا وەربگرین، نیعمەتە. چونکە هیچ خۆشییەک گەورەتر نییە لە دڵخۆشی لە شکۆی خودادا. وە ئەگەر دەبێت ئازار بچێژین بۆ بینینی ئەمە و بە قووڵی تامی بکەین، ئەوا ئازار نیعمەتە. وە بانگەوازی مەسیح بۆ ئەوەی خاچەکەمان هەڵبگرین و بەشداری بکەین لە ڕێگای گولگۆسا خۆشەویستییە.

## کتێبە بنەڕەتییەکەی بۆنهۆفەر بۆ نەوەی من

دیتریش بۆنهۆفەر دیارییەک بوو بۆ نەوەی منی خوێندکار. نوێژ دەکەم پەیامە گرانبەهاکەی لە هەر نەوەیەکدا بدۆزرێتەوە. هەرچەندە لە تەمەنی سی و نۆساڵیدا کۆچی دوایی کرد، بەڵام ژیانی بەفیڕۆ نەچوو. ژیان و مردنی بەردەوامە لە قسەکردن بە دەسەڵاتەوە. لە ٩ی نیسانی ١٩٤٥ لە کەمپی کاری زۆرەملێ لە شاری فلۆسنبۆرگ لە ئەڵمانیا هەڵواسرا، پێشتر قەشە و مامۆستا و سەرکردەی قوتابخانەیەکی بچووکی مەشق و ڕاهێنان بووە بۆ کڵێسای دانپێدانان و بەشداری لە بزووتنەوەی بەرخۆدانی پرۆتستانتی کردبوو لە دژی حیزبی نازییەکان.

ئەو کتێبەی لە نەوەی مندا گڕی لە باوەڕی هەزاران کەس بەردا، ناوی "تێچووی بەقوتابیبوون» بوو. لە پشووی جەژنی کریسمسدا لە ساڵی کۆتایی خوێندنم لە کۆلێژدا خوێندبوومەوە. ڕەنگە بەناوبانگترین و ژیانبەخشترین ڕستەی کتێبەکە ئەوە بووبێت، "خاچ کۆتایی ترسناک نییە بۆ ژیان بە پێچەوانەوە لە خوداترسی و بەختەوەری، بەڵام لە سەرەتای هاوبەشیمان لەگەڵ مەسیحدا چاومان پێدەکەوێت. کاتێک مەسیح کەسێک بانگ دەکات، فەرمانی پێدەکات بێت و بمرێت."[١٣]" هەڵاتن لە مردن کورتترین ڕێگایە بۆ ژیانێکی بەفیڕۆچوو.

کتێبەکەی بۆنهۆفەر تۆمەتێکی گەورە بوو بۆ ئەو «نیعمەتە هەرزانە»ی کە لە کڵێسای مەسیحی لە هەردوو دیوی زەریای ئەتڵەسیدا بینیبووی. باوەڕی بەوە هەبوو ڕاستودروستی (ڕەوابوون) بە نیعمەتە لە ڕێگەی باوەڕەوە. بەڵام ئەو باوەڕی نەدەکرد کە ئەو باوەڕەی بە ڕاستودروستی دەبینێت، هەرگیز دەتوانێت مرۆڤەکان بە نەگۆڕاو بەجێبهێڵێت لەلایەن ئەو مەسیحە توندڕەوەی کە بانگەشەی باوەڕیانی پێ دەکەن. ئەوە وەڵامێکی هەرزان بوو بۆ ئینجیل. گوتی: "تاکە پیاو کە مافی ئەوەی هەیە بڵێت

تەنها بە نیعمەت ڕاستودروست بووە، ئەو پیاوەیە کە هەموو شتێکی بەجێهێشتووە بۆ شوێنکەوتنی مەسیح.[١٤]

## ئەو دژەیەکبوونانەی ژیان کە مەسیح شکۆمەند دەکەن

ژیانێک کە تەرخان کراوە بۆ زۆر شکۆدارکردنی مەسیح، تێچووی زۆری دەوێت. وە تێچوونەکە هەم دەرئەنجامێکە و هەم ئامرازێکە بۆ ئەوەی مەسیح شکۆدار بکات. ئەگەر ڕێگای خۆشەویستی پڕ لە خۆشی و ڕێگای ئازاربەخش نەگرینەبەر، ژیانمان بەفیڕۆ دەدەین. ئەگەر لەگەڵ پۆڵسدا فێری پارادۆکسی مەسیح بەرزکەرەوەی ژیان نەبین، ئەوا ڕۆژەکانمان بەفیڕۆ دەدەین و بەدوای ئەو بڵقانەدا دەگەڕێین کە دەتەقن. «وەک خەمبار، بەڵام هەردەم دڵشادین، وەک هەژار بەڵام زۆران دەوڵەمەند دەکەین، وەک هیچمان نەبێت و هەرچەندە هەموو شتێکمان هەیە» (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠). ڕێگای گولگۆسا تێچووی زۆری دەوێت و بە ئازارە، بەڵام بێ شادی نییە.

کاتێک بە خۆشییەوە تێچووی شوێنکەوتنی مەسیح دەگرینەبەر، بەهای ئەو لە جیهاندا دەدرەوشێتەوە. تێچوونەکە خۆی دەبێتە ئامرازێک بۆ ئەوەی مەسیح گەورە دەربکەوێت. پۆڵسی نێردراو یەک خولیای گەورەی لە ژیاندا هەبوو. وە ئێمە بینیومانە کە بە چەندین شێوە دەیڵێت: «بڕیارم دا لەنێوتاندا هەموو شتێک لەبیر بکەم، بێجگە لە عیسای مەسیح، ئەویش بە لە خاچ دراوی» (یەکەم کۆرنسۆس ٢: ٢)؛ «لە من بەدوور بێت شانازی بە هیچ شتێکەوە بکەم» (گەلاتیا ٦: ١٤).

## تاکە سۆزی پۆڵس لە ژیان و مردندا

پۆڵس بە شێوەیەکی دیکە باسی لە سۆزە گەورەکەی کرد کە نیشانمان دەدات چۆن تێچووی شکۆدارکردنی زۆری مەسیحیش ئامرازە. بە کڵێسای فیلیپی گوت، «بە پەرۆشەوە چاوەڕوان و ئومێدەوارم کە لە هیچ شتێکدا شەرمەزار نەبم، بەڵکو ورەم بەرز بێت بۆ ئەوەی ئێستاش وەکو هەمیشە مەسیح لە جەستەمدا پایەدار بێت، ئەگەر بە ژیان بێت یان بە مردن، چونکە بۆ من ژیان مەسیحە، مردنیش قازانج» (فیلیپی ١: ٢٠-٢١). لێرەدا ئەو پرسیارە دەوروژێنرێت و وەڵام دەدرێتەوە: چۆن بە مردن ڕێز لە مەسیح دەگیرێت؟ چۆن تێچووی لەدەستدانی هەموو شتێک لەم جیهانەدا دەکرێت ببێتە ئامرازێک بۆ زۆر شکۆدارکردنی عیسا؟ با بە وردی گوێ لە پۆڵس بگرین. مەسیح بانگی کردووین بۆ شکۆمەندی ئەو بژین و بۆ شکۆمەندی ئەو بمرین. ئەگەر بزانین چۆن بە باشی بمرین، دەزانین چۆن بە باشی بژین. ئەم دەقە هەردووکی نیشان دەدات.

دیسانەوە تاکە خولیای پۆڵس لە ژیاندا دەبینین: «کە... مەسیح لە جەستەمدا پایەدار

بێت، ئەگەر بە ژیان بێت یان بە مردن،» ئەگەر مەسیح لە ژیانماندا زۆر شکۆدار نەکرێت، ئەوا ژیانمان بەفیڕۆ دەچێت. ئێمە بۆ ئەوە بوونمان هەیە کە مەسیح لە جیهاندا وەک ئەوەی کە بەڕاستی هەیە دەربکەوێت -بە شکۆداری. ئەگەر ژیان و مردنمان بەها و سەرنجڕاکێشی عیسا نیشان نەدات، ئەوا بەفیڕۆ دەچێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە پۆڵس گوتی ئامانجی لە ژیان و مردندا ئەوەیە؛ «کە... مەسیح لە جەستەمدا پایەدار بێت».

## شەرمەزاری و گەنجینەکەمان

سەرنج بدەنە ئەو شێوازە نائاساییەی کە لە ئایەتی ٢٠ دا ئەمە ڕوون دەکاتەوە: «بە پەرۆشەوە چاوەڕوان و ئومێدەوارم کە لە هیچ شتێکدا شەرمەزار نەبم، بەڵکو ورەم بەرز بێت بۆ ئەوەی ئێستاش وەکو هەمیشە مەسیح لە جەستەمدا پایەدار بێت، ئەگەر بە ژیان بێت یان بە مردن»، تەنها بۆ ساتێک لێرە ڕاوەستە. شەرم ئەو هەستە ترسناکە لە تاوانباری یان شکستهێنانەیە کاتێک لەبەردەم کەسانێکدا پێوانەی ئەوە ناکەیت کە ڕەزامەندی ئەوانت زۆر بەدەستهێنابێت. ئەوە ئەوەیە کە منداڵە بچووکەکە لە بەرنامەی کریسمسدا هەستی پێدەکات کاتێک دێڕەکانی شیعرەکە لەبیر دەکات، وە فرمێسکەکان دەڕژێن و بێدەنگییەکی قورس باڵدەگرێت بەسەریدا و بەسەر شوێنەکەدا و منداڵەکانی دیکەش بە شێوەیەکی دڕندانە پێدەکەنن. ئەم کاتە ترسناکانەم لەبیرە. یان شەرمەزاری ئەوەیە کە سەرۆکێک هەستی پێدەکات کاتێک دواجار بەڵگە نهێنییەکانی بڵاودەبێتەوە و هەموو فێڵەکانی ئاشکرا دەبێت و بە شەرمەزاری و تاوانبارییەوە لەبەردەم خەڵکدا ڕاوەستاوە.

کەواتە خاڵی پێچەوانەی شەرمەزاری چییە؟ ئەوە کاتێکە کە منداڵەکە دێڕەکانی بەبیر دێتەوە و گوێی لە چەپڵە لێدان دەبێت. ئەوە کاتێکە کە سەرۆک بە باشی حوکمڕانی دەکات و دووبارە هەڵدەبژێردرێتەوە. پێچەوانەی شەرمەزاری، ڕێزگرتنە. بەڵێ، بە زۆری وایە. بەڵام پۆڵس کەسێکی زۆر نائاسایی بوو.

وە دەبێت باوەڕداران بە مەسیح کەسانی زۆر نائاسایی بن. بۆ پۆڵس پێچەوانەی شەرمەزاری ڕێزگرتنی نەبوو، بەڵکو ڕێزگرتنی مەسیح بوو لە ڕێگەی ئەوەوە. ئاماژەی بەوەش کردووە، «بە پەرۆشەوە چاوەڕوان و ئومێدەوارم کە لە هیچ شتێکدا شەرمەزار نەبم، بەڵکو بۆ ئەوەی... هەمیشە مەسیح لە جەستەمدا پایەدار بێت».

ئەوەی خۆشت دەوێت دیاری دەکات کە هەست بە شەرمەزاری دەکەیت. ئەگەر حەز دەکەیت مرۆڤەکان گرنگیت پێبدەن، کاتێک گرنگیت پێ نادەن هەست بە شەرم دەکەیت. بەڵام ئەگەر حەز بکەی مرۆڤەکان مەسیح شکۆدار بکەن، ئەوا هەست بە

شـەرمەزاری دەکەیـت ئەگـەر لەسـەر حسـابی تـۆ بچـووک بکرێتـەوە. وە پۆڵـس مەسـیحی لـە هـەر شـتێک یـان هـەر کەسـێک زیاتـر خۆشدەویسـت. «ئـەوەی بـۆ مـن قازانـج بـوو، لەپێنـاوی مەسـیحدا ئەمانـە بـە زیـان دەزانـم. لەمـەش زیاتـر هەمـوو شـتێک بـە زیـان دەزانـم لەبـەر بـەرزی بەهـای ناسـینی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆ. لەپێنـاوی ئـەودا هەمـوو شـتێکم لـە دەسـت دا و هەمـوو ئـەو شـتانەم بـە زبـڵ دانـا، بـۆ ئـەوەی مەسـیح بەدەسـتبهێنم» (فیلیپـی ٣: ٧-٨).

هەرکاتێـک شـتێک بەهایەکـی گـەورەی بـۆ تـۆ هەبـوو، وە بـە جوانـی یـان هێـز یـان تایبەتمەندییەکـەی بـە بەهـاداری دەزانیـت، دەتەوێـت سـەرنجی کەسـانی دیکـە بـۆی ڕابکێشیت و هەمـان خۆشـییان تێـدا بەئـاگا بهێنیتـەوە. هـەر بۆیـە ئامانجـی هەمـوو شـتێک لـە خـودی پۆڵـس لـە ژیانـدا ئـەوە بـوو کـە مەسـیح شـکۆدار بکرێـت. مەسـیح بـۆ پۆڵـس بەهایەکـی بێکۆتایـی هەبـوو، بۆیـە پۆڵـس تامـەزرۆی ئـەوە بـوو کەسـانی دیکـە ئـەم بەهایـە ببینـن و تامـی بکـەن. ئەمـە واتـای شـکۆدارکردنی مەسـیحە -نیشـاندانی گەورەیـی بەهاکـەی.

## ئایا مردن شکۆدارکردنی خودا مەحاڵ ناکات؟

بـەڵام چـی ئەگـەر کەسـێک لـەم خاڵـەدا ناڕەزایەتـی بەرامبـەر بـە پۆڵـس دەرببڕێـت و بڵێـت: ”پۆڵـس، دەبینیـن ئێسـتا مەسـیح چەنـدە بەهـادارە بـۆ تـۆ -چـۆن چێـژ لـە هاوڕێیەتییەکـەی وەردەگریـت، چـۆن خزمەتێکـی بەرهەمـدارت پـێ دەبەخشـێت و ژیانـت لـە نوقمبوونـی کەشـتی ڕۆحـت ڕزگار دەکات. بـەڵام هەمـوو ئەوانـە لـە کاتژمێـری مردنـدا واتـای چـی دەبێـت؟ لـەو چرکـە ساتەدا بەهـای مەسـیح لـە کوێدایـە؟ ئەگـەر بـاوەڕداری بـە مەسـیح ژیانـت بەفیـڕۆ بـدات، ئـەوە چـۆن یارمەتیـت دەدات مەسـیح شـکۆدار بکەیـت؟ ئایا ئەوە هەر ئەو ژیانەت لێ ناسەنێتەوە کە دەتوانێت مەسیح شکۆدار بکات؟“

بۆیـە پۆڵـس لـە کۆتایـی ئایەتـی ٢٠ ئەمـە زیاد دەکات کـە چاوەڕوانییـە بـە تامەزرۆییەکەی ئەوەیـە کـە؛ «مەسـیح لـە جەسـتەمدا پایـەدار بێـت، ئەگـەر بـە ژیـان بێـت یـان بـە مـردن» (فیلیپـی ١: ٢٠). مـردن هەتـا ئـەو ڕادەیـە هەڕەشـەیە کـە ئامانجـە سـەرەکییەکانت لەبـار دەبـات. مـردن هەتـا ڕادەیـەک ترسـناکە کـە هەڕەشـەی ئـەوەت لێدەکات ئـەو شـتەت لـێ بدزێـت کـە لـەلای تـۆ بەهادارتریـن گەنجینەیـە. بـەڵام پۆڵـس مەسـیحی بـە گەنجینـەی بەهـادار دەزانـی و ئامانجـی گەورەکردنـی مەسـیح بـووە. وە مردنـی وەک بێزارکردنـی ئـەو ئامانجـە نەدەبینـی، بەڵکـو وەک هۆکارێـک بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکـە.

ژیـان و مـردن! پێدەچێـت تـەواو پێچەوانـە بـن -لـە دوژمنایەتییەکـی زۆر لەگـەڵ یەکتردا. بـەڵام بـۆ پۆڵـس -وە بـۆ هەمـوو ئەوانـەی هاوبەشـی باوەڕەکەیـن- یەکێتییـەک هەیـە،

چونکە هەمان خولیای گەورە لە هەردووکیدا بەدی دێت -واتا مەسیح لەم جەستەیەدا-جەستەمان -جا بە ژیان بێت یان بە مردن.

لە فیلیپی ١: ٢١، پۆڵس لێدوانێکی پوخت و پڕ دەدات کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن هێندە هیوادارە کە مەسیح لە ژیان و مردنیدا شکۆمەند: «چونکە بۆ من ژیان مەسیحە، مردنیش قازانج.» پاشان لە ئایەتەکانی ٢٢-٢٦ پۆڵس هەردوو نیوەی ئەم قسەیە ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین بە وردی بزانین کە چۆن مەسیح بە ژیان و بە مردن شکۆدار دەکرێت.

با ئەمانە یەک بە یەک تێبگەین.

## دۆزینەوەی نهێنی پەترۆس لەلایەن پۆڵسەوە

سەرەتا، "بۆ من... مردن قازانجە." من پرسیار دەکەم ئایا پۆڵس لە گفتوگۆکانی لەگەڵ پەترۆس لە ئۆرشەلیم باسی مردنی کردبوو؟ من پێم سەیرە ئایا پەترۆس باسی ئەو ئەزموونەی بۆ کردووە کە لە یۆحەنا بەشی ٢١ دا تۆمارکراوە کاتێک عیسا لەدوای زیندووبوونەوەی بە پەترۆسی گوتووە: «ڕاستی ڕاستیت پێ دەڵێم، کاتێک گەنج بوویت پشتێنەکەت دەبەست و بۆ هەرکوێ دەتویست، دەچوویت. بەڵام کاتێک پیر دەبیت دەستت درێژ دەکەیت و یەکێکی دیکە پشتێنەکەت دەبەستێت و دەتباتە شوێنێک کە ناتەوێت» (یۆحەنا ٢١: ١٨). پاشان یۆحەنا ئەم ڕوونکردنەوە لە ئینجیلەکەیدا زیاد دەکات: «ئەمەی گوت وەک ئاماژەکردنێک بۆ مردنی پەترۆس کە بەهۆیەوە خودا شکۆدار دەکات» (یۆحەنا ٢١: ١٩). خودا بڕیاری دابوو کە پەترۆس لە مردنیدا شکۆمەندی خودا دەربخات. گومانم نییە کە کاتێک پەترۆس و پۆڵس دەستی ڕاستی هاوبەشی یەکتریان دەگوشی، دەستگرتنە پیاوانەکەیان و تەماشاکردنی هاوبەشی چاوەکانیان ئەم تاکە خولیا باوەی گەیاند: شکۆمەندی مەسیحی لە خاچدراو -ناوەندی گەشاوەی شکۆمەندی خودا-تەنانەت لە مردنیشدا.

بەڵام چۆن دەبێت مەسیح لە مردندا شکۆدار بکرێت؟ یان بە شێوەیەکی دیکە بڵێین: چۆن دەتوانین بمرین بۆ ئەوەی لە مردنماندا بەهای سەرووتری مەسیح، کە شکۆمەندی بەهای ئەوە، دیار بێت؟ وەڵامی لێرەدا پۆڵس لە فیلیپی بەشی یەک یەکەمجار لە پەیوەندی نێوان ئایەتی ٢٠ و ئایەتی ٢١ دا دەبینرێت. ئەم ئایەتانە بە وشەی «لەبەرئەوەی» یان "چونکە" پێکەوە گرێدراون. بیر لەو وشانە بکەوە دەربارەی مردن: «بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی من ئەوەیە کە مەسیح لە جەستەمدا بە مردن ڕێزی لێ بگیرێت، چونکە مردن بۆ من قازانجە.» بە واتایەکی دیکە ئەگەر مردن وەک قازانج ئەزموون بکەیت، ئەوا مەسیح لە مردندا شکۆدار دەکەیت.

## چۆن مردن قازانجه؟

بۆچـی ئـەوە وەهایـە؟ ئایەتـی ٢٣ نیشـانی دەدات کـە بۆچـی مـردن قازانجـە بـۆ پۆڵـس: «لـە دوو لاوە فشـارم لەسـەرە، حـەز دەکـەم ئـەم ژیانـە بەجێبهێڵـم و لەگـەڵ مەسـیح بژیـم، ئـەوە زۆر باشـترە» مـردن ئـەوە دەکات: دەمانباتـە نـاو سـۆزێکی زیاتـر لەگـەڵ مەسـیح. ئێمـە دەڕۆیـن و لەگـەڵ مەسـیحداین و پۆڵـس دەڵێـت، ئـەوەش قازانجـە. وە کاتێـک بـەم شـێوەیە ئەزموونـی مـردن دەکەیـت، پۆڵـس دەڵێـت، تـۆ مەسـیح شـکۆدار دەکەیـت. ئەزموونکردنـی مەسـیح وەک قازانـج لـە مردنتـدا مەسـیح شـکۆدار دەکات. «زۆر باشـترە» لـەوەی لێـرە بژیـت.

بەڕاسـتی؟ لـە هەمـوو هاوڕێکانـی قوتابخانـە باشـترە؟ باشـترە لـە ئاشـق بـوون؟ باشـترە لـەوەی منداڵەکانـت لـە بـاوەش بگرێـت؟ باشـترە لـە سـەرکەوتنی پیشـەیی؟ باشـترە لـە خانەنشـینی و نـەوە؟ بەڵـێ. هـەزار جـار باشـترە. کاتێـک وتـاری پاڵاوتنـم بـۆ پۆسـتی قەشـەیی پێشـکەش کـرد کـە ئێسـتا بەدەسـتمەوەیە، ئـەم بڕگەیـەی کتێبـی پیـرۆز بابەتـی دەقەکـەم بـوو. لـە ٢٧ی کانوونـی دووەمـی ١٩٨٠ پێشکەشـم کـرد. مـن ویسـتم لـە کتێبـی پیـرۆزەوە کـە تاکـە سـۆزە و هەمـوو شـتێک لەخۆدەگرێـت لـە ژیانمـدا پیشـانی خەڵکـی بـدەم - بـۆ شـکۆمەندی مەسـیح لـە هەمـوو شـتێکدا جـا بـە ژیـان بێـت یـان بـە مـردن.

لـەم خاڵـەی پەیامەکـەدا پرسـیارێک هاتـە ئـاراوە کـە ئایـا مـردن لـە ژیـان باشـترە؟ ئایـا ڕۆشـتن بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ مەسـیحدا بیـت باشـترە لـە مانـەوە لێـرەدا؟

من پێم گوتن:

”ئەگـەر بـاوەڕم بـەوە نەبێـت، چـۆن دەتوانـم بوێـرم هیـوای پێگـەی قەشـەیی بخـوازم -لـە هـەر شـوێنێکدا- باسـی ئـەوە ناکـەم کـە لـە کڵێسـای لەئاوهەڵکێشـی بێتلەحـەم کـە ١٠٨ ئەندامیـان تەمەنیـان لـە سـەرووی هەشـتا ساڵەوەیە و ١٧١ ئەندامـی دیکـەش تەمەنیـان لـە سـەرووی شەسـت و پێنـج ساڵەوەیە؟ بـەڵام مـن بـاوەڕم پێیەتـی، وە بـە هەمـوو باوەڕدارێکـی بەتەمەنـی قـژ ماشـوبرنجی (خۆڵەمێشـی) ئـەم کڵێسـایە دەڵێـم، بـە هەمـوو دەسـەڵاتی نێردراوییێتـی مەسـیحەوە، کـە هێشـتا باشـترین ژیـان لـە ئارادایـە و لـە پێشـمانە! مەبەسـتم پـارەی خانەنشـینییەکی بـاش و ماڵێکـی شـاهانە نییـە. بەڵکـو مەبەسـتم مەسـیحە.[١٥]

لـە مـاوەی سـاڵ و نیوێکـی سـەرەتای خزمەتەکەمـدا بـە تێکـڕا لـە مـاوەی سـێ هەفتـەدا یـەک جـار مەراسـیمی پرسـەمان هەبـوو. لـەدوای ئـەوە زۆری دیکەمـان هەبـوو. وەرزێکـی وریاکـەرەوە و شـیرین بـوو بـۆ قەشـەیەکی گەنـج. دڵمـی لەگـەڵ زۆرێـک لـە خێزانـەکان پێکـەوە گرێـدا کاتێـک هاوڕێیـەک لـەدوای هاوڕێیەکـی دی ماڵئاواییمان لـێ دەکـرد. وە بـاش دەڕویشـتە پێـش ڕێـک ئەوەیـە کـە ئێمـە باوەڕمـان وابـوو کـە ئـەوان دەبینینـەوە.

## ئەگەر فێربین بە باشی بمرین، بە باشی دەژین

ئـەوەی هەتـا ئێسـتا لـە بەشـی یەکەمـی نامـەی فیلیپـی فێربوویـن ئەوەیـە کـە مـردن (چ بـە هـۆکاری سروشـتی بێـت یـان بـە ئـازار و چەوسـانەوە) ئامرازێکـە بـۆ شـکۆدارکردنی مەسـیح. ئەگـەر ئێمـە لـە ڕێـگای گوێڕایەڵیـی ڕێـگای چیـای گولگۆسا لەگـەڵ مەسـیحدا ئـازار بچێژیـن یـان بمریـن، تێچـووی شـوێنکەوتنی تەنهـا لـە ئەنجامـی شـکۆداری زۆری ئـەو نییـە، بەڵکـو ئامرازێکـە. مـردن لـە کـوێ گەنجینەکەمانـە دیـار دەکات. شـێوازی مردنمـان بەهـای مەسـیح لـە دڵمانـدا ئاشـکرا دەکات. مەسـیح لـە مردنمـدا شـکۆدار دەکرێـت کاتێـک لـە مردنمـدا لێـم ڕازی دەبێـت -کاتێـک مـردن وەک قازانـج ئەزمـوون دەکـەم، چونکـە مەسـیح بەدەسـت دەهێنـم. یـان بـە شـێوەیەکی دیکـە بڵێیـن: کرۆکـی ستایشـکردنی مەسـیح بریتییـە لـە نرخاندنـی مەسـیح. مەسـیح لـە مردنمـدا سـتایش دەکرێـت، ئەگـەر لـە مردنمـدا بەهادارتـر بێـت لـە ژیانـم.

عیسـا فەرموویەتـی: «ئـەوەی بـاوک یـان دایکـی لـە مـن زیاتـر خۆشـبوێت، شـایانی مـن نییـە. ئـەوەی کـوڕ یـان کچـی لـە مـن زیاتـر خۆشـبوێت، شـایانی مـن نییـە» (مەتـا ١٠: ٣٧). کاتێـک کاتژمێـری مـردن هـات کـە هەمـوو شـتێک لـە ئێمـە وەربگیرێـت جگـە لـە مەسـیح، ئێمـە شـکۆدری دەکەیـن بـە وتنـی: ”هەمـوو شـتێکم لـە ئـەودا هەیـە و زیاتریشـم هەیـە. مردنیـش قازانجـە“.

ئەگـەر فێربیـن بـەم شـێوەیە بمریـن، ئامـادە دەبیـن بـۆ ژیـان. وە ئەگـەر نەیکەیـن ژیانمـان بەفیـڕۆ دەدەیـن. زۆربەمـان چەنـد سـاڵێکمان مـاوە بژیـن پێـش ئـەوەی بچیـن لەگـەڵ مەسـیحدا بیـن. تەنانـەت بەتەمەنترینـی ئێمـەش دەبێـت ئـەو پرسـیارە بـکات، ”ئەگـەر ئێمـە مەسـیحمان خـۆش بوویـت، چـۆن دەتوانرێـت لـە هەڵسـوکەوتماندا ئـەم پاشـنیوەڕۆ، ئـەم ئێوارەیـە، ئـەم هەفتەیـە شـکۆدار بکرێـت؟“ بۆیـە ڕوو لـە نیوەکـەی دیکـەی فیلیپـی ١: ٢١ دەکەیـن: «بـۆ مـن ژیـان مەسـیحە«.

## ژیان مەسیحە

مەبەسـتی پۆڵـس چییـە: «ژیـان مەسـیحە؟» ڕوونکردنەوەکـەی لـە ئایەتـی ٢٢ دەسـت پێـدەکات: «بـەڵام ئەگـەر ژیانـم لـە جەسـتە بـەردەوام بێـت، خەریکـی خزمەتێـک دەبـم کـە بەرهەمـی هەبێـت.» بـەڵام ئـەوە ڕوونکردنەوەیەکـی سـەیرە: «ژیـان مەسـیحە»، دەبێتـە «خەریکـی خزمەتێـک دەبـم کـە بەرهەمـی هەبێـت». ئـەو بەرهەمـە چییـە کـە لـە کارەکانـی پۆڵسـەوە دێـت؟ وە چۆنـە ژیـان... مەسـیحە؟ وەڵامـەکان لـە ئایەتەکانـی ٢٤-٢٦ دا دێـن.

لـە ئایەتـی ٢٢ دا پۆڵـس فەرموویەتـی: «بـەڵام ئەگـەر ژیانـم لـە جەسـتە بـەردەوام بێـت، خەریکـی خزمەتێـک دەبـم کـە بەرهەمـی هەبێـت. چـی هەڵبژێـرم؟ نازانـم» ئێسـتا لـە

ئایەتی ٢٤ دا دەڵێت: «بەڵام مانەوەم بە جەستە بۆ ئێوە پێویستترە.» کەواتە دیارە ئەو بەرهەمەی کە ژیانی پۆڵس بەرهەمی دەهێنێت تەنها بۆ خۆی نییە، بەڵکو لەپێناو باوەڕدارانی فیلیپی زۆر پێویستە. کەواتە دەستەواژەی «بۆ من ژیان مەسیحە» ئێستا دەبێتە «بۆ من ژیان بەرهەمهێنانە کە هەمووتان زۆر پێویستتان پێیەتی.» پاشان ئایەتی ٢٥ پێمان دەڵێت کە ئەم بەرهەمە چییە کە کڵێسا پێویستی پێیەتی و ژیانی پۆڵس بەرهەمی دەهێنێت: «دڵنیام و دەزانم کە لە ژیاندا دەمێنم و لەگەڵ هەمووتان بەردەوام دەبم، بۆ بەرەوپێشچوون و خۆشیتان لە باوەڕ.» بۆیە دەتوانین ببینین کە پۆڵس وردە وردە ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەستی چییە کە دەڵێت ”بۆ من ژیان مەسیحە«.

یەکەم: واتای ئەوەیە: ژیانم تەرخانکراوە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبووم (ئایەتی ٢٢). دووەم: واتای ئەوەیە: ژیانم تەرخانکراوە بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومێک کە زۆر پێویستە بۆ ئەوەی ئێوە هەتانبێت (ئایەتی ٢٥). سێیەم: واتای ئەوەیە: ژیانم تەرخانکراوە بۆ زیادکردنی باوەڕتان و بەرەوپێشچوون و یارمەتیدانتان بۆ ئەوەی لە خۆشیدا سەرڕێژ بێت (ئایەتی ٢٥).

ئێستا پرسیارە چارەنووسسازەکە ئەوەیە: بۆچی لە مێشکی پۆڵسدا یەک شتە کە لە لایەکەوە بڵێین «ژیان بۆ من مەسیحە» وە لە لایەکی دیکەشەوە بڵێین «ژیانم تەرخانکراوە بۆ بەرەوپێشچوونی تۆ و... خۆشیتان لە باوەڕدا؟» پێموایە ئەو دوو لێدوانە بە شێوەیەکی مەجازی هاوواتای مەبەستی پۆڵسن لەم چوارچێوەیەدا.

## من بۆ بەرەوپێشچوون و خۆشیتان لە باوەڕدا دەژیم

بۆ بینینی ئەمە پێویستمان بە پێناسەیەکی باوەڕە. بە شێوەیەکی ئاسایی باوەڕ بەو واتایە دەبێت کە متمانەت بە کەسێک هەبێت و پشتی پێ ببستیت و ئەو کەسە بەڵگەیەکی باشی لەسەر متمانەپێکراوی و ئامادەیی و توانای خۆی دەبێت بۆ دابینکردنی ئەوەی پێویستت پێیەتی. بەڵام کاتێک عیسای مەسیح خۆی دەبێتە بابەتی باوەڕ، بابەتێکی جیاواز ڕوودەدات. ئەو خۆی ئەوەیە کە ئێمە پێویستمانە. ئەگەر تەنها متمانەمان بە مەسیح هەبێت کە بەخششمان پێبدات و خۆی وەک بەخششێکی تەواو تێرکەر نەبێت، ئەوا متمانەمان پێی نییە بە شێوەیەک کە وەک گەنجینەی خۆمان ڕێزی لێ بگرین. ئێمە تەنها ڕێز لە بەخششەکانی دەگرین. بەششەکان ئەوەن کە ئێمە بەڕاستی دەمانەوێت نەک ئەو. کەواتە باوەڕ لە کتێبی پیرۆزدا لە عیسادا دەبێت بەو واتایە دێت کە متمانەمان پێی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو شتەمان پێبدات کە زۆر پێویستمانە -واتا خۆی. ئەمەش بەو واتایەیە کە باوەڕ دەبێت لە کرۆکیدا گەنجینەی بەهاداری مەسیح لە سەرووی هەموو شتێکەوە لەخۆبگرێت.

ئێستا ئێمە لە دۆخێکداین کە بزانین بۆچی دوو ئامانجی پۆڵس بۆ ژیانی لە ڕاستیدا یەکن. بەپێی ئایەتی ٢٠، ئامانجی ئەو شکۆدارکردنی مەسیحە لە ژیاندا؛ وە بەپێی ئایەتی ٢٥، ئامانجی ئەو بەرەوپێشبردن و پێشکەوتن و خۆشییە لە باوەڕی فیلیپییەکان. هەر بۆیە پێی وایە ڕەنگە خودا ڕێگەی پێبدات بژی. ئەمە ژیانی ئەو دەبێت: بۆ کارکردن بۆ «بەرەوپێشچوون و خۆشیتان لە باوەڕ».

بەڵام ئێستا بینیمان کە باوەڕ لە بنەڕەتدا بەهادارکردنی مەسیحە وەک گەنجینەیەک. وشەی «خۆشی» لە ئایەتی ٢٥ دا («بۆ ...خۆشیتان لە باوەڕ») ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم گەنجینەیە گەنجینەیەکی باشە. وە ئەگەر مەسیح بە خۆشحاڵییەوە بە گەنجینە بکرێت، ئەوا شکۆدار دەکرێت. ئەوە هەموو سۆز و تاکە خۆشەویستی ژیانی پۆڵسە. بە واتایەکی دیکە، پۆڵس دەڵێت: "ژیانم تەرخانکراوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو تاکە ئەزموونە گەورەیەی دڵتان کە بەهۆیەوە مەسیح شکۆدار دەکرێت -واتا تێربوون لە مەسیحدا، بە خۆشحاڵییەوە لە هەموو شتێکەوە بەهادارکردنی مەسیحە. مەبەستم ئەوەیە کە دەڵێم «بۆ من ژیان مەسیحە». واتا بۆ من ژیان، باڵایی باوەڕ بەمەسیح و شکۆدارکردنیەتی.»

## ژیانی شوێنکەوتووی مەسیح مردنی زۆرە

لەم خاڵەدا هەڵەیەکی گەورە ڕوودەدات ئەگەر لە مردندا شێوازی ڕێزگرتن لە مەسیح لە شێوازی ڕێزگرتن لە مەسیح لە ژیان جیا بکەینەوە. هۆکاری ئەوەی کە ئەمە هەڵە دەبێت ئەوەیە کە ژیانی کەسێکی شوێنکەوتووی مەسیح زۆر مردن لەخۆدەگرێت. پۆڵس گوتی: «ڕۆژانە بەرەنگاری مردن دەبمەوە!» (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٣١). عیسا فەرمووی: «ئەگەر کەسێک دەیەوێت ببێتە قوتابی من، با نکوڵی لە خۆی بکات و ڕۆژانە خاچەکەی هەڵبگرێت و دوام بکەوێت» (لۆقا ٩: ٢٣). ژیانی ڕۆژانەی باوەڕدار بە مەسیح بە واتای مردنی ڕۆژانەی شوێنکەوتوانی مەسیحە. ئەو مردنەی کە مەبەستیەتی، مردنی ئاسوودەیی و ئاسایش و ناوبانگ و تەندروستی و خێزان و دۆست و سامان و نیشتمانە. دەکرێت ئەمانە لە هەر کاتێکدا ڕێگای گوێڕایەڵیە شکۆدارییەکەی مەسیحمان لێ بگرن. ڕۆژانە بمرین بەو شێوەیەی کە پۆڵس کردوویەتی، وە ڕۆژانە خاچەکەمان هەڵبگرین بەو شێوەیەی کە عیسا فەرمانی پێکردووین، ئەوە ئەم ژیان لەدەستدانەیە کە لەپێناو مەسیحدا باوەشی بۆ دەکەینەوە و بە قازانجی هەژمارد دەکەین.

بە واتایەکی دیکە، شێوازی ڕێزگرتن لە مەسیح لە مردندا ئەوەیە کە عیسا لە سەرووی بەخششەکەی ژیانەوە وەک گەنجینە هەڵبگرین، هەروەها شێوازی ڕێزگرتن لە مەسیح لە ژیاندا ئەوەیە کە عیسا لە سەرووی بەخششەکانی ژیانەوە وەک گەنجینە هەڵبگرین.

هـەر لەبـەر ئەمەشـە کـە پۆڵـس هەمـان وشـەی «قازانـج» کـە لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ مەسـیح لـە کاتـی مـردن و لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ مەسـیح لـە ژیانـدا بەکارهێنـاوە. نـەک هـەر گوتـی: «مـردن قازانجـە»، بەڵکـو گوتـی: « ئـەوەی بـۆ مـن قازانـج بـوو، لەپێنـاوی مەسـیحدا ئەمانـە بـە زیـان دەزانـم. لەمـەش زیاتـر هەمـوو شـتێک بـە زیـان دەزانـم لەبـەر بـەرزی بەهـای ناسـینی عیسـای مەسـیحی خـاوەن شـکۆ. لەپێنـاوی ئـەودا هەمـوو شـتێکم لـە دەسـت دا و هەمـوو ئـەو شـتانەم بـە زبـڵ دانـا، بـۆ ئـەوەی مەسـیح بەدەسـتبهێنم» (فیلیپـی ٣: ٧-٨).

## ئازار و چێژ وەک ڕێگایەک بۆ شکۆدارکردنی مەسیح

هەمـوو ژیـان بـۆ کەسـێکی شـوینکەوتووی مەسـیح بـۆ شـکۆدارکردنی مەسـیحە. ئەمـەش دەکرێـت لـە ڕێگـەی چێژوەرگرتنـەوە ڕووبـدات، هەروەهـا دەکرێـت لـە ڕێگـەی ئـازارەوە ڕووبـدات. ئێمـە لێـرەدا سـەرنجمان لەسـەر ئازارەکانـە. هـۆکاری ئەمـەش ئـەوە نییـە کـە وەک باوەڕدارێـک بـە مەسـیح هـەزار شـتی خـۆش بـە ڕێگامانـدا نایـەت. هەروەهـا ئـەوە نییـە کـە وەک بەخششـی خـودا چێژیـان لـێ وەرنەگریـن و بـە سوپاسـەوە شـکۆمەندی بکەیـن. ئەمـە ڕوودەدات. ئەمـە ئەوەیـە کـە کتێبـی پیـرۆز فێـری دەکات. «هەمـوو بەدیهێـنراوی خـودا چاکـە، ئەگـەر شـتێک بـە سوپاسـەوە وەرگیـرا ڕەت ناکرێتـەوە، چونکـە بـە وشـەی خـودا و نوێـژەوە پیرۆزکـراوە» (یەکـەم تیمۆسـاوس ٤: ٤-٥). وە ئەمـە ڕاسـتە کـە دەڵێـت: «ئـەوەی قوربانـی سوپاسـگوزاری پێشـکەش بـکات، شـکۆدارم دەکات» (زەبـوورەکان ٥٠: ٢٣).

هـۆکاری ئـەوەی کـە جەخـت لەسـەر ئەمـە ناکەمـەوە ئەوەیـە کـە ئێمـە لـە خۆمانـدا حەزمـان بـۆ بینینـی لایەنـی خۆشـی ڕاسـتییە. ئێمـە بوونەوەرێکـی کەوتوویـن و ئاسـوودە دۆسـتین. ئێمـە هەمیشـە بـەدوای ڕێگایەکـدا دەگەڕێیـن بـۆ ڕەوایەتیـدان بـە شـێوازەکانی ژیانـی خۆپاراسـتن و خۆپارێـزی و دڵخۆشـکردنی خۆمـان. مـن ئەمـە لەبـارەی خۆمـەوە دەزانـم. وە خۆشـحاڵم کـە ئەمـە هەمـووی خـراپ نییـە. «خـودا هەمـوو شـتێکمان بـە تێروپـڕی دەداتـێ تاکـو خۆشـیی لـێ ببینیـن. (یەکـەم تیمۆسـاوس ٦: ١٧).

## چۆن مامەڵە لەگەڵ زیانەکاندا دەکەین،
## ئەوە نیشانی دەدات کە گەنجینەکەمان کێیە

بـەڵام ئـەوەی مـن لـەوەش دڵنیاتـر دەیزانـم ئەوەیـە کـە گەورەتریـن خۆشـی لـە خودادا لە بەخشـینی بەخششـەکانەوە سـەرچاوە دەگرێـت نـەک لـە کۆکردنەوەیـان بـۆ خۆمـان. باشـە کار بکەیـت و هەتبێـت. باشـترە کار بکەیـت و هەتبێـت بـۆ ئـەوەی ببەخشـیت. شـکۆمەندی خـودا کاتێـک گەشـاوەتر دەدرەوشـێتەوە کـە لـە کاتـی لەدەسـتدان تێرمـان دەکات وەک لـەوەی لـە کاتـی زۆریـدا ڕۆزیـمان بـۆ دابیـن دەکات. «ئینجیلـی» تەندروسـتی و سـامان و

خۆشگوزەرانی، جوانی مەسیح لە جوانی بەخششەکانیدا قووت دەدات و بەخششەکان دەکاتە بت. جیهان سەرسام نابێت کاتێک باوەڕداران بە مەسیح دەوڵەمەند دەبن و دەڵێن سوپاس بۆ خودا. ئەوان سەرسام دەبن کاتێک خودا هێندە ڕازییە کە ئێمە سامانەکانمان لەپێناو مەسیحدا دەبەخشین و بە قازانج هەژماردیان دەکەین.

هەرگیز کەس نەیگوتووە کە قووڵترین وانەی ژیانی فێربووە، یان شیرینترین بەریەککەوتنیان لەگەڵ خودادا هەبووە، لە ڕۆژانی خۆشییدا. مرۆڤەکان کاتێک وشکەساڵی دێت لەگەڵ خودادا دەچنە ناو پەیوەندییەکی قووڵترەوە. خودا مرۆڤی بەو شێوەیە داڕشتووە. مەسیح ئامانجی ئەوەیە کە لە ژیاندا بە ڕوونترین شێوە شکۆدار بکرێت بەو شێوەیەی کە ئێمە لە ژیانەکانماندا ئەزموونی دەکەین. پۆڵس نموونەی ئێمەیە: «خوشکان و برایانم، نامانەوێت ئەو تەنگانەیەی لە ئاسیا بەسەرمان هات لەلاتان شاراوە بێت، کە زۆر قورس بوو و لە سەرووی توانامانەوە بوو، هەتا ئەوەی لە ژیان بێهوودە بووین. بێگومان هەستمان دەکرد حوکمی مردنمان بۆ دراوە، تاکو پشت بە خۆمان نەبەستین، بەڵکو بەو خودایەی مردووان هەڵدەستێنێتەوە» (دووەم کۆرنسۆس ١: ٨-٩). داڕشتنی ئازارەکانی پۆڵس ئەوە بوو کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بۆ ڕۆحی خۆی و بۆ ڕۆحی ئێمە ڕوونی بکاتەوە کە خودا و تەنها خودا تاکە گەنجینەیە کە هەتاهەتاییە. کاتێک لە ژیاندا هەموو شتێک لەدەست دەدەیت جگە لە خودا، بەهۆیەوە ئێمە زیاتر متمانەمان بە خودا دەبێت، ئەمە قازانجە، وە خودا شکۆدار دەبێت.

## بەفیڕۆدانی ژیان بە ڕاکردن لە ئازار

ئەم دیزاینە بۆ ژیانی باوەڕدار بە مەسیح هێندە گرنگە کە پێویستە چاوەکانمان بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین کتێبی پیرۆز چەندە بە فراوانی باسی دەکات. ژمارەیەکی بێشوماری ئەو کەسانەی کە خۆیان بە باوەڕدار بە مەسیح دەزانن ژیانیان بەفیڕۆ دەدەن لە هەوڵی ڕزگاربوون لە تێچووی خۆشەویستی. نابینن کە هەمیشە شایانی ئەوە بێت. زیاتر شکۆمەندی خودا هەیە کە لە ڕێگەی ئازارەکانەوە ببینرێت و تامی بکرێت نەک لە ڕێگەی هەڵهاتنی خۆپەرستانە. پۆڵس بەم شێوەیە دەڵێت: «بۆیە ورە بەرنادەین. ئەگەر بە ڕواڵەتیش لەناوبچین، ئەوا ناخمان ڕۆژ بە ڕۆژ نوێتر دەبێتەوە، چونکە تەنگانەی سووک و کاتیمان شکۆمەندییەکی گرانی هەتاهەتایی بۆ ئێمە لێ دێتە کایەوە» (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٦-١٧). "ساتێک" ئاماژەیە بۆ تەمەنێک بە بەراورد لەگەڵ هەتاهەتایی. "سووک" ئاماژەیە بۆ ئازار و مردن بە بەراورد بە قورسایی خۆشی هەتاهەتایی لە ئامادەبوونی خودادا. ئەمەش ئەوەیە کە بەدەستی دەهێنین ئەگەر

بـە توندی دەسـت بـە مەسـیحەوە بگریـن. ئەمەیـە کـە ئێمـە بەفیـڕۆی دەدەیـن ئەگـەر نەیکەیـن.

خـودا دیزاینـی ئـەوە دەکات کـە تەنگانـە هیوامـان بـۆ شـکۆمەندی خـودا چڕتـر بکاتـەوە. پۆڵـس لـە ڕۆمـا ٥: ٢ دەڵێـت کـە ئێمـە بـە بـاوەڕ دەگەینـە نیعمـەت و «شـانازی بـە هیـوای شـکۆی خـودا دەکەیـن.» پاشـان لـە دوو ئایەتـی داهاتـوودا پێـمان دەڵێـت کـە چـۆن ئـەو هیوایـە پارێـزراوە و شـیرین دەکرێـت: «تەنهـا ئەمـە نـا، بەڵکـو لـە تەنگانەشـدا شـانازی دەکەیـن، دەزانیـن تەنگانـە دانبەخۆداگرتـن دروسـتدەکات، دانبەخۆداگرتنیـش ئەزمـوون، ئەزموونیـش هیـوا» (ئایەتەکانـی ٣-٤). ئـەم هیوایـەی کـە لـە ڕێگـەی ئازارەکانـەوە گەشـە دەکات و قووڵـتر دەبێتـەوە و تێـر دەبێـت، هیـوای ئایەتـی دووەمـە، کـە "هیـوای شـکۆمەندی خودایـە." ئێمـە وامـان لێکـرا ئـەم شـکۆمەندییە ببینیـن و تامـی بکەیـن. وە خـودا لـە خۆشەویسـتیدا هـەر تاقیکردنەوەیـەک کـە پێویسـت بێـت بـەکاری دەهێنێـت بـۆ چڕکردنـەوەی تامکردنمـان و چێژوەرگرتنـمان لـە شـکۆمەندی ئـەو.

## جیاوازی هەیە لەنێوان قوربانیدان و خۆکوشتن

خـراپ نییـە نوێـژ بـۆ چاکبوونـەوە بکەیـت، دەرمـان بخۆیـت، قوفـڵ لەسـەر دەرگاکانـت دابنێیـت، لـە کەسـانی سـەرپێچیکار دووربکەویتـەوە. ئینجیـل داوای خۆکوشـتن نـاکات. گریمانەیـە کـە لـە پەرسـتگا بـاز بدەیـت لـە کاتێکدا ئـەو بەڵێنانـەی کتێبـی پیـرۆز دەهێنیتەوە کـە خـودا دەتگرێتـەوە. دواجـار خـودا بڕیـار دەدات کـە ڕێـگای گوێڕایەڵـی دەبێتـە هـۆی ئـازار و ناخۆشـی و ئـەو سـاتە کەیـە. شـەیتان جێگـەی خـۆی هەیـە. زۆر حـەز دەکات چارەڕەشـمان بـکات و هەوڵـی لەناوبردنـی باوەڕمـان دەدات. بـەڵام خـودا سـەرووەرە بەسـەر شـەیتاندا و هەمـوو ئامانجەکانـی شـەیتان بـۆ لەناوبردنـی پیـرۆزەکان لەلایـەن خـوداوە بـۆ چاکـەی گەلەکـەی و شـکۆمەندی ناوەکـەی دەگـۆڕدرێـت.

کەواتـە ڕاکـردن دروسـتە، هەروەهـا مانـەوەش دروسـتە. ڕەنگـە مـرۆڤ ڕزگاری بێـت، مرۆڤیـش بەرگـەی سـەختی بگرێـت. کـەی هەڵبێـت و کـەی بمێنیتەوە پرسیارێکی ئازاربەخشـە بـۆ زۆرێـک لـە مزگێنیـدەران و خزمەتـکاران و شـوێنکەوتووانی مەسـیح لـە شـوێنی کارە دونیاییەکانیـان کـە دەرفەتێکـی زۆر و ململانێیەکـی گەورەیـان هەیـە. کەسـێک کـە زیاتـر لـە زۆربەمـان بیـری لـەوە دەکـردەوە، جـۆن بونیـان بـوو، ئـەو قەشـەیەی کـە دوازدە سـاڵ لـە زینـدان بـوو و کتێبـی "پێشـکەوتنی سـەردانیکەران»ی نووسـی. دەکـرا لـە زینـدان ئـازاد بکرابـا ئەگـەر ڕازی بووایە بانگـەواز نـەکات. ژن و منداڵەکانـی پێویسـتیان پێـی بـوو. یەکێـک لـە کچەکانـی کوێـر بـوو. بڕیارێکـی ئازاربەخـش بـوو. دەیگـوت: "جیابوونـەوە لـە ژنەکـەم و منداڵـە هەژارەکانـم زۆرجـار لـەم شـوێنەدا وەک ڕاکێشـانی گۆشـت بـووە لـە ئێسـکەکانم."[١٦]

لێرەدا لە باسی دەربارەی ئازادیی باوەڕدار بە مەسیح بۆ مانەوە یان هەڵهاتن لە مەترسی نووسیویەتی:

”ئایا دەتوانین هەوڵی هەڵهاتن بدەین؟ ڕەنگە لەم کارەدا چۆن لە دڵتدایە وەها بکەیت. ئەگەر لە دڵتدایە بفڕیت، بفڕە، ئەگەر لە دڵتدایە ڕابوەستیت، ڕاوەستە. هەر شتێک جگە لە نکۆڵیکردن لە ڕاستی. ئەو کەسەی کە دەفڕێت، فەرمانی هەیە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات؛ ئەو کەسەی کە ڕاوەستاوە، فەرمانی هەیە بۆ ئەوەی ئەو کارە بکات. بەڵێ، ڕەنگە هەمان مرۆڤ هەم بفڕێت و هەم ڕاوەستێت، وەک چۆن بانگەواز و کارکردنی خودا بە دڵی خۆیەتی. موسا هەڵهات، دەرچوون ٢: ١٥؛ موسا ڕاوەستا، عیبرانییەکان ١١: ٢٧. داود هەڵهات، یەکەم ساموئێل ١٩: ١٢؛ داود ڕاوەستا، یەکەم ساموئێل ٢٤:٨. یەرمیا هەڵهات، یەرمیا ٣٧: ١١-١؛ یەرمیا ڕاوەستا، یەرمیا ٣٨: ١٧. مەسیح خۆی کشاندەوە، لۆقا ٩: ١٠؛ مەسیح ڕاوەستا، یۆحەنا ١٨: ١-٨. پۆڵس هەڵهات، دووەم کۆرنسۆس ١١: ٣٣؛ پۆڵس ڕاوەستا، کردار٢٠: ٢٢-٢٣. . . .

لەم حاڵەتەدا یاسایەکی کەم هەیە. پیاو خۆی بە باشترین شێوە دەتوانێت حوکم بدات سەبارەت بە هێزی ئێستای، وە ئەم یان ئەو مشتومڕە چ قورسایی لەسەر دڵی هەیە بۆ ئەوەی بڕیار بدات کە ڕاوەستێت یان بفڕێت... لە ترسێکی کۆیلەییەوە مەفڕن، بەڵکو چونکە فڕین ڕێسایەکی خودایە، دەرگایەک بۆ هەڵهاتنی هەندێک کەس دەکاتەوە، کە دەرگاکە بە یەزدانی پەروەردگار دەکرێتەوە، وە وشەی خودا پشتیوانی دەربازبوونەکەش دەکات. مەتا ١٠: ٢٣... کەواتە ئەگەر کاتێک هەڵهاتیت، یان گیرایت، لە خودا و مرۆڤ تووڕە نەبیت، لە خودا نا، چونکە تۆ خزمەتکاری ئەویت، ژیانت و هەموو شتێک هی ئەوە. لە مرۆڤ نا، چونکە ئەو تەنها ئامرازی خودایە و لەم کارەدا دەستنیشان کراوە بۆ ئەوەی چاکەت بۆ بکات. ئایا تۆ ڕزگارت بووە؟ پێکەنین. واتا ئایا تۆ گیراویت؟ پێکەنین. مەبەستم ئەوەیە کە شتەکان بە هەر ڕێگایەکدا دەڕۆن دڵخۆش بە، چونکە هێشتا تەرازووەکە لە دەستی خودادایە.“[١٧]

## بەڵێن و پلانی خودا

بەڵام کاتێک هەموو شتێک دەگوترێت و دەکرێت، بەڵێن و پلانی خودا بۆ کەسانێک کە ژیانیان بەفیڕۆ نادەن ڕوون دەبێتەوە. «هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بە لەخواترسییەوە بە یەکبوون لەگەڵ عیسای مەسیح بژین، دەچەوسێنرێنەوە» (دووەم تیمۆساوس ٣: ١٢). وە کاتێک چەوسانەوە ڕاوەستا، گریانی ئەم سەردەمە دەمێنێتەوە. «تەنها ئەمە نا، بەڵکو ئێمە کە یەکەمین بەرهەمی ڕۆحی پیرۆزمان وەرگرت، لە ناخماندا دەناڵێنین و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی لەخۆگرتنەوەین، واتا ڕزگاریی جەستەمان» (ڕۆما ٨: ٢٣). ئێمە

بـەم شـێوەیە یـان بـە شـێوەیەکی دیکـە دەگرییـن. وەک پۆڵـس دەڵێـت: «وەک خەمبـار، بـەڵام هـەردەم دڵشـادین» (دووەم کۆرنسـۆس ٦: ١٠).

ئـەوە بەڵێنەکەیـە. ئەمـەش پلانەکەیـە. عیسـا بـە ئـازارەوە بـە پۆڵسـی گـوت - وە بـە هەمووـمان دەڵێـت کـە زیاتـر لـە مەسـیح ژیانـی بـێ ئـازار بـە گەنجینـە دەزانیـن- «نیعمەتـی منـت بەسـە، چونکـە هێـزی مـن لـە لاوازیـدا تـەواو دەبێـت» (دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ٩). زۆرێـک لـەو کەسـانەی کـە خۆیـان بـە شـوێنکەوتووی مەسـیح دەزانـن، لـەم پلانـە تـوڕە دەبـوون. تەنانـەت لەوانەیـە هـاوار بکـەن و بڵێـن: "بـۆ مـن گرنگـە هێزەکـەت تـەواو بێـت! ئـازارم هەیـە! ئەگـەر منـت خۆشـدەوێت لـەم بارودۆخـە دەرمبهێنـە!" ئـەوە وەڵامـی پۆڵـس نەبـوو. پۆڵـس فێـری ئـەوە بـوو کـە خۆشەویسـتی چییـە. خۆشەویسـتی ئـەوە نییـە کـە مەسـیح زۆر گرنگیـمان پێبـدات یـان ژیانمـان ئاسـان بـکات. خۆشەویسـتی ئەوەیـە ئـەو کارە بـکات کـە دەبێـت بیـکات، بـە تێچـووی زۆر بـۆ خـۆی (وە زۆرجاریـش بـۆ ئێمـە)، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بـۆ هەتاهەتایـە چێـژ لـە شـکۆمەندی ئـەو وەربگریـن. بۆیـە پۆڵـس وەڵامـی پلانەکـەی مەسـیح دەداتـەوە و دەڵێـت: «بـەڵام پێـی فەرمـووم: «نیعمەتـی منـت بەسـە، چونکـە هێـزی مـن لـە لاوازیـدا تـەواو دەبێـت.» بۆیـە بەوپـەڕی شـادییەوە شـانازی بـە لاوازیمـەوە دەکـەم، تاکـو هێـزی مەسـیح بێتـە سـەرم. بۆیـە لەپێنـاوی مەسـیحدا، بـە لاوازی و سـووکایەتی و ناخۆشـی و چەوسـانەوە و تەنگانـە دڵخـۆش دەبـم، چونکـە هـەر کاتێـک لاوازبـم ئـەوا بەهێـزم» (دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ٩-١٠).

## هەموو خۆشییەکی بەردەوام لەسەر ڕێگای گولگۆسایە

چ بەفیڕۆدانێکـی کارەسـاتبارە کاتێـک مرۆڤـەکان لـە ڕێـگای گولگۆسـاوە لـە خۆشەویسـتی و ئـازارەکان دووردەکەونـەوە. هەمـوو دەوڵەمەندییەکانـی شـکۆمەندی خـودا لـە مەسـیحدا لەسـەر ئـەو ڕێگایـەن. هەمـوو شـیرینترین هاوڕێیەتـی لەگـەڵ عیسـا لەوێیـە. هەمـوو گەنجینەکانـی دڵنیایـی. هەمـوو حەزەکانـی خۆشـی. هەمـوو ڕوونتریـن بینینەکانـی هەتاهەتایی. هەمـوو بەڕێزتریـن هاوڕێیەتـی. هەمـوو سـادەیی سـۆزەکان. هەمـوو ناسـکترین کردەوەکانـی میهرەبانـی و لێبـوردن. هەمـوو قووڵتریـن دۆزینەوەکانـی وشـەی خـودا. هەمـوو نوێـژە هـەرە ڕژدەکان. هەموویـان لەسـەر ڕێـگای گولگۆسـان کـە عیسـا لەگـەڵ گەلەکەیـدا تێیـدا دەڕوات. خاچەکـەت هەڵبگـرە و شـوێنی عیسـا بکـەوە. لـەم ڕێگایـەدا، وە بـە تەنهـا ئـەم ڕێگایـە، ژیـان مەسـیحە و مردنیـش قازانجـە. لەسـەر هەمـوو ڕێگایەکـی دیکـە ژیـان بەفیـڕۆ دەچێـت.

# بەشی پێنجەم

## مەترسی دروستە

## باشترە ژیانت لەدەست بدەیت نەک بەفیڕۆی بدەیت

ئەگەر تاکە خولیا و لەخۆگرتنی هەموو شتێکمان ئەوەیە کە مەسیح گرنگ بێت لە ژیان و مردنماندا و ئەگەر ئەو ژیانەی کە زۆرترین مەزنی و شکۆداری بە مەسیح دەدات واتا ژیانی خۆشویستنی مەسیح تێچووی زۆر دەبێت، کەواتە ژیانی وەها مەترسییە و مەترسیش دروستە. ڕاکردن لێی، بەفیڕۆدانی ژیانە.

### مەترسی چییە؟

من مەترسی زۆر بە سادەیی پێناسە دەکەم وەک کردارێک کە ڕووبەڕووی ئەگەری لەدەستدان یان برینداربوونت دەکاتەوە. ئەگەر مەترسی بکەیت دەکرێت پارە لەدەست بدەیت، دەکرێت ڕووخسارت لەدەست بدەیت، دەکرێت تەندروستی خۆت لەدەست بدەیت یان تەنانەت ژیانت لەدەست بدەیت. وە ئەوەی خراپترە، ئەوەیە کە مەترسییەک بکەیت، ڕەنگە خەڵکی دیکە بخەیتە مەترسییەوە و تەنها خۆت نەبێت. ڕەنگە ژیانیان لە مەترسیدا بێت. کەواتە ئایا مرۆڤێکی ژیر و خۆشەویست هەرگیز مەترسی دەکات؟ ئایا ژیرانەیە خۆت بخەیتە بەر زیان؟ ئایا خۆشەویستییە مەترسی بخەیتە سەر کەسانی دیکە؟ ئایا لەدەستدانی ژیان هەمان شتە لەگەڵ بەفیڕۆدانی؟

ئەمە پشت بە هەندێک شت دەبەستێت. بێگومان دەتوانیت بە سەد شێوازی گوناهبارانە ژیانت فڕێ بدەیت و لە ئەنجامدا بمریت. لەو حاڵەتەدا لەدەستدانی ژیان و بەفیڕۆدانی وەک یەک دەبێت. بەڵام لەدەستدانی ژیان هەمیشە هەمان شت نییە لەگەڵ بەفیڕۆدانی. چی ئەگەر بارودۆخەکە بەجۆرێک بێت کە مەترسی نەکردن ببێتە هۆی لەدەستدان و برینداربوون؟ ڕەنگە ژیرانە نەبێت کە یاری بە تەندروستیت بکەیت. وە چی ئەگەر مەترسییەکی سەرکەوتوو سوودێکی زۆری بۆ زۆر کەس هەبێت، وە شکستەکەی تەنها زیان بە خۆت بگەیەنێت؟ لەوانەیە هەڵبژاردنی ئاسوودەیی یان ئاسایش خۆشەویستی نەبێت لە کاتێکدا ڕەنگە شتێکی گەورە بۆ دۆزی مەسیح و بۆ چاکەی کەسانی دیکە بەدەست بهێنێت.

### مەترسی لە قوماشی ژیانی سنووردارماندا چنراوە

بۆچی شتێک هەیە بە ناوی مەترسی؟ چونکە شتێک هەیە بە ناوی نەزانی. ئەگەر

نەزانـی نەبووایـە هیـچ مەترسـییەک نەدەبـوو. مەترسـی ئەگـەری هەیـە چونکـە نازانیـن شـتەکان چـۆن دەردەکـەون. ئەمـەش بـەو واتایەیـە کـە خـودا ناتوانێـت هیـچ مەترسـییەک بـکات.a پێـش ئـەوەی ڕووبـدات، خـودا دەرئەنجامـی هەمـوو هەڵبژاردنەکانـی دەزانێـت. ئەمـە واتـای خودایەکـی گەورەتـر بوونـە لـە بەرامبـەر هەمـوو خوداوەندەکانـی گـەلان (ئیشـایا ٤١: ٢٣؛٤٢: ٨-٩؛٤٤: ٦-٨؛٤٥: ٢١؛٤٦: ٨-١١؛ ٤٨:٣). وە بـەو پێیـەی پێـش ئـەوەی ڕووبـدات دەرئەنجامـی هەمـوو کارەکانـی دەزانێـت، بـەو پێیـەش پلانەکانـی دادەنێـت. زانسـتی تـەواوی ئـەو هـەر ئەگەرێکـی مەترسـیکردن ڕەتدەکاتـەوە.[١٨]

بـەڵام دەربـارەی ئێمـە وا نییـە. ئێمـە خـودا نیـن؛ ئێمـە نەزانیـن. ئێمـە نازانیـن سـبەی چـی ڕوودەدات. خـودا بـە وردی پێـمان ناڵێـت کـە بەنیـازە سـبەی یـان پێنـج سـاڵی داهاتـوو چـی بـکات. دیـارە خـودا مەبەسـتیەتی ئێمـە لـە نەزانـی و لـە نادڵنیاییـدا بژیـن و مامەڵـە بکەیـن سـەبارەت بـە دەرئەنجامـی کارەکانمـان.

بۆ نموونە لە (یاقوب ٤: ١٣-١٥)دا پێمان دەڵێت:

وەرن ئەوانـەی دەڵێـن: «ئەمـڕۆ یـان بەیانـی دەڕۆیـن بـۆ فـڵان شـار، سـاڵێک لـەوێ دەبیـن و کاسـبی دەکەیـن و قازانـج دەکەیـن.» ئێـوە کـە نازانـن بەیانـی چـی دەبێـت، ژیانتـان چییـە؟ چونکـە هەڵمێکـە، ماوەیـەک دەردەکەوێـت، دواتـر نامێنێـت. لـە جیاتـی ئـەوە بڵێـن: «ئەگـەر مەسـیحی باڵادەسـت خواسـتی لەسـەر بـوو و ژیایـن، ئەمـە و ئـەوە دەکەیـن.»

تـۆ نازانیـت پێـش ئـەوەی خوێندنـەوەی ئـەم لاپەڕەیـە تـەواو بکەیـت دڵـت دەوەسـتێت یـان نـا. نازانیـت لـە هەفتـەی داهاتـوودا هەندێـک شـۆفێری سـایدی بەرامبـەر لـە هێڵەکـەی شـەقام لادەدەن و سـەرت لـێ تێکـدەدەن، یـان ڕەنگـە خواردنەکانـی نـاو چێشـتخانەکە هەندێـک ڤایرۆسـی کوشـندەیان تێدابێـت، یـان ڕەنگـە پێـش کۆتایـی هەفتـە جەڵتـەی

a ئـەم بۆچوونـە بـە ڕوونـی و بـە ئاگادارییـەوە دژایەتـی ئـەو بۆچوونەیـە کـە پێـی دەگوترێـت بـاوەڕی کـراوە، کـە پێـی وایـە خـودا مەترسـی ڕاستەقینە دەگرێتەبـەر بـەو واتایەی کـە دەرئەنجامـی زۆرێک لـەو ڕووداوانـە نازانێـت کـە دەسـتی پێـدەکات. ئـەم بۆچوونـە بـۆ نموونـە لەلایـەن جـۆن سـاندەرز، ئـەو خودایـەی کـە مەترسـی دەگرێتەبـەر: یەزدانناسـی چاودێـری خودایـی (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 1998) وە گریگـۆری ئـەی بۆیـد، شـەیتان و کێشـەی خراپـە: بنیادنانـی تیـۆری جەنگـی سـیانەیی (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 2001) وە پێـم وایـە بـە شـێوەیەکی کاریگـەر ڕەخنـەی لێدەگیرێـت، لەلایـەن ئـاڕ کـەی ماکگریگـۆر وایـت، شـوێن نییـە بـۆ سـەروەری (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 1996)؛ بـروس ئـەی وێـر، شـکۆمەندی کەمـتری خـودا: خـودای کەمبـووەوە بـۆ بـاوەڕی کـراوە (Wheaton, IL: Crossway,2000)؛ جـۆن ئێـم فرێـم، خودایەکـی دیکـە نییـە: وەڵامێـک بـۆ بـاوەڕی کـراوە (Phillipsburg, NJ: P&R, 2001)؛ وە جـان پایپـەر، جەسـتن تایلـۆر، پۆڵکیـۆس هێلسـس، وەرگێـڕانی لەودیـوی سـنوورەکان: بـاوەڕی کـراوە و تێگەیشـتن لـە کتێبـی پیـرۆز (Wheaton, IL: Crossway, 2003).

مێشک ئیفلیجت بکات، یان ئەگەر لە ناوەندی بازاڕێک کەسێک بە چەک تەقەت لێ بکات. ئێمە خودا نین. ئێمە دەربارەی سبەینێ نازانین.

## تەقینەوەی ئەفسانەی سەلامەتی

بۆیە مەترسی لەنێو ژیانی سنووردارماندا چنراوە. ئێمە ناتوانین خۆمان لە مەترسی بەدوور بگرین تەنانەت ئەگەر بشمانەوێت خۆمانی لێ بەدوور بگرین. نەزانین و نادڵنیایی لە سبەینێی دۆخی ڕەسەنی ئێمەیە. هەموو پلانەکانمان بۆ چالاکییەکانی سبەینێ دەکرێت بەهۆی هەزار شتی نەزانراوەوە بشکێنرێت کە ئایا لە ماڵەوە لەژێر جێگاکەماندا بمێنینەوە یان سوار بین و لە ڕێگا ئازادەکان بڕۆین. یەکێک لە ئامانجەکانم تەقاندنەوەی ئەفسانەی سەلامەتییە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئەفسانەی ئاسایش ڕزگارت بکەم. چونکە ئەمە سەرابێکە. بوونی نییە. هەر ئاراستەیەک کە تێیدا دەگەڕێیت نەزانراوە و شتگەلێکە کە لە دەرەوەی جڵەوگیری تۆدایە.

دووڕووییە کارەساتبارەکە ئەوەیە کە ئەفسانەی ئاسایش ڕێگەمان پێدەدات هەموو ڕۆژێک خۆمان بخەینە مەترسیەوە، بەڵام ئیفلیجمان دەکات لە مەترسی بۆ کەسانی دیکەی سەر ڕێگای خۆشەویستی گولگۆسا. ئێمە خەوی وەهممان لێ کەوتووە و پێمان وایە کە ڕەنگە ئاسایشێک بخاتە مەترسییەوە کە لە ڕاستیدا تەنانەت بوونیشی نییە. ئەو ڕێگایەی کە هیوادارم ئەفسانەی سەلامەتی بتەقێنمەوە و لە سەرابییەکانی ئاسایش بێهیواتان بکەم، تەنها ئەوەیە کە بچمە ناو کتێبی پیرۆز و نیشانتان بدەم کە مەترسی لەسەر دۆزی مەسیح دروستە، وە مەترسی بەفیڕۆدانی ژیانتە.

## «یەزدانیش چی پێ باشە ئەوە دەکات»

سیپارەی دووەم ساموئێل بەشی ١٠ لەبەرچاو بگرن، عەمۆنییەکان نێردراوانی ئیسرائیلیان شەرمەزار کردبوو و خۆیان لەبەردەم داوددا قێزەون کردبوو. بۆ پاراستنی خۆیان ئارامییەکانیان بەکرێ گرتبوو بۆ ئەوەی لەگەڵیان شەڕ بکەن لە دژی ئیسرائیلییەکان. یۆئاب، فەرماندەی هێزەکانی ئیسرائیل، خۆی بینییەوە کە لە لایەک بە عەمۆنییەکان و لە لایەکی دیکەوە بە ئارامییەکان گەمارۆ دراوە. بۆیە سەربازەکانی دابەشکرد و ئەبیشەی برای کردە بەرپرسی یەکێک لە هێزە چەکدارەکان و خۆی سەرکردایەتی هێزەکەی دیکەی کرد.

لە ئایەتی ١١دا بەڵێنیان دا کە یارمەتی یەکتر بدەن. پاشان ئەم وشە گەورەیە لە ئایەتی ١٢دا دێت: «ئازابە و با بەهێز بین لەپێناوی گەلەکەمان و لەپێناوی شارەکانی خوداکەمان، یەزدانیش چی پێ باشە ئەوە دەکات.» ئەم دوا وشانە واتای چییە؟ کە دەڵێت «یەزدانیش

چـی پـێ باشـە ئـەوە دەکات»، واتـا یۆئـاب بڕیارێکـی سـتراتیژی بـۆ شـارەکانی خـودا دابـوو، نەیدەزانـی دەرئەنجامەکـەی چـۆن دەردەچێـت. هیـچ بینینێکـی تایبەتـی لـە خـوداوە نەبـوو سـەبارەت یـەم بابەتـە. دەبـووا لەسـەر بنەمـای دانایـی پیـرۆز بڕیارێـک بـدات. دەبـووا مەترسـی بـکات یـان ڕابـکات. نەیدەزانـی کۆتاییەکـەی چـۆن دەردەچێـت. بۆیـە بڕیـاری خـۆی دا، ئەنجامەکانیشـی ڕادەسـتی خـودا کـرد. وە ئەمـەش ڕێـگا دروسـتەکە بـوو.

## "ئەگەر لەناویش چووم، با لەناوبچم"

شـاژنە ئەسـتێر نموونەیەکـی دیکـەی مەترسـی بوێرانەیـە لـە خزمـەت، بـە خۆشەویسـتی و بـۆ شـکۆمەندی خـودا. پیاوێکـی جولەکـە هەبـوو بـە نـاوی مۆردەخـای کـە لـە سـەدەی پێنجەمـی پێـش لەدایکبوونـی مەسـیحدا لـە کاتـی ڕاپێچکردنـی جولەکەکانـدا ژیـاوە. ئامۆزایەکـی بچووکـتری هەتیـوی هەبـوو بـە نـاوی ئەسـتێر کـە وەک کچێکـی خـۆی بەخێـوی کردبـوو. گـەورە بـوو و زۆر جـوان دەردەکـەوت، لـە کۆتاییـدا لەلایـەن ئەحەشوێرۆشـی پاشـای فـارس وەرگیـرا بـۆ ئـەوەی ببێتـە شـاژنی. هامـان کـە یەکێـک بـوو لـە شـازادە سـەرەکییەکانی ئەحەشـوێرۆش، ڕقـی لـە مۆردەخـای و هەمـوو پەنابـەرە جولەکـەکان بـوو، پاشـای ڕازی کـرد بڕیـار بـدات کـە ئـەوان قـڕ بکرێـن. پاشـا نەیدەزانـی کـە شـاژنەکەی خـۆی جولەکەیـە.

مۆردەخـای پەیامـی بـۆ ئەسـتێر نـارد کـە بچێتـە بـەردەم پاشـا و داوای دۆسـیەی گەلەکـەی بـکات. بـەڵام ئەسـتێر دەیزانـی یاسـایەکی شـاهانە هەیـە کـە هەرکەسـێک بەبـێ ئـەوەی بانـگ بکرێـت لـە پاشـا نزیـک بێتـەوە دەکوژرێـت، مەگـەر پاشـا داردەسـتە زێڕینەکـەی بـەرز بکاتـەوە و ڕووخسـەتی بـدات. هەروەهـا دەیزانـی کـە ژیانـی گەلەکـەی لـە مەترسـیدایە. ئەسـتێر بـەم قسـانە وەڵامەکـەی مۆردەخـای دایـەوە:

«ئینجـا ئەسـتێر ئـەم وەڵامـەی بـۆ مۆردەخـای ناردەوە: بـڕۆ هەمـوو جولەکەکانـی نـاو شـوش کۆبکـەرەوە، لەپێنـاوی مـن ڕۆژوو بگـرن. سـێ شـەو و سـێ ڕۆژ هیـچ مەخـۆن و هیـچ مەخۆنـەوە. خـۆم و کەنیزەکانـم بـە هەمـان شـێوە ڕۆژوو دەگریـن. دوای ئـەوە بـە پێچەوانـەی یاسـا دەچمـە ژوورەوە بـۆ لای پاشـا. ئەگـەر لەناویـش چـووم، بـا لەناوبچـم.» (ئەسـتێر ٤: ١٥-١٦)

«ئەگـەر لەناویـش چـووم، بـا لەناوبچـم.» ئەمـە واتـای چییـە؟ بـەو واتایەیـە کـە ئەسـتێر نەیدەزانـی دەرئەنجامـی کارەکـەی چـی دەبێـت. هیـچ بینینێکـی تایبەتـی لەلایـەن خـوداوە نەبـوو. لەسـەر بنەمـای دانایـی و خۆشەویسـتی بـۆ گەلەکـەی و متمانـە بـە خـودا بڕیـاری خـۆی داوە. دەبـووا مەترسـی بـکات یـان ڕابـکات. نەیدەزانـی چـۆن دەردەچێـت. بۆیـە بڕیـاری خـۆی دا و ئەنجامەکانـی ڕادەسـتی خـودا کـرد. واتـا: ئەگـەر لەناویـش چـووم، بـا لەناوبچـم. وە ئەمـەش ڕێـگا دروسـتەکە بـوو.

## "ئێمە خوداکانی تۆ ناپەرستین»

نموونەیەکی دیکە لە پەیمانی کۆن لەبەرچاو بگرن. ڕێکخستنەکە لە بابلە. گەلی جولەکە لە ڕاپێچکراویدایە. پاشا ناوی نەبوخودنەسرە. پەیکەرێکی زێڕین دادەنێت، پاشان فەرمان دەکات کە کاتێک کەڕەنا لێدرا، هەموو خەڵکەکە کڕنۆش بۆ پەیکەرەکە ببەن. بەڵام شەدرەخ و مێشەخ و عەبێدنەگۆ کڕنۆشیان نەبرد. ئەوان یەک خودای ڕاستەقینەیان دەپەرست، خودای ئیسرائیل.

بۆیە نەبوخودنەسر هەڕەشەی لێکردن و گوتی ئەگەر پەیکەرەکە نەپەرستن ئەوا فڕێ دەدرێنە ناو کورەی ئاگرین. ئەوانیش وەڵامیان دایەوە:

«ئەی نەبوخودنەسر، پێویستمان بەوە نییە لەسەر ئەم بابەتە وەڵامت بدەینەوە. ئەی پاشا، ئەگەر بمانخەیتە ناو کوورەی ئاگری داگیرساویشەوە، ئەو خودایەی دەیپەرستین دەتوانێت ڕزگارمان بکات، ئەو لە دەستی تۆ دەربازمان دەکات. ئەی پاشا، تەنانەت ئەگەر ڕزگاریشی نەکردین، دەمانەوێ تۆ بزانیت، ئێمە خوداوەندەکانی تۆ ناپەرستین و کڕنۆش بۆ پەیکەرە زێڕینەکەش نابەین کە داتناوە.» (دانیال٣: ١٦-١٨)

ئەمەش مەترسییەکی تەواو بوو. ئاماژەیان بەوەش کردووە، «ئەو خودایەی دەیپەرستین دەتوانێت ڕزگارمان بکات، ئەو لە دەستی تۆ دەربازمان دەکات. ئەی پاشا، تەنانەت ئەگەر ڕزگاریشی نەکردین، دەمانەوێ تۆ بزانیت، ئێمە خوداوەندەکانی تۆ ناپەرستین.» نەیاندەزانی دەرئەنجامەکە چۆن دەردەچێت. ئەوان بە کردەوە هەمان شتیان گوت کە ئەستێر گوتی: «ئەگەر لەناویش چووم، با لەناوبچم.» وە دەرئەنجامەکەیان بە هەمان شێوەی یۆئاب و ئەبیشەی ڕادەستی خودا کرد: «یەزدانیش چی پێ باشە ئەوە دەکات» وە ئەمەش ڕێگا دروستەکە بوو. دروستە لەسەر دۆزی خودا مەترسی بگریتە بەر.

## "من ئامادەم لەپێناو ناوی مەسیحی خاوەن شکۆ بشمرم"

مەترسیکارەکەی گەورەکەی پەیمانی نوێ پۆڵسی نێردراو بوو. وێنەی یەکەمجاری لە ڕێگایدا بۆ ئۆرشەلیم بوو لەدوای ساڵانێک لە ئازاردا لەپێناو مەسیح لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە بۆی دەچوو. خۆی بە ڕۆحی پیرۆزەوە بەستبووەوە (کردار ١٩: ٢١) بۆ ئەوەی بچێتە ئۆرشەلیم. پارەی بۆ هەژاران کۆکردبووەوە، بڕیار بوو بزانێت کە بە دڵسۆزی دەگەیەنرێت. گەیشتە قەیسەرییە و پەیامبەرێک بە ناوی ئاگابۆس لە یەهودیاوە هاتە خوارەوە و بە شێوەیەکی ئاماژەیی بە پشتێنەکەی پۆڵس دەست و پێی خۆی بەستەوە و گوتی: «ڕۆحی پیرۆز ئەمە دەفەرموێ: "ڕابەرانی جولەکە بەم شێوەیە خاوەنی ئەم پشتێنە لە ئۆرشەلیم دەبەستنەوە و دەیدەنە دەست ناجولەکەکان."» (کردار ٢١: ١١).

کاتێـک بـاوەڕداران ئەمەیـان بیسـت، لـە پۆڵـس پاڕانـەوە کـە نەچێتـە ئۆرشـەلیم. لـە وەڵامدا گوتـی: «چیتانـە، دەگرییـن و دڵـم دەشـکێنن؟ ئامـادەم نـەک تەنهـا بەنـد بکرێـم، بەڵکـو بـۆ نـاوی عیسـای خـاوەن شـکۆ لـە ئۆرشـەلیم بشـمرم.» (کـردار٢١: ١٣ ). پاشـان، لۆقـا پێـمان دەڵێـت، هاوڕێکانـی وازیـان لـێ هێنـا: «کـە پێـمان قایـل نەکـرا، وازمـان لێهێنـا و گوتمـان: «بـا بـە خواسـتی مەسـیحی خـاوەن شـکۆ بێـت»» (کـردار ٢١: ١٤).

بـە واتایەکـی دیکـە پۆڵـس پێـی وابـوو کـە ئـەم گەشـتە بـۆ ئۆرشـەلیم بـۆ دۆزی مەسـیح پێویسـتە. ئـەو وردەکارییەکانـی نەزانـی کـە لـەوێ چـی ڕوودەدات و دەرئەنجامەکـەی چـی دەبێـت. بـە دڵنیاییـەوە گرتـن و ناخۆشـی. بـەڵام دواتر چـی؟ مـردن؟ زینـدانیکـردن؟ دەرکردن؟ کـەس نەیدەزانـی. کەواتـە چییـان گـوت؟ دەیانتوانـی لەسـەر یـەک شـت ڕێکبکـەون: «بـا بـە خواسـتی مەسـیحی خـاوەن شـکۆ بێـت!» یـان وەک یۆئـاب گوتـی: «یەزدانیـش چـی پـێ باشـە ئـەوە دەکات». وە ئەمـەش ڕێـگا دروسـتەکە بـوو.

## ”لە هەموو شارێکدا... ناخۆشی چاوەڕێم دەکات«

لـە ڕاسـتیدا هەمـوو ژیانـی پۆڵـس یـەک لـە دوای یـەک مەترسـی و دڵەراوکـێ بـوو. ئـەو لـە کـرداری نێـرداوان ٢٠: ٢٣ گوتـی: «تەنهـا ڕۆحـی پیـرۆز لـە هەمـوو شـارێک شـایەتیم بـۆ دەدات کـە گرتـن و ناخۆشـی چاوەڕێـم دەکات.» بـەڵام هەرگیـز نەیدەزانـی ناخۆشـییەکان بـە چ شـێوازێک دێـن، یـان کـەی دێـن، یـان لـە ڕێگـەی کێـوە دێـن. پۆڵـس بڕیـاری دابـوو ژیانـی خـۆی لـە ئۆرشـەلیم بخاتـە مەترسییەوە بـەو زانیارییـە تـەواوەی کـە ڕەنگـە چـۆن بێـت و چـی ڕووبـدات. ئـەوەی پێشـتر بەرگـەی گرتبـوو، گومانـی نەبـوو لـەوەی کـە ڕەنگـە لـە ئۆرشـەلیم چـی ڕووبـدات:

«جولەکـەکان بـە قامچـی پێنـج جار چـل قامچـی کـەم یەکیـان لێـداوم، سـێ جـار دارکاری کـراوم، جارێـک بەردبـاران کـراوم، سـێ جـار لـە کەشـتیدا بـووم و شـکاوە، شـەو و ڕۆژێکـم لـە قووڵایـی دەریـادا بەسـەربرد. بەهـۆی زۆر گەشـتکردنمەوە تووشـی مەترسـی ڕووبـار و چەتـە بـووم، مەترسـی لـە گەلەکـەم و نەتەوەکانـی دیکـە، مەترسـی لـە شـار و لـە دەشـت، مەترسـی لـە دەریـا، مەترسـی لـە خوشـک و برایانـی درۆزن، بـە ڕەنجـدان و ماندووبـوون، بـە شـەونخونی زۆر، بـە برسـێتی و تینوێتـی، بـە ڕۆژووگرتنـی زۆر، بـە سـەرما و ڕووتـی. ئەمانـە هەمـوو لەلایـەک، ڕۆژ بـە ڕۆژ بایەخـدان بـە هەمـوو کڵێسـاکان لەسـەرم کەڵەکـە دەبێـت.» (دووەم کۆرنسـۆس١١: ٢٤-٢٨)

ئەمـە واتـای چییـە؟ واتـا پۆڵـس هەرگیـز نەیدەزانـی کـە لێدانـی داهاتـوو لـە کوێـوە دێـت. هەمـوو ڕۆژێـک لەپێنـاو ڕێبـازی خـودا ژیانـی خـۆی دەخسـتە مەترسـییەوە. ڕێـگاکان سـەلامەت نەبـوون. ڕووبـارەکان سـەلامەت نەبـوون. لـەلای گەلەکـەی خـۆی واتـا

جولەکەکان، سەلامەت نەبوو. لەلای نەتەوەکانی دیکە سەلامەت نەبوو. شارەکان سەلامەت نەبوون. بیابانەکە سەلامەت نەبوون. دەریاکە سەلامەت نەبوون. تەنانەت برا بەناو باوەڕدارەکانیش بە مەسیح سەلامەت نەبوون. سەلامەتی سەرابێک بوو. ئەمە بۆ پۆڵسی نێردراو بوونی نەبووە.

ئەو دوو بژاردەی هەبوون: ژیانی خۆی بەفیڕۆ بدات یان لەگەڵ مەترسیدا بژییێت. وە بە ڕوونی وەڵامی ئەم بژاردەیەی دایەوە: «بەڵام هیچ بەهایەکم بۆ ژیانی خۆم دانەناوە، تەنها ئامانجم ئەوەیە، ئەو پێشبڕکێیە تەواو بکەم و ئەو ئەرکە بەجێبگەیەنم کە عیسای خاوەن شکۆ بە منی سپارد، ئەویش ئەرکی شایەتیدانە بۆ مزگێنیی نیعمەتی خودا» (کردار٢٠: ٢٤). هەرگیز نەیدەزانی ڕۆژەکە چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵام ئاماژەی بە ڕێگای گولگۆسا دەکرد. وە هەموو ڕۆژێک ژیانی خۆی دەخستە مەترسییەوە. ئەمەش ڕێگا دروستەکە بوو.

## ”ئەگەر منیان چەوساندبێتەوە، ئێوەش دەچەوسێننەوە»

بۆ ئەوەی وا بیر بکەینەوە کە ئەم ژیانە مەترسیدارە تایبەتە بە پۆڵس، ئەو ئەم بابەتەی کرد بە خاڵێک کە بە گەنجە باوەڕدارەکان بڵێت کە تووشی کێشەی دیارینەکراو دەبن. لەدوای دامەزراندنی کڵێسای نوێی لە یەکەم گەشتی مزگێنیدانیدا، چەند مانگێک دواتر گەڕایەوە و «ورەی قوتابییەکانیان بەرز دەکردەوە هانیان دەدان لە باوەڕ بچەسپێن: «پێویستە بە تەنگانەی زۆردا بچینە ناو شانشینی خودا» (کردار ١٤: ٢٢). کاتێک بۆ کڵێسای گەنجی سالۆنیکی دەینووسی، نیگەرانی خۆی دەربڕی لەوەی کە ڕەنگە بەهۆی ناخۆشییەکانیانەوە بێهێز بووبن و گوتی؛ «تاکو لەم ناخۆشییانەدا کەس نەهەژێت. خۆتان دەزانن کە بۆ ئەمە دیاری کراوین» (یەکەم سالۆنیکی ٣: ٣). بە واتایەکی دیکە ژیانی شوێنکەوتووانی مەسیح بانگەوازێکە بۆ مەترسی.

عیسا ئەمەی ڕوون کردبووەوە. بۆ نموونە لە (لۆقا ٢١: ١٦) دا فەرموویەتی: «تەنانەت دایک و باوک و برا، خزم و هاوڕێیانیش بە گرتنتان دەدەن، لێتان دەکوژن.» وشەی سەرەکی لێرەدا هەندێکە. واتا: هەندێکتان دەکوژن. ئەم وشەیە ژیانی سەر زەوی قوتابییەکان دەخاتە ناو نادڵنیاییەکی گەورەوە. هەموویان لەپێناوی مەسیحدا نامرن. بەڵام هەموویان ناژین. هەندێکیان دەمرن. وە هەندێکیان دەژین. مەبەستم لە مەترسی ئەمەیە. ئەمە ویستی خودایە کە ئێمە نادڵنیا بین لەوەی کە ژیان لەسەر ئەم زەوییە چۆن دەبێت بۆمان. بۆیە ویستی پەروەردگارە کە ئێمە مەترسی بکەین لەپێناو دۆزی خودا.

ژیان بۆ عیسا قورس بوو، گوتی بۆ شوێنکەوتوانیشی قورس دەبێت. «بیهێننەوە بیرتان چیم پێ گوتن: “کۆیلە لە گەورەکەی زیاتر نییە.” ئەگەر منیان چەوساندبێتەوە،

ئێوەش دەچەوسێننەوە. ئەگەر وشەی منیان پاراستبێت، هی ئێوەش دەپارێزن» (یۆحەنا ١٥: ٢٠). بۆیە پەترۆس کڵێساکانی ئاسیای ئاگادار کردەوە کە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵیان بەلایانەوە ئاسایی بێت. «خۆشەویستان، لەلاتان سەیر نەبێ لە تاقیکردنەوەتان بەڵای سووتێنەر تووشتان دێت، وەک بڵێی شتێکی سەیرتان بەسەرهاتووە، بەڵکو دڵخۆش بن وەکو ئەوەی کە بەشداریتان لە ئازارەکانی مەسیحدا کردبێت، تاکو لە ئاشکراکردنی شکۆیەکەی دڵخۆش و شادمان بن. ئەگەر بە ناوی مەسیح جنێوتان پێدرا، خۆزگە دەخوازرێت بە ئێوە، چونکە ڕۆحی شکۆ و خودا دێتە سەرتان» (یەکەم پەترۆس ٤: ١٢-١٤).

## بوون بە شوێنکەوتەی مەسیح ئەوە بوو کە ژیانت بخەیتە مەترسییەوە

سێ سەدەی یەکەمی کڵێسای مەسیح شێوازی گەشەکردنی لەژێر هەڕەشەدا، درێژەی کێشا. ستیڤن نیل لە کتێبی (مێژووی ئەرکی مزگێنیدەرانی باوەڕدار بە مەسیح) نووسیویەتی، ”بێ گومان باوەڕداران بە مەسیح لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا هیچ مافێکی یاساییان نەبووە بۆ هەبوون، وە بەوپەڕی توندی یاساکە بەرپرسیار بوون... هەموو شوێنکەوتووێکی مەسیح دەیزانی کە ڕەنگە درەنگ یان زوو ناچار بێت بە لەدەستدانی ژیانی ببێتە شایەتیی باوەڕەکەی.“[١٩] ڕەنگە. مەترسییەک هەبێت. هەمیشە لەوێ هەبوو. ڕەنگە ئێمە لەسەر باوەڕداری بە مەسیح بکوژرێین. ڕەنگە ئێمە وامان بەسەر نەیێت. مەترسییە. ئەوە شتێکی ئاسایی بوو. وە بوون بە باوەڕدار بە مەسیح لەو بارودۆخەدا دروست بوو.

لە ڕاستیدا ئەوە ئەو خۆشەویستییە بەرزکەرەوەی مەسیح بوو کە شوێنکەوتوانی مەسیح سەرەڕای مەترسییەکان نیشانیان دا و جیهانی بتپەرستی سەرسام کرد. ئیمپراتۆری ڕۆمانی جولیان (٣٣٢-٣٦٣ ی پێش زایین) ویستویەتی ژیانێکی نوێ بخاتە ناو ئایینی بتپەرستی کۆن، بەڵام بینیویەتی خەڵکێکی زیاتر و زیاتر بەرەو باوەڕی مەسیح ڕادەکێشرێن. بە بێزارییەوە لە دژی ئەم «بێباوەڕانە» (کە باوەڕیان بە خوداوەندە ڕۆماییەکان نەبوو، بەڵکو باوەڕیان بە مەسیح هەبوو) نووسی:

”بێباوەڕی [واتا باوەڕ بە مەسیح] بە شێوەیەکی تایبەت پێشکەوتووە لە ڕێگەی ئەو خزمەتە خۆشەویستەی کە پێشکەش بە کەسانی نامۆ دەکرێت، وە لە ڕێگەی چاودێریکردنیان بۆ ناشتنی مردووەکان. ئابڕووچوونە کە تەنانەت یەک جولەکەش نییە سواڵکەر بێت، وە جەلیلییە بێ خوداکان نەک تەنها گرنگی بە هەژارەکانی خۆیان دەدەن، بەڵکو گرنگی بە هەژارەکانی ئێمەش دەدەن؛ لە کاتێکدا ئەوانەی سەر بە ئێمەن بە بێهودەیی بەدوای ئەو یارمەتییەدا دەگەڕێن کە دەبێ خۆیان بیکەین.“[٢٠]

شـوێنکەوتنی مەسـیح تێچـووی زۆری دەوێـت. لـە هەمـوو شـوێنێک مەترسـی هەیـە. بـەڵام، وەک لـە بەشـی سـێیەمی ئـەم کتێبـەدا بینیـمان، هـەر ئـەم مەترسییە ئـەو ئامرازەیـە کـە بەهـای مەسـیح زیاتـر گەشـاوەتر دەدرەوشـێنێتەوە.

## چۆنیەتی بەفیڕۆدانی چل ساڵ و ژیانی هەزاران کەس

بـەڵام چـی ڕوودەدات کاتێـک گەلـی خـودا لـە ئەفسـانەی فریودەرانـەی ئاسایش ڕزگاریـان نەبێـت؟ چـی ڕوودەدات ئەگـەر هـەوڵ بـدەن لـە سـەراب و سـەلامەتیدا بژیـن ژیانـی خۆیـان؟ وەڵامەکـە ژیانـی بەفیڕۆچـووە. ئـەو کاتـەت لەبیـرە کـە ڕوویـدا؟

کەمتـر لـە سێ سـاڵ بـوو کـە گەلـی ئیسرائیـل بـە هێـزی خـودا لـە میـسر هاتنـە دەرەوە. ئێستا لـە سنووری خاکـی بەڵێنـدراو بـوون. یـەزدان بـە موسـای فەرمـوو: «چەنـد پیاوێـک بنێـرە بـۆ سیخوڕیکردن لـە خاکـی کەنعـان، کـە مـن بـە نـەوەی ئیسرائیـلم داوە» (سـەرژمێری ١٣: ٢). جـا موسـا کالێـب و یەشـوع و دە پیـاوی دیکـەی نـارد. لـەدوای چـل ڕۆژ گەڕانـەوە بـە هێشـووە ترێیەکـی زەبەلاحـەوە کـە بـە دارێکـەوە لەسـەر شـانی دوو پیـاودا هەڵواسرابـوو. کالێـب ئـەو بانگـەوازە پـڕ لـە هیوایـەی بـۆ گەلەکـەی دەرکـرد: «بـا سـەرکەوین و دەسـتی بەسـەردا بگریـن، چونکـە توانامـان بەسـەریدا هەیـە» (سـەرژمیری ١٣: ٣٠). بـەڵام پیاوەکانـی دیکـە گوتیـان: «ناتوانیـن سـەربکەوین و دژایەتـی ئـەو گەلـە بکەیـن، چونکـە لـە ئێمـە بەهێزتـرن» (ئایەتـی ٣١).

کالێـب نەیتوانـی ئەفسـانەی سـەلامەتی ئـەوان تێکبشـکێنێت. خەڵکەکـە بـە ئەفسـانەی فریودەرانـەی ئاسایشـەوە گیـرودە بـوون - ئـەو تێڕوانینـەی کـە شـێوازێکی ژیانـی داڵـدەدراو هەیـە جگـە لـە ڕێـگای گوێڕایەڵـی شـکۆمەندی خـودا. ئـەوان لـە دژی موسـا و هـارون بۆڵەبۆڵییـان کـرد و بڕیاریـان دا بگەڕێنـەوە بـۆ میـسر- سـەرابێکی گـەورەی سـەلامەتی. یەشـوع هەوڵـی دا لـە بێئاگایـی خۆیـان ڕزگاریـان بـکات.

> «ئـەو خاکـەی پێیـدا چوویـن هەتـا سیخوڕی بکەیـن خاکێکـی زۆر زۆر باشـە، ئەگـەر یـەزدان پێـمان دڵشـاد بێـت ئـەوا دەمانباتـە نـاو ئـەو خاکـەی پێـمان دەدات، خاکێـک کـە شـیر و هەنگوینـی لـێ دەڕژێـت. بـەڵام لـە یـەزدان یاخـی مەبـن و لـە گەلـی ئـەو خاکـە مەترسـن، چونکـە نێچیـری ئێمـەن، ئەوەتـا سـێبەریان نەمـاوە و یـەزدان لەگەڵمانـە، لێیـان مەترسـن.» (سـەرژمێری ١٤: ٧-٩)

بـەڵام تەنانـەت یەشـوع نەیتوانـی ئەفسـانەی سـەلامەتی تێکبشـکێنێت. خەڵـک لـە دونیایەکـی خەیـاڵاوی ئاسایشـدا سـەرخۆش بـوون. هەوڵیـان دا کالێـب و یەشـوع بەردبـاران بکـەن. ئەنجامەکـەی هـەزاران ژیانـی بەفیڕۆچـوو و سـاڵانی بەفیڕۆچـوو بـوو. بەڕوونـی هەڵە بـوو کـە مەترسـی شـەڕکردن لەگـەڵ زەبەلاحەکانـی خاکـی کەنعـان نەگرینەبـەر. ئـای چەنـد بەفیـڕۆ دەچێـت کاتێـک ئێمـە مەترسـی بـۆ دۆزی خـودا نەکەیـن!

## چی دەربارەی تۆ؟

مەترسی ڕاستە. وە هۆکارەکەش لەبەر ئەوە نییە کە خودا بەڵێنی سەرکەوتن دەدات بە هەموو کارەکانمان لە دۆزی خۆیدا. هیچ بەڵێنێک نییە کە هەموو هەوڵێک بۆ دۆزی خودا سەرکەوتوو بێت، لانیکەم لە کورتخایەندا. یەحیای لەئاوهەڵکێش مەترسی ئەوەی کرد کە پاشا هیرۆدسی بە زیناکار ناوبرد کاتێک لە ژنەکەی خۆی جیابووەوە بۆ ئەوەی براژنەکەی بهێنێت. لەبەر ئەم هۆکارەش بوو کە یەحیا سەری بڕدرا. وە کارێکی دروستی کردبوو کە ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە بۆ دۆزی خودا و ڕاستی. عیسا هیچ ڕەخنەیەکی لە یەحیا نەبوو، تەنها باڵاترین ستایشی بۆی هەبوو (مەتا ١١: ١١).

پۆڵس مەترسی ئەوەی کرد کە بچێتە ئۆرشەلیم بۆ ئەوەی خزمەتەکەی بۆ هەژاران تەواو بکات. بۆ ماوەی دوو ساڵ فڕێدرایە زیندان و لێدرا و پاشان بە کەشتی بەرەو ڕۆما ڕەوانە کرا، لەدوای دوو ساڵ لەوێ لەسێدارە درا. وە کارێکی دروستی کرد کە لەپێناو دۆزی مەسیح ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە. چەند گۆڕ هەیە لە ئەفریقا و ئاسیا چونکە هەزاران گەنجی مزگێنیدەری نێردراو بە هێزی ڕۆحی پیرۆز لە ئەفسانەی ئاسایش ڕزگار کران و دواتر ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە بۆ ئەوەی شکۆداری مەسیح بگەیەننە نێو گەلانێک لە جیهان کە مزگێنی مەسیحیان پێنەگەیشتووە!

وە ئێستا ئەی چی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆ لە ئەفسانەی ئاسایشدا گیرۆدە بوویت، ئیفلیج بوویت لە وەرگرتنی هیچ مەترسییەک بۆ دۆزی خودا؟ یان بە هێزی ڕۆحی پیرۆز لە سەراب و سەلامەتی و ئاسوودەیی میسرییەکان ڕزگارت بووە؟ ئایا ئێوەی پیاوان هەرگیز لەگەڵ یۆئاب دەڵێن: لەپێناو ناوەکەیدا، تاقی دەکەمەوە! وە با «یەزدانیش ئەوەی پێی باشە ئەوە بکات؟» ئایا ئێوەی ژنان هەرگیز لەگەڵ ئەستێر دەڵێن: لەپێناو مەسیحدا، تاقی دەکەمەوە! «ئەگەر لەناویش چووم، با لەناوبچم؟»

## مەترسی لەبەر هۆکارە هەڵەکان

زیاتر لە مەترسییەک هەیە لە بانگهێشتکردنی باوەڕداران بە مەسیح بۆ ئەوەی مەترسی بگرنەبەر. لە بەشی چوارەمدا باسی یەکێکیانم کرد، ئەویش ئەوەیە کە ڕەنگە هێندە چەسپاو بین لەسەر خۆبەدەستەوەدان کە نەتوانین چێژ لە چێژە گونجاوەکانی ئەم ژیانە وەربگرین کە خودا لەپێناو چاکەی ئێمەدا پێی بەخشیوین. مەترسییەکی دیکە کە خراپترە، ئەوەیە کە ڕەنگە بە هۆکاری خۆبەرزکردنەوە بەرەو ژیانێکی مەترسیدار ڕابکێشین. ڕەنگە هەست بە بەرزبوونەوەی هۆڕمونی ئەدرنالینی قارەمانێتی بکەین. ڕەنگە ئێمە سووکایەتی بە تەمبەڵ و ترسنۆکەکان بکەین و هەست بە

باڵادەستی بکەین. ڕەنگە ئێمە بیر لە مەترسی بکەینەوە وەک جۆرێک لە ڕاستودروستی بێت کە وامان لێدەکات لەلایەن خوداوە پەسەندکراو بین. ئەوەی لەم هەموو ئەم هەڵانەدا نەمابوو، باوەڕێکی منداڵانەیە بە حوکمڕانی سەروەری خودا لە جیهاندا و بە خۆشەویستی سەرکەوتووانەی ئەو.

من ماوەیەکە وا گریمانە دەکەم کە دەسەڵات و پاڵنەرەکەی پشت مەترسیکردن بۆ دۆزی خودا قارەمانێتی نییە، یان هەوەسی سەرکەشی، یان بوێری پشت بەخۆبەستن، یان پێویستی بەدەستهێنانی ویستی باشی خودا، بەڵکو باوەڕە بە دابینکەری هەموو شتێک، فەرمانڕەوا، وە دەسەڵاتداری گەردون واتا کوڕی خودا عیسای مەسیحە. هێزی مەترسی لەدەستدانی ئابڕوو لەپێناو مەسیحدا ئەو باوەڕەیە کە وا دەکات خۆشەویستی خودا لە کۆتاییدا ئابڕووت بەرز دەکاتەوە و دۆسیەکەت ڕاست دەکاتەوە. هێزی مەترسی لەدەستدانی پارە بۆ دۆزی ئینجیل ئەو باوەڕەیە کە ئێمە گەنجینەیەکمان هەیە لە ئاسمانەکاندا کە لەناو ناچێت. هێزی مەترسی لەدەستدانی ژیان لەم دونیایەدا باوەڕ بەو بەڵێنەیە کە ئەوەی لەم دونیایەدا ژیانی خۆی لەدەست بدات ڕزگاری دەکات بۆ سەردەمی داهاتوو.

ئەمە زۆر جیاوازە لە قارەمانێتی و پشت بەخۆبەستن. کاتێک مەترسی لەدەستدانی ئابڕوو یان پارە یان ژیان دەکەین چونکە باوەڕمان وایە خودا هەمیشە یارمەتیمان دەدات و لە کۆتاییدا لەدەستدانەکەمان بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی زیاتر دڵخۆشمان بکات بە شکۆمەندی خۆی، ئەوا ئەوە ئێمە نین کە بەهۆی بوێریمانەوە ستایشەکە بەدەست دەهێنین؛ ئەوە خودایە کە بەهۆی گرنگیدانەکەیەوە ستایشەکەی بەدەست دەهێنێت. بەم شێوەیە مەترسی کردنەکە ڕەنگدانەوەی بەهای خودایە نەک ئازایەتی ئێمە.

نابێت ئەم بناغەیە بۆ چاونەترسی گریمانە بکرێت. ئێمە ئامادەین کە بە هۆکاری هەڵە مەترسی بکەین. بەبێ مەسیح، هەموومان لە دڵەوە شەریعەتگەرا یان گەندەڵین و دەمانەوێت کاری خۆمان بکەین، یان دەمانەوێت بە شێوازی خۆمان کاری خودا بکەین بۆ سەلماندنی توانای خۆمان. بەو پێیەی ئێمە بەم شێوەیە ئامادە کراوین، پێویستمان بە پاراستن هەیە. خودا ڕێگەیەکی دیکەی پێداوین بۆ ئەوەی بەدوای مەترسیدا بگەڕێین. ئەمە بکە، «با بەو هێزەوە بیکات کە خودا دابینی کردووە، تاکو لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە خودا لە هەموو شتێکدا شکۆدار بێت» (یەکەم پەترۆس ٤: ١١). وە شێوازی دابینکردنی هێزی خودا لە ڕێگەی باوەڕبوونە بە بەڵێنەکانی. هەر زیانێک کە مەترسیمان لەسەرە بۆ ئەوەی کە مەسیح شکۆدار بکەین، خودا بەڵێن دەدات هەزار هێندە بە هاوبەشییە تێرکەرەکەی خۆی قەرەبوومان بکاتەوە.

## هێزی مەترسی لە بەڵێنی خودادایە

پێشتر لەم بابەتەدا باسم لە لۆقا ٢١: ١٦ کرد کە عیسا بە قوتابییەکانی دەڵێت: «لێتان دەکوژن.» بەڵام من باسی ئەو بەڵێنەم نەکرد کە لە دوای ئەوە دێت: «لەبەر ناوی من هەمووان ڕقیان لێتان دەبێتەوە. بەڵام موویەکی سەرتان نافەوتێت» (ئایەتەکانی ١٧-١٨).

ئەمە یەکێکە لەو بابەتە پارادۆکسیە (دژە یەکترە) بە ئازارانەی کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە: «لیتان دەکوژن... بەڵام موویەکی سەرتان نافەوتێت!» ئەمە واتای چییە؟ عیسا هەوڵدەدات چیمان پێ بڵێت کاتێک دەڵێت: ”بڕۆ پێشەوە و گوێ بە مەترسی مەدە؛ «لێتان دەکوژن؛ بەڵام موویەکی سەرتان نافەوتێت؟»

پێموایە باشترین شرۆڤە بۆ ئەم ئایەتانە ئایەتەکانی ڕۆما ٨: ٣٥-٣٩ یە؛

«کێ لە خۆشەویستی مەسیح جیامان دەکاتەوە؟ ناخۆشی یان تەنگانە یان چەوسانەوە یان قاتوقڕی یان ڕووتی یان مەترسی یاخود شمشێر؟ وەک نووسراوە: ”لەپێناوی تۆ بە درێژایی ڕۆژ ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە، وەک مەڕ بۆ سەربڕین دادەنرێین» بەڵام لە هەموو ئەمانەدا لە ڕادەبەدەر سەرکەوتووین لە ڕێگەی ئەوەی کە خۆشیویستووین، چونکە دڵنیام نە مردن و نە ژیان، نە فریشتەکان و نە سەرۆکەکان، نە شتەکانی ئێستا و نە شتەکانی داهاتوو، نە هێزەکان، نە بەرزی و نە قووڵی، نە بەدیهێنراوی دیکە، ناتوانێت لە خۆشەویستی خودا جیامان بکاتەوە کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە بۆمان دێت.»

ئەم وشە ترسناک و سەرسوڕهێنەرانە بەراورد بکەن لەگەڵ ئەوەی عیسا گوتی: «لێتان دەکوژن... بەڵام موویەکی سەرتان نافەوتێت».

پۆڵس وەک عیسا دەڵێت خۆشەویستی مەسیح بۆ ئێمە ئازارەکانمان لەناو نابات. بە پێچەوانەوە، هەر وابەستەبوونمان بە مەسیحەوە ئازار بەدوای خۆیدا دەهێنێت. وەڵامی پۆڵس بۆ پرسیارەکەی خۆی لە ئایەتی ٣٥ چییە: «ئایا ناخۆشی یان تەنگانە، یان چەوسانەوە، یان قاتوقڕی، یان ڕووتی، یان مەترسی، یان شمشێر... لە خۆشەویستی مەسیح جیامان دەکەنەوە؟» وەڵامەکەی لە ئایەتی ٣٧ دا نەخێرێکە کە دەنگ دەداتەوە! بەڵام واتای پرسیارەکە لەدەست مەدە: هۆکاری ئەوەی ئەم شتانە لە خۆشەویستی مەسیح جیامان ناکەنەوە، ئەوە نییە کە ئەمانە بەسەر کەسانێکدا نایەت کە مەسیح خۆشی دەوێت. پۆڵس بە هێنانەوەی زەبووری ٤٤: ٢٢ نیشان دەدات کە ئەم شتانە لە ڕاستیدا بەسەر گەلی مەسیحدا ڕوودەدەن. «لەپێناوی تۆ بە درێژایی ڕۆژ ڕووبەڕووی مردن دەبینەوە، وەک مەڕ بۆ سەربڕین دادەنرێین.» بە واتایەکی دیکە خۆشەویستی مەسیح بۆ ئێمە لەم ئازارانە بەزەییمان پێنادات. مەترسی ڕاستەقینە و ڕژدمان لێ دوور ناکەوێتەوە. ژیانی باوەڕدار بە مەسیح ژیانێکی پڕ لە ئازارە. بێ شادی نییە بەڵام بێ ئازاریش نییە.

## ئایا بەڕاستی خودا هەموو ئەو شتانەی کە پێویستمانە دابینی دەکات؟

ئەمە واتای وشە بچووکەکەی "لە" یە کە لە ئایەتی ٣٧ دا هاتووە: «بەڵام لە هەموو ئەمانەدا لە ڕادەبەدەر سەرکەوتووین لە ڕێگەی ئەوەی کە خۆشیویستووین.» ئێمە لە ناخۆشیەکانماندا زیاتر سەرکەوتووین، نەک بە دوورکەوتنەوە لێیان. بۆیە پۆڵس لەگەڵ عیسا هاوڕایە و دەڵێت: «لێتان دەکوژن.» گوێڕایەڵی مەترسییە. وە دروستە مەترسی لەسەر دۆزی خودا بکەیت. هەندێک لە مەترسییەکان لە ئایەتی ٣٥ دا باسکراون:

- "ناخۆشی» - ئەو ناڕەحەتی و ستەمکارییە جۆراوجۆرانەی کە پۆڵس باسی دەکات، دەبێت ئێمە لە ڕێگاماندا بۆ چوونە ناو شانشینی خودا پێیدا تێپەڕین (کردار ١٤: ٢٢).
- "تەنگانە" - ئەو کارەساتانەی کە پەستان دەخەنە سەر ژیانمان و هەڕەشەی شکاندنی ئێمە دەکەن وەک دارێک (دووەم کۆرنسۆس ٦: ٤؛ ١٢: ١٠).
- "چەوسانەوە" - دژایەتییەکی چالاک لەلایەن دوژمنانی مزگێنی مەسیحەوە (مەتا ٥: ١١-١٢).
- "مەترسی" - هەموو جۆرە هەڕەشەیەک بۆ سەر جەستە، ڕۆح و خێزان (دووەم کۆرنسۆس ١١: ٢٦).
- "شمشێر» - ئەو چەکەی کە یاقوبی برای یۆحەنای کوشت (کردار ١٢: ٢).
- "قاتوقڕی یان ڕووتی" - نەبوونی خواردن و جلوبەرگ.

من "قاتوقڕی و ڕووتی" لە دواهەمین دادەنێم، چونکە گەورەترین کێشە دروست دەکەن. ئایا عیسا نەیگوتووە:

«بۆیە پێتان دەڵێم: خەم بۆ ژیانتان مەخۆن کە چی بخۆن و چی بخۆنەوە؛ هەروەها بۆ جەستەتان کە چی بپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان جەستە لە جلوبەرگ؟...جا خەم مەخۆن بڵێن، "چی بخۆین؟" یان "چی بخۆینەوە؟" یان "چی لەبەر بکەین؟"... باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە. بەڵکو یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ دابین دەکرێت.» (مەتا ٦: ٢٥، ٣١-٣٣)

باشە، کامیانە؟ لەوانەیە بپرسین. ئایا شوێنکەوتووانی مەسیح تووشی "قاتوقڕی و ڕووتی" (ڕۆما ٨ : ٣٥) دەبن یان خودا «هەموو ئەمانەمان" (مەتا ٦: ٣٣) بۆ دابین دەکات کاتێک پێویستمان پێیانە؟ ئایا شوێنکەوتووانی مەسیح هەرگیز برسی نابن یان ڕووت نابن یان جلوبەرگی دڕاویان لەبەر نابێت؟ ئایا هەندێک لە گەورەترین پیرۆزەکانی جیهان ڕووت نەکراونەتەوە و برسی نەکراون؟ ئەی چی دەربارەی (عیبرانییەکان ١١: ٣٧-

٣٨)؟ «بەردباران کران، بە مشار لەت لەت کران، بە شمشێر کوژران. هەندێکیش بە پێستی مەڕ و بزن خۆیان داپۆشی، تووشی نەبوونی و چەوسانەوە و زەلیلی بوون. -جیهان شایانی ئەمان نەبوو.- دەربەدەری بیابان و شاخ و ئەشکەوت و کون و کەلەبەری زەوی بوون.» نەهامەتی و چارەڕەشی ئەم باوەڕدارانە لەبەر بێباوەڕییان نەبوو، ئەوان باوەڕداری چەسپاو بوون کەسانێک کە - "جیهان شایانی ئەمان نەبوو".

## تەنها شتێک پێویستە بۆ ئەوەی خواستی خودا ئەنجام بدەیت و بۆ هەمیشە دڵخۆش بیت

کەواتە مەبەستی عیسا چییە؟ کە دەڵێت: «هەموو ئەمانەتان بۆ دابین دەکرێت» -هەموو خواردن و جلوبەرگەکانت، کاتێک «یەکەم جار داوای پاشایەتیەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن.» مەبەستی هەمان ئەو شتەیە کە مەبەستی بوو کاتێک گوتی: «لێتان دەکوژن... بەڵام موویەکی سەرتان نافەوتێت» (لۆقا ٢١: ١٦- ١٨). مەبەستی ئەوە بوو هەموو شتێکت دەبێت کە پێویستت پێیەتی بۆ ئەوەی ویستی ئەو ئەنجام بدەیت و بۆ هەمیشە بەختەوەری باڵات لە مەسیحدا دەبیت.

چەند خواردن و جلوبەرگ پێویستە؟ بۆ چی پێویستە؟ دەبێت بپرسین. پێویستە بۆ ئەوەی ئاسوودە بیت؟ نەخێر، عیسا بەڵێنی ئاسوودەیی نەدا. پێویستە بۆ دوورکەوتنەوە لە شەرمەزاری؟ نەخێر، عیسا بانگی کردین بۆ ئەوەی بە خۆشییەوە پێشوازی لە شەرمەزاری لەڕێگای ناوی ئەو بکەین. پێویستە بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنیتەوە؟ نەخێر، بەڵێنی نەدا لە مردنمان بمانپارێزێت -بە هەر جۆرێک بێت، چەوسانەوە و بەڵا پیرۆزەکانی ئەو لەناودەبەن. شوێنکەوتووانی مەسیح لەسەر داری لەسێدارەدان دەمرن، باوەڕدارن بە مەسیحیش بە نەخۆشی دەمرن. هەر بۆیە پۆڵس نووسیویەتی: «ئێمە کە یەکەمین بەرهەمی ڕۆحی پیرۆزمان وەرگرت، لە ناخماندا دەناڵێنین و بە پەرۆشەوە چاوەڕێی لەخۆگرتنەوەین، واتا ڕزگاریی جەستەمان» (ڕۆما ٨: ٢٣).

مەبەستی عیسا ئەوە بوو کە باوکمان لە ئاسمان هەرگیز ڕێگە نادات لەوە زیاتر تاقی بکرێینەوە کە لە تواناماندا نەبێت (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١٣). ئەگەر یەک پارچە نان هەبێت کە پێویستت پێی بێت، وەک ڕۆڵەی خودا، لەبەر باوەڕت لە زیندانی برسێتیدا بمێنێتەوە، ئەوا تۆ نانت دەبێت. خودا بەڵێنی خۆراکی پێویست نادات بۆ ئاسوودەیی یان بژێوی -بەڵێنی ئەوەندە دەدات کە متمانەت پێی هەبێت و خواستی ئەو ئەنجام بدەیت.

## من دەتوانم لە ڕێگەی مەسیحەوە هەموو شتێک بکەم، تەنانەت برسێتیش

کاتێک پۆڵس بەڵێنی دا: «خودای من هەموو پێداویستییەکانتان دابین دەکات بەپێی دەوڵەمەندی ئەو شکۆیەی لە عیسای مەسیحدا هەیەتی «. ئەو ئەمەشی گوت: «دەزانم

نەبوونی چییە و دەزانم هەبوونیش چییە، لە هەر شتێک و لە هەموو شتێکدا فێری نهێنی ئەوە بووم لە هەبوونی و نەبوونیدا ئاسوودە بم. دەتوانم هەموو ئەم شتانە لە ڕێگەی مەسیحەوە بکەم، ئەوەی بەهێزم دەکات» (فیلیپی ٤: ١٩، ١٢-١٣). "هەموو شتێک" واتا "لە ڕێگەی ئەو کەسەی کە بەهێزم دەکات، دەکرێت تووشی برسێتی بم. من دەتوانم بێبەش بم لە خواردن و جلوبەرگ لە ڕێگەی ئەو کەسەی کە بەهێزم دەکات." ئەمە ئەوەیە کە عیسا بەڵێنی داوە؛ «هەرگیز پشتگوێت ناخەم، هەرگیز وازت لێ ناهێنم» (عیبرانییەکان ١٣: ٥). ئەگەر برسی بین، ئەو دەبێتە نانی هەمیشەیی و ژیانبەخشمان. ئەگەر بە ڕووتی شەرمەزار بین، ئەو دەبێتە جلوبەرگی تەواو و هەموو ڕاستودروستیمان. ئەگەر لە ئازارەکانماندا ئەشکەنجە بدرێین و هاوار بکەین، ئەوا لە جنێودان بە ناوی خۆی دەمانپارێزێت و جەستەی لێدراومان بۆ جوانی هەمیشەیی دەگەڕێنێتەوە.

## دیوی دیکەی هەموو مەترسییەک، خۆشەویستی سەرکەوتووە

ئاسوودەیی و دڵنیایی کۆتایی لە هەموو مەترسییەکانمان لەپێناو مەسیح ئەوەیە کە هیچ شتێک هەرگیز لە خۆشەویستی مەسیح جیامان ناکاتەوە. پۆڵس دەپرسێت: «کێ لە خۆشەویستی مەسیح جیامان دەکاتەوە؟ ناخۆشی یان تەنگانە یان چەوسانەوە یان قاتوقڕی یان ڕووتی یان مەترسی یاخود شمشێر؟» (ڕۆما ٨: ٣٥). وەڵامەکەی ئەوەیە، نەخێر! بە واتایەکی دیکە هەر نەهامەتییەک کە باوەڕدارێکی ڕاستەقینە بە مەسیح ئەزموونی بکات، بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە لە خۆشەویستی مەسیح دابڕاوە. خۆشەویستی مەسیح بەسەر هەموو نەهامەتییەکدا سەردەکەوێت. ڕۆما ٨: ٣٨-٣٩ ئەمە وەک بلور ڕوون دەکاتەوە: «چونکە دڵنیام نە مردن و نە ژیان، نە فریشتەکان و نە سەرۆکەکان، نە شتەکانی ئێستا و نە شتەکانی داهاتوو، نە هێزەکان، نە بەرزی و نە قووڵی، نە بەدیهێنراوی دیکە، ناتوانێت لە خۆشەویستی خودا جیامان بکاتەوە کە لە ڕێگەی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆمانەوە بۆمان دێت.»

لە خاڵی کۆتایی هەموو مەترسییەکدا - تەنانەت ئەگەر لە ئەنجامدا مردنیشی لێبکەوێتەوە -خۆشەویستی خودا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.a ئەمە ئەو باوەڕەیە کە ئازادمان دەکات لە گرتنەبەری مەترسی بۆ دۆزی خودا. قارەمانێتی نییە، یان هەوەسی

a واتا: یەزدان ڕێگە نادات کەسە ڕاستودروستەکان برسی بن، بەڵکو ئارەزووی خراپەکاران پووچەڵ دەکاتەوە. پێموایە ئەمە (١) بە گشتی لە شێوازی بەڕێوەبردنی جیهاندا ڕاستە -مرۆڤە ڕاستگۆ و ماندوونەناسەکان سەرفراز دەبن و پێویستییەکانیان دابین دەکرێت؛ و (٢) هەمیشە و بە تەواوی ڕاستە بەو واتایەی کە کەسە ڕاستودروستەکان هەرگیز لەوە زیاتر برسی نابن کە توانای بەرگەگرتنییان نەبێت لەپێناو مەسیحدا. بڕوانە کتێبی جان پایپەر، «هیچ خراپەیەک بەسەرتدا نایەت. بەڕاستی؟» لە کتێبی تامی بکە و بینین (خوشکەکان، ئۆ ئارژ: مولتنۆما، ٢٠٠٥)، لاپەڕە ٤٦-٤٨.

سەرکەشی نییە، یان پشت بەستن بە خودی بوێرانە نییە، یان هەوڵدان نییە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا. ئەوە باوەڕێکی منداڵانەیە بە سەرکەوتنی خۆشەویستی خودا -کە لە لایەکی دیکەی هەموو مەترسییەکانماندا، لەپێناو ڕاستودروستیدا، خودا هێشتا دەستمان دەگرێت. ئێمە بۆ هەمیشە لە ناوی مەسیحدا ڕازی دەبین. هیچ شتێک بەفیڕۆ ناچێت.

## چۆن دەتوانیت لە ڕادەبەدەر سەرکەوتوو بیت؟

بەڵام لەوەش زیاتر لەو بەڵێنەدا هەیە کە لە کاتی مەترسیدا لەپێناو مەسیحدا پشتگیریمان دەکات. پۆڵس دەپرسێت: «ئەگەر خودا لەگەڵمان بێت، کێ دژمانە؟» (ڕۆما ٨: ٣١). ئەو وەڵامەی کە بەنیازە بیدەینەوە ئەوەیە، کەس ناتوانێت. ئەوە هەمان شتە کە بڵێیت "ئەگەر خودا لەگەڵ ئێمە بێت، کەس ناتوانێت لەدژمان بێت." ئەوە شتێکی سادە و ساکارە. وەک ئەوە وایە کاتێک سەرت دەبڕدرێت بڵێیت: "هیچ مووێکی سەرم نافەوتێت.» پێدەچێت ئەم لێدوانە زیادەڕەویانە بۆ ئەوەن زیاتر بڵێن لەوەی کە هەتا ئێستا گوتوومانە. ئەوان بەنیازن شتێکی زیاتر لەوە بڵێن کە کەسە پیرۆزە مردووەکان لە مەسیح جیا نابنەوە.

ئەم "شتێکی زیاتر" دەردەچێت لە وشەکانی "لە ڕادەبەدەر سەرکەوتوو". «لە هەموو ئەمانەدا لە ڕادەبەدەر سەرکەووین لە ڕێگەی ئەوی کە خۆشیویستووین» (ڕۆما ٨: ٣٧). «لە ڕادەبەدەر سەرکەوتوو» واتای چییە؟ چۆن دەتوانیت لە ڕادەبەدەر سەرکەوتوو بیت لە کاتێکدا مەترسی دەگریتەبەر لەپێناو دۆزی خودا و لەسەری ئازار دەچێژیت؟

ئەگەر تۆ خەریکی هەندێک کردەوەی گوێڕایەڵی بیت بۆ خودا کە بەهای باڵای عیسای مەسیح شکۆدار بکات و لەلایەن یەکێک لەو دوژمنانەی کە لە ئایەتی ٣٥ دا باسکراوە، هێرش بکرێتە سەرت، بڵێین، برسێتی یان شمشێر، دەبێت چی ڕووبدات بۆ ئەوەی بە سادەیی پێت بگوترێت "لە ڕادەبەدەر سەرکەوتوو"؟ وەڵام: نابێت لە خۆشەویستی عیسای مەسیح جیا ببیتەوە. ئامانجی هێرشبەر ئەوەیە کە تۆ لەناوببات، وە لە مەسیح داتببڕێت، وە بتگەیەنێتە وێرانکاری کۆتایی بەبێ خودا. تۆ سەرکەوتووی ئەگەر ئەم ئامانجە شکست پێبهێنیت و لە خۆشەویستی مەسیحدا بمێنیتەوە. خودا بەڵێنی داوە کە ئەمە ڕووبدات. بە متمانەکردن بەم ڕاستییە، مەترسی دەکەین.

بەڵام لەم ململانێیەدا لەگەڵ برسێتی و شمشێردا دەبێت چی ڕووبدات ئەگەر بتوانرێت بە لە ڕادەبەدەر سەرکەوتوو ناوت ببردرێیت؟ یەکێک لە وەڵامەکانی کتێبی پیرۆز ئەوەیە کە سەرکەوتوو دوژمنەکەی دەشکێنێت، بەڵام ئەوەی لە ڕادەبەدەر سەرکەوتووە، دوژمنەکەی دەخاتە ژێر دەستی خۆیەوە. سەرکەوتوو ئامانجی دوژمنەکەی

پووچەڵ دەکاتەوە؛ کەسێک کە لە ڕادەبەدەر سەرکەوتووە، وا لە دوژمن دەکات خزمەت بە مەبەستەکانی خۆی بکات. سەرکەوتوو دوژمنەکەی دەکێشیتە خوارەوە؛ کەسێک کە لە ڕادەبەدەر سەرکەوتووە دوژمنەکەی دەکاتە کۆیلەی خۆی.

بە کردەوە ئەمە واتای چییە؟ با قسەکانی خودی پۆڵس لە دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٧ بۆ وەڵامەکە بەکاربهێنین: «چونکە تەنگانەی سووک و کاتیمان شکۆمەندییەکی گرانی هەتاهەتایی بۆ ئێمە لێ دێتە کایەوە.» لێرەدا دەتوانین بڵێین ”ناخۆشی“ یەکێکە لە دوژمنە هێرشبەرەکان. لە ململانێی پۆڵس لەگەڵیدا چی ڕوویداوە؟ بە دڵنیاییەوە لە خۆشەویستی مەسیح جیای نەکردۆتەوە. بەڵام لەوەش زیاتر، بە دیل گیراوە، ئەگەر بڵێین. کۆیلە کراوە و کراوە بە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی خۆشی هەمیشەیی پۆڵس. «ناخۆشی»، دوژمنی پێشوو، ئێستا کار بۆ پۆڵس دەکات. ئامادەکارییە بۆ پۆڵس بۆ ”گرانی شکۆمەندی هەتاهەتایی.“ دوژمنەکەی ئێستا کۆیلەیەکە. ئەو تەنها دوژمنی خۆی داگیر نەکردووە، بەڵکو لە ڕادەبەدەر سەرکەوتووە.

ناخۆشی شمشێرەکەی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی سەری باوەڕەکەی پۆڵس ببڕێت. بەڵام لەبری ئەوە دەستی باوەڕ قۆڵی ناخۆشی ڕفاند و ناچاری کرد بەشێک لە دونیاپەرستی پۆڵس ببڕێت. ناخۆشی دەکرێتە بەندەی خوداپەرستی و خۆنزمکردنەوە و خۆشەویستی. شەیتان مەبەستی بۆ خراپە بوو، بەڵام خودا مەبەستی بۆ چاکە بوو. دوژمن بوو بە کۆیلەی پۆڵس و ئامادەکاری بۆ قورسایی شکۆمەندییەکی گەورەتری کرد بۆ کارەکەی لەوەی کە بەبێ شەڕەکە هەرگیز نەیبوو. بەو شێوەیە پۆڵس -وە هەموو شوێنکەوتوویەکی مەسیح- لە ڕادەبەدەر سەرکەوتوون.

## تاکە ڕێگا کە بەرەو شادییەکی هەتاهەتایی ڕێنماییت دەکات

ئەمە ئەو بەڵێنەیە کە هێزمان پێدەدات لەپێناو مەسیحدا مەترسی بکەین. پاڵنەری قارەمانێتی نییە، یان هەوەسی سەرکەشی، یان بوێری پشت بەخۆستن، یان پێویستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودا نییە. ئەوە متمانەیەکی سادەیە بە مەسیح -کە خودا لە ئەودا هەموو شتێک کە پێویستمانە بۆمان دابین دەکات بۆ ئەوەی بتوانین بۆ هەتاهەتایە چێژ لە شکۆدارکردنی وەربگرین. هەموو چاکەیەک کە ئامادەیە بەرەکەتمان پێ ببەخشێت، وە هەر خراپەیەک کە لەدژی ئێمە ڕیز کراوە، لە کۆتاییدا یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ شانازیکردن تەنها بە خاچ، مەسیح شکۆدار بکەین و بەدیهێنەرمان شکۆمەند بکەین. باوەڕ و متمانە بەم بەڵێنانە ئازادمان دەکات و لە کردنی مەترسی و لە ئەزموونی خۆماندا بۆمان دەردەکەوێت کە باشترە ژیانمان لەدەست بدەین نەک بەفیڕۆی بدەین.

بۆیە دروستە لەپێناو دۆزی مەسیحدا مەترسی بکەیت. دروستە دوژمن بخەیتە ناو

شەڕەوە و بڵێیت: «یەزدانیش چی پێ باشە ئەوە دەکات.» ڕاستە خزمەت بە گەلی خودا بکەین، وە بڵێین: «ئەگەر لەناویش چووم، با لەناوبچم!» دروستە لەبەردەم کورەی ئاگرینی تەنگانەدا ڕابوەستیت و ڕەتی بکەیتەوە کڕنۆش بۆ خوداوەندەکانی دونیا ببەیت. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە بۆ هەتاهەتایە بەرەو پڕی خۆشی و چێژ دەتبات. لە کۆتایی هەموو ڕێگایەکی دیکەدا -کە ئاسایشە و و بێ مەترسی- دەستەکانی خۆمان دەخەینە سەر ڕووخسارمان و دەڵێین: ”ژیانم بەفیڕۆ داوە!“

# بەشی شەشەم

## ئامانجی ژیان
## بە خۆشحاڵییەوە دڵخۆشکردنی کەسانی دیکە بە خودا

مەحاڵە ژیانت بخەیتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بە خودا دڵخۆش بکەیت، ئەگەر کەسێکی لێنەبوردە نەبیت. ئەگەر ئامادە کراویت بۆ بینینی هەڵە و شکست و تاوانەکانی کەسانی دیکە، وە بە دڵڕەقی مامەڵەیان لەگەڵ بکەیت، ئەوا مەترسی لەسەر خۆشی ئەوان ناکەیت. ئەم بارودۆخە -کە لە هەموو مرۆڤەکاندا گشتگیرە- دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە. ئێمە بە خۆشحاڵییەوە مەترسی ئەوە ناکەین کە خەڵکی بە خودا دڵخۆش بکەین، ئەگەر ڕقمان لێیان بێت، یان بەرامبەریان نەفرەتمان هەبێت، یان بە هۆی هەڵە و لاوازییەکانیانەوە دوورمانخستبنەوە. ئێمە دەبێت ببینە مرۆڤێکی لێبوردە.

دەست مەکەن بە وروژاندنی ناڕەزایەتی سەبارەت بە دۆزە سەختەکان. من باسی ڕۆحێک دەکەم نەک لیستی پێوەرێک بۆ ئەوەی کەی ئەم کارە یان ئەو کارە دەکەین. هەروەها باسی بەزەییەک ناکەم کە ناتوانێت و دەسەڵاتی نییە سەرزەنشت بکات یان فێربکات و شەڕ بکات. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێمە مەیلمان بەرەو فێربوونی دڵسۆزی هەیە؟ ئایا ئێمە کەموکورتیمان هەیە لە دڵسۆزی؟ ئایا ڕۆحی لێبوردنمان هەیە؟ بەبێ ئەوە لەسەرنجدانە سەر پێویستی خەڵکی دووردەکەوینەوە و ژیانمان بەفیڕۆ دەدەین.

### لێبوردن باشە چونکە خودامان پێ دەبەخشێت

ڕەنگە پاڵنەرەکانی کتێبی پیرۆز بۆ بوون بە کەسێکی لێبوردە قووڵتر بێت لە لێخۆشبوون. ڕاستە بڵێین: پاڵنەر بۆ بوون بە کەسێکی لێبووردە، ئەوەیە کە ئێمە لەلایەن خوداوە لێخۆشبوونمان وەرگرت لە کاتێکدا شایەنی ئەوە نەبووین. «لەگەڵ یەکتری نەرمونیان و بە بەزەیی بن، لە یەکتری خۆشبن، هەروەک چۆن خودا بە یەکبوونتان لەگەڵ مەسیح لێتان خۆشبوو» (ئەفەسۆس ٤: ٣٢). بەڵام بناغەی ئەم پاڵنەرە لێخۆشبوونی خودا نییە، بەڵکو ئەوەیە کە لێخۆشبوونی خودا چی دەبەخشێت. خودامان پێ دەبەخشێت.

بۆچی ئێمە لێخۆشبوونمان لەلایەن خوداوە بە بەهادار دەزانین؟ بۆ ئەم پرسیارە وەڵام گەلێک هەن کە بێڕێزی بە خودا دەکەن، چونکە ڕەنگە مرۆڤ لێخوشبوونی لەلایەن خوداوە خۆشبوێت بەبێ ئەوەی خودای خۆشویستبێت. لەوانەیە بڵێین: "من بە

بەهاداری دەزانـم کـە لەلایـەن خـوداوە لێخۆشـبوونم هەبێـت، چونکـە ڕقـم لـە نەهامەتـی ویژدانێکـی تاوانبـارە.“ یـان «... چونکـە ڕقـم لـە ئاسـۆی ئـازارە لـە دۆزەخـدا.“ یـان «... چونکـە دەمەوێـت بچمـە ئاسـمان بـۆ بینینـی ئازیزانـم و جەسـتەیەکی نوێـم هەبێـت کـە هیـچ نەخۆشـییەکی تێـدا نەبێـت.“ خـودا لـە کوێیـە لـەم هۆکارانـەی کـە لێبـوردن بـە بەهـادار دەزانێـت؟ لـە باشـترین حاڵەتـدا ئـەو لـە هەمـوو ئـەم هۆکارانـەدا وەک گەنجینـەی ڕاسـتەقینەی ژیانـە.

ئەگـەر وایـە، ئـەوا ئـەم خۆشـییانە بەڕاسـتی ڕێگاکانـی بەهادارکردنـی خـودی خـودان. ویژدانێکـی ئـازاد و خاوێـن وامـان لێـدەکات زیاتـر خـودا بناسـین و بـۆ چێژوەرگرتـن لێـی ئازادمـان دەکات. هەڵهاتـن لـە دۆزەخ بـە نرخـی خوێنی مەسـیح زیاتر پابەندبوونـی خودامان بـۆ پیـرۆزی میهرەبانانـە و ئـارەزووی ئـەو بـۆ بەختەوەریـمان نیشـان دەدات. بەخششـی بینینـی ئازیـزان تیشـک دەخاتـە سـەر سەرسـوڕمانی خـودا لـە دروسـتکردنی پەیوەنـدی خۆشەویسـتیدا. بەدەسـتهێنانی جەسـتەیەکی نـوێ ناسینەوەمان لەگـەڵ مەسـیحی شـکۆمەند قووڵـتر دەکاتـەوە. بـەڵام ئەگـەر خـودا خـۆی لـەم بەخششـانەدا نەبێـت -وە دەترسـم بـۆ زۆرێـک لـە بـاوەڕداران بـە مەسـیح نەبێـت کـە خۆیـان بـە شـوێنکەوتووی مەسـیح دەزانـن -ئـەوا نازانیـن لێبـوردن بـۆ چییـە.

لێبـوردن لـە بنەڕەتـدا ڕێگـەی خودایـە بـۆ لابردنـی بەربەسـتە گەورەکـەی بـەردەم هاوبەشـیمان لەگەڵیـدا. خـودا بـە هەڵوەشـاندنەوەی گوناهـمان و کڕینەوەمـان بـە مردنـی کوڕەکـەی خـۆی، ڕێگامـان بـۆ دەکاتـەوە کـە ببینیـن و بیناسـین و بـۆ هەمیشـە چێـژی لـێ وەربگریـن. بینیـن و تامکردنـی ئامانجـی لێخۆشـبوونە. هاوڕێیەتـی تێرکردنـی ڕۆح لەگـەڵ باوکمان ئامانجـی خاچـە. ئەگـەر تەنهـا بـە هـۆکاری دیکـە خۆشـمان بووێـت، لێخوشبووەمان نابێـت و ژیامـان بەفیـڕۆ دەدەیـن.

کەواتـە ڕەگـی پاڵنـەر بـۆ بـوون بـە کەسـێکی لێبـوردە چییـە؟ «لـە یەکـتری خۆشـبن، هـەروەک چـۆن خـودا بـە یەکبوونتـان لەگـەڵ مەسـیح لێتـان خۆشـبوو.» ئێمـە دەبێـت ”هـەروەک چـۆن خـودا... لێـمان خـۆش بـوو.“ خـودا بـە شـێوەیەک لێـمان خۆشـبوو کـە خۆشـییەکی بێکۆتایـی لـە هاوڕێیەتیەکەیـدا دەبێتـە هـی ئێمـە. ئامانجـی خـودا لێخۆشـبوونە. هەروەهـا بەسـتەر و ئامـرازی لێخۆشـبوونە. لـە ئـەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت؛ لـە ڕێگـەی کوڕەکەیـەوە بـەدی هـات؛ وە خەڵکـی دەباتـەوە لای خـۆی و گوناهەکانیـان فڕێدراونەتـە قووڵتریـن دەریـاوە. بۆیـە پاڵنـەر بـۆ کەسـێکی لێبـوردە خۆشـی بوونـی ئازادانـە و بـە شـادی لـە ماڵـەوە لەگـەڵ خودایـە. بـە تێچووی زۆر بـۆ خـۆی خـودا ئـەوەی پێدایـن کە لە سـەرووی هەمـوو شـتێکەوە پێویسـتمان پێـی بـوو: خـودی خـۆی بـۆ چێژوەرگرتـمان بـۆ هەتاهەتایـە. لێخۆشـبوونی خـودا بـۆ یـەک هـۆکار گرنگـە: خودامـان پێدەبەخشـێت![٢١]

## ئەوەی لێخۆشبووان دەیانەوێت بیبەخشن

پاڵنەری ئێمە بۆ ئەوەی مرۆڤی لێبوردە بین، ئەو خۆشییەیە کە لە خودایەکی لێبوردەدا هەمانە. نەک تەنها لە لێخۆشبوون، بەڵکو لە پێدانی شادی لە خودادا بە لێخۆشبوون. ئەگەر ئەمە نەبینین و ئەمە ئەزموون نەکەین، ڕەنگە پاڵنەرە خودا-سەنتەرییەکان بکەینە جۆرێک لە خێرخوازی کە هەوڵ دەدات چاکەیەک بۆ مرۆڤ بکات، بەبێ ئەوەی بزانین بەڕاستی گەورەترین چاکە چییە- واتا چێژوەرگرتن لە هەموو شتێک لە خودادا. بەڵام ئەگەر لێبوردن وەک بەخششێکی ئازاد و ناشایستەی شادی لە خودادا ئەزموون بکەین، ئەوا ئەم خۆشییە، بە خۆشەویستییەوە، دەگوازینەوە بۆ جیهانێکی پڕ لە گوناه و ئازار. ئامانجمان لەوێ ئەوە دەبێت کە کەسانی دیکە لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە لێخۆشبوون و خۆشی هەمیشەیی لە خودادا بدۆزنەوە.

خۆشی لە خودادا لە بەزەیی دڵخۆشی بۆ مرۆڤەکان سەرڕێژ دەبێت، چونکە خۆشی لە خودای میهرەباندا ناتوانێت میهرەبانبوونی خودا ڕەت بکاتەوە. ناتوانیت سووکایەتی پێ بکەیت کە ببیتە ئەو شتەی چێژی لێ وەردەگریت لەبارەی خوداوە. خۆشی لە خودا کە دەستی بە کوڕەکەی خۆیەوە نەگرت و لەپێناو گوناهبارانی ناشایستە وازی لێهێنا، ناتوانێت خراپە لە بەرامبەر خراپەدا بکات. ئەو خۆشییە خۆشەویستییە دەبێت میهرەبان بێت (میخا ٦:‏٨). خۆشی لەو خودایەی کە لە توڕەبووندا لەسەرخۆیە، ناتوانێت لەگەڵت پشوودرێژ نەبێت. خەبات دەکات بۆ سەرکەوتنی ئەو شتانەی کە لە خودادا سەرسامی دەبێت. خۆشی لەو خودایەی کە هەتاهەتاییە بە نیشاندانی «دەوڵەمەندی نیعمەتی بێ هاوتای خۆی لە ڕێگای میهرەبانییەکەیەوە» (ئەفەسۆس ٢:‏٧) دڵخۆشە بە بەخشندەیی و بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆ بەخشین.

## ئەوانە شوێنکەوتووی مەسیح نین، چونکە نایانەوێت ببەخشن

ڕۆبێرت مۆرای ئێم شاین، قەشەیەکی سکۆتلەندی کە لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا لە ساڵی ١٨٤٣ کۆچی دوایی کرد، باسی بەزەیی و بەخشندەیی باوەڕداران بە مەسیحی دەکرد وەک بەڵگەیەک لەسەر ئەوەی بەڕاستی شوێنکەوتووی مەسیحین. ئەو هەژارانی ناو پەرستگاکەی خۆشدەویست، ترسی هەبوو بۆ ئەوانەی کە بەدوای ڕێگایەکدا نەدەگەڕان بۆ ئەوەی نیعمەتیان نیشان بدەن.

من خەمی هەژارانمە بەڵام زیاتر خەمی ئێوەمە. نازانم مەسیح لە ڕۆژە گەورەکەدا چیتان پێ دەڵێت... ترسم هەیە لەوەی زۆر کەس هەبن کە گوێم لێدەگرن ڕەنگە باش بزانن کە ئەوان شوێنکەوتووی مەسیح نین، چونکە ئەوان حەزیان لە بەخشین نییە.

بەخشینێکی زۆر و ئازادانە، بە هیچ شێوەیەک ناڕازی نەبێت، پێویستی بە دڵێکی نوێ هەیە؛ دڵێکی کۆن پێی لە خوێن باشترە لەوەی بەهای لە پارەکەی جیابێتەوە. ئای هاوڕێیانم! چێژ لە پارەکەت وەربگرە؛ زۆرترین سوودی لێ وەربگرە؛ هیچیان مەبەخشە؛ خێرا چێژ وەربگرە، چونکە دەتوانم پێت بڵێم، ئێوە بۆ هەتاهەتایە سواڵکەر دەبن.[٢٢]

## ئەو دووڕیانەی کە چیتر لێی دوودڵ نیین

سروشت و ئامانجی بەخشین بە دڵخۆشی و لەسەر بنەمای باوەڕی مەسیحی چییە؟ ئەوە هەوڵێکە -بە زۆرترین داهێنان و قوربانیدان کە پێویستە- بۆ ئەوەی خۆشی هەمیشەیی و هەتاهەتایی ببەخشێت بە کەسانی دیکە a-واتا خۆشی لە خودادا. ئەگەر خودا زۆرترین شکۆمەندی لە ئێمەدا هەیە کاتێک زۆرتر بە ناوەکەی شاد دەبین، وەک لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان پێدا، ئەوا ژیان بۆ شکۆمەندی خودا بەو واتایە دەبێت کە ئێمە بژین بۆ ئەوەی بە خۆشحاڵییەوە کەسانی دیکە لە خودادا دڵخۆش بکەین. خۆشحاڵی ئێمە و بەدواداچووغمان بۆ دڵخۆشی کەسانی دیکە، خودا شکۆمەند دەکات. وە بەو پێیەی خۆشی لە خودادا گەورەترین و بەردەوامترین بەختەوەرییە، بەدواداچوون بۆی خۆشەویستیشە. بەو پێیەی هەمان خۆشی بە خودا هەم مرۆڤ تێر دەکات و هەم شکۆمەندی خوداش زیاتر دەکات، هەرگیز پێویست ناکات لەنێوان پاڵنەر بۆ خۆشویستنی مرۆڤەکان یان شکۆمەندکردنی خودا یەکیان هەڵبژێرین.[٢٣] بە خۆشحاڵییەوە بەدواداچوون بۆ خۆشی کەسانی دیکە لە خودادا -تەنانەت بە نرخی ژیانی خۆمان- نیشان دەدات کە کەسانی دیکەمان خۆشدەوێت و ڕێز لە خودا دەگرین. ئەمە پێچەوانەی ژیانێکی بەفیڕۆچووە.

## ئێمە ناتوانین کەس دڵخۆش بکەین لە خودادا

کەواتە چۆن کەسانی دیکە لە خودادا دڵخۆش بکەین؟ بابەتەکانی داهاتوو باس لەوە دەکەن. بەڵام سەرەتا دوو ڕوونکردنەوە هەیە کە پێویستە بیدەم. یەکەم ڕوونکردنەوە ئەوەیە کە ئێمە بێگومان ناتوانین کەس بە خودا دڵخۆش بکەین. خۆشی لە خودادا

---

a من دەڵێم «هەمیشە زیاد دەکات» نەک لەبەر ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات لە بەهەشتدا لە خەمەوە دەچینە خۆشی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە پڕبوونێکەوە بۆ پڕبوونێکی دیکە دەڕۆین. من ئەمە دەڵێم چونکە ئەقڵی سنووردار -وە ئێمە هەمیشە سنووردار دەبین- ناتوانێت تەواوی خودا وەربگرێت. ئەو بێ سنوورە. بۆیە بۆ هەمیشە پڕبوونی بێکۆتایی خۆی بە پلە بە ئێمە دەگەیەنێت. هەمیشە زیاتر دەبێت بۆ ئەوەی ئەقڵی سنووردار لە خودایەکی بێکۆتایی ببینێت. لەگەڵ بینینی ئەمە زیاتر و زیاتر دڵخۆش دەبین. دەتوانن بیرکردنەوەی زیاتر لەم بارەیەوە لەلایەن جۆناسان ئێدواردز بخوێننەوە لە کتێبی جۆن پایپەر، خولیای خودا بۆ شکۆمەندی خۆی: ژیانی دیدگای جۆناسان ئێدواردز (ویتن، ئیل: کرۆس وەی، ١٩٩٨)، لاپەڕە ٣٧.

بەرهەمی ڕۆحی پیرۆزە (گەلاتیا ٥: ٢٢). پێی دەگوترێت «خۆشی ڕۆحی پیرۆز» (یەکەم سالۆنیکی ١: ٦). کاری خودا ئەوەیە: «خودای هیوا بە هەموو خۆشی و ئاشتییەک لە باوەڕدا پڕتان بکات» (ڕۆما ١٥: ١٣). ئەوە کاریگەری نیعمەتی خودایە: «ئێستاش خوشکان، برایان، حەز دەکەین نیعمەتی خودا بزانن کە دراوەتە کڵێساکانی مەکدۆنیا. ئەوان لە تەنگانەیەکی زۆر گەورەدا بوون، بەڵام ژیانیان پڕ بوو لە خۆشی، لەگەڵ ئەوەی زۆر هەژار بوون، بەڵام دڵفراوان و بەخشندە بوون.» (دووەم کۆرنسۆس ٨: ١-٢). خۆشی لە خودادا لە دڵدا بەئاگا دێتەوە کاتێک خودا بە میهرەبانییەوە چاوەکانمان دەکاتەوە بۆ بینینی شکۆمەندی مەسیح لە ئینجیلدا (دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤).

سەرەڕای ئەوەش، هەرچەندە خۆشی بە خودا لە کۆتاییدا بەخششێکی خودایە، بەڵام ئامرازەکان بەکاردەهێنێت بۆ هێنانی مرۆڤەکان بۆ ناو پڕییەکەی. پۆڵس هەموو خزمەتەکەی بە زەحمەت وەسف کرد بۆ خۆشی کەسانی دیکە. «نەک بەسەر باوەڕتان سالار بین، بەڵکو هاوکارین بۆ خۆشیتان، چونکە بە باوەڕ چەسپاون» (دووەم کۆرنسۆس ١: ٢٤). بە کڵێسای فیلیپی گوت کە هۆکاری ئەوەی خودا ڕێگەی پێدەدات بژی، «بۆ بەرەوپێشچوون و خۆشیتان لە باوەڕ»ە (فیلیپی ١: ٢٥). عیسا گوتی کە قسەکانی خۆی ئەو ئامرازانەن کە خودا بەکاریدەهێنێت بۆ ئەوەی قوتابییەکانی شاد بکات: «ئەم شتانەم پێ گوتن تاکو خۆشیی منتان تێدابێت و خۆشیتان پڕ و تەواو بێت» (یۆحەنا ١٥: ١١). هەروەها گوتی کە نوێژ ئامرازێکی شادییە: «هەتا ئێستا بە ناوی منەوە هیچتان داوا نەکردووە. داوا بکەن وەریدەگرن، تاکو خۆشییەکەتان کامڵ و تەواو بێت» (یۆحەنا ١٦: ٢٤). لیستی ئامرازەکان دەکرێت بەردەوام بێت. بەڵام مەبەست لێرەدا تەنها ئەوەیە کە نیشان بدەین شتێک هەیە کە دەتوانین بیکەین بۆ ئەوەی خەڵکی دڵخۆش بکەین بە خودا، بە مەرجێک خودا بە نیعمەتە یەکلاکەرەوەمەی خۆی هەوڵەکانمان بەرەکەتدار بکات.

## دڵخۆشکردنی کەسانی دیکە بە خودا شتێکی زۆر گەورەیە

ڕوونکردنەوەی دووەم ئەوەیە کە خۆشی بە خودا ئەزموونێکی ئایینی لاوەکی نییە. کاتێک باس لە دڵخۆشکردنی خەڵک دەکەم بە خودا، هەموو ئەو کارە ڕزگارکەرانەم لەبەرچاوە کە خودا لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی کردوویەتی. من ناڵێم خۆشی کۆی ڕزگاربوونە. من دەڵێم خۆشحاڵی لە خودادا ئامانجی هەموو کارێکی ڕزگارکردنە، وە کرۆکی ئەزموونی ئەوەیە کە ڕزگاربوون واتای چییە. ئەگەر ئەم خۆشییە لە خودادا نەبووایە، ئەوا ڕزگاری نەدەبوو.

بۆیە کاتێک باس لە دڵخۆشکردنی کەسێک دەکەم بە خودا، پلان و نیعمەتی خودا دەخەمەڕوو «کە پێش دەستپێکی زەمانە بەهۆی یەکبوونمان لەگەڵ عیسای مەسیحدا

پێـمان دراوە» (دووەم تیمۆسـاوس ١: ٩). مـن کاری ڕزگارکـەری تـەواوی مەسـیح لـە مـردن و زیندووبوونـەوەدا دەخەمـەڕوو (ڕۆمـا ٣: ٢٤-٢٦). مـن کارە خوداییەکانـی لەدایکبوونـی نـوێ دەخەمـەڕوو کـە سروشـتێکی نوێمان پێدەبەخشـێت (یۆحەنا ٣: ٣-٧؛ یەکـەم پەتـرۆس ١: ٣، ٢٣). مـن گۆڕانێـک کـە لـە خوداوەیـە و خـودا پێـی بەخشـین دەخەمـەڕوو، تۆبـە و گەڕانـەوە کـە لـە گونـاە دوور دەکەوێتـەوە و بـۆ یارمەتـی ڕوو لـە خـودا دەکات (دووەم تیمۆسـاوس ٢: ٢٥؛ کـردار ٣: ١٩؛٢٦: ٢٠). مـن بـاوەڕ بـە عیسـای مەسـیح دەخەمـەڕوو کـە مەسـیح وەک ڕزگارکـەر و پـەروەردگار و گەنجینـەی بـاڵای ژیـان لـە خۆدەگرێـت (فیلیپـی ٣: ٧-٩). مـن گۆڕانـکاری پێشـکەوتووانە بـۆ بـوون بـە هاوشـێوەی مەسـیح دەخەمـەڕوو کـە پێـی دەگوترێـت پیرۆزکـردن (ڕۆمـا ٦:٢٢ ؛٨: ٢٢). مـن هەمـوو ژیانـی خۆشەویسـتی کـە بەخشـین بـە بەختەوەرتـر دەزانێـت نـەک وەرگرتـن، دەخەمـەڕوو (کـردار ٢٠: ٣٥). وە مـن نوێبوونـەوەی تـەواوی جەسـتە، دەروون، دڵ، پەیوەندییـەکان و کۆمەڵـگا دەخەمـەڕوو کـە بەشـێکی لـەم سـەردەمەدا ڕوودەدات، بـە فراوانبوونـی شانشـینی خـودا، وە پاشـان بـە تـەواوی لـە کاتـی تەواوبوونـی مەبەسـتەکانی خـودا لـە سـەردەمی داهاتـوودا (کـردار ٣: ٢١؛ ڕۆمـا ٨: ٢٣).

کەواتـە کاتێـک باسـی خۆشـی لە خـودادا دەکەم، مەبەسـتم خۆشـییەکە کە ڕەگ و ڕیشـەی لـە فەرمانـی هەمیشـەیی خـودادا هەیـە، بـە خوێنی مەسـیح کـڕدراوە، بەهۆی ڕۆحـی خوداوە لـە دڵـی تـازە لەدایکبـوودا هەڵدەقوڵێـت، لـە تۆبـە و بـاوەڕدا بەئـاگا دێتـەوە، کرۆکەکـەی پێکدەهێنێـت لـە پیرۆزکـردن و هاوشـێوەی مەسـیح بـوون، وە ژیانێکـی خۆشەویسـتی و سـۆزێک بـۆ ڕزگارکردنـی جیهـان بـە وێنـەی خـوداوە دروسـت دەکات. خۆشـی لـە خـودادا ڕاسـتییەکی گەورەیـە کـە خـودا لـە ژیانـی هەڵبژێردراوانیـدا بـۆ شـکۆمەندی ناوەکـەی پلانـی بـۆ دانـاوە و کـڕدراوە و بەرهەمـی هێنـاوە.

## کەواتە ئیمە دەبێت چی بکەین؟

بـەو دوو ڕوونکردنەوەیـە، دیسـانەوە دەپرسـم، چـی بکەیـن بـۆ ئـەوەی خەڵکـی دڵخـۆش بکەیـن بـە خـودا؟ چ ڕێگایەکـی مەترسـیدار و قوربانیـدان دەبێـت بگرینـە بـەر بـۆ خولیـای باڵادەسـتی خـودا لـە هەمـوو شـتێکدا، وە لـە تامەزرۆییـمان بـۆ شـکۆمەندی مەسـیح، وە لـە پابەندبوونمـان بـە بیرکردنـەوە بـۆ شـانازیکردن تەنهـا بـە خـاچ؟ بابەتەکانـی داهاتـووی ئـەم کتێبـە بـاس لـەوە دەکـەن.

# بەشی حەوتەم

## ژیان بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت خودا لە ژیان بەهادارترە

بـۆ ئـەوەی کەسـانی دیکـە بـە خۆشـییەکی هەتاهەتایـی لـە خـودادا دڵخـۆش بکەیـن، دەبێـت ژیانمـان ئـەوە نیشـان بـدات کـە خـودا لـە ژیـان بەهادارتـرە. «لەبـەر ئـەوەی خۆشەویسـتییە نەگۆڕەکـەت لـە ژیـان باشـترە،لێوەکانم ستایشـت دەکـەن» (زەبـوورەکان ٦٣: ٣). بـۆ ئـەوەی ئـەم کارە بکەیـن دەبێـت ژیانـی قوربانیـدان هەڵبژێریـن کـە ڕەگیـان لـە دڵنیاییدایـە و شـکۆداری مەسـیح لـە ڕێگـەی بەخشـندەیی و میهرەبانییـەوە لـە خۆپەرسـتی دڵخۆشـکەرتر دەکات. ئەگـەر لـە مەترسـی دوور بکەوینـەوە بـۆ ئـەوەی ژیانـی خۆمـان بـە سـەلامەتی و پارێـزراوی بهێڵینـەوە، ئـەوا ژیانمـان بەفیـڕۆ دەدەیـن. ئـەم بابەتـە بـاس لـە جۆرێـک شـێوازی ژیـان دەکات کـە ڕەنگـە بەفیـڕۆدان نەهێڵێـت.

### چۆن ناپاکی لە عیسا نەکەین

ئەگـەر مەسـیح گەنجینـەی تـەواو تێرکـەر بێـت و بەڵێـن بـدات هەمـوو پێداویسـتییەکانمان دابیـن بـکات، تەنانـەت لـە ڕێگـەی برسـێتی و ڕووتییـەوە، ئـەوا ئەگـەر وەک ئـەوە بژیـن کـە بەهاکانـی جیهـان لەلامـان بەهادارتـر بێـت لـە خـودا، ئـەوا ناپاکـی لـێ دەکەیـن. مـن بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە مێشـکمدا بیـر لـەوە دەکەمـەوە کـە چـۆن پارەکانمـان بەکاردەهێنیـن و چـۆن هەسـت بـە کەلوپەلەکانمـان دەکەیـن. گوێـم لـە قسـە ترسـناکەکەی عیسـا دەبێـت، «جـا خـەم مەخـۆن بڵێـن، "چـی بخۆیـن؟" یـان "چـی بخۆینـەوە؟" یـان "چـی لەبـەر بکەین؟" چونکـە بێبـاوەڕان هـەوڵ بـۆ هەمـوو ئـەم شـتانە دەدەن» (مەتـا ٦: ٣١-٣٢). بـە واتایەکـی دیکـە ئەگـەر وا دەربکەویـن کـە ژیانمـان تەرخـان کـراوە بـۆ بەدەسـتهێنان و پاراسـتنی شـتەکان، ئـەوا لـە جیهـان دەچیـن و ئـەوەش نابێتـە هـۆی ئـەوەی شـکۆمەندی مەسـیح دەربکەوێـت. ئـەوە لـە بەرژەوەندییەکـی لاوەکـی ئایینـی دەچێـت کـە ڕەنگـە لـە کۆتاییـدا سـوودی هەبێـت بـۆ دەربازبـوون لـە دۆزەخ، بـەڵام جیاوازییەکـی ئەوتـۆ نـاکات لـەوەی ئێمـە لێرەدا دەژیـن و خۆشـمان دەوێـت. لـە گەنجینەیەکـی تـەواو تێرکـەر ناچێـت. ئـەوەش نابێتـە هـۆی دڵخۆشـکردنی کەسـانی دیکـە لـە خـودادا.

ئەگـەر ئێمـە دەربـەدەر و پەنابـەر بیـن لەسـەر زەوی (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ١١)، وە ئەگەر هاووڵاتیبووانمـان لـە ئاسـمان بێـت (فیلیپـی ٣: ٢٠)، وە ئەگـەر هیـچ شـتێک ناتوانێـت لـە خۆشەویسـتی مەسـیح جیامـان بکاتـەوە (ڕۆمـا ٨: ٣٥)، وە ئەگـەر خۆشەویسـتییە

چەقبەستووەکەی لە ژیان باشتر بێت (زەبوورەکان ٦٣: ٣)، وە ئەگەر هەموو سەختییەکان کار دەکەن بۆ قورساییەکی هەتاهەتایی شکۆمەندیمان (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٧)، ئەوا ترسەکانمان بە دەم باوە بدەن و «یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن» (مەتا ٦: ٣٣). ئێمە هەموو شتێک بە زبڵ و خاشاک هەژمار دەکەین بە بەراورد لەگەڵ مەسیح (فیلیپی ٣: ٧- ٨). ئێمە «کاتێک سامانمان تاڵان کرا بە خۆشییەوە قبوڵمان کرد،» لەپێناو کردەوەی میهرەبانی کە باو نییە (عیبرانییەکان ١٠: ٣٤). ئێمە ئەوە هەڵدەبژێرین «بەلایەوە باشتر بوو لەگەڵ گەلی خودا سووکایەتیی پێ بکرێت، لەوەی لەزەتێکی کاتیی لە گوناهدا هەبێت.» وە نرخی «ئەو ڕیسواییەی لەپێناوی مەسیحدا چێژتی بە سامانێکی گەورەتری دانا لە گەنجینەی میسر» (عیبرانییەکان ١١: ٢٥-٢٦).

## بۆچی خەڵک لە هیوای ئێمە ناپرسن؟

گومانی تێدا نییە ئەگەر ئێمە زیاتر بەم شێوەیە بژین، جیهان زیاتر بیر لەوە دەکاتەوە کە ئایا عیسا گەنجینەیەکی تەواو تێرکەرە یان نا. بە دڵنیاییەوە عیسا گەنجینەکەیە. دوایین جار کەی بوو کەسێک پرسیاری لێکردیت دەربارەی ”هۆکاری ئەو هیوایەی کە لە تۆدایە“؟ ئەمە ئەوەیە کە پەترۆس گوتی پێویستە هەمیشە ئامادە بین وەڵامی بدەینەوە: «هەردەم [ئامادەبن] بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری هەر یەکێک سەبارەت بەم هیوایەی لە ئێوەدایە» (یەکەم پەترۆس ٣: ١٥).

بۆچی خەڵکی سەبارەت بەو هێوایەی ئێمە هەمانە پرسیارمان لێ ناکەن؟ ڕەنگە وەڵامەکە ئەوە بێت کە ئێمە وا دەربکەوین کە هیوامان بە هەمان ئەو شتانە هەبێت کە ئەوان هەیانە. ژیانمان وا دەرناکەوێت کە لەسەر ڕێگای گولگۆسا بێت، لەبەر خۆشەویستی قوربانیدان ڕوتکرابێتەوە، بەو دڵنیاییە شیرینە خزمەت بە کەسانی دیکە بکەین کە پێویستمان بە پاداشتکردن نەبێت لەم ژیانەدا. چونکە پاداشتەکەمان لە ئاسمان زۆرە (مەتا ٥: ١٢)! «لە هەستانەوەی ڕاستودروستەکان پاداشت دەدرێتەوە» (لۆقا ١٤: ١٤). ئەگەر ئێمە قووڵتر باوەڕمان بەم شتە هەبووایە، ڕەنگە کەسانی دیکە بەهای خودا لای ئێمە ببینن و خۆشی خۆیان لە ناویدا بدۆزنەوە.

## متمانەکردن بە مەسیح بەووەوە پەیوەستە کە ئێمە چۆن پارەکانمان بەکاردەهێنین

پرسی پارە و شێوازی ژیان لە کتێبی پیرۆزدا پرسێکی لاوەکی نییە. متمانەی مەسیح لە جیهاندا بەووەوە پەیوەستە. ”لەسەدا پازدەی هەموو ئەو شتانەی مەسیح باسی کردووە پەیوەندییان بەم بابەتە هەیە -زیاتر لەو فێرکارییانەی کە سەبارەت بە ئاسمان

و دۆزەخ پێکـەوە کۆکراونەتـەوە.“[٢٤] گـوێ لـەم خۆبەدوورگرتنـە بگـرن کـە بـە درێژایـی فێرکارییەکانـی دەبینرێـت:

- «شـتێکت کەمـە، بـڕۆ هەرچیـت هەیـە هەمـووی بفرۆشـە و بیـدە بـە هـەژاران، بەمـە گەنجینەیەکـت لـە ئاسـماندا دەبێـت، ئینجـا وەرە دوام بکـەوە» (مەرقـۆس ١٠: ٢١).
- «خۆزگـە دەخوازرێـت بـە ئێـوە، ئـەی هـەژاران، چونکـە شانشـینی خـودا بـۆ ئێوەیـە... بـەڵام قوڕبەسـەرتان ئـەی دەوڵەمەنـدان، چونکـە خۆشـگوزەرانی خۆتـان لێـرە وەرگرتـووە» (لۆقـا ٦: ٢٠، ٢٤).
- «بـەم شـێوەیە، هـەر یەکێکتـان ئەگـەر واز لـە هەمـوو شـتێک نەهێنێـت کـە هەیەتـی، ناتوانێـت ببێتـە قوتابـی مـن» (لۆقـا ١٤: ٣٣).
- «ئاسـانترە وشـترێک بـە کونـی دەرزییەکـەوە بچێـت لـەوەی دەوڵەمەندێـک بچێتـە نـاو شانشـینی خـوداوە» (لۆقا ١٨: ٢٥).
- «ژیانی مرۆڤ بە زۆری سامانەکەی نییە» (لۆقا ١٢: ١٥).
- «بەڵکـو یەکـەم جـار داوای پاشـایەتییەکەی خـودا و ڕاستودروسـتییەکەی بکـەن، هەمـوو ئەمانەتـان بـۆ دابیـن دەکرێـت» (مەتـا ٦:٣٣).
- «ئـەوەی هەتانـە بیفرۆشـن و بـە خێـر بیبەخشـن. بـۆ خۆتـان جزدانێـک دابیـن بکەن کـە نەفەوتێـت، سـامانێک لـە ئاسـمان کـە لەبـن نایـەت. لـەوێ نـە دز لێـی نزیـک دەبێتـەوە و نـە مۆرانـە لێـی دەدات» (لۆقـا ١٢: ٣٣).
- ««زەکا... بـە مەسـیحی خـاوەن شـکۆی گـوت: «گـەورەم، ئەوەتـا نیـوەی سـامانەکەم دەدەمـە هـەژاران... عیسـاش پێـی فەرمـوو: ”ئەمـڕۆ ڕزگاری بـۆ ئـەم ماڵـە هـات،“»» (لۆقا ١٩: ٨-٩).
- «شانشـینی ئاسـمان لـە گەنجینەیـەک دەچێـت لـە کێڵگەیەکـدا شـاردرابێتەوە. کەسـێک دەیدۆزێتـەوە و دیسـان دەیشـارێتەوە، ئینجـا لـە خۆشـییان دەچێـت و هەرچیـی هەیـە دەیفرۆشـێت و ئـەو کێڵگەیـەی پـێ دەکڕێـت» (مەتـا ١٣: ٤٤).
- «بێوەژنێکـی هەژاریشـی بینـی دوو فلسـی خسـتە نـاوی. ئینجـا فەرمووی: «ڕاستیتان پـێ دەڵێـم، ئـەم بێوەژنـە هـەژارە لـە هەموویـان زیاتری دانـا» (لۆقـا ٢١: ٢-٣).
- «بـەڵام خـودا پێـی فەرمـوو: ”ئـەی گێلـە، هـەر ئەمشـەو گیانـت دەردەچێت. باشـە ئەوەی کـۆت کردووەتـەوە، بـۆ کـێ دەبێـت؟“» «بـە هەمـان شـێوە دەبـێ ئـەو کەسـەی گەنجینـە بـۆ خـۆی کۆدەکاتـەوە بـەڵام لـەلای خـودا دەوڵەمەنـد نییـە.» (لۆقـا ١٢: ٢٠- ٢١).
- «ڕێـوی کونـی هەیـە و باڵنـدەی ئاسـمانیش هێلانـە، بـەڵام کـوڕی مـرۆڤ جێیەکـی نییـە کـە سـەری لەسـەر دابنێـت... دوام بکـەوە.» (لۆقـا ٩: ٥٨-٥٩).

## ئازادیخوازی مەترسیدار

دووبـارە و سـێبارە عیسـای مەسـیح بێوچـان لـە بانگـەوازە بنەڕەتییەکەیـدا بـۆ شـێوازی ژیانـی سـەردەمی جەنـگ بـە ئامـاژە دەکات بـۆ خشـەندەییەکی مەترسـیدار. مـن دەڵێـم "مەترسیدار" بەهـۆی ئـەو چیرۆکـەی سـەبارەت بـە بێوەژنەکـە. دوا فلسی خۆی بـۆ خزمەتی پەرسـتگا بەخشـی. زۆربەمـان بـە گەمـژە نـاوی دەبەیـن یـان بـە شـێوازێکی ناسـکتر پێـی دەڵێیـن بـێ ئـاگا. بـەڵام یـەک وشـەی ڕەخنـە لەلایـەن عیسـاوە نییـە:

«بێوەژنێکی هـەژار هـات و دوو فلسـی دانـا کـە نیـو عانەیـە. قوتابییەکانی بانگکرد و پێـی فەرمـوون: "ڕاسـتیتان پـێ دەڵێـم، ئـەم بێوەژنـە هـەژارە، لـە هەمـوو ئەوانـەی دیکـە پـارەی زیاتـر خسـتە نـاو گەنجینەکـە، چونکـە هەمـووان لـە زیـادەی خۆیـان بەخشـیبیان، بـەڵام ئـەم بێوەژنـە، سـەرەڕای هەژارییەکـەی هەمـوو بژێوییەکـەی بەخشـی»» (مەرقـۆس ١٢: ٤٢-٤٤)

مەبەسـت لێرەدا ئـەوە نییـە کـە هەمـوو کەسێـک هەمـوو شـتێکی خـۆی بـدات. بابەتەکە ئەوەیـە: عیسـا مەترسـیکردنی پـڕ لـە بـاوەڕی خۆشـدەوێت بـۆ شـکۆمەندی خـودا. مـن یاسـایەکم نییـە کـە پێـت بـدەم سـەبارەت بـە وردەکارییەکانـی چۆنیەتـی خەرجکردنـی پارەکـەت، هـەروەک چـۆن عیسـا نەیـداوە. مـن تەنهـا دەمەوێـت ئامـاژە بـە عیسـا بکـەم و بـا قسـەکەی کاریگـەری ڕاچڵەکێنـەر و ڕزگارکـەری خـۆی لەسـەر ئێمـە هەبێـت.

## پارە بەکاربهێنە بۆ ئەوەی نیشان بدەیت خودا گەنجینەی ئێمەیە نەک سامان

جەختکردنـەوەی عیسـا لەسـەر پـارە و مـاڵ و موڵـک لـە سەرانسـەری پەیمانـی نوێـدا لەلایـەن نێـردراوان وەک نمونـە پارێـزراوە. وە لـە چیرۆکەکانـی سـیپارەی کـرداری نێردراوانـدا دەبینرێـت، «مـاڵ و موڵکـی خۆیـان دەفرۆشـت و بەگوێـرەی پێویسـتی هەریەکەیـان دابەشـیان دەکـرد» (کـردار ٢: ٤٥). قسـەکانی پۆڵسـی نێـردراو هەیـە کـە دەڵێـت: «ئـەوان لـە تەنگانەیەکـی زۆر گـەورەدا بـوون، بـەڵام ژیانیـان پـڕ بـوو لـە خۆشـی، لەگـەڵ ئـەوەی زۆر هـەژار بـوون، بـەڵام دڵفـراوان و بەخشـندە بـوون» «... ئـەوەی بـە دڵخۆشـییەوە ببەخشـێت خـودا خۆشـی دەوێـت» (دووەم کۆرنسـۆس٢: ٨؛ ٧: ٩). قسـەی یاقوبـی بـرای عیسـا هەیـە کـە دەڵێـت: «لەبـەر ئـەوەی ڕۆژ بـە گەرمییـە سـووتێنەرەکەی هەڵدێـت، گژوگیـا وشـک دەبێـت و گوڵەکـەی هەڵدەوەرێـت و دیمەنـی جوانـی نامێنێـت. بـە هەمـان شـێوە، دەوڵەمەندیش کاتێـک سـەرقاڵە بـە کارەکانییـەوە لەناودەچێـت» (یاقـوب ١: ١١).

پرسـەکە گشـتگیرە، چونکـە بـۆ شـایەتیدانی کڵێسـا زۆر گرنگـە. ئەگـەر بمانەوێـت مـرۆڤ دڵخـۆش بکەیـن بـە خـودا، دەبێـت ژیانمـان وا دەربکەوێـت کـە خـودا خۆشـی ئێمەیـە نـەک

موڵـک و مـاڵ. ژیانمـان دەبێـت وا دەربکەوێـت کـە ئێمـە سـامانەکەمان بەکاردەهێنیـن بـۆ ئـەوەی خەڵکـی دڵخـۆش بکەیـن بـە خـودا -بـە تایبەتـی ئەوانـەی کـە زۆرتـر پێویسـتیان پێیەتـی و هـەژارن.

## بۆچی دەستەواژەی "شێوازی ژیانی سەردەمی جەنگ" بەکاردەهێنم

هەندێـک جـار دەسـتەواژەی "شـێوازی ژیانـی سـەردەمی جەنـگ" یـان "بیرکردنـەوەی سـەردەمی جەنـگ" بەکاردەهێنـم. دەسـتەواژەکە یارمەتیـدەرە -بـەڵام لایەنگریشـە. بـۆ مـن بـە شـێوەیەکی سـەرەکی یارمەتیـدەرە. پێـم دەڵێـت کـە جەنگێـک لـە جیهانـدا دەگوزەرێـت لەنێـوان مەسیح و شـەیتان، ڕاستی و درۆ، بـاوەڕ و بێبـاوەڕی. پێـم دەڵێـت کـە چـەک هەیـە دەبێـت پـارەی بـۆ دابیـن بکرێـت و بەکاربهێنرێـت، بـەڵام ئـەم چەکانـە شمشـێر یـان دەمانچە یـان بۆمـب نیـن، بەڵکـو ئینجیـل و نـزا و خۆشەویسـتی خۆبەختکردنـن (دووەم کۆرنسـۆس ١٠: ٣-٥). وە پێـم دەڵێـت کـە گرەوەکانـی ئـەم ململانێیـە لـە هەمـوو جەنگێکـی دیکـەی مێـژوو زیاتـرە؛ ئـەوان هەمیشـەیی و بـێ سـنوورن: ئاسـمان یـان دۆزەخ، خۆشـی هەمیشـەیی یـان ئـازاری هەمیشـەیی (مەتـا ٢٥: ٤٦).

پێویسـتە دووبـارە و سـێبارە ئـەم پەیامـە ببیسـتم، چونکـە بـە دڵنیاییـەوە دەچمـە نـاو بیرکردنەوەیەکـی کاتـی ئاشـتییەوە کـە بـاران دەبارێـت و بڵێسـەی ئاگـر بـەرز دەبێتـەوە. مـن بـە سروشـت ئامادەکـراوم بـۆ ئـەوەی هەمـان ئـەو یارییانـەم خۆشـبوێت کـە جیهـان خۆشـی دەوێـت. دەسـت دەکـەم بـە خۆگونجانـدن، دەسـت دەکـەم بـە خۆشویسـتنی ئـەوەی کـە کەسـانی دیکـە خۆشـیان دەوێـت. دەسـت دەکـەم بـە ناوهێنانـی زەوی بـە "مـاڵ". پێـش ئـەوەی بزانـن مـن بـە شـتەکانی خۆشـگوزەرانی دەڵێـم «پێداویسـتی» و پارەکـەم هـەر بـەو شـێوەیە بەکاردەهێنـم کـە بێبـاوەڕان بەکاریدەهێنـن. دەسـت دەکـەم بـە لەبیرکردنـی جەنگەکـە. زۆر بیـر لـە لەناوچوونـی مرۆڤـەکان ناکەمـەوە. مزگێنیـدەر و گەلانـی مزگێنـی پێنەگەیشـتوو لـە مێشـکمدا دەچنـە دەرەوە. واز لـە خـەون بینیـن بـە سـەرکەوتنەکانی نیعمـەت دێنـم. مـن نوقـم دەبـم لـە بیرکردنەوەیەکـی دونیایـی کـە سـەرەتا سـەیری ئـەوە دەکات مـرۆڤ دەتوانێـت چـی بـکات، نـەک ئـەوەی خـودا دەتوانێـت بیـکات. نەخۆشـییەکی ترسـناکە. وە سوپاسـی خـودا دەکـەم بـۆ ئەوانـەی کـە دووبـارە و سـێبارە ناچاریـان کـردووم بـەرەو بیرکردنەوەیەکـی سـەردەمی جەنـگ بـڕۆم.

## چۆن سەردەمی جەنگ دەردەکەوێت

سوپاسـی خـودا دەکـەم بـۆ هەبوونـی ڕالـف وینتـەر کـە بـۆ نمونـە نـەک هـەر بـە هێـزەوە لەسـەر شـێوازێکی ژیانـی سـەردەمی جەنـگ نووسـیویەتی، بەڵکـو وەک مزگێنیـدەر و

پرۆفیسۆر و دامەزرێنەری سەنتەری ئەمریکی ژیاوە بۆ ئەرکی جیهانی و داکۆکیکارێکی ماندوو نەناسانە بۆ ئەو گەلانەی مزگێنی مەسیحیان پێنەگەیشتووە لە هەموو جیهاندا. ئەو ئەم وێناکردنە زیندووەی خوارەوەی سەبارەت بە جیاوازی نێوان ئەقڵیەتی سەردەمی جەنگ و سەردەمی ئاشتی سەبارەت بە بەکارهێنانی سامانی ئێمە خستەڕوو.

کەشتی «کوین مێری» کە لە بەندەری لۆنگ بیچ لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بۆ پشوودان مایەوە، مۆزەخانەیەکی سەرنجڕاکێشی ڕابردووە. هەم وەک کەشتییەکی شاهانە لە سەردەمی ئاشتیدا و هەم وەک گواستنەوەی سەربازەکان لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا بەکارهاتووە، دۆخی ئێستای وەک مۆزەخانەیەکە کە درێژی سێ یاریگای تۆپی پێیە، جیاوازییەکی سەرسوڕهێنەر لەنێوان ئەم دوو شێوازی ژیان دەردەخات کە لە ئاشتی و جەنگدا گونجاون. دابەش بووە بە دوو بەش لە لایەکی ژووری نانخواردنەکە کە ئاوەدان کراوەتەوە بۆ ئەوەی وێناکردنی مێزی سەردەمی ئاشتی بێت کە بۆ خاوەنکارە دەوڵەمەندە کولتور بەرزەکان گونجاو بوو، کە کۆمەڵێک چەقۆ و چەنگاڵ و کەوچکی سەرسوڕهێنەر بۆیان هیچ نهێنییەکی نەبوو. لە لایەکی دیکەی دابەشکردنەکەدا بەڵگەکانی خۆپارێزی لە سەردەمی جەنگدا هەیە و هەر دوو بەش لە جیاوازییەکی زۆردان. یەک سینی کانزایی کە چەقۆی تێدایە جێگەی پازدە قاپ و دەفری لەسەرر دەبێتەوە. جێگای نوستنەکان کە تەنها دوو قات نین، بەڵکو هەشت قات بەرزن، ڕوونی دەکەنەوە کە چۆن تەواوکەری کاتی ئاشتی کە ٣٠٠٠ کەس بوو لە کاتی جەنگدا جێگەی خۆی بە ١٥٠٠٠ کەسی ناو کەشتییەکە دەدا. دەبێ ئەم گۆڕانکارییە چەندە بۆ ئاغاکانی سەردەمی ئاشتی بێزارکەر بووبێت! بۆ ئەوەی ئەو کارە بکرێت، بێگومان باری نائاسایی نیشتمانیی دەویست. چارەنوس و مانەوەی نەتەوەیەک بەوەوە بەندە. کرۆکی ئەرکی گەورەی ئێمە کە مەسیح ڕایسپاردووین لە ئەمڕۆدا ئەوەیە کە چارەنووسی چەندین ملیۆن کەس پشت دەبەستێت بە جێبەجێکردنیەوە.[٢٥]

بە لەبەرچاوگرتنی لاوازی دڵم لە بەرامبەر وەسوەسەی ئەقڵی سەردەمی ئاشتیدا، کە هەموو ڕۆژێک لەلایەن میدیا و کات بەسەربردنەوە پاڵدەنرێتە ناو مێشکمەوە، پێویستم بەم وێنانەکردن و ئەم بیرهێنانەوانەیە. ئێمە لە جەنگداین، چ پشکەکان دادەبەزن یان بەرزبنەوە، تیرۆریستان لێدەدەن یان خۆیان دەشارنەوە، ئێمە تەندروست بین یان نەخۆش. هەم چێژ و هەم ئازار بە ژەهرەوە بەستراون، ئامادەن بە نەخۆشییەکانی شانازی یان بێهیوایی بمانکوژن. هۆشداری دووبارەبوونەوەی کتێبی پیرۆز بۆ «ئاگاداربە»[٢٦] لەگەڵ وێنەی سەردەمی جەنگدا دەگونجێت. وە هەموو ڕۆژێک پێویستم بەم هۆشدارییەیە.

## بۆچی باسی "شێوازی ژیانی سادە" نەکەین؟

بیرکردنـەوە لـە شـێوازێکی ژیانی سـەردەمی جەنـگ یارمەتیدەرتـرە نەوەک تەنها شـێوازێکی ژیانــی ســادە. ڕەنگــە ســادەیی ئەڵقەیەکــی ڕۆمانســی و سەرنجراکێشــییەکی جوانــکاری دیاریکـراوی هەبێـت کـە نامۆیـە بـە بازرگانـی پیسـی دڵسـۆزی لـە شـوێنە مەترسیدارەکانی جیهانـدا. هەروەهـا ڕەنگـە سـادەیی ئـەو ڕاسـتییە پشـتگوێ بخـات کـە لـە کاتـی جەنگـدا، خەرجییـە گـەورەکان بـۆ چەکـی ئاڵـۆز و ڕاهێنانـی سـەربازەکان پێویسـتە. ڕەنگـە ئەمانـە سـادە دەرنەکـەون، وە ڕەنگـە زۆر گـران بـن، بـەڵام هەمـوو وڵات قوربانـی دەدات بـۆ ئـەوەی ڕوودەدات. ڕەنگـە سـادەیی لـە نـاوەوە ئاراسـتە بێـت و ڕەنگـە سـوودی بـۆ کەسـی دیکـە نەبێـت. شـێوازی ژیانـی کاتـی جەنـگ ئـەوە دەگەیەنێـت کـە هۆکارێکـی گـەورە و شایسـتە هەیـە بـۆ خەرجکـردن و خـۆ تەرخانکـردن (دووەم کۆرنسـۆس ١٢: ١٥).

## بەفیڕۆدانی ژیان واتا لەدەستدانی ژیانمان بە هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنیان

ڕەنگـە "خەرجکـردن» شـتێکی چێژبەخـش دەربکەوێـت. ئەمـە وەهـا نییـە. ژیانبەخشـە کاتێـک دەبەخشـین بـۆ دڵخۆشـکردنی کەسانی دیکـە لـە خـودادا. عیسـا فێـری کردیـن کـە «ئـەوەی بیەوێـت ژیانـی خـۆی ڕزگار بـکات، دەیدۆڕێنێـت، بـەڵام ئـەوەی لەپێنـاوی مـن و مزگێنییەکـەم ژیانـی خـۆی بدۆڕێنێـت، ڕزگاری دەکات» (مەرقـۆس ٨: ٣٥). ئەمـەش کاریگـەری لەسـەر تاکەکانـی ڕێـگای ئاسـمان هەیـە، وە بـۆ کەلتوورەکانـی ڕێـگای لەناوچـوون. دیسـانەوە ڕاڵـف وینتـەر ئەمـە وێنـا دەکات:

> ئەمریـکا ئەمـڕۆ کۆمەڵگەیەکـی «خـۆت ڕزگار بکە»یـە ئەگـەر هەرگیـز کۆمەڵگەیـەک بووبێـت. بـەڵام ئایـا بەڕاسـتی وایـە؟ کۆمەڵـگا دواکەوتـووەکان بەدەسـت یـەک کۆمەڵـە نەخۆشـیەوە دەناڵێنـن: لافـاو، بەدخۆراکـی، هەوکردنـی سـییەکان، مشـەخۆر، نەخۆشـی تایفۆیـد، کۆلێـرا، تایفـۆس و هتـد. ئەمریـکای دەوڵەمەنـد بـە شـێوەیەکی مەجـازی کۆمەڵـە نەخۆشـییەکی تـەواو نوێـی داهێنـاوە: قەڵـەوی، ڕەقبوونـی خوێنبـەرەکان، نەخۆشـییەکانی دڵ، جەڵتـەی مێشـک، شـێرپەنجەی سـییەکان، نەخۆشـی سێکسـی، سـیرۆزی جگـەر، ئالوودەبـوون بـە مـاددە هۆشـبەرەکان، ئالـوودەی مەیخواردنـەوە، جیابوونـەوەی خێزانـی، منداڵـی لێدراو، خۆکوشـتن، کوشـتن. بـژاردەی خـۆت وەربگـرە. ئامێرەکانـی پاراسـتنی کرێـکار دەرکەوتـووە کـە ئامێـری جەسـتە کوشـتنن. دەوڵەمەندیمـان ڕێگـەی بـە هـەم جووڵـە و هـەم جیابوونـەوە و گوشـەگیرکردنی خێزانـی داوە و لـە ئەنجامـدا دادگاکانـی جیابوونـەوە و زینـدان و دامـەزراوە دەروونییەکانمـان بـە لێشـاو خەڵکیـان تێدایـە. لـە ڕزگارکردنـی خۆمانـدا خەریکـە خۆمـان لەدەسـت بدەیـن."[٢٧]

بەکارهێنانی موڵک وماڵی خۆمان بە شێوەیەک کەسانی خاوەن پێویستی بە خودا دڵخۆش بکات، بە زیاتر لە ڕێگایەک ڕزگارمان دەکات. ئەوە پشتڕاستی دەکاتەوە کە مەسیح گەنجینەی ئێمەیە، وە بەم شێوەیەش لەسەر ڕێگای بەهەشت دەمانهێڵێتەوە. وە کۆمەڵگاکەمان دەگۆڕێت، لە کۆمەڵگایەکەوە کە ئارەزووی خۆکوژی تێدایە بۆ تێرکردنی خۆی بەبێ هیچ خۆشییەک لە مەسیحدا و هیچ خۆشەویستییەک بۆ کەسانێک کە هەژارن. بۆ ڕزگارکردنمان لەم کارەساتە پێویستە بە ڕژدی بیر لە گرنگی شێوازی ژیانی سەردەمی جەنگ بکەینەوە.

## کاتی جەنگ لە ئاستی مایکرۆبایۆلۆجیدا

لە ساڵانی ڕابردوودا ڕالف وینتەر ئاڵایەکی دیکەی سەردەمی جەنگی هەڵدا. شایەنی ئەوەیە لێرەدا هەڵیبکەین. ڕەنگە خودا بەکاری بهێنێت بۆ ئەوەی هەندێکتان بنێرێتە ئاراستەیەکی خزمەت کە هەرگیز پێتان وا نەبووە خزمەت بێت. وینتەر سەرنجمان بۆ کاریگەرییەکانی گوناه و شەیتان ڕادەکێشێت لە ئاستی مایکرۆبایۆلۆجیدا کە هەندێک لە ترسناکترین وێرانکارییەکان لە بەدیهێنراوە باشەکەی خودا ڕوودەدەن.

> ”شەیتان بە شێوەیەکی ترسناک ئازادی یاخیگەرانەی خۆی لە پەرەپێدانی میکرۆب و ڤایرۆسی تێکدەر لە ئاستی میکرۆبیدا بەکارهێناوە، کە ئەمڕۆ یەک لەسەر سێی هەموو مردنەکانی سەر هەسارەکە پێکدەهێنن. ئەوەی کتێبی پیرۆز بە سادەیی پێی دەڵێت «پەتا“، بەڵایەکە بۆ ئاژەڵ و مرۆڤ بە هەمان شێوە. بەڵام یەزدانناسی باوی ئێمە بە ڕوونی ئەمە وەک کارێکی شەیتان ناناسێت کە خودا چاوەڕێی ئەوەمان لێدەکات وەک بەشێک لە ئەرکەکەی بەرەنگاری ببینەوە.
>
> بەڵام، ئەگەر مزگێنیدەرەکان بانگەشەی خودایەک نەکەن کە گرنگی بە هەموو ئازارەکان دەدات، هەموو شێواندنی دەستکردە داهێنەرەکانی، لە هەموو ئەم ئاستانەدا ئێمە تەنها تەواوی مەودای خۆشەویستی و نیگەرانییە گشتگیرەکەی بە هەڵە دەخەینەڕوو - خودی سروشتی ئەو....
>
> لە ڤێتنام بە تێکڕا ڕۆژانە دە ئەمریکی لە ماوەی تەواوی دە ساڵی ئەو جەنگەدا گیانیان لەدەستدا. وە، حکومەتەکەمان بێ هەژمارد ملیارەها دۆلاری ڕژاندە ناو ئەو ململانێیە بۆ ئەوەی گەلەکەمانی لێی دەربهێنن.
>
> بەڵام لە ئێستادا نەک دە بەڵکو ١٥٠٠ ئەمریکی ڕۆژانە بەهۆی شێرپەنجەوە دەمرن. بەڵام حکومەتەکەمان بەڕاستی تەنها یەک سەنت بەو ئاراستەیە خەرج ناکات: ٨٠٪ی لایەنگری بۆ توێژینەوەکانی ئایدز، ئەو ٢٠٪ـەی کە کۆتایی بە

> توێژینەوەکانی شێرپەنجە دێت نزیکەی تەواوی دەچێتە سەر هەڵسەنگاندنی چارەسەرەکان بەرەو خۆپاراستن کە کار ناکەن. تێدەگەم کە هەر ٤٠ پرۆژەی پەیمانگای نیشتمانی شێرپەنجەی فیدراڵی کە پارەیان بۆ دابین دەکرێت، سەرنجیان لەسەر چارەسەری کیمیایی و تیشکە نەک خۆپاراستن.
> وەک ئەوە وایە لە هەمان کاتدا گیرۆدەی ١٥٠ شەڕی ڤێتنام بیت -هەتا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە مردنەوە هەیە لە جەنگ. لەگەڵ ئەوەشدا وا مامەڵە دەکەین کە جەنگێک بوونی نەبێت! چۆن هۆشیاری ئەمریکا دەوروژێنرێت بۆ ئەوەی یەک لەسەر سێی هەموو ژنان و نیوەی هەموو پیاوان پێش مردنیان تووشی شێرپەنجە دەبن؟ ”[a]

بە تەواوی لەگەڵ مەبەستی ئەم کتێبەدا دەگونجێت کە هەزاران باوەڕدار بە مەسیح گوێیان لەم ئالنگارییە بێت کە دکتۆر وینتەر دەیکات و ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆ زانست و لێکۆڵینەوە و هەروەها چالاکی مزگێنیدانیش لەم بوارەدا بەکار بهێنن تاکو ڕووبەڕووی نەخۆشی و ئازار ببنەوە و جوانی هێزی مەسیح دەربخەن. چ جۆرە قوربانییەک بدەین بۆ ئەو جۆرە جەنگە لەگەڵ دوژمن؟

## کاتێک کە تاڵە مووێکیش گرنگ بوو

ئێمە ئەو قوربانیانەمان بینی کە خەڵکی سەربازی لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا دایان. بەڵام ئەوە تەنها لایەنی سەربازی نەبوو کە پێشینەییەکانی گۆڕی. هەموو وڵاتەکە بوون، هەروەک چۆن ئەمڕۆ هەموو کڵێساکە دەتوانێت بیکات. بە درێژایی سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم،

> تەواوی میللەتەکە... پێدەچوو لە شەوێکدا لە بێهێزییەکەی سەردەمی خەمۆکی دەرچووبن. هەمووان بە پەلە خەریکی یارمەتیدان بوون. بۆ هەوڵی جەنگ لاستیک پێویست بوو، وە بەنزین، وە کانزا. یارییەکی باسکە بۆ ئافرەتان لە زانکۆی نۆرس ویستەرن ڕاوەستا بۆ ئەوەی ناوبژیوان و هەر دە یاریزانەکە بتوانن

a بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئازادی شەیتان و سەروەری خودا، جەخت لەوە دەکەمەوە کە شەیتان ڕاستەقینەیە و خودا مۆڵەتی پێدەدات (وەک بڵێی) نەفرەتی خودایی لەسەر بەدیهێنان بەهۆی گوناهەوە بقۆزێتەوە (ڕۆما ٨: ٢٠-٢٣) ، بەڵام کە خودا لە هەموو بەشەکانیدا بەبێ جڵەوگیری جیهان دەمێنێتەوە. هیچ دژایەتییەک نییە لە نێوان ئەوەی بڵێین کە خودا بە شێوەیەکی گشتی هەموو شتەکان جڵەوگیر دەکات و بڵێین کە پێویستە ئێمە کار بکەین بۆ سەرکەوتن بەسەر نەخۆشیدا، بەرەنگاری دادپەروەری ببنەوە و خەڵکی بۆ لای مەسیح بەدەست بهێنین. کاری ئێمە بەشێکە لە شێوازی ئەو بۆ بەدیهێنانی پلانە سەروەرەکەی. بڕوانە کتێبی جان پایپەر، «خۆشی خودا لە هەموو ئەو کارانەی کە دەیکات“ (بەشی دووەم)، لە چێژەکانی خودا: تێڕامان لە خۆشی خودا لە خودابووندا (Sisters,OR: Multnomah, ٢٠٠٠) لاپەڕە ٤٧-٧٦.

زەوییەکە بشۆن بۆ دۆزینەوەی دەرزیەکی ونبووی پرچ بەستن. ئەمریکییەکان بەشدارییان کرد لە پشتگیریکردن لە بەرنامە توندەکانی بەشەخۆراک و کوڕەکانیان وەک خۆبەخش لە «شۆفێری» بۆ کۆکردنەوەی شتە جۆراوجۆرەکاندا دەرکەوتن. زۆری نەخایاند کەرە و شیر لەگەڵ کەلوپەلی قوتووکراو و گۆشت سنووردار کرا. پێڵاو کەم بوو، هەروەها کاغەز و ئاوریشمیش. خەڵک "باخچەکانی سەرکەوتن»یان گەشە پێدا و بەسەر "تیژڕەوی"دا سەرکەوتن و بۆ پاشەکەوتی غاز خێرایی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکانیان بۆ سی و پێنج میل لە کاتژمێرێکدا کەم کردەوە. دورشمی باویان ئەمە بوو کە «هەرچیت هەیە بیخۆ و بیپۆشە و دروستی بکە، یان ڕازی بە بەوەی هیچت نییە.» بە وردی گوێڕایەڵی ئاگادارکەرەوەی هێرشی ئاسمانی و کوژانەوەی کارەبا دەبوون. ئەمریکا قوربانی دا.[٢٨]

ئەم جۆرە وێنانە بۆ من زۆر بەهێزن. بە پلەی دووەم وا لە من دەکەن کە قەدری سوودەکانی ئازادی و خۆشگوزەرانی بزانم. بەڵام بە پلەی یەکەم سەرزەنشتم دەکەن لەسەر ژیانی بێ بایەخم و هانم دەدەن بۆ ئەوەی ژیانم بە شتێکی زیاتر لە ئاسوودەیی و سەرکەوتنی دونیا هەژمارد بکرێت -شتێک کە خودا شکۆدار و هەتاهەتاییە.

## بەڵێ، بەڵێ، قسەکردن سەبارەت بە جەنگ هاوسەنگ نییە

بەڵام من وەک لە سەرەوە گوتم، دان بەوەدا دەنێم، کە دەستەواژەی «شێوازی ژیانی سەردەمی جەنگ» یان «بیرکردنەوەی سەردەمی جەنگ" هاوسەنگ نییە. لەدوای وتارێک کە تێیدا ئەم دەستەواژانەم بەکارهێنا کە کەسێک بۆی نووسیم و پرسی: "کاتێک جەخت لەسەر وێنەی ژیانی سەردەمی جەنگ دەکەیتەوە، ئایا هیچ بوارێک بۆ ئەو لایەنانەی ژیان بەجێدەهێڵیت کە بەشێک نین لە جەنگ، وەک هونەر یان کات بەسەربردن؟ ئایا وێنەی دیکەی ژیانی باوەڕدار بە مەسیح ئەوە نییە کە لە جەنگدا ئارامگرتر بێت؟" لێرەدا ئەو وەڵامەی کە دامەوە وەک ئەو پەیامەی دواتر دامناوە:

وەڵامەکە ئەوەیە، بەڵێ، بە دڵنیایەوەی، وێنەی دیکەی ژیانی باوەڕدار بە مەسیح هەن کە ئارامترن. «یەزدان شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت. لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و دەمباتە سەر ئاوی هێمن و سازگار» (زەبوورەکان ٢٣: ١-٢). ئەوە وێنەیەکی زۆر جیاوازە لە کەوتنە خوارەوەی بۆمب و ڕژانی خوێن. «وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە» (مەتا ١١: ٢٨). «هەتا پیریش بن هەر من ئەوم، هەتا ڕیش سپییتیش هەر من هەڵتاندەگرم. من دروستم کردوون و ئێوە باری منن، هەر من هەڵدەگرم و دەرباز دەکەم» (ئیشایا ٤٦: ٤).

وە بەڵێ، کات و شوێنێکی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی شوێنکەوتووی مەسیح سوودی لێ وەربگرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکات و هەموو مەودای کەلتووری مرۆڤایەتی بگۆڕێت. لە ڕاستیدا، بە کردەوە مەحاڵە بەشێک نەبین لە کەلتووری مۆدێرن و ڕۆژئاواییمان؛ وە ئەگەر ئێمە لە ڕووی خۆبەدەستەوەدانی پێوانەکراو و هەڵسەنگاندنی کتێبی پیرۆز و گۆڕینی بیرکردنەوە بیر نەکەینەوە، ڕەنگە لەلایەن کەلتوورەکەوە بەکاربهێنرێین، وە تەنانەت نازانین کە ئێمە زیاتر ئەمریکایین لەوەی کە باوەڕدار بین بە مەسیح.

ئیتر، بەڵێ، بە هەموو شێوەیەک، هەموو وێنەکانی کتێبی پیرۆز بۆ داڕشتنی ژیانت بەکاربهێنە (نەک تەنها جەنگ). پاشان با ژیانێکی ڕیشەیی باوەڕدار بە مەسیح، کە بە خودا سەرسام بووە، مەسیح گەنجینەیەتی، وە بەخشندەیە -ئاڕاستەت بکات و سەرقاڵت بکات و کولتورەکەت لەقاڵب بدات.

بەڵام هەستی من ئەوەیە کە لە ڕۆژئاوای ئاوەدان و سەرکەوتوو، مەترسی لە کڵێسادا ئەوە نییە کە زۆر کەسی زۆر بە پەرۆش هەبن زۆر بە قووڵی گرنگی بە ونبووەکان بدەن، وە وەبەرهێنانێکی مەترسیدار لە دۆزی مزگێنی ئینجیلدا دەکەن، ژیانیان بە میهرەبانییەکی زۆر تێکدەدەن بۆ هەژاران. من دەتوانم گرەو بکەم کە لە بەرامبەر هەر باوەڕداریکی پیرۆز کە بێباکانە و بە زێدەڕەوی ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە، هەزار کەس هەن کە لەگەڵ جیهاندا هاوشێوە دەبن، وە وەک یارمەتیدەرێکی زیادکراو مامەڵە لەگەڵ عیسا دەکەن، نەوەک پاشایەکی تەواو ڕازیکەر و تەواو دەسەڵاتدار لە دۆزی خۆشەویستیدا.

## ڕەوشتی وێرانکەر تەنها خۆپاراستنە

یەکێک لە نیشانەکانی ئەم بیرکردنەوەیەی سەردەمی ئاشتی ئەوەیە کە من پێی دەڵێم ڕەوشتی خۆپاراستن. لە کاتی جەنگدا پرسیاری جیاواز دەکەین کە چی لە ژیانمان بکەین، وەک لەوەی لە کاتی ئاشتیدا ئەنجامی دەدەین. دەپرسین: چی بکەم بۆ پێشخستنی دۆزەکە؟ چی بکەم بۆ ئەوەی سەرکەوتنەکە بەدەست بهێنم؟ چ قوربانییەک بدەم یان چ مەترسییەک بکەم بۆ دڵنیابوون لە خۆشی سەرکەوتن؟ کەچی لە کاتی ئاشتیدا مەیلی ئەوەمان هەیە بپرسین: چی بکەم بۆ ئەوەی ئاسوودەتر بم؟ بۆ ئەوەی زیاتر کاتێکی خۆش بەسەر ببەم؟ بۆ ئەوەی لە ناڕەحەتی دوور بکەویتەوە و ڕەنگە لە گوناه دوور بکەویتەوە؟

ئەگەر بڕیارە باجەکەی بدەین و ئەو مەترسییانە بکەین کە تێچووی هەیە بۆ ئەوەی خەڵک بە خودا دڵخۆش بکەین، ئەوا لە ڕەوشتی تەنها خۆپاراستن تێدەپەڕین.

ئـەم شـێوازە ژیانـە بـە تـەواوی ناتـەواوە بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان لـە جوانییەکانـی مەسـیح بەئـاگا بهێنێتـەوە. دوورکەوتنـەوە لـە کێشـە ترسـناکەکان و هەڵسـوکەوتە قەدەغەکـراوەکان هیـچ کـەس سەرسـام نـاکات. ڕەوشـتی خۆپاراسـتن لـە خۆیـدا دەستخۆشـیکردنی مەسـیح و شـکۆمەندی خـودا نییـە. زۆر کەسـی بێبـاوەڕی بـە ڕەوشـت جـوان هـەن کـە خۆیـان لـە هەمـان ئـەو ڕەفتارانـە بـەدوور دەگـرن کـە بـاوەڕداران بـە مەسـیح خۆیانـی لـێ دەپارێـزن. عیسـا بانگهێشـتمان دەکات بـۆ شـتێکی زۆر لـەوە ڕیشـەییتر و قووڵـتر.

## پرسیارە هەڵەکان و پرسیارە ڕاستەکان

ئـەو کەسانەی کـە بـە ڕەوشـتی خۆپاراسـتن ڕازیـن بـە گشـتی پرسـیارێکی هەڵـە سـەبارەت بـە هەڵسـوکەوت دەکـەن. دەپرسـن، چـی خراپـە؟ ئـەم فیلمـە خراپـە؟ یـان ئـەم مۆسـیقایە؟ یـان ئـەم یارییـە؟ یـان ئـەم هاوەڵانـە؟ یـان ئـەم شـێوازەی پشـوودان؟ یـان ئـەم وەبەرهێنانـە؟ یـان ئـەم چێشـتخانەیە؟ یـان بازاڕکـردن لـەم فرۆشـگایە؟ خراپـە هەمـوو کۆتایـی هەفتەیـەک بچیتـە ڤێلایـەک؟ یـان ڤێلایەکـەت هەبێـت؟ ئـەم جـۆرە پرسـیارە بـە دەگمـەن شـێوازێکی ژیـان بەدەسـت دەهێنێـت کـە دەستخۆشـی لـە مەسـیح بـکات وەک ئـەوەی بـە تـەواوی پەسـەند بێـت و مرۆڤـەکان دڵخـۆش بـکات بـە خـودا. بـە سـادەیی لـە ئەنجامـدا لیسـتی ئـەو شـتانە دروسـت دەبێـت کـە نابێـت ئەنجامیـان بدەیـن. ئەمـە خـۆراک بـە ڕەوشـتی خۆپاراسـتن دەدات.

پرسـیارە باشـترەکان کـە دەبێـت سـەبارەت بـە ڕەوشـتە ئەگەرییـەکان بپرسـین، بریتیـن لـە: ئەمـە چـۆن یارمەتیـم دەدات کـە زیاتـر مەسـیح بـە گەنجینـە بزانـم؟ چـۆن یارمەتیـم دەدات نیشـانی بـدەم کـە مەسـیح بـە گەنجینـەی خـۆم دەزانـم؟ چـۆن یارمەتیـم دەدات مەسـیح بناسـم یـان مەسـیح پیشـانی خەڵکـی بـدەم؟ ئینجیـل دەڵێـت: «ئەگـەر خواردتـان یـان خواردتانـەوە یـان هـەر شـتێکتان کـرد، هەمـوو شـتێک بـۆ شـکۆی خـودا بکـەن» (یەکـەم کۆرنسـۆس ١٠: ٣١). کەواتـە پرسـیارەکە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی ئەرێنییـە نـەک نەرێنـی. چـۆن بتوانـم لـەم کـردارەدا خـودا شـکۆمەند نیشـان بـدەم؟ چـۆن چێـژ لـەم هەڵسـوکەوتە وەربگـرم خـودا شـکۆدار بـکات؟

## بێ کێشەیی و خۆشگوزەرانی خێزان خودی ژیان نییە

ئـای چەنـد ژیـان لەلایـەن کەسـانێکەوە بەفیـڕۆ دەچێـت کـە پێیـان وایـە ژیانـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح بـە واتـای تەنهـا دوورکەوتنـەوە لـە خراپـەکاری و دابینکردنـی بژێـوی خێزانـە. کەواتـە داوێنپیسـی، دزی، کوشـتن، گەندەڵـی، سـاختەکاری نییـە -تەنهـا کاری زۆر قـورس لـە ڕۆژدا، وە لـە شـەودا تەماشـاکردنی فلیمێـک بـە ڤیدیـۆ یـان تەلەفزیـۆن یـان لـە ئێوارانـدا

(لـە کاتـی پێکەوەبوونـی خێزانیـدا)، وە خۆشـییەکی زۆر لـە شـتەکان لـە کۆتایـی هەفتـەدا -وە بەشـداریکردن لـە کارەکانـی خزمەتـی کڵێسـا (زۆربـەی کات) ئەمانـە واتـای ژیانـە. ئەمـە ژیانـی ملیۆنـان کەسـە. ژیانـی بەفیڕۆچـوو. ئێمـە بۆ لەئەمانـە زیاتـر، زۆر زیاتر دروسـتکراوین.

قسـەیەکی کـۆن هەیـە کـە دەڵێـت: «هیـچ پیاوێـک لەسـەر جێـگای مردنیـدا، نەگریـاوە و بڵێـت: خۆزگـە کاتێکـی زیاتـرم لـە نووسـینگەکەمدا بەسـەر دەبـرد.“ بەڕاسـتی لـەم کاتـەدا ڕوخسـاری ڕاسـتەقینەی پـارە دەردەکەوێـت کـە بێسـوودە بـۆ بەختـەوەری بـەردەوام، لـە کاتێکـدا پەیوەندییـەکان بەهـادار دەردەکـەون. کاتێـک دایکـم لـە سـاڵی ١٩٧٤ کـوژرا، نامـەم بـۆ سـەرۆکی بەشـەکەم ناردبـوو لـە کۆلێـژی بێتێـل، کـە مـن لـەوێ وانـەم دەگوتـەوە، دواتـر داواکارییەکـەم پێچەوانـە کـردەوە، چونکـە داوای ئـەوەم کردبـوو لـە وەرزی داهاتـوودا وانـەی زیاتـر بڵێمـەوە بـۆ ئـەوەی پـارەی زیاتـر بەدەسـتبهێنم. ڕاوەسـتان لـە تەنیشـت گـۆڕی دایکت لەگـەڵ ژن و منداڵێـک شـتەکان جیـاواز دەردەخـات. پارە کێشـکردنی خۆی لەدەسـت دەدات.

بـەڵام ئـەو وتەیـە سـەبارەت بـە بەسـەربردنی کاتێکـی کەمـتر لـە نووسـینگە دەکرێـت چەواشـەکارانە بێـت. پێویسـتە ئەمـە زیـاد بکەیـن: کـەس هەرگیـز نایەوێـت پێنـج خولـەک لـەدوای مردنـی بـە پـەروەردگاری گـەردوون بڵێـت، هەمـوو شـەوێکم بـە یاریکـردن و تەماشـاکردنی بەرنامـەی باشـی تەلەفزیۆنـی لەگـەڵ خێزانەکـەم بەسـەر دەبـرد، چونکـە زۆرم خۆشدەویسـتن. پێـم وایـە پـەروەردگار دەڵێـت: ”ئـەوە نەبـووە هـۆی ئـەوەی وەک گەنجینەیـەک لـە شـارۆچکەکەتدا دەربکـەوم. دەبـووا جگـە لـە دابینکردنـی بژێـوی خـۆت و خێزانەکـەت شـتێکت بکردبـا. وە تەلەفزیـۆن، وەک دەبـووا بزانیـت، ڕێگەیەکـی بـاش نەبـوو بـۆ پەروەردەکردنـی خێزانەکـەت یـان ڕۆحـی خـۆت.“

## تەلەفزیۆن، ژیان بەفیڕۆدەری گەورە

تەلەفزیـۆن یەکێکـە لـە گەورەتریـن ژیـان بەفیڕۆدەرەکانـی سـەردەمی مۆدێـرن. وە بێگومان ئینتەرنێـت کاردەکات بـۆ ئـەوەی بتوانێـت پێشـی بکەوێـت، ڕەنگـە پێشـی کەوتبێـت. لـە ئینتەرنێتـدا دەتوانیـت زیاتـر هەڵبژێریـت، بـەڵام دەتوانیـت شـتە خراپەکانیـش هەڵبژێریـت و تەنهـا لەگـەڵ دادوەری گـەردوون تەماشـای بکەیـت. هێشـتا تەلەفزیـۆن وەکـو ژیـان بەفیڕۆدەرێکـی گـەورە حوکـم دەکات. کێشـەی سـەرەکی تەلەفزیـۆن ئـەوە نییـە کـە چەنـدە بەرنامـەی ناتەندروسـت بڵاودەکاتـەوە، هەرچەنـدە ئـەوە کێشـەیەکە. تەنهـا ڕیکلامـەکان بەسـە بـۆ چاندنـی تـۆوی بەپیتـی چاوچنۆکـی و هـەوەس، گرنـگ نییـە تەماشـای چ بەرنامەیـەک دەکەیـت. کێشـەی گەورەتـر بـێ بەهابوونـی بەرنامەکانـە. ئەقڵێـک کـە ڕۆژانـە لـە تەلەفزیۆنـدا خـۆراک دەدرێـت ئاسـتی پێگەیشـتنی کـەم دەبێتـەوە. مێشـکت وای لێکـرا خـودا بناسـیت و خۆشـی بوێـت. ئاسـانکارییەکەی بـۆ ئـەم بانگـەوازە گەورەیـە بەهـۆی زیادەڕۆیی

لـه تەماشـاکردنی تەلەفزیۆنـدا تێکدەچێـت. ناوەڕۆکەکـە هێنـدە بـێ بایـەخ و هێنـدە قووڵـە کـە توانـای ئەقـڵ بـۆ بیرکردنـەوە لـە بیـروڕا شایسـتەکان وشـک دەبێتـەوە، توانـای دڵیـش بـۆ هەسـتکردن بـە هەسـتە قووڵـەکان دەپووکێتـەوە. نیـل پۆسـتمان هۆکارەکـەی دەردەخـات.

”ئـەوەی لـە ئەمریـکا ڕوودەدات ئەوەیـە کـە تەلەفزیـۆن هەمـوو بازرگانییـە گشـتییە ڕژدەکان دەگۆڕێـت بـۆ شـتە خراپـەکان... تەلەفزیـۆن بێڕێـزی بـە ڕوونکردنـەوە دەکات، کـە ڕژد و یـەک لـە دوای یـەک و ئەقڵانـی و ئاڵـۆزە. لەبـری ئـەوە شـێوازێکی گوتـار پێشـکەش دەکات کـە تێیـدا هەمـوو شـتێک بەردەسـت و سـادە و کۆنکرێتییە و لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە سـەرگەرمییە. لـە ئەنجامـدا ئەمریـکا یەکـەم کەلتـووری جیهانـە کـە لـە مەترسـیدایە هەتـا ئاسـتی مـردن خـۆی سـەرقاڵ بـکات.“[٢٩]

## بێبایەخبوونی خودا

بـەو پێیـەی هەموومـان لـە جیهانێکـدا دەژیـن کـە تەلەفزیـۆن دروسـتی کـردووە، نزیکـە لـە مەحـاڵ بـۆ ئـەوەی بزانیـن چیمـان بەسـەر هاتـووە. تاکـە هیـوا ئەوەیـە کـە بخوێنینـەوە مرۆڤـەکان لـە سـەدەکانی پێشـوودا چـۆن بـوون. ژیاننامـە دژە ژەهرێکـی گەورەیـە بـۆ کورتبینـی کەلتـووری و خۆبەزلزانینـی زانسـتی ڕێکخسـتنی مێـژوو. ئێمـە نزیکیـن لـە بێتوانابـوون لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ هـەر ڕاستییەکی گـەورە بـە ڕێـز و بـە قووڵیـەوە. شـتە شایسـتەکان، بـە تایبەتـی شـکۆمەندی خـودا، وەک دەیڤیـد وێڵـز دەڵێـت، بـە جۆرێـک لـە «بێبایەخبـوون“ تەنانـەت لـە کڵێسـاش ڕاوەسـتاون.

”یەکێکـە لـە نیشـانە دیاریکەرەکانـی سـەردەمی ئێمـە کـە خـودا ئێسـتا بێبایخـە و گرنگـی پێنادەیـن. مەبەسـتم لـەوە نییـە کـە ئـەو بـەرز و ئاسـمانییە، بەڵکـو مەبەسـتم ئەوەیـە کـە ئـەو بووەتـە بابەتێکـی بێبایـەخ. هێنـدە بێ ئـاکام لەسـەر جیهان وەسـتاوە کـە هەسـت پێناکرێـت. دەرکەوتنـی خـودا بەرجەسـتەبوونی خـۆی لـە ژیانـی مرۆڤـدا لەدەسـتداوە. ئەوانـەی کـە ڕاپرسـیکاران دڵنیامـان دەکەنـەوە لـە بـاوەڕ بە بوونـی خودا کەمـە و ڕەنگـە سـەرەڕای ئـەوەش، ئـەو لـە تەلەفزیـۆن کەمـتر سـەرنجڕاکێش بێـت، ڕاسـپاردەکانی کەمـتر دەسـەڵاتدار بـن لـە ئـارەزووی دەوڵەمەنـدی و کاریگەرییـان، حوکمدانـی لـە هەواڵـی ئێـوارە سەرسـوڕهێنەرتر نەبێـت و ڕاسـتییەکانی کەمـترن لـە تەمومـژی شـیرینی ڕیکلامکـەران و قسـەی خـۆش و درۆ. ئـەوە بێبایەخییـە بـۆ خـودا. مەرجێکـە کـە ئێمـە لـەدوای ئـەوەی بردمانـە دەرەوە بـۆ پەراوێـزی ژیانـی دونیاییـمان، بۆمـان دانـاوە... بێبایەخـی هیچـمان پـێ نـاڵێـت دەربـارەی خـودا جگـە لـە هەمـوو شـتێک دەربـارەی خۆمـان، دەربـارەی بارودۆخەکەمـان، دەربـارەی مەیلـی دەروونیـمان بـۆ دوورخسـتنەوەی خـودا لـە ڕاسـتییەکەمان.“[٣٠]

## ڕێزکردنی سودان و هۆزی پانتی

ئێمە توانای بینین و تامکردنی ئاڵۆزییەکانی ڕاستی و قووڵایی سادەییمان لەدەستداوە. دۆگلاس گرۆتوس پەیوەندی نێوان ئەم لاوازییە و تەلەفزیۆن ڕوون دەکاتەوە.

”سەرکەوتنی وێنەی تەلەفزیۆنی بەسەر وشەکەدا بەشداره لە قووڵایی هەستەکانی پۆستمۆدێرن... مرۆڤ ناتوانێت بیر لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بکاتەوە بەو شێوەیەی کە بیر لە کارەکتەری ویلیام شکسپیر یان سی ئێس لویس دەکاتەوە، یان مەتەڵێکی بلایز پاسکال، یان دێڕێک لە شیعرێکی تی ئێس ئێلیۆت، وەک ‹بەڵام بەشەکەمان لەنێوان بڕبڕەی وشکدا دەخزێت / بۆ ئەوەی میتافیزیکەکەی بە گەرمی بهێڵێتەوە.› کەس لە تەلەفزیۆندا ناتوانێت دێڕێکی لەو شێوەیە بە ڕژدی بڵێت. ئەوە دەبێتە «تەلەفزیۆنی خراپ» -زۆر پوخت، زۆر شیعریی، زۆر قووڵ، تەنها کات بەسەربردن نییە... [نەک هەر ئەوە] بەڵکو وێنەکان بەبێ ناوەڕۆکی ئەقڵانی دروست دەردەکەون و نامێنن و دووبارە دەردەکەونەوە. لە سودان هەوڵێک بۆ هەواڵێکی وریاکەرەوە سەبارەت بە کۆیلایەتی بەدوایدا ڕیکلامێکی زیندوو بۆ دیزنیلەند دێت، دواتر بانگەوازێک بۆ کڕینی هۆزی پانتی کە وا دەکات هەر ژنێک بەرگەی نەگرێت، هتد.، هێڵنجێکی هۆشیاریە.[31]

کەواتە ئەو پیاوەی کە لەبەردەم خودادا بە ڕەوشتی خۆپاراستنەوە ڕاوەستاوە و بە باشی خۆی پاراستوە بە ناڕەزایەتییەکەی کە کاتێکی زۆری لە ئۆفیس بەسەر نەبردووە، بەڵکو هاتۆتەوەماڵەوە و لەگەڵ خێزانەکەی تەماشای تەلەفزیۆنی کردووە، ڕەنگە لەو تۆمەتە ڕزگاری نەبێت کە ژیانی بەفیڕۆ داوە. عیسا قوتابییەکانی بە وشەیەک سەرزەنشت کرد کە بە ئاسانی ئەم پیاوە دەگرێتەوە: ”تەنانەت گوناهبارانیش زۆر کار دەکەن، خۆیان لە گوناهی گەورە بەدوور دەگرن، شەوانە تەاشای تەلەفزیۆن دەکەن و لە کۆتایی هەفتەدا شتە خۆشە کاتبەسەربەرەکان ئەنجام دەدەن. تۆ چی زیاتر لەوانی دیکە دەکەیت؟“ (بڕوانە لۆقا ٦: ٣٢-٣٤؛ مەتا ٥: ٤٧).

## قوربانیدانی ئیلهامبەخش بۆ دۆزێکی بچووکتر

لە ڕاستیدا لە سەردەمی جەنگدا زۆرجار گوناهباران بەرز دەبنەوە بۆ ئاستێکی سەرنجڕاکێش لە قوربانیدان بۆ هۆکارگەلێک کە ناتوانرێت بەراورد بکرێت بە مەسیح. گەورەترین هۆکار لە جیهاندا ئەوەیە کە بە خۆشحاڵییەوە مرۆڤەکان لە دۆزەخ ڕزگار بکەیت، دابینکردنی پێداویستییە دونیاییەکانیان، دڵخۆشکردنیان بە خودا، وە ئەنجامدانی بە چێژێکی میهرەبان و ڕژد وا دەکات مەسیح وەک ئەو گەنجینەیە دەربکەوێت کە هەیە. هیچ جەنگێک لەسەر زەوی بۆ دۆزی گەورەتر یان پاشایەکی گەورەتر نەکراوە.

بەڵام ئای، ئەم هۆکارە بچووکانە چ مەترسییەکی بوێرانە و قوربانییەکی بوێرانەی ئیلهامبەخشیان هەبووە! لە ١٩ی شوباتی ١٩٤٥ جەنگ لە ئیو جیما دەستی پێکرد. دوورگەیەکی بێ بەرهەم و هەشت میل چوارگۆشە بوو کە شەش سەد میل لە باشووری تۆکیۆوە دوورە، لەلایەن ٢٢ هەزار ژاپۆنییەوە پاسەوانی دەکرا کە ئامادەبوون هەتا مردن بجەنگن (کە ئەوەشیان کرد). ئەوان دوو هێڵی ئاسمانییان دەپاراست کە ئەمریکا پێویستی پێی بوو لە هەوڵە ستراتیژییەکاندا بۆ جڵەوگیرکردنی دەستدرێژی ژاپۆن لە دوای پیرل هاربەر و پاراستنی ئەو ئازادییەی کە ئەمریکا بە بەهاداری دەزانی. ئەمە دۆزێکی گەورە بوو، وە قوربانیدانێکی بوێرانەی سەرسوڕهێنەر بوو.

ئامارە سەختەکان ئەو قوربانیدانەی بەتالیۆنی دووەمی عەقید جۆنسۆن نیشان دەدەن: ١٤٠٠ کوڕ [زۆرێکیان هێشتا هەرزەکارن] لە ڕۆژی سەرکەوتن چوونە سەر وشکایی؛ لەگەڵ بەردەوامبوونی جەنگەکەدا ٢٨٨ جێگرەوە دابینکران، کە کۆی گشتی ١٦٨٨ جێگرەوە بوون. لەو ژمارەیەش ١٥١١ کەس کوژراون یان بریندار بوون. تەنها ١٧٧ کەس بە پێ لە دوورگەکە دەرچوون. وە لە کۆتا ١٧٧ کەس، ٩١ کەس لانیکەم جارێک بریندار بوون و گەڕابوونەوە بۆ شەڕ.

بیست و دوو هۆکاری گواستنەوەی قەرەباڵغی پێویست بوو بۆ هێنانی فیرقەی پێنج بۆ دوورگەکە. ڕزگاربووان لە کاتی ڕۆشتندا بە ئاسوودەیی لەناو هەشت کەشتی جێیان دەبووەوە.

کوڕە ئەمریکییەکان نزیکەی ٢١٠٠٠ ژاپۆنییان کوشتبوو، بەڵام بەم کارە زیاتر لە ٢٦٠٠٠ قوربانییان لێکەوتەوە. ئەمە تاکە شەڕ دەبێت لە زەریای هێمن کە داگیرکەران زیانی گیانی زیاتریان لە بەرگریکاران بەرکەوتووە.

هێزی دەریایی لە جەنگی جیهانی دووەمدا بۆ ماوەی چل و سێ مانگ شەڕیان کرد. بەڵام لە ماوەی مانگێکدا لە ئیو جیما، یەک لەسەر سێی کۆی مردنەکانیان ڕوویاندا. گەورەترین گۆڕستانی زەریای هێمنیان بەجێهێشتووە: بە گشتی نزیکەی ٦٨٠٠ گۆڕ؛ تەپۆڵکە بە خاچ و ئەستێرەکانیانەوە. هەزاران خێزان بۆ دڵنەوایی جەستەیەکیان نەبوو بۆ ماڵئاوایی لێکردن: تەنها ئەو زانیارییە کورتکراوەنە کە لە هێزی دەریایی «لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا مردووە» و لە پارچە زەوییەکدا نێژراوە، کە پێکەوە لەگەڵ ژمارەکانی سەر گۆڕەکەی ڕیزکراون. مایک لە نەخشەی ٣، ڕیزی ٥، گۆڕی ٦٩٤؛ هارلۆن لە نەخشەی ٤، ڕیزی ٦، گۆڕی ٩١٢؛ فرانکلین لە نەخشەی ٨، ڕیزی ٧، گۆڕی ٢١٨٩.

کاتێک بیر لە مایک و هارلۆن و فرانکلین دەکەمەوە لەوێ، بیر لەو پەیامە دەکەمەوە کە کەسێک لە دەرەوەی گۆڕستانەکە هەڵیکۆڵیبوو:

کاتێک دەگەڕێیتەوە ماڵ
لەجیاتی ئێمە پێیان بڵێ و بڵێ
بۆ سبەینێی ئێوە
ئێمە ئەمڕۆی خۆمان بەخشی.[٣٢]

## ئای پەروەردگار، مەهێڵە ژیانم بەفیڕۆ بدەم!

من بەو بوێرییە و کوشتاری ئیو جیما زۆر کاریگەر بووم. لە کاتێکدا لاپەڕەکانی ئەم مێژووە دەخوێنمەوە، هەموو شتێک لە مندا هاوار دەکات، "ئەی پەروەردگار، مەهێڵە ژیانم بەفیڕۆ بدەم!" با بگەمە کۆتایی -جا بەم زووانە بێت یان درەنگ- بتوانم بە خێزانێک، کڵێسایەک، شارێک و گەلانی مزگێنی پێنەگەیشتووی زەوی بڵێم، "بۆ سبەینێتان، ئەمڕۆی خۆمم بەخشی." نەک تەنها بۆ سبەینێتان لەسەر زەوی، بەڵکو بۆ سبەینە بێشومارەکانی خۆشی هەتاهەتایی زیادبوونتان لە خودادا". هەتا زیاتر لە تاک بە تاکی سەربازەکانی ئەم مێژووەی جەنگی جیهانی دووەمدا وردتر دەبوومەوە، زیاتر هەستم بە سۆزێک دەکرد کە چۆن ژیانم هەژمارد دەکرێت، وە ئەوەی کە ئایا دەتوانم بە باشی بمرم.

لەگەڵ تێپەڕبوونی بەیانی باراناوی بۆ پاشنیوەڕۆ شەڕەکە چڕتر دەبوویەوە، هێزەکانی مارینی بەردەوام بوون لە قوربانیدانەکان. زۆرجار خودی یاریدەدەری فەیلەقەکان [پزیشکەکان] لە کاتی هەوڵدانیان بۆ پاراستنی ژیانی کەسەکان دەمرن. ویلیام هوپس لە شاری چاتانوگا لە تەنیشت پزیشکێکەوە بوو بە ناوی کێلی کە بریندارکرابوو هەردووکیان پزیشک بوون، کە سەری لە سەنگەرەکەی دەرهێنا و کامێرای خستە سەر چاوەکانی -تەنها بۆ چرکەیەک- بۆ ئەوەی وێنەی قەناس بەدەستێک و ناوچەکە بگرێت. لەو چرکەساتەدا قەناس بەدەستەکەی برانبەری تەقەی لە قوڕگی کرد. هوپس کە خۆی یاریدەدەری دەرمانساز بوو، بە پەرۆشەوە هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی هاوڕێکەی ڕزگار بکات. هوپس بە بیری دێتەوە و دەڵێت: «فۆرسێپەکەم (ئامێرێکی پزیشکیە) هەڵگرت و دەستم بۆ ملی برد بۆ ئەوەی خوێنبەرەکە بگرم و بیچەمێنمەوە. خوێنەکەی دەڕژا. هیچ قسەیەکی نەبوو، بەڵام چاوەکانی لەسەر من بوو. دەیزانی هەوڵی ڕزگارکردنی ژیانی دەدەم. هەموو شتێکی دونیام تاقیکردەوە. من نەمتوانی بیکەم. هەوڵمدا. بەڵام خوێنەکە هێندە خلیسک بوو کە نەمتوانی خوێنبەرەکە بدۆزمەوە و بیگرم. زۆر هەوڵم دا. وە ئەو لەم ماوەیەدا تەنها سەیری دەکردم. ڕاستەوخۆ تەماشای دەموچاومی دەکرد. دوا شت کە کردبووی لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕژانی خوێن، ئەوە بوو کە دەستی لە قۆڵم دا وەک ئەوەی بڵێت ‹هەموو شتێک باشە›. پاشان مرد.»"[٣٣]

لـەم سـاتە دڵتەزێنـەدا دەمەوێـت هوپـس بـم و دەمەوێـت کێلـی بـم. دەمەوێـت بتوانـم بـە خەڵکـی ئازارچێژتـوو و لەناوچـوون بڵێـم، ”هەمـوو شـتێکم لـە جیهانـدا تاقیکـردەوە... زۆر هەوڵـم دەدا.“ وە دەمەوێـت بتوانـم کاتێـک دەمـرم بـە دەوروبـەرم بڵێـم، ”هەمـوو شـتێک باشـە. ژیـان مەسـیحە و مردنیـش قازانجـە“.

## کاتێک تەمێکی بچووک دەڕەوێتەوە

لـەم سـاتانەدا، کاتێـک تەمێکـی بچووکـی ژیـان پـاک دەبێتـەوە و دەبینـم بەڕاسـتی لەسـەر زەویـم بـۆ ئـەوەی چـی بکـەم، مـن لەسـەر ئـەو شـوێنکەوتنە بچووکانـە دەگرییـم کـە ژیانـی زۆر کـەس بەفیـڕۆ دەدەن -وە ژیانـی منیـش زۆر. تەنهـا بیـر لـە گەورەیـی وەرزش بکـەرەوە- بەشـێکی تـەواوە لـە ڕۆژنامـەی ڕۆژانـە. بـەڵام هیـچ بەشـێکی ڕۆژنامەکـە لەسـەر خـودا نییـە. بیـر لـە سـەرچاوە بێکۆتـاکان بکـەرەوە بـۆ ئـەوەی مـاڵ و باخچەکـەت ئاسـوودەتر و سەرنجڕاکێشـتر بێـت. بیـر لـەوە بکـەرەوە چەنـد دەیـان هـەزار دۆلار خـەرج بکەیـت بـۆ کڕینـی ئۆتۆمبێلێـک لـەوەی زیاتـر پێویسـتت پێیەتـی. بیـر لـەو کات و وزە و گفتوگۆیـە بکـەرەوە کـە دەچێتـە نـاوی بـۆ کات بەسـەربردن و خۆشـی، ئـەوەی ئێمـە پێـی دەڵێین «شـتە دڵخۆشـکەرەکان». وە ئێسـتا ئـەو کۆمپیوتـەرەی کـە بـە شـێوەیەکی دەسـتکرد هـەر ئـەو یارییانـە دروسـت دەکاتـەوە کـە لـە ئێسـتاوە هێنـدە لـە ڕاستییەوە دوورن؛ وەک جیهانێکـی خەونـی فـرە چەشـن وایـە کـە تێیـدا بـێ بایەخـی فـراوان دەبێـت و بـەرەو پووچـی دەمانبات.

## لەناوچوون بە جلوبەرگ

یـان بیـر لـە جلوبـەرگ بکـەرەوە. چ کارەسـاتێکە کـە ببینیـن زۆرێـک لـە گەنجـان وەسوەسـەی ئەوەیـان هەیـە کـە چـی لەبـەر دەکـەن و چـۆن دەردەکـەون. تەنانـەت گەنجانـی بـاوەڕدار بـە مەسـیحیش پێدەچێـت بێدەسـەڵات بـن لـە پرسیاری گەورەتـر لـەوەی کـە «چـی خراپـە؟» وەک: ئایـا ئـەم جلانـە یارمەتیـم دەدەن بـۆ شـکۆداریی مەسـیح؟ ئایـا ئامـاژە بـە خەڵـک دەکـەن کـە مەسـیح وەک گەنجینـەی ئاشـکرای ژیانمـە؟ ئایـا تیشـک دەخەنـە سـەر کەسـایەتی مـن، کـە بـە وێنـەی خـودا دروسـتکراوم بـۆ خزمەتکـردن، یـان تیشـک دەخەنـە سـەر سەرنجڕاکێشـی مـن؟ یـان تەمبەڵـی مـن؟ متمانـەم پـێ بکـە، مـن بـە جلوبەرگـەوە هۆگـر نەبـووم. هەندێـک هـۆکاری زۆر بنەڕەتـی و لەپێنـاو شـکۆدارکردنی مەسیح هەیـە بـۆ ئـەوەی جلوبـەرگ لەبـەر بکەیـت. داوای مـن ئەوەیـە کـە تـۆ زیاتـر لـە دۆلفیـن بچێـت و کەمتـر لـە ماسـی بچێـت لـە دەریـای مـۆدەدا -وە لـە دژە مـۆدە (کـە بـە هەمـان شـێوە سـتەمکارییە).

بچینـە سـەر بابەتـی هەرزەکارێـک کـە لـە وەڵامـی نامەیەکـدا بـۆ سەرنوسـەری ڕۆژنامـەی مینیاپۆلیـس سـتار تریبیـون نووسـیویەتی:

لـە تەمەنـی هەرزەکاریـدا ئـەوەی لەبـەری دەکەیـت بەداخـەوە خەریکـە گرنگـتر دەبێـت. لـە ڕاسـتیدا تەنانـەت هەندێـک لـەو جلانـەی کـە لەبەریـان دەکـەم هێرشـبەرانە دەیبینـم. لـە نامەکـەدا بـاس لـە کچـان کـراوە کـە دەتوانـن جلوبەرگـی مۆدێـرن و وروژێنـەر لەبـەر بکـەن. نیشـانم بـدە کـە چـۆن ئـەوە دەکرێـت، منیـش ئـەوە دەکـەم.

زۆربـەی هاوڕێکانـم زۆرجـار ئاسـوودە نیـن بـەو شـتانەی کـە بەناوبانگیـان دەکات، بـەڵام ئێمـە بـە هـەر شـێوەیەک بێـت لەبـەری دەکەیـن. تەنها جیاوازی هەمیشـە شایەنی هەوڵدان نییـە. کۆمەڵـگا پێـمان دەڵێـت جیاواز بیـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەوتـی سـەرەکی بیـن.

چـۆن جلوبـەرگ دەپۆشـیت بـۆ دڵخۆشـکردنی خـۆت و دایـک و باوکـت و هاوتەمەنەکانـت؟ تـۆ ناتوانـی. هـەرزەکاران لـە کۆتاییـدا سازش لەسـەر بەهاکانیـان دەکـەن بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ خۆیـان بگونجێـن. ئەگـەر بەنیازیـن لـە قۆناغـی ئامادەیی، یـان تەنانـەت ئامادەیـی، بەبـێ ئـەوەی ئـازار بدرێـت، ئـەوا دەبێـت جلوبەرگـمان لەبـەر بکەیـن بـۆ ئـەوەی دڵـی هاوتەمەنەکانـمان خـۆش بکەیـن.

ئێمـە سـەرکردەی سـەرهەڵدانی ئـەم میللەتەیـن، وە دەبێـت بزانیـن بوویـن بـە چـی و بگۆڕدرێیـن.[٣٤]

## گەنجە توندڕەوەکان بۆ مەسیح لە کوێن؟

کاتێـک وەک بڵێـی لـە کەناراوەکانـی ئیـۆ جیـما ڕادەوەسـتم و ڕێگـە بـە خـۆم دەدەم ئـەو کاتژمێرانـەی بوێـری و قوربانیدانانـە لـە مێشـکم وێنـا بکەمـەوە و بیـرم دێتـەوە کـە ئـەوان گەنـج بـوون، ناتوانـم لەگـەڵ سـەرقاڵییە بچووکەکانـی زۆربـەی ژیانـی ئەمریکیـدا ئاشـتی بکەمـەوە. بەڕاسـتی یەکێکیـان گەنـج بـوو. چیرۆکەکەیـم خوێنـدەوە و ویسـتم لەگـەڵ هەموو گروپێکـی گەنجانـی ئەمریـکا قسـە بکـەم و باسـی بکـەم، دەتەوێـت بزانیـت "جـوان" چییـە؟ دەتەوێـت شـتێک ببینیـت کـە هـەزار جـار سەرنجڕاکێشـتر بێـت لـە پانتۆڵێکـی کابـۆی مۆدێـل دڕاو؟ باشـە، گـوێ لـە جاکلیـن لـوکاس بگـرن.

ئـەو لـە تەمەنـی چـواردە ساڵیدا بـە هـۆی قسـەزانییەوە بـردرا بـۆ نـاو هێـزی مارینـی، بـە جەسـتە ماسـولکەییەکەی وەرگیراوەکانـی گێـژ کردبـوو... لـە هاوایـی ڕاسـپێردرابوو کـە بارهەڵگرێـک لێبخوڕێـت، بێـزار بـوو؛ ئـەو دەیسـت لـە بەرەکەنـی جەنـگ بێـت. لـە کـۆگای نـاو کەشـتییەک خـۆی شـاردەوە و تاکـو گوازرایـەوە هۆنۆلولـو بـە زیندوویـی مایـەوە، بـە خواردنێـک ڕزگاری بـوو کـە لەلایـەن کەسـە هاوسـۆزەکانی نـاو کەشـتییەکەوە بـۆی دەگوازرایـەوە.

لە ڕۆژی سـەرکەوتن [لـە ئیـو جیـما] بەبـێ چـەک کەنـاری گـرت. یەکێکـی گـرت کـە

لە کەنار دەریاکەدا پاڵکەوتبوو و ڕێگای خۆی لە ناوەوەی وڵات بەرەو جەنگ کردەوە.
ئێستا لە ڕۆژێک لەدوای ڕۆژ سەرکەوتنەوە جاک و سێ هاوڕێی دەخزێنە ناو خەندەقێکی سەنگەرەکە و هەشت ژاپۆنی لەبەردەمیاندا هەڵهاتن. جاک تەقەی لە سەری یەکێکیان کرد. پاشان تفەنگەکەی جام بوو. لە کاتێکدا لەگەڵیدا شەڕی دەکرد نارنجۆکێک فڕێدرایە سەر پێیەکانی. هاوارێکی ئاگادارکردنەوەی بۆ ئەوانی دیکە کرد و نارنجۆکەکەی خستە ناو خۆڵەمێشە نەرمەکەوە. یەکسەر یەکێکی دیکە هاتە ناوەوە، جاک لوکاسی تەمەن حەڤدە ساڵان، کەوتە سەر هەردوو نارنجۆکەکە. بیری هاتەوە کە بیری لەوە دەکردەوە دەیگوت: لوک، تۆ دەمری....
لەناو نەخۆشخانەی کەشتی سامریتان پزیشکەکان بەزەحمەت باوەڕیان بەو شتە دەکرد. یەکێکیان گوتی: «ڕەنگە زۆر نەفرەتی لە گەنجایەتی خۆی بووبێت و زۆر سەختی هەبووبێت و حەزی لە مردن بووبێت.“ بەرگەی بیست و یەک ئۆپەراسیۆنی بنیادنانەوەی گرت و بووە بچووکترین براوەی مەدالیای ڕێزلێنانی وڵات -وە تاکە خوێندکاری قۆناغی یەکەمی ئامادەیی کە ئەمەی وەرگرتبێت.[٣٥]

لەکاتی خوێندنەوەی ئەوەدا بیرم لە هەموو ئەو شتانە کردەوە کە لاوانی قۆناغی ئامادەیی پێیان وایە جوانە. لە لێواری ئەو پەنجەرەی کە کتێبم دەخوێندەوە دانیشتم و بیرم کردەوە ئای خودایە کێ دەچێت و بەرەوڕوویان دەبێتەوە و شتێکیان پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی بژین؟ ڕۆژەکانیان لە هەوەسێکی بێ بایەخدا بەفیڕۆ دەدەن، هەوڵدەدەن کەشخە دەربکەون یان بە شێوازی مودێرن قسە بکەن یان بە شێوازی مۆدێرن بەڕێگەدا بڕۆن. ئەوان هیچ زانیارییەکیان نییە کە ”جوان“ واتای چییە.

چیرۆکێکی دیکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چی جوان و کەشخەیە ئەمەیە. باس لە ڕەی دۆلینز دەکات کە فڕۆکەوانی فڕۆکەی جەنگییە لە ئیوجیما.

”یەکەم شەپۆلی فڕۆکە بۆ گەیاندنی پێداویستییەکان بەرەو کەنارەکان ڕۆیشتن. فڕۆکە جەنگییەکانی مارین خەریکی نزمەبوونەوە بوون بۆ ئەوەی خوراک فڕێبدنە خوارەوە. وە کاتێک دوا فڕۆکەوان دەستی کرد بە ڕاکێشانی فڕۆکە بۆ سەرەوە، ژاپۆنییەکان بەپەلە بە دەمانچەکانیان و بە تۆپخانەی بەرگری ئاسمانی فڕوکەکەیان پێکا. فڕۆکەوانەکە ناوی مەیجەر ڕەی دۆلینز بوو، هەوڵی دا بگاتە بەرزییەکەی، کاتێک بەرەو دەرەوەی زەریاکە دەڕۆیشت بۆ ئەوەی خۆی لە ڕووداوێکی کوشندە بپارێزێت و بگاتە هێزی مارینی کە بەرەو کەنار دەریاکە دەڕۆیشت، بەڵام فڕۆکەکەی زیانێکی زۆری بەرکەوت. لیوا

کیس وێڵز لە کەشتییە جەنگیەکەوە تەماشای دەکرد... وێڵز دەڵێت: «دەمانتوانی لەناو کابینەی فڕۆکەوانەکەدا ببینین و هەموو شتێکی تاقی دەکردەوە. ئەو ڕاستەوخۆ بەرەو خوارەوە دەڕۆیشت بۆ ئەوەی دوور بکەوێتەوە لە کۆمەڵێک کە »ڕێڕەوێکی پڕ لە هێزی دەریایی» بوون تاکو زیانی پێنەگات. لە کۆتا چرکەدا فڕۆکەکەی لەسەر پشتی وەرگێڕا و لەنێوان دوو شەپۆلدا ئاراستەی کردە ناو ئاوەکەوە. ئێمە تەماشای تەقینەوەی ئاوەکەمان دەکرد بۆ هەوا".

کارمەندانی سەربازی کە لە کەشتییەکانەوە گوێیان لە تۆڕی ڕادیۆی فڕین دەگرت، نەک هەر دەیانتوانی دۆلینز ببینن کە دەچێتە خوارەوە؛ گوێیان لە دوا قسەکانی بوو لە مایکرۆفۆنەکەیدا. هەرچەند ئەوە سەرپێچیکاری کارمەندەکانی پێشوازی بوو، بەڵام گوێیان لەمە بوو؛

ئای چ بەیانییەکی جوانە،
ئای چ ڕۆژێکی جوانە،
هەستێکی ترسناکم هەیە
هەموو شتێک دێتە سەر ڕێگام.[٣٦]

بێگومان ئێمە وشەی «جوان» بۆ وەسفکردنی گەورەیی ڕاستەقینە بەکارناهێنین. وشەیەکی بچووکە. ئەوە خاڵەکەیە. هەرزانە. وە ئەمە ئەوەیە کە ملیۆنان گەنج بۆی دەژین. کێ بە پەلە و بە فرمێسکەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە؟ کێ لێیان دەپاڕێتەوە کە ژیانیان بەفیڕۆ نەدەن؟ کێ دەتوانێت پێیان بڵێت هێندە خۆشییان دەوێن کە ژیانێکی هێندە بنەڕەتی و وا ڕاستەقینە و هێندە بەهاداری مەسیحیان پیشان بدات کە هەست بە بەتاڵی و بێ بایەخی کۆمەڵە فلیمی سی دییەکانیان و گفتوگۆ بێواتاکانیان بکەن سەبارەت بە کەسایەتییە ناودارەکانی ڕابردوو؟ کێ ئەو شتانە لە خەو هەڵدەستێنێت کە لە ناو ڕۆحیاندا شاردراوەتەوە و سوودی لێ وەرنەگیراوە -ئاواتێک بۆ بەفیڕۆنەدانی ژیانیان؟

## داوا و پاڕانەوەی دڵم

ئای، ئەو گەنج و پیرانە تەلەفزیۆنەکەیان دەکوژاندەوە، گەشتێکی دوور و درێژیان دەکرد و خەونیان بە کارەساتی بوێری دەبینی بۆ دۆزێک کە دە هەزار هێندە لە دیموکراسی ئەمریکی گرنگتر و بەهادارترە. ئەگەر خەون ببینین و ئەگەر نوێژمان بکردبا ئایا خودا وەڵام ناداتەوە؟ ئایا ژیانێکی خۆشەویستی و میهرەبانی و قوربانیدانی خۆشمان وەها دەکات کە مەسیح گەورە بکات و خەڵک بە خودا دڵخۆش بکات؟ من داوای لێدەکەم، کاتێک بۆ خۆم نوێژ دەکەم، دەموچاوم چڵکن و شێواو بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ عیسا لە ڕێگای گولگۆسادا بم و بچمە پاڵی. «کەواتە با بچینە دەرەوەی

ئۆردوگا بۆ لای عیسا، ڕیسواییەکەی هەڵبگرین. لەبەر ئەوەی لێرەدا هیچ شارێکمان بۆ نامێنێتەوە، بەڵام داوای ئەو شارە دەکەین کە لە داهاتوودا دێت» (عیبرانییەکان ١٣: ١٣-١٤). کاتێک ئەوان خۆشەویستی و قوربانیدانمان دەبینن -کە لە خۆشیدا دەدرەوشێتەوە- ئایا نالێن: ”مەسیح شکۆمەندە»؟

# بەشی هەشتەم

## شکۆدارکردنی مەسیح لە ماوەی کارکردنی ڕۆژانەدا،
## واتا کاتژمێر ٨ ی بەیانی تاکو ٥ ی ئێوارە

ئەمە هەڵە دەبێت ئەگەر لە بانگەوازی ژیانی کاتی جەنگ کە لە بابەتی پێشوودا باسمان کرد وەها دەربکەوێت شوێنکەوتووانی مەسیح دەبێت واز لە کارەکانیان بهێنن و بچنە ناو «جەنگ»ەوە -بڵێین، بۆ ئەوەی ببنە مزگێنیدەر یان قەشە یان کارمەندی فریاگوزاری فول تایم. ئەوەش تێگەیشتنێکی هەڵەی بنەڕەتی دەبێت لەوەی کە جەنگەکە لە کوێدا دەکرێت. بێگومان جەنگەکان لە ڕووی ڕۆحییەوەیە (بەبێ بۆمب و تیروکەوان) بۆ گەلانی مزگێنی پێنەگەیشتووی جیهان کە پاشای پاشاکان مەسیح "سەربازە" خۆنەویستەکانی خۆی بە ئینجیلی ئاشتییەوە ناردووە و خەریکە گەلێکی بەختەوەر بۆ خۆی کۆدەکاتەوە. ئەمە کاری پیرۆزی ئەرکی بێسنووری نێردراویەتییەکانە. دواتر دەڵێم کە بانگەوازێکی شایستەیە؛ وە نوێژ دەکەم هەزارانی وەک ئێوە کە ئەم کتێبە دەخوێننەوە ببیستن و بچنە ئەو هێڵانەی پێشەوە.

### جەنگەکە، جەنگی سنوور و جوگرافیا نییە

بەڵام هەڵە مەکەن، ئەو «جەنگ»ەی کە لە مێشکمدایە کاتێک باس لە «بیرکردنەوەی سەردەمی جەنگ» یان «شێوازی ژیانی سەردەمی جەنگ» دەکەم، بە درێژایی هێڵە جوگرافییەکان ناڕوات. سەرەتا بە درێژایی هێڵی نێوان چاکە و خراپە لە دڵی هەموو مرۆڤێکدا، بە تایبەت لە دڵی شوێنکەوتووانی مەسیحە کە لەوێ مەسیح داواکاری خۆی خستۆتە مەترسییەوە، وە مەبەستی ئەوەیە بە تەواوی سەرکەوتوو بێت، شەڕکە ڕوودەدات. «جەنگ» بە درێژایی هێڵی نێوان گوناه و ڕاستودروستی لە هەموو خێزانێکدا ڕوودەدات. لە هەموو قوتابخانەیەکدا بە درێژایی هێڵی نێوان ڕاستی و درۆ شەڕ ڕوودەدات... لەنێوان دادپەروەری و نادادپەروەری لە هەموو دەسەڵاتی یاسادانان... لەنێوان دەستپاکی و گەندەڵی لە هەموو فەرمانگەیەکدا... لەنێوان خۆشەویستی و ڕق لە هەموو نەتەوەیەکدا... لەنێوان خۆنزمکردنەوە و خۆبەزلزانین لە هەموو یانەیەکی وەرزشیدا... لەنێوان جوان و ناشرینەکان لە هەموو هونەرێکدا... لەنێوان باوەڕی ڕاست و باوەڕی هەڵە لە هەموو کڵێسایەکدا... وە لەنێوان تەمبەڵی و کۆششی نێوان پشووەکانی قاوەخواردنەوەی کاردا. شەڕی ڕاستی و باوەڕ و خۆشەویستی لە هەریەکێک لەو بەرانەدا بەفیڕۆدان نییە.

جەنگەکـە بـە پلـەی یەکـەم شـەڕی خـاک و جەنگـی جەسـتەیی نییـە- هەرچەنـدە سـەرکەوتن و شکسـتەکانی کاریگـەری جەسـتەییان هەیـە. بۆیـە پیشـەی دونیایـی مەسـیحییەکان ناوچەیەکـی جەنگـە. نەیارانـی ڕۆحـی هـەن کـە دەبـێ شکسـتیان پـێ بهێنـن (واتـا ڕۆحـی خراپـە و گونـاه، نـەک مرۆڤـەکان)؛ وە خاکێکـی بـەرزی ڕەوشـتی جـوان هەیـە کـە دەبێـت بـۆ شـکۆمەندی خـودا بەدەسـت بهێنرێـت. ژیانـت بەفیـڕۆ نادەیـت لەو شـوێنەی کـە کار دەکەیـت، بـەڵام چـۆن و بۆچـی.

## دونیایی بوون خراپ نییە، بەڵام ستراتیژییە

تکایـە لـە دەسـتەواژەی «پیشـەی دونیایـی»دا هیـچ بەراوردێکـی ناڕۆحـی یـان کەمـتر مەبەسـتن بـە «پیشـەی کڵێسـا» یـان «پیشـەی مزگێنیـدەر» یـان ”پیشـەی ڕۆحـی“. مەبەسـتم تەنهـا ئـەو پیشـانەیە کـە لـە ڕووی پێکهاتەییـەوە پەیوەسـت نیـن بـە کڵێسـاوە. شـتێک هەیـە لەنـاو جیهاندایـە بـەڵام لـە جیهـان نییـە، وەک عیسـا لـە نوێژکردنیـدا فێـری کـرد کـەوا لـە یۆحەنـا ١٧: ١٥-١٦ هاتـووە، «داوا ناکـەم لـە جیهانـدا بیانبەیتـەوە، بەڵکـو لـە شـەیتان بیانپارێـزی. ئـەوان هـی جیهـان نیـن، وەک منیـش هـی جیهـان نیـم.» کەواتە مەبەسـتی عیسـا ئەوەیـە کـە قوتابییەکانـی لـە جیهانـدا بمێننـەوە (ئەمەیـە مەبەسـتم لـە «پیشـەی دونیایـی»)، بـەڵام ئـەوان «لـە جیهـان» نیـن (هـەر بۆیـە دەڵێـم ئێمـە لـە جەنگێکدایـن).

مارتـن لوتێـر فێرکارییەکانـی کتێبـی پیـرۆزی قەشـەیی هەمـوو باوەڕدارانـی بـە مەسـیح وەرگرتـەوە و هێڵـی ڕۆحـی جیـاوازی لەنێـوان کەسـانی ڕۆحانـی و خەڵکـی ئاسـاییدا داماڵـی و هەڵیگـرت. ئـەو ڕازی بـوو کـە بانگـەوازی کڵێسـا و بانگـەوازی دونیایـی هەیـە. بـەڵام شـێوازی جیاکردنەوەیـان لەسـەر بنەمـای نایابـی هیـچ «پێگەیەکـی ڕۆحـی» نەبـووە.

> ”ئەمـە تەنهـا داهێنانێکـی مرۆڤانەیـە کـە پاپـا و قەشـە و شـوان و خزمەتـکارەکان دەبـێ ناویـان لـێ بنرێـت «پێگـەی ڕۆحـی»؛ وە شـازادەکان، ئاغـاکان، پیشـەوانان و جووتیـاران بـە ”پێگـەی دونیایـی» ناوبنرێـن. بەڕاسـتی ئـەوە بڕێکـی باشـە لـە درۆ و دووڕوویـی... هەمـوو بـاوەڕداران بـە مەسـیح بەڕاسـتی لـە دۆخـی ”پێگـەی ڕۆحـی»دان و لـە نێوانیانـدا هیـچ جیاوازییـەک نییـە جگـە لـە پۆسـت... بـۆ ئـەوەی هێشـتا ڕوونـتر بێـت. ئەگـەر کۆمەڵەیەکـی بچـووک لـە کەسـانی ئاسـایی بـاوەڕدار بـە مەسـیحی خواپەرسـت بـە دیـل بگیرێـن و لـە بیابانێکـدا دابنرێـن، وە لـە نێویانـدا هیچ قەشـەیەکیان نەبـوو کـە لەلایـەن قەشـەیەکی دیکـەوە پیرۆزکرابێـت، وە ئەگـەر لـەوێ لـە بیابانەکـەدا ڕێکبکـەون لەسـەر هەڵبژاردنـی یەکێـک لـە خۆیـان، خێزانـدار یـان سـەڵت، وە... ئەگـەر پۆسـتی لەئاوهەڵکێشـان و وتـاردان و بێبەریکـردن و بانگەشـە بخاتـە ئەسـتۆی خـۆی، پیاوێکـی لـەو جـۆرە بەڕاسـتی دەبێتـە قەشـە وەک ئـەوەی

هەمـوو قەشـە و پاپـاكان پیرۆزیـان كردبێـت... بەڕاسـتی جیـاوازی نییـە لەنێـوان كەسـانی ئاسـایی و قەشـە، شـازادە و قەشـە، «ڕۆحـی» و «دونیایـی»، وەک خۆیـان پێیـان دەڵێـن، تەنهـا جیـاوازی پۆسـت و كار نەبێـت... پینـەدۆز، ئاسـنگەر، جووتیـار، هەریەكەیـان كار و نووسـینگەی پیشـەكەی خۆیـان هەیـە و لەگـەڵ ئەوەشـدا هەموویـان وەک قەشـە و شـوانێک پیـرۆزن و هـەر كەسـێک بـە ڕێگـەی كار یـان نووسـینگەی خـۆی دەبێـت سـوودی هەبێـت و خزمـەت بـە كەسـانی دیكـە بـكات، كـە لەمـەدا ڕەنگـە چەندیـن جـۆری كار بـۆ خۆشـگوزەرانی جەسـتەیی و ڕۆحـی كۆمەڵـگا ئەنجام بدرێـت، تەنانـەت وەک چـۆن هەمـوو ئەندامانـی جەسـتە خزمـەت بـە یەكـتری دەكـەن.[37]

كتێبـی پیـرۆز بـە ڕوونـی بـاس لـەوە دەكات كـە ویسـتی خـودا ئەوەیـە گەلەكـەی وەک خـوێ بـن و ڕووناكییـان لەنێـو هەمـوو مـەودای پیشـە دونیاییەكانـدا بدرەوشـێتەوە. گروپـە داخراوەكانـی بـاوەڕداران بـە مەسـیح كـە تەنهـا لەگـەڵ بـاوەڕداران دەژیـن و تەنهـا لەگـەڵ بـاوەڕداران كار دەكـەن، هەمـوو مەبەسـتی خـودا لـە جیهانـدا بـەدی ناهێنـن. ئەمـەش بـەو واتایـە نییـە كـە هەبوونـی فەرمانگـە یـان ئەنجومەنەكانـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح یـان بنكـەی ڕێكخـراوە بـاوەڕدارەكان بـە مەسـیح هەڵـەن. واتـای ئەوەیـە كـە ئـەوان نـاوازەن. زۆرینـەی ڕەهـای بـاوەڕداران بـە مەسـیح مەبەسـتیان ئەوەیـە لـە جیهانـدا بژیـن و لەنێـو بێباوەڕانـدا كار بكـەن. ئەمـە «نووسـینگەی"ی ئەوانـە، "بانگـەواز"ی ئەوانـە، وەک لۆتـەر دەڵێـت. ئێمـە دواتـر لـە بەشـەكانی داهاتـووی ئـەم كتێبـەدا دەبینیـن كـە بۆچـی ئەمـە ویسـتی خودایـە.

## هاوبەشیكردنی گا لەگەڵ خەڵک

نابێـت هەمـوو كەسـێک مزگێنیـدەر یـان قەشـە بێـت. دەبێـت هاوبەشـی لەنێـوان ڕۆشـتووان و نێردراوانـدا هەبێـت. سـەبارەت بـە قەشـەكان لـە كڵێسـادا پۆڵـس دەڵێـت: «لـە كاتـی گێرەكـردن دەمـی گا مەگـرە» (یەكـەم تیمۆسـاوس ٥: ١٨)، واتـا: مووچـەی قەشـەكەت بـدە. بـەڵام ئەمـە واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت كـە هەندێـک كـەس دەبـێ دانەوێڵـە بەدەسـت بهێنـن بـۆ ئـەوەی بیخەنـە ژێـر لوتـی گا هەژارەكـەوە كـە بیخـوات. هەروەها ئەمە نەخشـەیە بـۆ مزگێنیـدەران لـە پەیمانـی نوێـدا. «هـەوڵ بـدە زیناسـی پارێـزەر و ئەپۆلـۆس بنێـری، تاكـو پێویسـتیان بـە هیـچ نەبێـت» (تیتـۆس ٣: ١٣). بـە واتایەكـی دیكـە، نابێـت هەمـوو كەسـێک لەگـەڵ پۆڵسـدا بچێـت بـۆ خزمەتكـردن؛ هەندێكیـان لـەدوای خۆیـان بمێننـەوە و كار بكـەن بـۆ ئـەوەی پێداویسـتی ئەوانـە دابیـن بكـەن كـە دەڕۆن. بـە هەمـان شـێوە پۆڵـس پلانـی دانـا بـۆ ئـەوەی كاتێـک بـەرەو ئیسـپانیا دەڕۆیشـت كڵێسـای ڕۆمانـی بنكـەی دابینكـردن بێـت بـۆ ئـەو: «دەمـەوێ لـە كاتـی ڕۆیشـتنم بـۆ ئیسـپانیا سـەردانتان بكـەم. هیـوادارم بەلاتانـدا تێپەڕم

و بتانبینم، دوای ئەوەی چێژم لە بینینتان وەرگرت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، ئومێدەوارم بۆ ئەویم بەڕێبکەن» (ڕۆما ١٥: ٢٤).

ئەو گریمانەی ئەوە دەکات کە بۆ قازانج دامەزراون تاکو بتوانن بەخشین بکەن. هەر بۆیە بە باوەڕدارانی سالۆنیکی گوت: «بە دەستی خۆتان کار بکەن... تاکو... پێویستییان بە کەس نەبێت» (یەکەم سالۆنیکی ٤: ١١-١٢). لە ڕاستیدا پۆڵس هێندە لە سەرقاڵی بێکارەکانی سالۆنیکی تووڕە بوو کە لە نامەی دووەمدا نووسی:

> «کاتێک لەلاتان بووین تەمبەڵ نەبووین، بەخۆڕایی نانی کەسمان نەخواردووە، بەڵکو شەو و ڕۆژ بە ڕەنج و ماندووبوون کارمان کردووە، تاکو نەبینە بار بۆ کەستان.... "ئەوەی کار نەکات، ناخوات." ئێمە بیستوومانە هەندێکتان بە تەمبەڵی دەژین و کار ناکەن و خۆتان لە کاروباری کەسانی دیکەدا هەڵدەقورتێنن.» (دووەم سالۆنیکی٣: ٧-١١)

بە هەمان شێوە بە ئەفەسۆسیەکانی گوت: «دز ئیتر با دزی نەکات، بەڵکو با ڕەنج بدات و بە دەستی خۆی ئیشێکی پاک بکات، تاکو هەیبێت بداتە ئەوەی پێویستی پێیەتی» (ئەفەسۆس ٤: ٢٨) .

## لە کارەکەتدا بمێنەرەوە، "لەگەڵ خودا"

بانگەوازی باوەڕ بە مەسیح بانگەوازێک نەبوو بۆ وازهێنان لە پیشە دونیاییەکەت. ئەوە خاڵە ڕوونەکەی (یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١٧-٢٤) بوو. پۆڵس لەوێدا فێرکارییەکانی بەم وشانە پوخت دەکاتەوە: «خوشکان، برایان، با هەرکەسێک بەو شێوەیە لەگەڵ خودا بمێنێتەوە کە تێیدا بووە لەو کاتەی بانگکراوە» (ئایەتی ٢٤). پۆڵس ڕوانگەیەکی بەرزی هەبوو بۆ خودای پەروەردگار -کە خودا بە شێوەیەکی سەروەرانە بێباوەڕەکانی "تەرخان کردووە" یان "بانگیکردون" بۆ پۆستێک لە ژیاندا کە گۆڕانکارییان کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت لەسەر شکۆمەندی ئەو. «لەگەڵ ئەوەشدا، با هەر یەکێک بەپێی ئەو بەشەی مەسیحی خاوەن شکۆ پێیداوە و بەو شێوەیەی کە خودا بانگی کردووە بژیێت، لە هەموو کڵێساکان ئاوا فەرمان دەدەم» (ئایەتی١٧). مەبەستی پۆڵس ئەوە نییە کە گۆڕینی کار لە ژیانی باوەڕدار بە مەسیح هەڵەیە -ئەگەرنا کەس نەیدەتوانی ببێتە قەشە یان نێردراوێکی مزگێنیدەر جگە لە کەسانی زۆر گەنج (بە پێچەوانەی عیسا کە لە تەمەنی سی ساڵیدا لە دارتاشیەوە گۆڕا بۆ خزمەتکردنی بە تەواوی کات، لۆقا ٣: ٢٣). مەبەستی پۆڵس ئەوەیە کە کاتێک گۆڕاوین نابێت باز بدەین بۆ ئەو ئەنجامە، کە دەبێت کارەکەم بگۆڕدرێت. بەڵکو بیرکردنەوەمان ئەوە بێت، خودا منی خستۆتە ئێرە، ئێستاش دەبێ بەهای ئەو لەم کارەدا نیشان بدەم. وەک لە ئایەتی ٢٤ دا هاتووە،

«هەرکەسێک بەو شێوەیە لەگەڵ خودا بمێنێتەوە کە تێیدا بووە لەو کاتەی بانگکراوە.»

بۆیە پرسیارە سووتێنەرەکە بۆ زۆربەی شوێنکەوتووانی مەسیح دەبێت ئەوە بێت: چۆن ژیانم لە بانگەوازە دونیاییەکەمدا بۆ شکۆمەندی خودا هەژمارد دەکرێت؟ من لە هەموو ئەو شتانەی کە لەم کتێبەدا هەتا ئێستا گوتراوە، گریمانە دەکەم کە ئامانجی ژیان وەک یەکە، جا چ لە پیشەیەکی دونیاییدا بێت یان لە پیشەی کڵێسا یان مزگێنیدەریدا بیت. ئامانجمان ئەوەیە کە بە خۆشحاڵییەوە مەسیح شکۆمەند بکەین -لە هەموو کارەکانماندا شکۆدار دەربکەوێت. شانازیکردن تەنها لە خاچدا، ئامانجمان ئەوەیە بە شێوازی کارکردنمان چێژ لە شکۆدارکردنی ئەو وەربگرین. پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن ئەمە بکەین؟ کتێبی پیرۆز بە لانیکەم ئاماژە بە شەش وەڵام دەکات.

١. دەتوانین لە کارە دونیاییەکانماندا خودا شکۆدار بکەین لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیەتییەوەی کە بە درێژایی ڕۆژ لە هەموو کارەکانماندا لەگەڵ خودا چێژی لێ وەردەگرین.

بە واتایەکی دیکە ئێمە کاتێک گوێ لە دەنگی خودا دەگرین چێژ لە هەبوونی وەردەگرین، وە قسەی لەگەڵ دەکەین، وە هەموو بارگرانییەکانمان دەخەینە سەری، وە ئەزموونی ڕێنمایی و خەمخۆرییەکەی دەکەین. ئاماژەی کتێبی پیرۆز بۆ ئەم ڕاستییە لە یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢٤ هەیە. کاتێک باوەڕت بە مەسیح هێنا، لە کارەکەتدا بمێنەرەوە و چێژ لە ئامادەبوونی خودا وەربگرە. واتا: "هەریەکە لە هەر بارودۆخێکدا بانگ بکرێت، با لەوێ لەگەڵ خودادا بمێنێتەوە." ئەم دوو وشەی کۆتایی گرنگن. باوەڕداران بە مەسیح تەنها ناچنە سەر کارەکانیان. ئەوان دەچن بۆ کارکردن "لەگەڵ خودا." ئەوان بە تەنها کار ناکەن. ئەوان کاری خۆیان "لەگەڵ خودا" ئەنجام دەدەن. خودا لەگەڵیاندایە.

## زیاتر لە بەڵێنێکی کەسی

ئەمە هەمان ئەو بەڵێنە گشتیانە نییە کە بە هەموو کڵێسا وەک یەک دراون. خودا بەڵێن بە کڵێسا دەدات بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی، «تێیاندا نیشتەجێ دەبم و لەگەڵیان دەڕۆم، دەبم بە خودای ئەوان و ئەوانیش دەبن بە گەلی من» (دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٦). بەڵێن بۆ تۆ لە کارە دونیاییەکەتدا جیاوازە. کاتێک کەسە پیرۆزەکان لە کارە دونیاییەکانیاندا لە کاردان، پەرش و بڵاو دەبنەوە. لە کڵێسادا پێکەوە نین. کەواتە فەرمانی «لەگەڵ خودا لەوێ بمێنەرەوە» بەڵێنێکە کە ڕەنگە تۆ هاوبەشی خودا بە شێوەیەکی کەسیی و تاک لە کارەکەتدا بزانیت.

## وەک هەناسەدانی بەردەوام سوپاس بۆ خودا لە هەموو شتێکدا

یەکێک لە ڕێگاکانی چێژوەرگرتن لە ئامادەبوون و هاوبەشی خودا لە ڕێگەی

هۆشیاری سوپاسگوزارییەوەیە کە توانای تۆ بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک بەهەر شێوەیەک، لەوانەش ئەم کارە، بەهۆی نیعمەتی ئەوەوەیە. «ئەو خۆی ژیان و هەناسە و هەموو شتێک بە هەمووان دەبەخشێت» (کردار ١٧: ٢٥). هەموو تواناکانی بینین و بیستن و دەست لێدانت، هەموو تواناکانی جووڵەییت بە دەست و پێت، هەموو کردارە دەروونییەکانت بۆ چاودێریکردن و ڕێکخستن و هەڵسەنگاندن، هەموو ئەو لێهاتووییانەی کە وا دەکەن لەم کارە تایبەتەدا باش بیت -هەموو ئەم شتانە بەخششەکانی خودان. زانینی ئەمە دەکرێت پڕت بکات لە هەستکردن بە سوپاسگوزاری بەردەوام کە لە نوێژدا پێشکەش بە خودا دەکرێت. «ئەی خودای پەروەردگارم، بە هەموو دڵەوە ستایشت دەکەم، هەتاهەتایە ناوت شکۆدار دەکەم» (زەبوورەکان٨٦: ١٢). هەندێک جار سەرسوڕمانی ئەوەی کە خودا کێیە لە ئێمەدا و لە کاتی کارکردندا بەئاگادێینەوە، ئێمەش بە چرپەیەک ستایشی دەکەین و دەڵێین: «ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە. ئەی یەزدانی پەروەردگارم، تۆ زۆر مەزنیت! شکۆمەندی و پایەبەرزیت لەبەرکردووە» (زەبوورەکان١٠٤: ١).

کاتێک ئەو هۆشیارییە زیاد دەکەیت کە بۆ ئەمەش پشت بە خودا دەبەستیت بۆ هەموو خولەکێکی داهاتووی ژیان و بۆ هەموو ئەو یارمەتییانەی کە پێویستتە، سوپاسگوزاریت دەڕژێتە ناو باوەڕت بۆ هەر ساتێکی داهاتوو و بۆ ماوەی ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ و دەیە سالێک. ئەمەش باوەڕە بە نیعمەتی داهاتوو. دەکرێت بە نویژکردن بۆ خودا بە وشەی کتێبی پیرۆز بێت وەک ئەمە؛ «ئەی یەزدان، من پشتم بە تۆ بەستووە، دەڵێم: «تۆ خودای منیت.»»(زەبوورەکان ٣١: ١٤). یان دەتوانیت بڵێیت: «بەهۆی خۆشەویستی نەگۆڕی یەزدانە کە لەناونەچووین، چونکە بەزەییەکەی تەواو نابێت. ئەوانەت هەموو بەیانییەک نوێن؛ دڵسۆزییەکەت چەند گەورەیە» (شینەکانی یەرمیا ٣: ٢٢-٢٣).

## بردنی بەڵێنەکانی خودا بۆ شوێنی کارکردن

پشتگیریکردن لەم سوپاسگوزارییە و ستایش و متمانە بە بەڵێنەکانی خودان کە دەتوانیت هەموو ڕۆژێک ببەیتە شوێنی کارەکەت -نوسراوەکانی کتێبی پیرۆز لە مێشکدا هەڵگیراون. ئەمە ئەو شێوازەیە کە خودا بە درێژایی ڕۆژ قسەت لەگەڵ دەکات. هانتان دەدات و دەڵێت: «مەترسە، چونکە لەگەڵتدام، مەپەشۆکێ، چونکە من خودای تۆم. بەهێزت دەکەم و یارمەتیت دەدەم، بە دەستی ڕاستی دادپەروەریم پشتیوانیت دەکەم» (ئیشایا ٤١: ١٠). بیرت دەخاتەوە کە ئاڵنگارییەکی پاشنیوەڕۆ زۆر قورس نییە بۆی کە بەڕێوەی ببات: «من یەزدانم، خودای هەموو ئادەمیزاد، ئایا هیچ شتێک هەیە بۆ من

قـورس بێـت؟» (یەرمیـا ٣٢: ٢٧). پێـت دەڵێـت نیگـەران مەبـە، بەڵکـو هەرچـی پێویسـتت پێـی بێـت داوای لـێ بکـە (فیلیپـی ٤: ٦)، وە دەڵێـت: «هەمـوو خەمێکتـان بـە خـودا بسـپێرن، چونکـە ئـەو بایەختـان پێـدەدات» (یەکـەم پەتـرۆس ٥: ٧). وە بەڵێـن دەدات کـە بـە درێژایـی ڕۆژەکـە ڕێنماییـت بـکات: «مـن فێـرت دەکـەم و ڕێنماییـت دەکـەم بـۆ ئـەو ڕێگایـەی کـە دەبێـت پێیـدا بڕۆیـت، ئامۆژگاریـت دەکـەم و چاودێریـت دەکـەم» (زەبـوورەکان ٣٢: ٨).

بـەم شـێوەیە ئێمـە هاوبەشـی لەگـەڵ خـودا دەکەیـن، لـە ڕێگـەی وشـەکەیەوە گوێـی لێدەگریـن و سوپاسـی دەکەیـن و ستایشـی دەکەیـن و بانگـی دەکەیـن بـۆ هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە پێویسـتمانە. ئـەوە شـەرەفێکە بـۆ خـودا ئەگـەر بـەم شـێوەیە لـە کارە دونیاییەکەتـدا «لەگـەڵ خـودا» بمێنیتـەوە. ئەمـە ژیانێکـی بەفیڕۆچـوو نییـە. خـودا دڵخۆشـە بـەوەی متمانـەی پـێ بکرێـت و چێـژی لێوەربگیرێـت. ئەمـە بەهـای ئـەو نیشـان دەدات. وە کاتێـک بـە بیـری خۆمـان دەهێنینـەوە کـە هیـچ کام لـەم نیعمەتـە شایسـتانە ناتوانـن هـی ئێمـە بـن جگـە لـە مردنـی مەسـیح لـە شـوێنی ئێمـە، هەمـوو ترپەیەکـی دڵـمان دەبێتـە دڵخۆشـی لـە خـودادا، دەبێتـە شـانازیکردن بـە خـاچ.

٢. ئێمـە لـە پیشـە دونیاییەکانمانـدا مەسـیح شـکۆدار دەکەیـن بـە دڵخۆشـی و متمانـەوە پلانـی خـودای باڵادەسـت لـە داهێنـان و پیشەسـازیماندا دادەڕێژیـن.

یارمەتیـدەر دەبێـت کـە بپرسـین مـرۆڤ چـۆن جیـاوازە لـە سـەگی ئـاوی و کۆتـر و جاڵجاڵۆکـە و مێروولـە. یارمەتیـدەرە بـۆ گەیشـتن بـە کرۆکـی ئـەوەی کـە مرۆڤـەکان چـۆن بـە کارەکانیـان ڕێـز لـە خـودا دەگـرن. ئـەم بوونەوەرانـە زۆر زەحمەتکێشـن و شـتی زۆر ئاڵـۆز و سەرسوڕهێنەر دروسـت دەکـەن. کەواتـە دەبێـت کاری ئێمـە زیاتـر ڕێزگرتـن لـە خـودا بێـت لـەم جـۆرە داهێنـان و پیشەسـازییانەدا -مەگـەر ئامادە نەبیـن بڵێیـن کـە ئێمـە بـە کارەکانمـان خـودا شـکۆمەند دەکەیـن کـە جیـاوازی نابێـت لەگـەڵ کاری ئاژەڵـەکان.

## نوێنەرەکانی خودا زەوی دەخەنە ژێر ڕکێفیانەوە بۆ شکۆمەندی خۆی

جیـاوازی چییـە؟ یەکـەم وشـەکانی کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە دروسـتکردنی مـرۆڤ لەبەرچـاو بگـرن. «خـودا مرۆڤـی لەسـەر وێنـەی خـۆی بەدیهێنـا، لەسـەر وێنـەی خـودی خـۆی بەدیهێنـا، بـە نێـر و مـێ بەدیهێنـان. خـودا بەرەکەتـداری کـردن و پێـی فەرمـوون: «بـەردار بـن و زۆر بـن و زەوی پـڕ بکـەن و بیخەنـە ژێـر ڕکێفتانـەوە. دەسـەڵاتدار بـن بەسـەر ماسـی دەریـا و باڵنـدەی ئاسـمان و بەسـەر هەمـوو بوونەوەرێکـی زینـدوودا کـە لەسـەر زەوی دەجوڵێتـەوە» (پەیدابـوون ١: ٢٧-٢٨). دروسـتکردنمان بـە وێنـەی خـودا ڕاسـتەوخۆ بـەرەو ئیمتیـاز و ئەرکمـان دەبـات کـە زەوی بخەینـە ژێـر ڕکێفـی خۆمانـەوە و حوکمڕانیـمان

بەسەریدا هەبێت. بە واتایەکی دیکە پێویستە سەرقاڵی تێگەیشتن و شێوەدان و داڕشتن و بەکارهێنانی دروستکراوەکانی خودا بین بە شێوەیەک کە سەرنجمان بۆ بەهای ئەو ڕابکێشرێت و بۆ پەرستنی خودا بەئاگا بهێنێتەوە.

لەسەر وێنەی خودا بوون لانیکەم بەو واتایەیە کە ئێمە وێنای خودا بکەین. پێویستە ڕەنگدانەوەی ئەوە بین کە ئەو بەڕاستی چۆنە. وە پێویستە ئەوە بکەین نەک بۆ ئەوەی خۆمان گەورە دەربکەوین (وەک وێنەگر) بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو گەورە دەربکەوێت (وەک بەدیهێنەر). خەڵک وێنەی کەسە بەناوبانگەکان دروست دەکەن بۆ ئەوەی ڕێزیان لێ بگرن. خودا مرۆڤی بە وێنەی خۆی دروست کردووە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو کارەی کە مرۆڤ دەیکات ببینرێت و چێژی لێ وەربگیردرێت و ڕێزی لێ بگیرێت.

پاشان خودا گوتی پێش هەموو شتێک ئەوەی مرۆڤ دەیکات، کارە. زەوی ژێردەستە دەکات و حوکمڕانی بەسەر زەویدا دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێک لە واتای مرۆڤبوون ئەوەیە حوکمڕانی بەسەر دروستکراوەکاندا هەبێت و شێوە و ڕێکوپێکی و دیزاینێک بە جیهان بدات کە ڕەنگدانەوەی ڕاستی و جوانی خودا بێت. خودا مرۆڤ دەکاتە جێگری فەرمانڕەوای خۆی و ماف و توانای هاوشێوەی خودای پێ دەبەخشێت بۆ ئەوەی جیهان بخاتە ژێر ڕکێفیەوە -بۆ ئەوەی بەکاریبهێنێت و شێوەی بدات بۆ مەبەستی باش، بە تایبەتی بە مەبەستی شکۆداربوونی بەدیهێنەرەکەی.

## کار نەفرەت نییە؛ بێسوودی نەفرەتە

کەواتە ئەگەر لە هەموو ڕێگایەک بۆ دواوە بگەڕێیتەوە، پێش سەرچاوەی گوناە، هیچ واتایەکی نەرێنی سەبارەت بە کاری دونیایی نییە. بەپێی سیپارەی پەیدابوون ٢: ٢، خودا خۆی لە کاری بەدیهێنانیدا پشوو دەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کار شتێکی باشە و هاوشێوەیی خودایە. وە بەردی سەرەکی ئەو کارە خودایییە مرۆڤ بوو، بوونەوەرێک بە وێنەی خودا خۆی کە بۆ درێژەدان بە کاری حوکمڕانی و داڕشتن و شێوەدانی بەدیهێنراوان داڕێژرابوو. بۆیە لە کرۆکی واتای کاردا داهێنانە. ئەگەر تۆ خودا بیت، کارەکەت ئەوەیە لە هیچەوە بەدیبهێنیت. ئەگەر تۆ خودا نیت، بەڵکو وەک خودا بیت -واتا ئەگەر مرۆڤ بیت- کارەکەت ئەوەیە کە ئەوەی خودا دروستی کردووە وەریبگریت و شێوەی پێبدەیت و بەکاری بهێنیت بۆ ئەوەی خودا شکۆدار دەربکەوێت.

## چۆن جیاوازین لە ئاژەڵی قوندس

بەڵام لێرەدایە ئاژەڵی قوندس دێتە ناو بابەتەکەوە، قوندسێک دەوروبەری خۆی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بەنداوێک دروست دەکات و ماڵێک دروست دەکات

بـۆ مەبەسـتێکی بـاش، پێدەچێـت چێـژ لـە کارەکانـی وەربگرێـت؛ وە تەنانـەت کۆشـش و لێهاتوویـی ئاژەڵێکـی قوندسـیش ڕەنگدانـەوەی شـکۆمەندی دانایـی خودایـە.

هەموو شتێکی گەشاوە و جوان،
هەموو بوونەوەرێکی گەورە و بچووک،
هەموو شتێکی ژیر و سەرسوڕهێنەر،
یەزدانی پەروەردگار هەمووی بەدیهێنا.[٣٨]

وە خـودا لـە هەموویانـدا شـکۆمەندە. «بـا ڕووبـارەکان چەپڵـە لێبـدەن... چیـاکان هەلهەلـە لێبـدەن... [و] ئاسـمان باسـی شـکۆمەندی خـودا دەکات» (زەبـوورەکان ٩٨: ٨؛ ١٩: ١). کەواتـە جیـاوازی مـرۆڤ لـە شـوێنی کار و قونـدس لـە شـوێنی کاردا چییـە؟ یـان بـۆ ئـەو بابەتانـەی، هەنگێـک یـان کۆترێـک یـان مێرووولەیـەک؟ هەموویـان بـە زەحمـەت کار دەکـەن؛ دەوروبەرەکەیـان ملکەچ دەکـەن و شـێوەی پێـدەدەن بـۆ پێکهاتـەی سەرسـوڕهێنەر کـە خزمـەت بـە مەبەسـتی بـاش دەکـەن. جیاوازییەکـە ئەوەیـە مـرۆڤ لـە ڕووی ڕەوشـتییەوە خۆئـاگادارە و لەسـەر بنەمـای پاڵنەرێـک هەڵبـژاردن دەربـارەی کارەکانـی دەکات کـە ڕەنگـە ڕێـز لـە خـودا بگرێـت یـان نەگرێـت.

هیـچ قونـدس یـان هەنـگ یـان کۆتـر یـان مێرووولەیـەک بـە ئاگادارییـەوە پشـت بـە خـودا نابەسـتێت. هیـچ قوندسـێک بیـر لـە نەخشـی خودایـی ڕێکخسـتن و جوانـی ناکاتـەوە و هەڵبژاردنـی ڕەوشـتی بـۆ بەدواداچوونـی نایابـی نـاکات لەبـەر ئـەوەی خـودا نایـاب و ناوازەیـە. هیـچ قوندسـێک هەرگیـز بیـری لـە بەهـاداری و مەبەسـتی خـودا نەکردۆتـەوە و لەپێنـاو خـودا بڕیـار بـدات بەنداوێـک بـۆ قوندسـێکی دیکـە دروسـت بـکات نـەک بـۆ خـۆی. بـەڵام مـرۆڤ هەمـوو ئـەم توانایانـەی هەیـە، چونکـە ئێمـە بـە وێنـەی خـودا بەدیهێنراویـن. ئێمـە بـۆ ئـەوە دروسـت کراویـن کـە بـەم شـێوەیە وێنـەی خـودا ببینیـن. کاتێـک خـودا فەرمانمـان پێـدەکات زەوی بخەینـە ژێـر ڕکێفـی خۆمانـەوە -بـۆ ئـەوەی شـێوەی پێبدەیـن و بـەکاری بهێنیـن- مەبەسـتی ئـەوە نییـە وەکـو قوندسـی قرتێنـەر ئەنجامـی بدەیـن. مەبەسـتی ئەوەیـە وەک مرۆڤێـک ئەنجامـی بـدە، کەسـێکی خۆئـاگا لـە ڕەوشـت کـە بەرپرسـیارە لـە ئەنجامدانـی کارەکانـی بـە مەبەسـتەوە بـۆ شـکۆمەندی خـودا بەدیهێنەرەکـەی.

بـۆ ئـەوەی دڵنیـا بیـن، کاتێـک خـودا دەماننێرێـت بـۆ کارکـردن وەک هەڵگرانـی وێنـەی خـۆی، بیرەکانمـان ڕاسـت هەڵکەندرێـن، بـۆڕی کارگەکانمـان دزە نەکـەن، دەبێـت سـوچەکانی کەوانتـەری چێشـتخانەکمان ڕێکبن، بڕینـی نەشـتەرگەریمان پـاک بێـت، وشـەکانی نامەکانمـان دورسـت و سـەرنجڕاکێش بێـت، وە خوراکـی ژەمەکانمـان تەندروسـت و سەرنجڕاکێشـن بـن،

چونکـە خـودا خـودای ڕێکخسـتن و جوانـی و لێهاتوویـیـە. بـەڵام پشـیلە پـاک و خاوێنـە، مێرووڵـەش کۆششـکارە و جاڵجاڵۆکـەش کاری ڕێکوپێـک و جـوان بەرهـەم دەهێنێـت. وە هەموویـان وابەسـتەی خـودان. بۆیـە دەبێـت کرۆکـی کارەکانـمان وەک مـرۆڤ ئـەوە بێـت کـە بـە پشتبەسـتنێکی هۆشـیارانە بـە هێـزی خـودا ئەنجامیـان بدەیـن، وە لـە گەڕانـی هۆشـیارانەدا بـۆ نەخشـەی نایابـی خـودا بێـت و بـە ئەنقەسـت بـۆ ئامانجـی ڕەنگدانـەوەی شـکۆمەندی خـودا ئەنجـام بدرێـت.

## ئەنجامدانی کاری باش و خەوتنی باش

کاتێـک بـەم شـێوەیە کار دەکەیـت -گرنـگ نییـە پیشـەکەت چییـە- دەتوانیـت لـە کۆتایـی ڕۆژدا هەسـتێکی شـیرینی ئارامـت هەبێـت. بەفیـڕۆ نەچـووە. خـودا ئێمـەی دروسـت نەکـردووە کـە بێـکار بیـن. بۆیـە ئەوانـەی واز لـە بەرهەمهێنانـی داهێنەرانـە دەهێنـن، خۆشـی کاری ئامانجـدار و وابەسـتە بـە خـودا و جیهانێکـی داڕێـژراو لەدەسـت دەدەن کـە ڕەنگدانـەوەی خـودا بێـت. «خۆشـە خـەوی کارگـەر، کـەم بخـوات یـان زۆر، بـەڵام تێریـی دەوڵەمەنـد ڕێ بـە خـەو نـادات.» (ژیرمەنـدی ٥: ١٢). جۆناسـان ئێـدواردز ئەمـەی بە شـێوەی یاسـا دەرکـردوە کـە لەخوداترسـی کەسـیی بەرامبـەر بـە پشتگوێخسـتنی ئەرکـە دونیاییـەکان دووڕوویـیـە. باسـی ژنەکـەی خـۆی دەکات ("کەسـێک") وەک نـاوی خـوازراو، بـۆ ئـەوەی پێچەوانەکـەی نیشـان بـدات:

> جارێـک ئـەو کەسـە گوتـی: "ئـەی چەنـدە باشـە، بـە ڕۆژ کار بـۆ خـودا بکەیـت، شـەویش لەژێـر زەردەخەنەکانیـدا پـاڵ بکەویـت!" ئەزموونـە بـەرزەکان و سـۆز و خۆشەویسـتییە ئایینییـەکان بـە هیـچ شـێوەیەک لـەم کەسـەدا ئامـادە نەبـوون بـۆ پشتگوێخسـتنی کاروبـاری پێویسـتی بانگەوازێکـی دونیایـی، بـۆ بەسـەربردنی کات لـە خوێندنـەوە و نوێژکـردن و مەشـقەکانی دیکـەی پەرستشـدا بەپـەرۆش بـوو؛ بـەڵام بەپەرۆشـییەکی زۆرەوە بەشـداری لـە بازرگانـی دونیـادا دەکـرد، وەک بەشـێک لـە خزمەتکردنـی خـودا؛ ئـەو کەسـە ڕایدەگەیەنێـت کـە بـەم شـێوەیە ئەنجامـی بدەیـت، "ئـەوە" بەقـەد نوێژکـردن بەسـوودە."[٣٩]

لەخوداترسـی کەسـی ڕاسـتەقینە خـۆراک دەدات بـە کاری ئامانجدارانـەی پیشـە دونیاییـەکان نـەک تێکدانـی. بێـکاری لـە خاکـی هاوبەشـی لەگـەڵ خـودادا گەشـە نـاکات. بۆیـە ئـەو کەسـانەی کـە ژیانیـان بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە بێکاری یـان کات بەسـەربردنی بێواتـادا بەسـەر دەبـەن، بـە دەگمـەن وەک ئەوانـەی کار دەکـەن دڵخۆشـن. خانەنشـینەکان کـە بەڕاسـتی دڵخۆشـن، بـەدوای ڕێـگای داهێنەرانـە، بەسـوود و ڕێزگرتـن لـە خـودادا گـەڕاون بـۆ ئـەوەی لەپێنـاو چاکـەی مـرۆڤ و شـکۆمەندی خـودادا چـالاک و بەرهەمـدار بمێننـەوە.

بۆ ئەوەی دڵنیا بین، پێویستە یارمەتی یەکتر بدەین بۆ دۆزینەوە و هێشتنەوەی کار. پێویستە گرنگی بە کێشەی گەورەتری بێکاری بدەین. سەرەتا کێشەیەکی ئابووری نییە، هەرچەندە وەهایە. سەرەتا کێشەیەکی یەزدانناسییە. مرۆڤ بە وێنەی خودا دروستبووە و بەو تایبەتمەندییە لە دروستکەرەکەی پێی بەخشراوە بۆ کاری داهێنەرانە، بەسوود، شادکەر، شکۆمەندی خودا دەگونجێت. بۆیە بێکاریی بەرفراوان (کاتێک توانای کارکردنت هەبێت) دەبێتە هۆکاری هەست بە تاوانباری و بێسوودی.

کەواتە ڕێگەی دووەم کە ئێمە لە کارە دونیاییەکانماندا خودا شکۆدار دەکەین، لە ڕێگەی دیزاینی جوان و متمانەپێکراو و شکۆداری خودای داهێنان و پیشەسازییەکانمانەوەیە. خودا ئێمەی بۆ کار دروستکردووە بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بە هۆشیاری بە هێزی خۆی و بە ئاگادارییەوە جیهان لە دوای نایابی خۆی شێوە پێبدەین، ئێمە لەگەڵ ئەودا ڕازی بین، وە ئەویش لە ئێمەدا شکۆمەند بێت. کاتێک بەبیرمان دێتەوە کە ئەم هەموو داهێنانە خودا شکۆدارکەرە و ئەم هەموو خۆشییە تەنها بۆ گوناهبارانی ناشایستەی وەک ئێمە بەهۆی مردنی مەسیحەوە دەکرێت، هەموو کاتژمێرێکی کارکردن دەبێتە شانازیکردن بە خاچ.

٣. ئێمە لە کارە دونیاییەکانماندا مەسیح شکۆدار دەکەین کاتێک وێنەی شکۆمەندی مەسیح پشتڕاست دەکاتەوە و بەرزی دەکاتەوە تاکو خەڵکی ئینجیلی ڕاگەیاندراو ببیستن. هیچ سوودێکی نییە زیادەڕەوی لە دۆسیەکە بکەین بۆ بەهای کاری دونیایی.

ئەمە مزگێنیدان نییە. وە بە خۆی کەس ڕزگار ناکات. لە ڕاستیدا بەبێ قسەکردن لەسەر عیسای مەسیح، کاری دونیاییمان سەرسامی بۆ شکۆمەندی مەسیح بەئاگا ناهێنێتەوە. هەر بۆیە پەیمانی نوێ بە بێگەردییەوە کارەکانمان بە ڕازاندنەوەی ئینجیل ناودەبات. لە قسەکردن لەگەڵ کۆیلەکان، پۆڵس دەڵێت ئەوان «لە هەموو شتێکدا ملکەچی گەورەکانیان بن، ڕازییان بکەن، بەرپەرچیان نەدەنەوە، هیچیان لێ نەدزن، بەڵکو ئەوپەڕی دەستپاکی پیشان بدەن، تاکو لە هەموو شتێکدا فێرکردنی خودای ڕزگارکەرمان بڕازێننەوە.» (تیتۆس ٢: ٩-١٠). مەبەست لێرەدا پشتگیریکردن نییە لە کۆیلایەتی (کە پۆڵس بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆتر تێکی دا بە ناوهێنانی کۆیلە گۆڕاوەکە، ئۆنسیمۆس، «چیتر... کۆیلە نییە بەڵکو.. برایەکی باوەڕداری خۆشەویستە» (فلیمۆن ١٦). بەڵام بۆ نیشاندانی ئەوەیە کە ئێمە وەک فێرکارییەک لە خودا کارەکانمان بە خودا "دەڕازێنینەوە».

بە واتایەکی دیکە کاری ئێمە ژنە جوانەکە نییە، بەڵکو ملوانکەکەیە. ژنە جوانەکە ئینجیلە -"باوەڕی خودای ڕزگارکەرمان.» کەواتە یەکێک لە واتا چارەنووسسازەکانی کارە

دونیاییەکانمان ئەوەیە کە بە شێوازی ئەنجامدانی، سەرنجڕاکێشیی ئەو ئینجیلە زیاد دەکات یان کەم دەکاتەوە کە لەبەردەم بێباوەڕاندا دانی پێدا دەنێین. بێگومان گریمانە گەورەکە ئەوەیە کە ئەوان دەزانن ئێمە شوێنکەوتووی مەسیحین. تەواوی خاڵی دەقەکە دەشکێت ئەگەر شتێک نەبێت بۆ ئەوەی کارەکەمان ”بڕازێنێتەوە». بیرکردنەوە لەوەی کە کارەکانمان خودا شکۆمەند دەکات کاتێک خەڵک نازانن ئێمە باوەڕدارین بە مەسیح، وەک ئەوە وایە سەرسام بیت بە ڕیکلامێکی کاریگەر لە تەلەفزیۆن کە هەرگیز باسی بەرهەمەکە ناکات. ڕەنگە خەڵک سەرسام بن بەڵام نازانن چی بکرن.

## لابردنی کۆسپە بەربەستەکان لەبەردەم باوەڕ

شوێنێکی دیکە هەیە کە پۆڵس ڕۆڵی بێگەردی کارەکانمان لە پێوەندی لەگەڵ ئینجیلدا دەردەبڕێت. لە یەکەم سالۆنیکی ٤: ١١ بە کڵێسا دەڵێت: «با ئامانجی ئێوە بەڕێکردنی ژیانێکی ئارام و هێمن بێت. سەرتان لە کاری خۆتاندا بێت و بە دەستی خۆتان کار بکەن، وەک ڕامانسپاردوون.» مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە کارەکەمان هەر کەسێک ڕزگار بکات. بابەتەکە ئەوەیە ئەگەر بە باشی بژین و کار بکەین، ئاستەنگەکان لادەبردرێن. بە واتایەکی دیکە کاری باش و ڕاستگۆیانە ئینجیلی ڕزگارکەری خودا نییە، بەڵکو کەسێکی فرۆشیاری ئۆتۆمبێل کە باوەڕدارە بە مەسیح گلەیی لەسەر بێت، کەموکوڕییە لەسەر ئینجیل و بەربەستێک دەخاتە سەر ڕێگای بینینی جوانییەکانی مەسیح. وە ڕەنگە تەمبەڵی بەربەستێکی گەورەتر بێت لە تاوان. ئایا پێویستە شوێنکەوتووانی مەسیح لە نوسینگەکانیاندا بەو کەسانە بناسرێن کە ئەگەر کێشەیەکی تایبەتت هەبێت بچیتە لای، یان بۆ پرسێکی پیشەیی ئاڵۆز بچیتە لای؟ مەرج نییە بۆ هەردوو کێشە بچیە لای. ڕاسپاردەی کتێبی پیرۆز ئەوەیە: «هەر چییەک دەکەن، بە دڵ بیکەن، وەک بۆ مەسیح بێت، نەک بۆ خەڵکی» (کۆلۆسی ٣: ٢٣ ؛ بڕوانە ئەفەسۆس ٦: ٧).

کەواتە ڕێگەی سێیەم ئەوەیە کە ئێمە لە کارە دونیاییەکانماندا خودا شکۆدار دەکەین، بە هەبوونی ستانداردی بەرزی نایابی و وەها دەستپاکی و نیازپاکییەکی هێندە ئاشکرا کە هیچ بەربەستێک لە ڕێگای ئینجیلدا دانەنێین بەڵکو سەرنجڕاکێش بین بۆ جوانییە تەواو تێرکەرەکانی مەسیح. کاتێک بە کارەکانمان ئینجیل دەڕازێنینەوە، ژیانمان بەفیڕۆ نادەین. وە کاتێک بەبیرمان دێتەوە کە خودی ڕازاندنەوەکە (کاری وابەستە بە خودا، لە شێوەی خودا، شکۆمەندی خودایە) بە خوێنی مەسیح بۆمان کڕدراوە، وە ئەو جوانییەی کە دەیڕازێنینەوە خودی ئینجیلی مردنی مەسیحە، ئەوا هەموو ڕازاندنەوەیەکی ناسکمان دەبێتە شانازیکردن لە خاچدا.

٤. ئێمـە لـە کارە دونیاییەکانماندا خـودا شـکۆدار دەکەیـن بـە بەدەسـتهێنانی پـارەی پێویسـت بـۆ ئـەوەی پشـت بـە کەسـانی دیکـە نەبەسـتین، لـە هەمـان کاتدا سـەرنجمان لەسـەر خـودای یارمەتیـدەری کارەکانمانـە نـەک پاداشـتی دارایـی.

خـودا هـەر لـە سـەرەتاوە مەبەسـتی ئـەوە بـوو کە کار بـۆ دابیـن کردنـی پێداویسـتیەکانمان بـکات. خـودا لـە سـەرەتاوە کار دەکات (پەیدابـوون ٢: ٢)، ئـەو مرۆڤانـەی کـە بـە وێنـەی خـۆی دروسـتی کـردووە کاریـان دەکـرد. پێـش ئـەوەی گونـاە بچێتـە نـاو دونیـا، ئـەو کارە بێسـوود نەبـوو و بێزارکـەر نەبـوو. بـە جوانـی لەگـەڵ ڕزق و ڕۆزی زۆری خـودادا یەکیدەگـرت بـۆ دابینکردنـی هەمـوو پێویسـتییەک. زەوی دەکاتـە ملکەچـی پێداویسـتییە ماددییەکانـی مـرۆڤ بەبـێ ئـەوەی زەوی تێکبـدات (پەیدابـوون ١: ٢٨). لـە سـەرەتاوە ماڵـی مـرۆڤ باخچەیەکـی پـڕ لـە داری میـوە بـوو، نـەک کێڵگەیەکـی ڕەق کـە بکێڵـدرێ و بچێنرێـت. «یەزدانـی پـەروەردگار هەمـوو ئـەو جـۆرە درەختانـەی کـە لەبەرچـاو جـوان بـوون و بـۆ خـواردن خـۆش بـوون لـە زەویـدا گەشـەی پێکـرد» (پەیدابـوون ٢: ٩). نـەک هـەر ئـەوە، «ڕووبارێـک لـە عەدەنـەوە سـەرچاوە دەگرێـت و لەبـەری دەڕوات بـۆ ئاودانـی باخچەکـە» (ئایەتـی ١٠).

## کارێکی پڕ لە شادی پێش کەوتنە ناو گوناە؛ پاشان بە ئارەقکردنەوە و بێزاری

لـەم بەهەشـتەدا کـە خـودا لـە سـەرەتادا هەمـوو شـتێک دابیـن دەکات فەرمـووی: «هیچ مرۆڤێکیـش نەبـوو ئیشـی جوتیـاری بـکات» (ئایەتـی ٥). پاشـان مرۆڤـی لـە زەوی دروسـتکرد، لـە دروسـتکردنیدا، ئـادەم بـووە کوڕێـک کـە لەگـەڵ باوکیـدا کاردەکات لـە بەڕێوەبردنـی دروسـتکردندا. کرۆکـی کار ڕزق و ڕۆزی ژیـان نەبـوو. خـودا خـۆی وەکـو بژێوکـەر ڕزقـی بـە مـرۆڤ بەخشـی. مـرۆڤ ئـازاد بـوو، نـەک لـە کار، بەڵکـو لەنـاو کاردا، بـۆ ئـەوەی داهێنـەر بێـت، بەبـێ ئـەوەی دڵەڕاوکێـی دابینکردنـی خـواردن و جلوبەرگـی هەبێـت.

ئـەوەی لەگـەڵ هاتنـە نـاوەوەی گونـاە بـۆ دونیـا گـۆڕا، ئـەوە نەبـوو کـە مـرۆڤ ناچـار بـوو کار بـکات، بەڵکـو ئـەو کارە لەگـەڵ هەڵەکـردن و بێـزاری مـرۆڤ کـە کەوتـە نـاو گونـاە، قـورس بـوو. یـەزدان بـە ئادەمـی فەرمووبـوو:

> «لەبـەر ئـەوەی تـۆش گوێـت لـە ژنەکـەت گـرت و لـەو درەختـەت خـوارد کـە فەرمانم پـێ کردبوویت، "نابێـت لێـی بخۆیـت،" ئـەوا زەویـش بەهـۆی تـۆوە نەفـرەت لێکـراوە. بـە ڕەنجکێشـانیش هەمـوو ڕۆژانـی ژیانـت لێـی دەخۆیـت. دڕکوداڵـت بـۆ بەرهـەم دێنێـت و ڕووەکـی کێڵگـە دەخۆیـت. بـە ئارەقـەی ناوچەوانـت نـان دەخۆیـت، هەتـا دەگەڕێیتـەوە بـۆ زەوی، کـە لێیـەوە وەرگیراویـت، لەبـەر ئـەوەی تـۆ خۆڵیـت و بـۆ خۆڵیـش دەگەڕێیتـەوە.» (پەیدابـوون ٣: ١٧-١٩)

کاتێک ژن و پیاو پشت بەستن بەخۆیان هەڵبژارد و ڕێنمایی و ڕزق و ڕۆزی باوکایەتی خودایان ڕەتکردەوە، خودا ئەوانی خستە ژێر باری ئەو شتەی کە هەڵیانبژارد: پشت بەخۆبەستن. دەڵێت لەمەودوا ئەگەر بخۆیت لەبەر ئەوە دەبێت کە ڕەنجدەکێشیت و ئارەق دەکەیتەوە. بۆیە لە باخچەی کاری پڕ لە شادییەوە ڕاونران بۆ سەر زەوی زەحمەتکێشانی دڵەڕاوکێ. ئەو نەفرەتەی ئەمڕۆ لە ژێریدا دەژین ئەوە نییە کە دەبێ کار بکەین. نەفرەت ئەوەیە، لە کارەکانماندا، لەگەڵ ماندوێتی و بێزاری و بەڵا و دڵەڕاوکێدا دەجەنگین. وە هەموو ئەمانە دوو هێندە قورسن چونکە ئێستا هەر بەم زەحمەتە دەبێت خۆمان بە زیندوویی بهێڵینەوە. «بە ڕەنجکێشانیش هەموو ڕۆژانی ژیانت لێی دەخۆیت... بە ئارەقەی ناوچەوانت نان دەخۆیت»

## مەسیح نەفرەتی ئێمەی لەسەر خۆی هەڵگرت، ئێمەش ئازاد دەبین

بەڵام ئایا مەسیح نەهاتووە کە نەفرەت لەسەر گەلەکەی هەڵبگرێت؟ بەڵێ. «مەسیح ئێمەی لە نەفرەتی شەریعەت کڕییەوە، بەوەی لە پێناوماندا بووە نەفرەت، چونکە نووسراوە: «چونکە نووسراوە: هەرکەسێک لەسەر دار هەڵبواسرێت نەفرەت لێکراوە» (گەلاتیا ٣: ١٣). بەڵام نەفرەتەکە بە تەواوی بە یەکجار هەڵناگیرێت. خودا بە قۆناغ ڕزگارمان دەکات. مەسیح گورزێکی لەناوبەری لە خراپە دا کاتێک لەپێناو گوناهی ئێمەدا مرد و هەستایەوە. بەڵام هێشتا هەموو دوژمنێک نەخراوەتە ژێر پێیەوە. بۆ نموونە مردن بەشێکە لەو نەفرەتەی کە هەتا ئێستاش ئەزموونی دەکەین. مەسیح بۆ گەلەکەی بەسەر مردندا زاڵ بوو، بەڵام ئێستا تەنها بەشێکی. ئێمە هێشتا دەمرین، بەڵام «پێوەدانی" مردن و بێهیوایی مردنی لەناوبرد، چونکە گوناهەکانمان لە مەسیحدا لێخۆشبوونی وەرگرت و ئەویش لە مردن هەستاوەتەوە (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٤- ٥٥)!

بە هەمان شێوە هێشتا دەبێ زۆر کار بکەین بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانمان. مەسیح دەڵێت: «خەم بۆ ژیانتان مەخۆن کە چی بخۆن و چی بخۆنەوە؛ هەروەها بۆ جەستەتان کە چی بپۆشن. ئایا ژیان لە خواردن گرنگتر نییە؟ یان جەستە لە جلوبەرگ؟... باوکی ئاسمانیشتان دەزانێت پێویستیتان بە هەموو ئەوانە هەیە. بەڵکو یەکەم جار داوای پاشایەتییەکەی خودا و ڕاستودروستییەکەی بکەن، هەموو ئەمانەتان بۆ دابین دەکرێت.» (مەتا ٦: ٢٥، ٣٢- ٣٣). ئەو دەڵێت: «وەرن بۆ لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە» (مەتا ١١: ٢٨). هەروەها دەڵێت: «چەسپاو و جێگیر بن. خۆتان بە تەواوی بۆ کاری عیسای خاوەن شکۆ تەرخان بکەن، چونکە دەزانن ئەو ڕەنجە بەفیڕۆ ناڕوات کە ئێوە بە یەکبوون لەگەڵ عیسای خاوەن شکۆدا دەیکێشن» (یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٥٨). بە واتایەکی دیکە خودا نایەوێت منداڵەکانی بارگران بن بە

بێزاری و بێسوودی و ماندووبوونی خەمۆکی کار. ئەمە بەشێکی زۆری ئەو نەفرەتەیە کە ئامانجیەتی لەسەر ئێمە هەڵیبگرێت، تەنانەت لەم سەردەمەشدا.

## هێشتا ئێرە بەهەشت نییە

بەڵام وەک چۆن مردن هەتا کۆتایی ئەم سەردەمە ڕاستییەک دەبێت، بە هەمان شێوە دەبێت لەم سەردەمە کەوتووەدا کاربکەین لە بەرامبەر زۆرێک لە بەربەستەکان کە زۆرجار وا دەکات کارکردن قورس بێت. ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە بگەڕێینەوە بۆ بەهەشت و لە باخچەی کەسێکی دیکەدا میوە هەڵبگرین. ئەمە ئەو هەڵەیە کە خەڵکی سالۆنیکی کردیان. هەندێکیان وازیان لە کارەکانیان هێنا و بێکار بوون، چونکە پێیان وابوو مەسیح زۆر بەم زووانە دێتەوە. وە بەهەشت لە نزیکیانەوە بوو. بۆیە پۆڵس بۆی نووسین: «ئەوەی کار نەکات، ناخوات. ئێمە بیستوومانە هەندێکتان بە تەمبەڵی دەژین و کار ناکەن و خۆتان لە کاروباری کەسانی دیکەدا هەڵدەقورتێنن. بە ناوی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆوە ئامۆژگاری و فەرمان بەو کەسانە دەکەین کە بە هێمنی کار بکەن و نانی خۆیان بخۆن.» (دووەم سالۆنیکی ٣: ١٠-١٢). مرۆڤە بەتواناکان کە هەڵدەبژێرن لە بێکاریدا بژین و بەرهەمی ئارەقەی کەسێکی دیکە بخۆن، لە یاخیبووندان بەرامبەر بە داڕێشتینی خودا. ئەگەر بتوانین دەبێت بژێوی ژیانی خۆمان پەیدا بکەین.

کەواتە چۆن شوێنکەوتووانی مەسیح دەتوانن مەسیح شکۆدار بکەن لە کارکردندا "بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان"؟ یەکەم: بە تامەزرۆییەوە خۆگونجاندن لەگەڵ دیزاینی خودا بۆ ئەم سەردەمە. کردەوەیەکی گوێڕایەڵییە کە ڕێز لە دەسەڵاتەکەی دەگرێت. دووەم: بە لابردنی بەربەستەکان لە پێش بێباوەڕاندا کە وابەستەیی و تەمبەڵی باوەڕداران بۆ کەسانی دیکە وەک بەڵگەیەک دەزانن کە خوداکەمان شایەنی شوێنکەوتن نییە. «بە دەستی خۆتان کار بکەن... تاکو بە لێوەشاوەیی بژین لەگەڵ ئەوانەی دەرەوە و پێویستیتان بە کەس نەبێت.» (یەکەم سالۆنیکی ٤: ١١-١٢). ئێمە بە پەیداکردنی بژێوی ژیانمان ڕێز لە خودا دەگرین، چونکە ئەمە ڕێگا بۆ بێباوەڕان بە مەسیح پاک دەکاتەوە کە مەسیح بەو شێوەیە ببینن کە بەڕاستی هەیە. باوەڕداران بە مەسیح بێ ئامانج و بێ بەرهەم، دژایەتی ئەو خودایە داهێنەر و ئامانجدار و بەهێز و میهرەبانە دەکەن کە خۆشمان دەوێت. ئەوانە ژیانی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن.

## بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت

سێیەم: ئێمە بە پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆمان خودا شکۆدار دەکەین، کاتێک سەرنجمان لەسەر قازانجی دارایی نییە، بەڵکو سەرنجمان لەسەر ئەو قازانجە دەبێت

کە بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکەمان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت. ئەمەش دژبەیەکییە. من دەڵێم بەڵێ پێویستە پارەی پێویست بەدەست بهێنین کە بتوانین پێداویستییەکانمان دابین بکەین. بەڵام، نەخێر، نابێت پارە بکەینە مەبەستی سەرەکی کە کاری بۆ دەکەین. یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین شتەکان کە عیسا فەرموویەتی ئەوە بوو: «بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی هەتاهەتایی دەمێنێتەوە، ئەوەی کوڕی مرۆڤ دەتانداتێ» (یۆحەنا ٦: ٢٧). بۆ ئەو خواردنەی لەناو دەچێت زەحمەت مەکێشە! «ئەو خۆراکەی لەناودەچێت» بە سادەیی بە واتای هەموو خواردن و ڕزق و ڕۆزی ئاسایی دێت. کەواتە ئەمە جێگەی سەرنجە! پێدەچێت تەواو پێچەوانەی ئەوە بێت کە من دەیڵێم. مەبەستی چییە؟

ئێمە لە هەموو ئەو شتانەی هەتا ئێستا بینیومانە دەزانین کە عیسا مەبەستی ئەوە نییە کە هەڵەیە بژێوی ژیانی خۆت پەیدا بکەیت و نانی خۆت بخۆیت. کەواتە دیارە مەبەستی ئەوەیە کە کاتێک ئێمە کار بۆ ئەو خۆراکە دەکەین کە لەناو دەچێت، دەبێت هەستێکی بەرچاو هەبێت کە تێیدا ئێمە کار بۆ ئەو خۆراکە ناکەین، بەڵکو بۆ شتێکی زیاتر کاردەکەین. بە واتایەکی دیکە لە کارەکانتدا سەرنجت لەسەر تەنها شتە مادییەکان نەبێت. تەنها بە ئامانجی ئەو شتە لەناوچووانە کار مەکە کە دەتوانیت بە داهاتەکەت بیکڕیت. بە چاوێک کار بکە و بە شێوەیەک کە ئامانجی سەرەکی پارە نەبێت، وە تەنها بۆ سوودی خۆت نەبێت. بە ئامانجی سوودگەیاندن بە خەڵک کار بکە بەو شتەی کە دروستی دەکەیت یان ئەنجامی دەدەیت.

مەسیح نەفرەتی کارکردنی هەڵگرتووە. ئەو زەحمەتی دڵەڕاوکێی گۆڕیوە بە متمانەکردن بە بەڵێنی خودا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانمان (فیلیپی ٤: ١٩) و بەم شێوەیە لە ناخی ئێمەدا سۆزێکی جیاوازی لە کارەکانماندا بەئاگا هێنایەوە. ئێمە بە خۆشحاڵییەوە ڕوو لە بانگەوازی عیسا دەکەین: سەرەتا بەدوای شانشینی خودا و ڕاستودروستییەکەیدا بگەڕێ، ئەو خواردنەی لەناو دەچێت خۆی بۆت دابین دەکات. بۆیە ئیش مەکە بۆ ئەو خواردنەی کە لەناو دەچێت. ئیش بکە بۆ خۆشویستنی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە خودا. بیر لە ڕێگەی نوێ بکەرەوە کە کارەکانت، بتوانن بەرەکەت بخەنە سەر خەڵک. واز لە بیرکردنەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە قازانج بهێنە، وە بە شێوەیەکی سەرەکی بیر لەوە بکەرەوە کە بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکەت دەکرێت چەندە یارمەتیدەر بێت.

## مامەڵە بازرگانییەکانتان بکەن، بەڵام لێیان ئازاد بن

چۆن بەیانیان هەڵدەستیت و دەچیتە سەر کارەکەت نەک بۆ ئەو خۆراکەی لەناودەچێت- نەک بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ قازانج؟ بەڕاستی ئەمە دۆزینەوەیەکی

ڕۆحییە، لە ڕێگەی نوێژکردن و بیرکردنەوەی زۆرەوە بەدەست دێت. قسەی ڕوونکردنەوەی من نابێتە هۆی ئەوەی ڕووبدات. بەڵام ڕەنگە ڕۆحی پیرۆز ئەم وشانە بەکاربهێنێت بۆ پێشخستنی بەدواداچوونەکەت. پۆڵس لە یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣٠-٣١ گوتی کە بەو پێیەی ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە هەموو شتێک بەپەلەیە، «ئەوانەی دەگریێن وەک نەگرییێن، ئەوانەی شادن وەک شاد نەبن، ئەوانەی دەکڕن وەک موڵکیان نەبێت، ئەوانەی جیهان بەکاردەهێنن وەک هەر بەکارینەهێنن، چونکە وێنەی ئەم جیهانە ڕووەو نەمانە.» پێم وایە ئەمە شێوازێکی دیکەیە بۆ گوتنی بەڵێ ئیش بکە، بەڵام ئیش مەکە بۆ ئەو خۆراکەی لەناودەچێت. بڕۆ پێشەوە و بکڕە، بەڵام وەک ئەوەی هیچ کاڵایەکت نەبێت مامەڵە بکە. مامەڵە بازرگانییەکانتان ئەنجام بدەن، بەڵام ئازاد بن لێیان. دەرئەنجامی دارایی ئەم مامەڵانە ژیانی تۆ نییە.

## وای دابنێ تۆ دەڵاڵی بۆرسەی

گریمان تۆ دەڵاڵی بۆرسەی و شوێنکەوتووی مەسیحیت و تەماشای دابەزینی بازاڕت کردووە. ئەوەی بۆ تۆ واتای ئەوەیە کە ئیش نەکەتیت بۆ ئەو خۆراکەی لەناودەچێت ئەوەیە کە ژیانی ڕاستەقینەت نەخرێتە مەترسییەوە. ئەوەیە کە ئارامی و شادیت لەناو ناچێت. خواستت بۆ ئەوەی باشترین شت بکەیت بۆ کڕیارەکانت وەک خۆی دەمێنێتەوە- تەنانەت ئەگەر ئامۆژگارییان بکەیت کە لە بازاڕ دەربچن و پارەکانیان بە شێوەیەکی جیاواز بۆ شکۆمەندی خودا بەکاربهێنن. تۆ کار بۆ ئەو خواردنە ناکەیت کە لەناو دەچێت. ئامانجت ئەوەیە لە شێوازی کارکردنتدا چێژ لە شکۆمەندی مەسیح وەربگریت. عیسا فەرمووی: «من خواردنێکم هەیە دەیخۆم، کە ئێوە نایزانن... خواردنی من ئەوەیە خواستی ئەوە ئەنجام بدەم کە ناردوومی و کارەکەی تەواو بکەم» (یۆحەنا ٤: ٣٢-٣٤). هیچ کام لە ئێمە لە پیشەکانماندا نابێت بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانجمان ئەو خواردنە بێت کە لەناودەچێت -ئەوە بۆ پەروەردگار جێبهێڵین. پێویستە لەبری ئەوە ئامانجمان ئەوە بێت کە خواستی ئەو کەسە ئەنجام بدەین کە ئێمەی ناردووە. وە ویستی ئەو ئەوەیە کە ئێمە لە سەرووی هەموو شتێکەوە مەسیح بکەینە گەنجینەمان و بەو شێوەیە بژین.

دەڵاڵی بۆرسەی باوەڕدار بە مەسیح لە بەرامبەر دابەزینی بازاڕدا دەڵێت، ”ئەو خواردنە سەرەکییەی کە من لەم کارەدا دەمەوێت هێشتا لەوێیە. من لە سەرووی هەموو شتێکەوە پەرۆشم لەم تاقیکردنەوەی باوەڕەدا دەربچم و پشوویەکی قووڵم هەبێت لە چاکە و هێزی مەسیحدا. من برسی ئەوەم چێژ لە شکۆمەندی ناوەکەی وەربگرم و چۆن کەسانی دیکە ڕەفتار و دەستپاکی من ببینن و شکۆمەندی بە مەسیح بدەم“. بۆ ئەو

مەبەستەش ئیش دەکەم بۆ ئەو خواردنەی کە هەتا ژیانی هەتاهەتایی بەرگە دەگرێت. باوەڕدار بە مەسیح ئیش دەکات، زوو هەڵدەستێت بۆ نوێژکردن و ڕامان تاکو بە درێژایی ڕۆژ مەسیح لە نزیک دڵی خۆیەوە هەڵبگرێت. لەو ئاسایشەدا بیر لە چاکەی کەسانی دیکە دەکاتەوە و خزمەتیان دەکات. ئەوە سەرسوڕهێنەرە نەک ژیانێکی بەفیڕۆچوو.

عیسا بانگمان دەکات بۆ ئەوەی لە جیهاندا بێگانە و دەربەدەر بین. نەک بە دەرهێنانی ئێمە لە جیهان، بەڵکو بە گۆڕینی، لە بنەڕەتدا چۆن تەماشای جیهان دەکەین و چۆن کارەکانمان تێیدا ئەنجام دەدەین. ئەگەر تەنها کار بکەین بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانمان -ئەگەر بۆ ئەو نانە ئیش بکەین کە لەناودەچێت- ژیانمان بەفیڕۆ دەدەین. بەڵام ئەگەر بەو دڵنیاییە شیرینە کار بکەین کە خودا هەموو پێداویستیەکانمان دابین دەکات -کە مەسیح مردووە بۆ کڕینی هەموو نیعمەتێک بۆمان کە شایانی نەبووین- ئەوا هەموو ماندووبوونمان دەبێتە کاری خۆشەویستی و شانازیکردن تەنها لە خاچدا.

٥ - ئێمە لە کارە دونیاییەکانماندا خودا شکۆدار دەکەین بە بەدەستهێنانی پارە لەگەڵ ئارەزووی بەکارهێنانی پارەکەمان بۆ دڵخۆشکردنی کەسانی دیکە لە خودادا.

هەموو ئەو شتانەی کە لە بەشی حەوتەمی ئەم کتێبەدا باسم کرد، دەستکەوتی ئەوە بوو کە پارەمان هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕیشەیی بەکاری بهێنین بۆ نیشاندانی ئەوەی کە مەسیح نەک پارە گەنجینەی ئێمەیە. بەڵام پارە لەسەر درەخت گەشە ناکات؛ ئێمە کاری بۆ دەکەین. ئێمە هەندێک خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەین یان هەندێک بەرهەم دروست دەکەین کە کەسانی دیکە پارەی پێدەدەین. کەواتە لێرەدا مەبەستی من ئەوەیە کە، لەکاتی کارکردنماندا، پێویستە خەون بەوەوە ببینین کە چۆن پارەی زیادەمان بەکاربهێنین بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لە خودادا دڵخۆش بکەین. بێگومان پێویستە هەموو پارەکانمان بەکاربهێنین بۆ ئەوەی کەسانی دیکە بە خودا دڵخۆش بکەین، بەو واتایەی هەموو ژیانمان ئەم ئامانجەی هەیە. بەڵام مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە کاری دونیاییمان دەکرێت ببێتە نیعمەتێکی گەورەی خودای شکۆمەند بۆ جیهان ئەگەر ئامانجمان ئەوە بێت ئەو داهاتانەی پێویستمان پێی نییە بۆ خۆمان (وە پێویستمان بە زۆر کەمتر لەوەیە کە بیری لێدەکەینەوە) و پێداویستییەکانی کەسانی دیکەی پێ دابین بکەین یە ناوی عیسای مەسیح.

## یارمەتی داهاتدارە بەتواناکان بۆ قوربانیانی باوەڕ

خودا بە ڕوونی پێمان دەڵێت کە پێویستە کار بکەین بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەو کەسانەی کە ناتوانن پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن. ڕاستە هەموو کەسێک

ئەگەر بتوانێت کار بکات و بە گشتی ئەگەر کار بکەیت ئەو شتەت دەبێت کە پێویستت پێیەتی. «ئەوەی ئیش لە زەوی خۆیدا بکات، تێر نان دەبێت» (پەندەکانی سلێمان ١٢: ١١). بەڵام ئەم یاسا گشتییە ڕەها نییە. ڕەنگە وشکەساڵی کێڵگەکەت بگرێتەوە؛ ڕەنگە دزەکان ئەو شتە بدزن کە تۆ بەدەستت هێناوە؛ ڕەنگە کەمئەندامییێتی کۆتایی بە هێزی داهاتەکەت بهێنێت. هەموو ئەوانە بەشێکن لەو نەفرەتەی کە گوناه هێنایە دونیاوە. بەڵام خودا بە بەزەیی خۆی دەیەوێت بە کاری تواناداره‌کان، پێداویستییەکانی بێدەسەڵاتەکان دابین بکات، بە تایبەتی لە کاتە سەختەکاندا.

سێ بڕگەی کتێبی پیرۆز ئەمە ڕوون دەکەنەوە. لە یەکەم تیمۆساوس ٥: ٨ کە پۆڵس سەبارەت بە بێوەژنە بەساڵاچووەکان لەگەڵ منداڵ و نەوەکانیدا قسە دەکات: «بەڵام ئەگەر یەکێک بایەخ بە نزیکەکەی نادات بە تایبەتی ئەندامانی خێزانی، ئەوا نکۆڵی لە باوەڕ کردووە و خراپترە لە بێباوەڕ.» وە لە کرداری نێردراوان ٢٠: ٣٥ کە پۆڵس ئاماژە بە کاری دەستی خۆی دەکات و پاشان دەڵێت: «هەموو شتێکم پیشانتاندا کە پێویستە چۆن ڕەنج بدەن بۆ یارمەتیدانی لاوازان، وشەکانی عیسای خاوەن شکۆتان لەیاد بێت کە خۆی فەرمووی: "بەخشین لە وەرگرتن بەختەوەریترە"» پاشان لە ئەفەسۆس ٤: ٢٨ پۆڵس دێتە سەر ئەوەی بڵێت: "دزی مەکە، کار بکە!" دەڵێت: «دز ئیتر با دزی نەکات، بەڵکو با ڕەنج بدات و بە دەستی خۆی ئیشێکی پاک بکات، تاکو هەیبێت بداتە ئەوەی پێویستی پێیەتی.» دەتوانیت دزی نەکەیت بۆ ئەوەی هەتبێت. یان دەتوانیت کار بکەیت بۆ ئەوەی هەتبێت. یان دەتوانیت کار بکەیت بۆ ئەوەی ناچار بیت ببیەخشیت. کاتێک بژاردەی سێیەم لە دڵخۆشی لە چاکەی خوداوە دێت، وا دەکات لە دونیادا خودا شکۆدار دەربکەوێت.

٦. ئێمە لە کارە دونیاییەکانماندا مەسیح شکۆدار دەکەین بە مامەڵەکردن لەگەڵ تۆڕی ئەو پەیوەندییانەی کە وەک بەخششێکی خودا دروستی دەکەین بۆ ئەوەی خۆشەویست بین بە هاوبەشکردنی مزگێنی و بە کردەوەی پراکتیکی یارمەتیدان.

من ئەم بابەتەم لە کۆتایی بابەتەکەدا داناوە نەک لەبەر ئەوەی کەمترین گرنگی هەبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەندێک کەس کە لە پێشەوە دایدەنێن هەرگیز هیچ شتێکی دیکە سەبارەت بە گرنگی کاری دونیایی ناڵێن. من خۆم ئەم هەڵەیەم کردووە. مزگێنیدانی کەسی هێندە گرنگە کە ئاسانە وەک تاکە شتێکی گرنگ لە ژیاندا بیری لێ بکەیتەوە. بەڵام بینیمان کە کتێبی پیرۆز زۆر جەخت لەسەر ڕازاندنەوەی ئینجیل دەکاتەوە، نەک تەنها گوتنی مزگێنی ئینجیل. بەڵام ئێستا دەمەوێت بڵێم کە گوتنی مژدەی مەسیح بەشێکە لەوەی کە بۆچی خودا تۆی خستۆتە ناو کارەکەتەوە. ئەو

تـۆی لەنێـو ژیانـی کەسانی دیکـەدا چنیـوە هەتـا مزگێنـی ئینجیلیـان پـێ ڕابگەیەنیت. بەبـێ ئەمـە، ڕەنگـە هەمـوو ڕەفتـارە ڕازاندنەوەکانمـان ئـەو یـەک شـتەیان نەبێـت کـە دەکرێـت ببێتـە هـۆی ئـەوەی ژیانبەخـش بێـت.

بانگـەوازی مزگێنـی مەسـیح بریتییـە لـەوەی دەمـت ببێـت بـە کانیـاوی ژیـان. «دەمـی کەسـی ڕاستودروسـت سـەرچاوەی ژیانـە» (پەندەکانـی سلێمان ١٠: ١١). پەیوەنـدی لەگـەڵ ژیانـی هەتاهەتاییـدا بـاوەڕدار بـە عیسـای مەسـیحە. هیـچ هەسـتێکی خـۆش لەبـارەی تـۆوە وەک کارمەندێکـی بـاش کـەس ڕزگار نـاکات. مرۆڤـەکان دەبێـت دەربـارەی مـژدەی ئینجیـل بزانـن کـە هێـزی خودایـە بـۆ ژیانـی هەتاهەتایـی (ڕۆمـا ١: ١٦). «بـاوەڕ بـە بیسـتنە، بیسـتنیش بـە وشـەی مەسـیحە» (ڕۆمـا ١٠: ١٧).

کڵێسـای سـەرەتایی کۆمەڵەیەکـی خەڵکـی «مزگێنیـدەر“ بـوون. مـژدەی ئینجیلیـان ڕادەگەیانـد. کاتێـک بـاوەڕداران بەهـۆی چەوسـاندنەوە لـە ئۆرشـەلیم دەرکـران، لـەدوای شـەهیدبوونی سـتیفانۆس، «ئـەوان پەرشـوبڵاو ببونـەوە» -بـە واتـای ڕاسـتەقینە «دەگـەڕان و مزگێنـی پەیامـی خودایـان بڵاودەکـردەوە» (کـردار ٨: ٤). لـە هەمـوو پەیوەندییـە نوێیەکانیانـدا ئینجیـل لەسـەر زاریـان بـوو. ناسـنامەی ئـەوان ”ڕاگەیاندنـکار“ بـوو: «بـەڵام ئێـوە گەلێکـی هەڵبژێـردراون، کاهینێتـی شـاهانە، نەتەوەیەکـی پیـرۆز، گەلـی تایبەتـی خـودان، تاکـو چاکییەکانـی ئـەوە ڕابگەیەنـن کـە بانگـی کـردوون لـە تاریکییـەوە بـۆ ڕووناکییـە سەرسـوڕهێنەرەکەی» (یەکـەم پەتـرۆس ٢: ٩ ). بـە خۆڕایـی وەریانگرتبـوو. بـە خۆڕایـی دەیانبەخشـی.

ئـەوان بـە قسـەکانی عیسـا سـەبارەت بـە بەهـای ژیانـی تاکـی مـرۆڤ جووڵەیـان دەکـرد: «چـی بەکەڵکـی مـرۆڤ دێـت ئەگـەر هەمـوو جیهـان بباتـەوە و خـۆی بدۆڕێنێـت؟ یـان کەسـێک لـە بەرامبـەر ژیانیـدا چ بەهایـەک دەدات؟» (مەرقـۆس ٨: ٣٦-٣٧). ئـەوان هەسـتیان بـە قورسـایی ئـەو شـتە کـرد کـە سـی ئێـس لویـس لـەدوای بیسـت سـەدە قسـەی لەسـەر کـرد کاتێـک بیـری دەکـردەوە لـە پەیوەنـدی نێـوان بردنـەوەی ڕۆحێـک بـۆ مەسـیح لەلایـەک و بەهـای پیشـەکەی خـۆی وەک زانایەکـی ئۆکسـفۆرد لـە ئەدەبیاتـی ئینگلیـزی لەلایەکـی دیکـەوە:

> ”شـوێنکەوتووانی مەسـیح کەمـتر لـە ڕۆشـنبیرە بێبـاوەڕەکان وێـژە بـە ڕژدی وەردەگـرن... بێبـاوەڕ هەمیشـە شایسـتەی ئەوەیـە کـە ئەزموونـە جوانکارییەکانـی بکاتـە جۆرێـک لـە ئاییـن... وە بـە شـێوەیەکی بـاو ئـارەزووی پاراسـتنی باڵادەسـتی خـۆی دەکات بەرامبـەر بـەو جەمـاوەرە گەورەیـەی مرۆڤایەتـی کـە تەنهـا بـۆ کات بەسـەربردن ڕوو لـە کتێـب دەکـەن. بـەڵام شـوێنکەوتووی مەسـیح هـەر لـە سـەرەتاوە

دەزانێت کە ڕزگارکردنی تاکە ڕۆحێک گرنگترە لە بەرهەمهێنان یان پاراستنی هەموو بەسەرهات و کارەساتەکانی جیهان: سەبارەت بە باڵادەستی، دەزانێت کە خەڵکی ئاسایی، لەبەر ئەوەی زۆربەی هەژاران لەخۆ دەگرێت، ڕەنگە زۆربەی کەسە هەرە باشەکان لەخۆ بگرێت."[٤٠]

بابەتەکە ئەوە نییە کە لویس وازی لە کارەکەی هێنا و تەواوی کات بووە مزگێنیدەر، هەروەها ئەوە نییە کە تۆش دەبێت وەها بکەت، بابەتەکە ئەوەیە کە ئەو واتای کارەکەی لە ڕوانگەیەکی دروستەوە دەبینی و دەیزانی زیاتر لە شتێک گرنگی پێ دەبەخشێت. بۆ هەریەکێک لەو پێنج ڕێگایەی لە سەرەوە باسمان کرد، لویس ئەوەش زیاد دەکات کە پیشەکەی تۆڕێکی پەیوەندییەکانی دروستکردووە کە تێیدا بتوانێت مژدەی ئینجیل بڵاو بکاتەوە. جارێک کە ڕەخنەی لێگیرا بەهۆی زۆر سادەکردنەوەی مزگێنی ئینجیلەوە، بەم شێوە وەڵامی ڕەخنەگرەکەی دایەوە:

"[ئەو] ڕەخنەگرێکی یارمەتیدەرتر دەبێت ئەگەر ئامۆژگاری بۆ چارەسەرێک بکات و هەروەها جەخت لەسەر زۆرێک لە نەخۆشیەکان بکاتەوە. چۆن خۆی ئەو جۆرە کارانە دەکات؟ چ شێوازێک و چ سەرکەوتنێک بەکاردەهێنێت کاتێک هەوڵدەدات ئەو جەماوەرە گەورەیەی فرۆشگادار و پارێزەر و فرۆشیاری خانووبەرە و مردووشۆر و پۆلیس و پیشەوانان بگۆڕێت کە لە شارەکەی خۆیدا دەوریان داوە؟"[٤١]

ڕەنگە شتێکی دیکەش باس بکرێت سەبارەت بەو پەیوەندییانەی کە دروستی دەکەین بەهۆی ئەو شوێنەی تێیدا دەژین و کاردەکەین. بۆ زۆرێک لە ئێوە هەنگاونان بەرەو ئەرک و کردەوەی میهرەبانی دوورکەوتنەوەیەک نابێت لە کارەکانتان، بەڵکو سوودمەند دەبن لەگەڵ کارەکانتان بۆ بەشێکی دیکەی جیهان کە پێویستیان پێیەتی و کەمتر دەستیان پێدەگات. شوێنکەوتووانی مەسیح دەبێت ئەم بابەتە بە ڕژدی وەربگرن نەک هەر بپرسن کە پیشەکەیان چییە، بەڵکو دەبێت لە کوێدا بژین. نابێت وا دابنێین کە مامۆستا و دارتاش و بەرنامەسازی کۆمپیوتەر و بەڕێوەبەر و ژمێریار و پزیشک و فرۆکەوان کارەکانیان بەس لە ئەمریکا ئەنجام بدەن. ڕەنگە هەر ئەو پیشەیە باشتر لە وڵاتێکدا بەکاربهێنرێت کە تەنانەت چوونە ناویەوە قورسە، یان لە شوێنێکدا کە هەژاری دەستڕاگەیشتن بە ئینجیل قورس دەکات. بەم شێوەیە تۆڕی پەیوەندییەکان کە بەهۆی کارەکانمانەوە دروست دەبن، نەک هەر ستراتیژییە بەڵکو بە مەبەستە.

## دەرئەنجام

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کاری دونیایی بەفیڕۆدان نییە کاتێک لە کاتی کارکردندا واتا لە کاتژمێر ٨ ی بەیانی تاکو ٥ ی ئێوارە مەسیح شکۆدار بکەین، خواستی خودا

لەم سەردەمەدا ئەوەیە کە گەلەکەی وەک خوێ و ڕووناکی لە هەموو پیشە ڕەواکاندا پەرش و بڵاو بن. تاکو ئامانجەکەی بناسرێت، چونکە ناسینی ئەو ژیان و شادییە. بانگمان ناکات لە دونیا دەربچین و پێویستی کارکردن لانابات. کۆمەڵگا و کەلتوور تێک نادات. لە ڕێگەی کەسە پیرۆزە پەرش و بڵاوەکانییەوە سۆزێک بۆ باڵادەستی خوێی لە هەموو شتێکدا بڵاودەکاتەوە بۆ دڵخۆشی هەموو گەلان. ئەگەر وەک دونیا کار بکەیت، هەرچەند دەوڵەمەند ببیت، ژیانت بەفیڕۆ دەدەیت. بەڵام ئەگەر کارەکەت تۆڕێک لە پەیوەندییە ڕزگارکەرەکان دروست بکات و ببێتە ڕازاندنەوەیەک بۆ ئینجیلی شکۆمەندی مەسیح، ئەوا بۆ هەتاهەتایە ڕەزامەندیت دەمێنێتەوە و خودا لە دڵخۆشیەکەتدا بەرز و شکۆدار دەبێت.

# بەشی نۆیەم

## شکۆدارکردنی مەسیح لە خزمەت و ئەرکی کڵێسادا بە دڵسۆزیتان؛ داواکارییەکم بۆ ئەم نەوەیە

خـودا هەندێکتـان ئامـادە دەکات. وەک "ئامـرازی ڕاو" کـە مەبەسـتی ئەوەیـە لـە هەندێـک کاری مەترسـیدار و پیسـدا زۆر دڵخۆشـترت بـکات. نێـردراوان و خزمەتکارانـی میهرەبانـی لـە هیـچ شـوێنێکەوە نایـەن. ئـەوان لەنـاو کەسـانی وەک ئێـوەوە دێـن، کـە بـە شـکۆمەندی خـودا سەرسـامن و لـە ڕێڕەوەکانـدا وەسـتاون. هەندێـک جـار کاتێـک ئەمـە ڕوودەدات کـە تـۆ بـە تـەواوی بـە ئاراسـتەی پێچەوانـەدا دەڕۆیـت.

### چۆن خودا ئەدۆنیرام جودسۆنی بەدەستهێنا بۆ بۆرما

ئـەوە بـەو شـێوەیە بـوو کـە ئەدۆنیـرام جودسـۆن، یەکـەم نێـردراوی دەرەوەی وڵات لـە ئەمریـکاوە، کـە لەگـەڵ هاوسـەرەکەی لـە تەمەنـی بیسـت و سـێ ساڵیدا لـە ١٧ی شـوباتی ١٨١٢ بـە کەشـتی ڕۆیشـتن، دوازدە ڕۆژ بـوو هاوسـەرگیریان کردبـوو. هەتا ساڵی ١٨٥٠ ـیان «بە ئـازارەوە بەسـەر بـرد، بـەڵام هەمیشـە دڵخـۆش بـوو» بـۆ ئـەوەی بۆرمـا بخاتـە ژێـر کاریگـەری مزگێنـی مەسـیحەوە و خەڵـک بـۆ هەمیشـە بـە خـودا دڵخـۆش بکـەن. بـەڵام سـەرەتا خـودا دەبووایـە بیگەڕێنێتـەوە بـۆ لای خـۆی، وە بـە شـێوەیەک ئـەو کارەی کـرد کـە جودسـۆنی هێندە سەرسـام بـوو، هەرگیـز پـەروەردگاری خـودای لەبیـر نەکـرد لـە تۆبـە و گۆڕینـی باوەڕەکەیـدا.[٤٢]

ئـەو کـوڕی قەشـەیەک بـوو، کوڕێکـی بلیمـەت بـوو. کاتێـک تەمەنـی سـێ ساڵ بـوو دایکی لـە یـەک هەفتـەدا فێـری خوێندنـەوە دەکات بـۆ ئـەوەی باوکـی سەرەسـام بـکات کاتێـک لـە گەشـتێک دەگەڕایـەوە ماڵـەوە. کاتێـک تەمەنـی شـازدە سـاڵ بـوو وەک خوێنـدکاری قۆناغـی دووەم چـووە کۆلێـژی ڕۆد ئایلەنـد (دواتـر زانکـۆی بـراون) و لـەدوای سـێ سـاڵ لـە سـاڵی ١٨٠٧ بـە یەکەمـی پۆلەکـەی دەرچـوو.

### لادان لە خودا

ئـەوەی دایـک و باوکـی خواپەرسـتی نەیاندەزانـی ئـەوە بـوو کـە ئەدۆنیـرام لەلایـەن هاوپۆلێکـی بـە نـاوی جاکـۆب ئیمـس کـە لەسـەر بیروڕای دێیزم[a] بـوو، لـە باوەڕەکـەی بـە

[a] دێیـزم «باوەڕێـک بـوو، کـە تەنها لەسـەر بنەمـای ئەقڵ بـوو، بـە خودایـەک کـە گەردوونـی بەدیهێنـاوە و دواتـر وازی لێهێنـاوە، هیـچ جڵەوگیـری بەسـەر ژیانـدا نەگرتـووە و هیـچ کاریگەرییەکـی لەسـەر دیـاردە سروشـتییەکان دانەنـاوە و هیـچ ئاشـکراکردنێکی سـەروو سروشـتی نـەداوە" -فەرهەنگـی میراتـی ئەمریکـی بـۆ زمانـی ئینگلیـزی، چاپکردنـی چـوارەم. (بۆسـتۆن: هۆگتـۆن میفلیـن، ٢٠٠٠).

مەسیح دوور دەخرێتەوە. تاکو ئەو کاتەی کە خوێندنی کۆلێژی جودسۆن تەواو بوو، هیچ باوەڕێکی بە مەسیح نەمابوو. ئەمەی لە دایک و باوکی شاردەوە هەتا بیستەمین ساڵیادی لەدایکبوونی، ٩ ی ئابی ١٨٠٨، کاتێک بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هیچ باوەڕێکی نەماوە و بە نیازە بۆ کاری شانۆ نوسین بچێتە نیویۆرک، دڵی ئەوانی شکاند، ئەوەی کرد و لەدوای شەش ڕۆژ بەسەر ئەسپێک کە باوکی وەک بەشێک لە میراتەکەی پێی بەخشیبوو، بەرەو نیویۆرک ڕۆیشت.

ئەمە نەیسەلماند کە ئەمە تاکە خەونی ژیانی بێت. خۆی بە هەندێک یاریزانی گەشتیارییەوە گرێدا و وەک دواتر گوتی، «ژیانێکی بێباکانە و سەرگەردانیە، دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوون لەو شوێنانەی کە بۆی دەچوو، وە پارەدان بە خاوەن خانووەکە لەو شوێنانەی کە دەرفەتی بۆ دەدۆزیەوە.»[٤٣] بێزار ببوو لە گەڕان، لە سەرەتادا چەندین گۆڕانگاری سەرنجڕاکێشی دیار بوو. خودا خەریک بوو لە ئەدۆنیرام جودسۆن نزیک دەبووەوە.

ئەو چوو بۆ سەردانی ئەفرایمی مامی لە شێفیلد، بەڵام لەبری ئەو «گەنجێکی خواپەرست»ی لەوێ دۆزییەوە کە بە توندی لە باوەڕە مەسیحدا چەسپابوو، بەبێ ئەوەی «وشک و دیکتاتۆر»[٤٤] بێت، ئەمە سەرسامی کرد. سەیرە لە جیاتی ئەو مامەی کە بەدوایدا دەگەڕا ئەم گەنجەی لەوێ دۆزییەوە.

## شەوی لەبیرنەکراو

شەوی دواتر لە میوانخانەیەکی بچووکی گوندێکدا مایەوە کە پێشتر نەچووبووە ئەوێ. خاوەن میوانخانەکە داوای لێبوردنی کرد کە ڕەنگە خەوەکەی تێکبچێت، چونکە لە ژوورەکەی تەنیشتی پیاوێک هەبوو کە بە سەختی نەخۆش بوو. بە درێژایی شەوەکە جودسۆن گوێی لە هاتن و ڕۆشتن و دەنگی نزم و نالە و هەناسەبڕکێ بوو. بێزارییەکە وایکرد بیر لەوە بکاتەوە کە ڕەنگە ئەو پیاوەی تەنیشتی ئامادە نەبێت بۆ مردن. سەری سوڕما و بیری ترسناکی لە مردنی خۆی لەلا دروست بوو. هەستی بە گەمژەیی دەکرد چونکە کەسە دێیزییە باشەکان بڕیار نەبوو ئەم ململانێیانەیان هەبێت.

کە بەیانی دەڕۆیشت پرسیاری ئەوەی کرد کە ئایا پیاوەکەی ژورەکەی تەنیشتی باشترە؟ خاوەن میوانخانەکە گوتی: ئەو مردووە. جودسۆن بە کۆتایی هەموو ئەمانە سەرسام بوو. لە ڕێگای دەرچوونی لەوێ پرسیاری کرد : ئایا «دەزانی کێ بووە؟“، «ئۆو ! بەڵێ گەنجێک بوو لە کۆلێژ لە پرۆڤیدێنس. ناوی ئیمس بوو، جاکۆب ئیمس.“[٤٥]

جودسۆن بەزەحمەت دەیتوانی بجوڵێت. چەندین کاتژمێر لەوێ مایەوە و بیری لە

مردن و هەتاهەتایی بوون کردەوە. ئەگەر ئیمسی هاوڕێی ڕاستی دەکرد، ئەوا ئەمە ڕووداوێکی بێواتا بوو. بەڵام جودسۆن باوەڕی پێ نەدەکرد: «ئەو دۆزەخە دەبێ لەو میوانخانە لادێیەدا بکرێتەوە و جاکۆب ئیمس، ئازیزترین هاوڕێ و ڕێبەرەکەی، لە ژوری تەنیشتەوە بڕفێنێت -ئەمە کارێت بە سادەیی ڕوویدابێت، ئەمە تەنها ڕێکەوتێک نییە[٤٦] .“ خودا ڕاستەقینە بوو. وە ئەو بەدوای ئەدۆنیرام جودسۆندا دەگەڕا. خودا ئەو پیاوەی دەناسی کە دەیویست بگاتە خەڵکی بۆرما.

## زیندوو بۆ مەسیح و مردوو بۆ ئەمریکا

گۆڕینی جودسۆن دەستبەجێ نەبوو. بەڵام ئێستا دڵنیا بوو. خودا لەسەر ڕێڕەوی خۆی بوو، وەک پۆڵسی نێردراو لەسەر ڕێگای دیمەشق داینا و هیچ دەربازبوونێک نەبوو. چەند مانگێک ململانێی هەبوو. لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٠٨ دا چووە قوتابخانەی ئەندۆڤەر و لە مانگی کانوونی دووەمدا بە ڕێزەوە خۆی تەرخان کرد بۆ خودا. لە ٢٨ ی حوزەیرانی ١٨٠٩، جودسۆن خۆی پێشکەش بە کۆمەڵەی یەکگرتوویی باوەڕداران کرد بۆ خزمەتی مزگێنیدەری لە ڕۆژهەڵات.

هەر لەو ڕۆژەدا خاتوو ئانی ناسی و ئاشقی بوو. لەدوای تێپەڕبوونی ماوەی مانگێک لە ناسینی ئان هاسێلتاین، نیازی خۆی ڕاگەیاند بۆ ئەوەی داوای هاوسەرگیری لێبکات. دەیزانی ئەو ژیانەی کە خەریکە لە باوەشی بگرێت نەک هەر مەترسیدار و پیس دەبێت، بەڵکو دووریش دەبێت. هەرگیز چاوەڕێی گەڕانەوەی نەدەکرد بۆ ئەمریکا. تەنها جارێک ئەو کارەی کرد، لەدوای سی و سێ ساڵ، پاشان جارێکی دیکە هەرگیز نەگەڕایەوە. ئان لەگەڵیدا ڕۆیشت و لە بۆرما کۆچی دوایی کرد. لێرەدا ئەو نامەیە دەخەینە ڕوو کە جودسۆن بۆ باوکی ئانی نووسیوە و داوای هاوبەشیکردنی کچەکەی لێکردووە لە خزمەتەکەیدا:

> ”ئێستا دەبێت بپرسم، ئایا دەتوانیت ڕەزامەندی دەردەبڕیت لەسەر جیابوونەوە لە کچەکەت لە سەرەتای بەهاری داهاتوودا، بۆ ئەوەی چیتر لەم جیهانەدا نەیبینیت؛ ئایا دەتوانیت ڕەزامەندبیت لەسەر ڕۆیشتنی ئەو، وە ملکەچبوونی بۆ سەختی و ئازارەکانی ژیانی خزمەتی مزگێنیدەری؛ ئایا دەتوانیت ڕەزامەندیت هەبێت لەسەر بەرکەوتنی ئەو بە مەترسییەکانی زەریا، بە کاریگەرییە کوشندەکانی کەشوهەوای باشووری هیندستان؛ بۆ هەموو جۆرە پێویستی و ناڕەحەتییەک؛ بۆ چەوسانەوە و سووکایەتی و گۆشەگیری و ڕەنگە مردنێکی توندوتیژ. ئایا دەتوانیت ڕازی بیت بە هەموو ئەمانە، لەپێناو ئەو کەسەی کە ماڵە ئاسمانییەکەی بەجێهێشت، وە لەپێناو کچەکەت و تۆدا مرد؛ لەپێناو ڕۆحە لەناوچوو و نەمرەکاندا؛ لەپێناو سییۆن و

شکۆمەندی خودا؟ ئایا دەتوانیت ڕازی بیت بە هەموو ئەمانە، بە هیوای ئەوەی بەم زووانە کچەکەت لە جیهانی شکۆمەندیدا ببینیت، بە تاجی ڕاستودروستی، گەشاوەتر بە ستایشەکانی گەلانی ڕزگارکراو، کەوا لە ڕێگەی ئازارەکانی کچەکەتەوە، لە ئازاری هەمیشەیی و بێ هیوایی ڕزگاریان بووە؟[47]

باوکی ڕێگەی بە کچەکەی دا کە خۆی بڕیار بدات. ئەویش گوتی بەڵێ.

خودا بانگمان ناکات بۆ ئاسانکاری، بەڵکو بۆ خۆشییەکی دڵسۆزانە بانگمان دەکات. ئەو خەریکە لە هەندێکتان نزیک دەبێتەوە، زەردەخەنە دەکات و بە چاوە فرمێسکاوییەکانیەوە، دەزانێت چەند خۆی نیشانتان دەدات -وە چەندی تێدەچێت. لە کاتێکدا دەنووسم نوێژدەکەم ئێوەش بەلاڕێدا نەڕۆن.

## بەزەیی بۆ مرۆڤەکان و سۆزێک بۆ مەسیح یەک بابەتن

ئەگەر بەزەیی بە مرۆڤە لەناوچووەکاندا دێتەوە و خولیای ناوبانگی مەسیحت هەیە، دەبێت گرنگی بە ئەرکە جیهانییەکان بدەیت. یەکێک لە بارگرانییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە کە نیشان بدەیت ژیان چۆنە، کاتێک باوەڕت وایە کە ناوێریت لەنێوان پاڵنەرەکانی خۆشویستنی مرۆڤ و شکۆمەندکردنی مەسیحدا یەکیان هەڵبژێریت. ئەم دووە پاڵنەری جیاواز نین. کارکردن لەسەر یەکێک بریتییە لە کارکردن لەسەر ئەوی دیکە. بەم شێوەیە ئەگەر ئامانجت خۆشویستنی مرۆڤەکان بێت، ئەوا ژیانی خۆت دەدەیت بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە دڵخۆشیان بکەیت لە خودادا. وە ئەگەر ئامانجت شکۆمەندکردنی مەسیح بێت کە خودای بەجەستەبووە، ئەوا ژیانی خۆشت دەدەیت بۆ ئەوەی خەڵک بۆ هەمیشە لە خودادا دڵخۆش بکەیت.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە هەر ئامانجێکی باش، بەبێ ئەوەی ئارەزووی شادکردنی هەمیشەیی خەڵک بە خودا لە پشتی نەبێت، مەحکومە بە لەناوچوون. خۆشەویستی هەمیشە ئەوەی باشترینە بۆ کەسانی دیکەی دەوێت، ئەوەی باشترینە چێژوەرگرتنە لە خودا بە تەواوی و بۆ هەتاهەتایە. بە هەمان شێوە هەر هەوڵێک بۆ ڕێزگرتن لە مەسیح کە ئامانجی ئەوە نەبێت مەسیح بکاتە گەنجینەی تەواو ڕازیکەر، شۆڕشێکی ناپاکەکان لەدژی خودایە، هاوبەشیکردنە لە ڕاپەڕین لەدژی خودا. خودا تەنها لەو شوێنەدا ستایش دەکرێت کە بەهادار بێت. ئێمە باجی خۆمان دەدەین کاتێک مەسیح گەنجینەیە بۆ ئێمە. ناتوانیت مرۆڤت خۆشبووێت یان ڕێز لە خودا بگرێت بەبێ ئەوەی هەردووکیان ئەنجام نەدەیت. ئەم تاکە خولیایە -بۆ ئەوەی ببینین کە مەسیح شکۆمەند بێت بۆ مرۆڤە لەناوچووەکان، کە بۆ هەمیشە لەوەدا ڕازی دەبن -ئەو کارە جیهانییە گەورەیە دەباتە پێشەوە کە ئێمە پێی دەڵێین ئەرکی مزگێنیدەری جیهانی.

### ئەگەر بێ هیچ تامەزرۆیی و زانیارییەک هاتیت

هەمــوو کەسـێک کــە دەگاتــە ئــەم قۆناغــە بــە ســۆزێکی ڕوون و بزوێنــەرەوە بــۆ شـکۆمەندی مەسـیح لەنێـو گەلانی جیهانـدا نایـەت. زۆربەمـان لـە شـێوازی ژیانماندا زۆر بیـر تەسـک و خۆپەرسـت و تەنانـەت هەندێکجاریـش خۆویسـت و ڕەگەزپەرسـتین. تەنانـەت بەزەحمـەت بیـر لـە دۆزی جیهانـی، فرەنەتەوەیـی، فرەگەلـی، فـرە زمانـی خـودا دەکەینـەوە، بـەڵام سـۆز و مەبەسـتی خـودا چییـە بـۆ کینیـا و ئەندەنوسـیا و تانزانیـا و تایلەنـد و کازاخسـتان و ئۆزبەکسـتان و تورکیـا و سـلۆڤاکیا و چیـن و سـیبیریا و ژاپـۆن و کامیـرۆن و میانمـار و سـۆماڵییەکان یـان همۆنگـەکان یـان داکۆتـاکان یـان ئۆجیبواکانـی مینیسـوتا.

بۆیـە مـن وا گریمانـە ناکـەم کـە تـۆ بـە گرنگیدانێکـی ڕوون و دەنگدانـەوەوە دێتـە ئەم بابەتـە بـۆ هەواڵـە بەڕاسـتی گەورەکانـی جیهـان -کـە میدیـاکان هەرگیـز ڕایناگەیەنـن- واتـا بڵاوبوونـەوەی ڕاسـتی و بـاوەڕی مەسـیح لەنێـوان گەلانـی جیهـان لـە ڕێـگای شـکۆدارکردنی خـودا کـە هـۆکار بێـت بـۆ ئـەوەی هەمـوو مێژووی جیهـان بـەو شـێوەیە دەربکەوێـت کـە بەڕاسـتی هەیـە- ئەمـە پێشـەکییەکی کورتـە بـۆ شانشـینی هەمیشـەیی و هەمـوو شـکۆمەندی مەسـیح. مـن وا گریمانـە ناکـەم کـە تـۆ بـە دڵتـەوە بێیتـە ئـەم بەشـەی کـە بـە مەبەسـتی گـەورەی جیهانـی خـودا سەرسـام بوویـت. بۆیـە مـن تەنهـا دەمەوێـت ڕێگـە بـدەم خـودا بـە وشـەی خـۆی دەربـارەی پێشـینەییەکانی خـۆی پێتـان بڵێـت.

> «سەرانسـەری زەوی یەزدانیـان بەبیـر دێتـەوە و دەگەڕێنـەوە لای ئـەو، هەروەهـا هەمـوو هۆزەکانـی نەتـەوەکان لەبەردەمـی کڕنـۆش دەبـەن، چونکـە پاشـایەتی بـۆ یەزدانـە و ئـەو فەرمانڕەوایەتـی نەتـەوەکان دەکات». (زەبـوورەکان ٢٢: ٢٧-٢٨)

پاشان نوێژەکانی پەیمانی کۆن هەیە:

> «ئـەی خودایـە، بـا گـەلان ستایشـت بکـەن، بـا هەمـوو گـەلان ستایشـت بکـەن. بـا نەتـەوەکان دڵخـۆش بـن و گۆرانـی شـادی بڵێـن، چونکـە بـە ڕێکـی حوکمـی خەڵـک دەکەیـت و ڕێنمایـی نەتەوەکانـی سـەر زەوی دەکەیـت.» (زەبـوورەکان ٦٧: ٣-٤)

پاشان فەرمانەکانی پەیمانی کۆن هەن:

> «لەنێـو نەتـەوەکان شـکۆمەندی ئـەو ڕابگەیەنـن، لەنێـو هەمـوو گـەلان کارە سەرسـوڕهێنەرەکانی.«
> لەنێـو نەتـەوەکان بڵێـن: «یـەزدان پاشـایەتی دەکات! جیهـان چەسـپاوە و هەرگیـز نالەقێـت، بـە دادپـەروەری حوکـم بەسـەر گەلانـدا دەدات.» (زەبـوورەکان ٦٩: ٣، ١٠)

دواتر ئەرکی گەورەی پەیمانی نوێ هەیە کە مەسیحی هەستاوە لەنێو مردواندا ڕایسپاردوین:

«عیسا لێیان نزیک بووەوە و پێی فەرموون: «هەموو دەسەڵاتێکم لە ئاسمان و لەسەر زەوی دراوەتێ. کەواتە بڕۆن، هەموو نەتەوەکان بکەنە قوتابی، بە ناوی باوک و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز لە ئاویان هەڵبکێشن، فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون. دڵنیابن من هەموو ڕۆژێک لەگەڵتانم، هەتا کۆتایی زەمان.» (مەتا ٢٨: ١٨- ٢٠)

پاشان ژیانی گەورەی پۆڵسی نێردراو هەیە کە تەرخانکردنێکی تەواوەتی بۆ ئەم ئەرکە هەیە:

«بۆیە ئامانجی بەرزم ئەوە بووە کە مزگێنی بدەمە ئەو شوێنەی کە ناوی مەسیحی تێدا نەهێنراوە، تاکو لەسەر بناغەی یەکێکی دیکە بنیاد نەنێم. بەڵام وەک نووسراوە: ”ئەوانەی باسی ئەویان بۆ نەکرابوو دەبینن، ئەوانەی نەیانبیستبوو تێدەگەن“» (ڕۆما ١٥: ٢٠- ٢١)

دواتر وێنەی شایستەی دەرئەنجامی کۆتایی مەبەستەکانی خودا لە مێژوودا هەیە:

«سروودێکی نوێشیان دەگوت: ”تۆ شایستەی ئەوەی تۆمارەکە ببەیت و مۆرەکانی بکەیتەوە، چونکە تۆ سەربڕایت و بە خوێنی خۆت خەڵکت بۆ خودا کڕییەوە، لە هەموو هۆز و زمان و گەل و نەتەوەیەک. ئەوانیشت کردە شانشین و کاهین بۆ خودامان و فەرمانڕەوایەتی زەوی دەکەن.“» (ئاشکراکردن ٥: ٩- ١٠)

## بەیاننامەیەکی پوخت دەربارەی خزمەتکردن بە دڵسۆزی

ئەم ئایەتانە و زۆرێکی دیکە لە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز، بەدرێژایی ساڵانی تەمەن پاڵنەرم بوون بۆ بیرکردنەوە و بانگەشە و نووسین لەسەر ئامانجە جیهانییە گەورەکەی مەسیح کە پێی دەگوترێت خزمەتی ناردنی مزگێنیدەران. ساڵانێک لەمەوبەر پیرەکانی کڵێساکەمان بەیاننامەیەکی باوەڕیان دارشت بۆ ئەوەی ڕێنماییمان بکات لە پەروەردەکردنی قوتابییەکانمان و لە هەڵبژاردنی پیرە نوێیەکان. بڕگەی ١٣ ی ئەو بەڵگەنامەیە کورتەیەک لە هەستەکانمان دەخاتە ڕوو کە ئەرکی نێردراویەتی چییە:

ئێمە باوەڕمان هەیە ئەو ئەرکەی کە لەلایەن عیسای پەروەردگارەوە دراوە بۆ ئەوەی هەموو گەلان بە قوتابی بکات، هەتا کۆتایی سەردەم بە کڵێساکەیەوە پەیوەستە. ئەم ئەرکە بریتییە لە ڕاگەیاندنی ئینجیل بۆ هەموو هۆز و زمان و گەل و نەتەوەیەک، لەئاوهەڵکێشانیان، فێرکردنیان لە وشە و ڕێگاکانی پەروەردگاریان، وە کۆکردنەوەیان بۆ ناو کڵێساکان کە بتوانن بانگەوازی مەسیحی خۆیان

لەناو گەلەکەی خۆیاندا بەدیبهێنن. ئامانجی بێسنووری خزمەتە جیهانییەکان ئەوەیە کە خودا بە وشەکەی خۆی کەسانێکی ستایشکەر دروست بکات کە لە ڕێگەی باوەڕ و گوێڕایەڵی بە دڵخۆشییەوە ناوی ئەو شکۆمەند بکەن. خزمەتی مزگێنیدەرەکان بوونیان هەیە چونکە خواپەرستی نییە. کاتێک ئەم سەردەمە کۆتایی هات، وە بێشومار ملیۆنەها کەسی ڕزگارکراو لەسەر ڕووخساری خۆیان دەکەونە بەردەم تەختی خودا، ئیتر ئەرکی مزگێنیدەری نامێنێت. پێویستییەکە کاتییە. بەڵام پەرستن بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە. کەواتە پەرستن هاندەر و ئامانجی کەسە مزگێنیدەرەکانە.[٤٨]

## تەنانەت خەڵکی مەدەنیش حەزیان لە بەدواداچوونە بۆ سەرکەوتنەکانی هێڵی پێشەوەی جەنگ

ئەمە وێنە گەورەکەیە. مەسیح هات و مرد و هەستایەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی دڵخۆش و بێشومار بۆ ناوەکەی لە هەموو گەلانی جیهان کۆبکاتەوە. ئەمەیە کە هەموو باوەڕدارێک بە مەسیح دەبێ خەونی پێوە ببینێت. من بە وردی ئەمە دەڵێم، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە بەشی هەشتەمدا سەبارەت بە پیشە دونیاییەکان نووسیومە. زۆر گرنگە ملیۆنان کەسی باوەڕدار بە مەسیح لە کارە دونیاییەکاندا بانگەوازی ژیانیان بەدیبهێنن، هەروەک چۆن زۆر گرنگە لە کاتی جەنگدا تەواوی پەیکەری ژیان و کەلتوور تێکنەشکێت. بەڵام لە سەردەمی جەنگدا تەنانەت ملیۆنان هاوڵاتی مەدەنی زۆر حەز بە وەرگرتنی هەواڵی هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ دەکەن. زۆر حەزدەکەن گوێیان لە سەرکەوتنی سەربازەکان بێت. خەون بەو ڕۆژە دەبینن کە شەڕ نەمێنێت. هەروەها سەبارەت بە شوێنکەوتووانی مەسیح، پێویستە هەموومان خەون بەم بابەتە ببینین و پێویستە زۆرمان پێ خۆشبێت بزانین پێشکەوتنی عیسای پاشا چۆنە. پێویستە زۆرمان پێ خۆش بێت کە گوێمان لە سەرکەوتنەکانی ئینجیل دەبێت، کاتێک مەسیح کڵێساکەی لەنێو ئەو گەلانەدا دەچێنێت کە بۆ چەندین سەدە لەلایەن هێزە نامۆکانی تاریکییەوە دەستیان بەسەردا گیرابووە.

ئەمە پلانی خودایە لە مێژووی جیهاندا -خەڵکی لە هەموو نەتەوە و هۆز و زمانەکانەوە دێن بۆ پەرستن و بەهادارکردنی مەسیح لە سەرووی هەموو شتێکەوە. یان وەک پۆڵس لە ڕۆما ١٥: ٩ باسی دەکات، «هەروەها تاکو نەتەوەکان ستایشی خودا بکەن لەبەر بەزەییەکەی، وەک نووسراوە: "لەبەر ئەوە لەنێو نەتەوەکاندا ستایشت دەکەم، گۆرانی ستایش بۆ ناوت دەڵێم.» ناتواندرێت ڕادەستبوون و ماندوویێتی و پاشەکشەی ترسنۆکانە و هەستی ڕازیبوونێکی بێبەزەییانە لەنێو گەلی مەسیحدا هەبێت لەکاتێکدا

لە هەزاران گەلی مزگێنی پێنەگەیشتوودا نکۆڵی لێ دەکرێت. هەموو باوەڕدارێک بە مەسیح (کە مرۆڤی خۆشدەوێت و ڕێز لە مەسیح دەگرێت) دەبێت گرنگی بەم بابەتە بدات.

## ناتەواوی لە ڕوانگەی کەسی هەڵگری دارەکانی یاری بەیسبۆڵ

ڕەنگە کەسێک بڵێت، "بەڵام ئایا ئینجیل ئەوە نییە کە لێخۆشبوون لە گوناهەکانم وەربگرم و هیوای ژیانی هەتاهەتایی بەدەست بهێنم و پڕ ببم لە ڕۆحی پیرۆزی خودا و بگۆڕدرێم بۆ وێنەی عیسای مەسیح تاکو من دایک یان باوکێکی باشتر بم، کوڕ، کچ، هاوڕێ، خاوەنکار یان هاوڵاتیەکی باشتر و بێ گلەیی بم؟" بێگومان وەڵامەکە بەڵێیە. بەڵام ئەگەر ئەوە تەنها شتێک بێت کە ئێمە لە ژیانکردنمان لەگەڵ خودادا سەرنجی لەسەر بدەین، ئەوا وێنە گەورەکە لەبیردەکەین. ئێمە خاڵە گەورەکەی هەموو ئەمانە لەبیردەکەین. ئێمە وەکو ئەو کەسە دەبین کە لە یاریگا داری یاری بەیسبۆڵ هەڵدەگرێت، کە پێمان وادەبێت خاڵی گەورەی زنجیرەی جیهانییەکە ئەوەیە کە دارێکی بەیسبۆڵ بدرێتە یاریزانەکە.

بۆیە بە ناوی عیسا داواتان لێدەکەم کە لە خەو هەڵبستن، وە دڵتان گەورە بکەن، مێشکتان بکەنەوە، باڵەکانتان بکەنەوە. لە سەرووی ژیانە سنووردارەکەتانەوە سەربکەون -بەڵێ ئەمە شتێکی زۆر گرنگی ژیانە، خودا کەمی ناکاتەوە- وە وێنە گەورە و ورووژێنەرەکەی مەبەستە جیهانییەکانی خودا بۆ مێژووی جیهان ببینە کە ناکرێت شکست بهێنێت. یەزدان دەڵێت: «ڕاوێژی من سەر دەگرێت، هەموو ئەوەی پێم خۆشە دەیکەم» (ئیشایا ٤٦: ١٠). «تاکو بە ڕاگەیاندنی ناوی عیسا هەموو ئەژنۆیەک چۆک دابدات، لە ئاسمان و سەر زەوی و ژێر زەویش، هەروەها هەموو زمانێک دان بنێت بەوەدا کە عیسای مەسیح خاوەن شکۆیە، بۆ شکۆی خودای باوک» (فیلیپی ٢: ١٠-١١). «ئەم مزگێنی پاشایەتییەش لە هەموو جیهاندا ڕادەگەیەنرێت، وەک شایەتییەک بۆ هەموو نەتەوەکان، ئینجا کۆتاییەکە دێت» (مەتا ٢٤: ١٤).

## بێزار مەبە -بە شادییەوە بەشداری هاوبەشیەکە بکە

وەک چۆن خودا باڵتان پێدەدات بۆ ئەوەی هەستن و جیهان بەو شێوەیە ببینن کە خۆی دەیبینێت، نوێژتان بۆ دەکەم، کە ڕۆژێک بێت کە ئێوە لە دۆخی ئێستاتاندا، واتا لە کار، گەڕەک، دەوڵەت، نەتەوە، پلان- ڕزگارتان بێت و وەک پێشڕەوێک بانگ بکرێن بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بەشداربن لەم مەبەستە گەورە مێژوویی و جیهانییەی خودا، نەک تەنها نێردراوێک. کەسێک کە تەرخانکراوە بۆ خزمەتکردنی ناوخۆیی یان

بۆ بەشداریکردنی لە خزمەتی جیهانی چارەنووسساز، با بێزار و ماندوو نەبێت. بەڵکو شاد بێت. تۆ ئازادیت لە مانەوە یان لە ڕۆشتن. زۆرێک لە ئێوە دەبێت بمێننەوە. مانەوەت زۆر گرنگە بۆ مەبەستەکانی خودا لەو شوێنەی کە تۆی لێیە، هەروەها بۆ مەبەستەکانی خودا لەو شوێنانەی کە تۆی لێ نییە، بەڵام بۆ ئەو شوێنەی کە ڕەنگە کەسانی دیکە بڕۆن، زۆر گرنگە کە بڕۆن، کەواتە پێویست بە بێزاری و ناڕەزایی ناکات. پێویستییەکە ئەوەیە کە بە شادیەوە هاوبەشی بکەین.

ئەوانەی دەمێننەوە -واتا کەسانی دیکە دەنێرن- پێویستە ئەم ڕاستییە سەرنجڕاکێشە لەبەرچاو بگرن کە نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەی وڵات پەیوەستە بە چەسپاندنی هەموو خزمەتە دڵسۆزەکانی ناوخۆییەوە، چونکە ئەوان هەناردەیان دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات. چاندنی کڵێسا لە گەلێکی مزگێنی پێنەگەیشتوودا واتا چاندنی بنکەی ئۆپەراسیۆنەکان بۆ هەموو ئەو میهرەبانییەی عیسا فەرمانی پێکردووە بۆ هەژاران. ئەگەر نەهێڵین ڕووناکیمان لەبەردەم خەڵکی وڵاتی خۆماندا بدرەوشێتەوە. «تاکو کردارە باشەکانتان ببینن و ستایشی باوکتان بکەن کە لە ئاسمانە» (مەتا ٥: ١٦)، چ جۆرە گوێڕایەڵییەک بۆ گەلانی ولاتانی دیکە هەناردە دەکەین؟ ڕاسپاردەی گەورە ئەم وشانە لەخۆدەگرێت، «فێریان بکەن با کار بکەن بە هەموو ئەو شتانەی کە ڕامسپاردوون» (مەتا ٢٨: ٢٠). وە فەرمانی بە چی کردووە؟ مەسیح چیرۆکی ئەو بریندارە بێهیوا و سامیرەییە چاکەی گێڕایەوە کە «بەزەیی پێدا هاتەوە»، پاشان بە هەموومانی گوت: «تۆیش بڕۆ و بەو شێوەیە بکە» (لۆقا ١٠: ٣٧).

## میهرەبانی لە ماڵ و نیشتمانی خۆت، خزمەتی نێردروان متمانەپێکراو دەکات

ئەو خەڵکەی لە نیشتماندا دەمێننەوە بۆ ئەوانەی دەڕۆن پێویستن. تەنها پێویستمان بە چاوە بۆ بینین و دڵێک کە لە دیوەکەی دیکەدا واتا پێداویستی نێردراوان بەبێ سەرنج تێنەپەڕێنێت. ئەم ئالنگارییە جیا نییە لە ئالنگاری ئەرکەکانی نێردراوان. نیشاندانی میهرەبانی بەکردار بۆ هەژارانی نیشتمان، جوانی مەسیح لە ماڵەوە پیشان دەدات و هەناردەکردنی جوانی باوەڕی مەسیحی دەکاتە جێی متمانە. ئێمە دووڕووین ئەگەر وا پیشان بدەین کە تامەزرۆییمان هەیە بۆ خزمەتی دەرەوەی وڵات لەکاتێکدا نەهامەتییەکانی ناوخۆی وڵاتی خۆمان پشتگوێ دەخەین. لە چیرۆکی سامیرەییە چاکەکەدا شتێکی هەڵە لە کاهین و لێڤیەکەدا هەبوو، کە ئامانجە ئایینیە دوورەکانیان هەبوو بەڵام بەهۆی ئازارەکانی نزیکەکەیانەوە سۆزیان نەجووڵا و قۆڵیان هەڵنەکرد و دەستی خۆیان پیس نەکرد بۆ یارمەتیدان. دڵسۆزی لە خزمەتە نزیکەکەمان، ڕەسەنایەتی نیگەرانییە دوورەکانمان پشتڕاست دەکەنەوە.

نێردراوە بیانییەکان و دڵسۆزی بۆ زێدی خۆمان لە سروشتی ئەو ئینجیلەدا پێکەوە گرێدراون کە ئێمە بڕیارە بە گەلانی ڕابگەیەنین. دڵی ئینجیل ئەمەیە: «هەرچەندە [مەسیح] دەوڵەمەند بوو، لەپێناوی ئێوەدا بووە هەژار، بۆ ئەوەی ئێوە بە هەژاریی ئەو دەوڵەمەند بن» (دووەم کۆرنسۆس ٨: ٩). ئەو ڕزگارییەی ئێمە بۆ خۆمان تامی دەکەین و بۆ کەسانی دیکە دەینێرین، خزمەتێکی بەزەیی خودایە بۆ هەژاران کە هەموومان دەگرێتەوە. ئێمە ژیانمان قەرزاری پابەندبوونی خودایە بە ئەرک و میهرەبانییەکەیەوە. ئەو ڕێگایەکی دووری بڕی بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات و یارمەتییەکەی هەموو جۆرە یارمەتییەک لەخۆدەگرێت کە پێویستمانە. وە لە کاتی ئەنجامدانیدا قۆڵی هەڵکرد و دەستی بە پیسی ئێمە پیس بوو. لە ڕاستیدا ئەو کوژرا. ئەم میهرەبانییە ئازاری دا بۆ کڕینەوەمان و ڕێگای ڕزگاربوونمان. «لەبەر ئەوەی مەسیحیش لە پێناوتاندا ئازاری چێژت و نموونەی بۆ بەجێهێشتن، تاکو بە هەنگاوەکانیدا بڕۆن» (یەکەم پەترۆس ٢: ٢١). ئەرکی خزمەت و میهرەبانی دانەبڕاوە، چونکە هەر ئەو مزگێنی ئینجیلەی کە دەیبەین بۆ گەلان فەرمانی بەزەیی بۆ هەژارانی ماڵ و نیشتمانی خۆمانمان دەداتێ.

## بەراوردکارییە وێرانکەرکەی ئێم شاین

من هەرگیز لێدوانێکی لەم پەیوەندییە باشترم نەخوێندۆتەوە کەوا لەم قسەیەی خوارەوەی ڕۆبەرت مۆرای ئێم شاین، قەشەیەکی گەنج لە سکۆتلەندا کە لە تەمەنی بیست و نۆساڵیدا لە ساڵی ١٨٤٣ دا کۆچی دوایی کردووە. ئەو وەڵامی هەندێک لە پرسیارە بچووکەکان دەداتەوە سەبارەت بە خزمەتکردن بە هەژاران بە بەراورد لەگەڵ خزمەتکردنی مەسیح بە ئێمە.

”ئێستا باوەڕدارە ئازیزەکان بە مەسیح، هەندێکتان شەو و ڕۆژ نوێژ دەکەن هەتا بنە لق و پۆپی مێوی ڕاستەقینە؛ تۆ نوێژ دەکەیت کە هەموو شتێک بە وێنەی مەسیح دروست بکرێت. ئەگەر وایە، دەبێت تۆش وەک ئەو بیت لە بەخشین... «هەرچەندە دەوڵەمەند بوو، لەپێناو ئێمەدا بووە هەژار»...

ناڕەزایەتی ١. ”پارەی من هی خۆمە.“ وەڵام: ڕەنگە مەسیح گوتبێتی: ”خوێنی من هی خۆمە، ژیانم هی خۆمە“... ئەوا ئێمە دەبوو لە کوێ بین؟

ناڕەزایەتی ٢. ”هەژاران ناشایستەن.“ وەڵام: ڕەنگە مەسیح گوتبێتی، ”ئەوان یاخیبووی خراپن... ئایا ژیانم بدەم لەپێناو ئەمانە؟ دیدەم بە فریشتە چاکەکان“. بەڵام نەخێر، نەوەد و نۆی بەجێهێشت، وە دوای یەک دانە ونبووەکە کەوت. خوێنی خۆی لەپێناو ناشایستەکان بەخشی.

ناڕەزایەتی ٣. «ڕەنگە هەژارەکان خراپ بەکاری بهێنن.» وەڵام: ڕەنگە مەسیحیش

هەمان شتی گوتبێت؛ بەڵێ، بە ڕاستییەکی زۆر گەورەتر. مەسیح دەیزانی هەزاران کەس خوێنی ئەو دەخەنە ژێر پێی خۆیان؛ دەیزانی کە زۆربەیان سووکایەتی پێ دەکەن؛ دەیزانی کە زۆر کەس دەیکەنە بیانوو بۆ گوناهکردنی زیاتر؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خوێنی خۆی بەخشی.

ئای باوەڕداره ئازیزەکان بە مەسیح! ئەگەر دەتەوێت وەک مەسیح بیت، زۆر بدە، زۆر ببەخشە، بە ئازادی ببەخشە، بە خراپەکاران و هەژارانی بێ سوپاس و ناشایستە. مەسیح شکۆمەند و دڵخۆشە و تۆش هەروا دەبیت. ئەوە پارەی تۆ نییە من دەمەوێت، بەڵکو خۆشبەختی تۆیە. قسەکەی ئەو لەبیرمەکە کە دەڵێت: «بەخشین بەختەوەرترە لە وەرگرتن.»[49]

هەروەک چۆن هاوبەشییەک لەنێوان خودی ئینجیل و بەزەیی بۆ هەژارانی نزیک هەیە، بە هەمان شێوە هاوبەشییەکی نایاب هەیە لەنێوان باوەڕداران بە مەسیح کە میهرەبانن لە کڵێسای نیشتمان و باوەڕداران کە میهرەبانن لە کڵێسای دەرەوەی وڵات. هەروەها ژیانێکی بەفیڕۆچوو نییە. بەڕاستی ڕەسەنایەتی هەریەکەیان زۆر پەیوەستە بە ڕەسەنایەتی ئەوەی دیکەوە. ئەوە شتێکی ناڕەسەنە کە وا گریمانە بکەین کە ئەوەی نیمانە بینێرین. وە ناڕەسەنە گەنجینەیەکت هەبێت و نەینێرێت.

## ڕەگ و ڕیشەی بزووتنەوەی خۆبەخشی خوێندکاران

هاوبەشی خۆشی نێوان خزمەتکردنی خەڵکی ئاسایی لە ناوخۆ و نێردراوەکانی دەرەوەی وڵات پێشتر ڕوویداوە و دەکرێت دووبارە ڕووبداتەوە. لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بزووتنەوەی خۆبەخشی خوێندکاران لەسەر گۆڕەپانی ئەمریکا دەستپێکرد و کاریگەرییەکی زۆری نێردراویەتی هەبوو. بەهۆی ژمارەی ئەو مزگێنیدرانەی کە نێردرابوون و بە قووڵی و فراوانی ئەو کەسە ئاساییانەی کە پشتگیریان دەکرد جێگەی سەرنج بوو. هاوبەشییەکی سەرسامکەر بوو.

ڕەگ و ڕیشەی بزووتنەوەی خۆبەخشی خوێندکاران (SVM) دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی بەناوبانگی نوێژی هایستاک لە ساڵی ١٨٠٦ لە ویلایەتی ماساشوستس. بەئاگابوونەوەیەکی ڕۆحی خوێندکارانی کۆلێژی ویلیامزی وروژاند و وای کرد کۆمەڵێکی بچووک لە گەنجان هەفتەی دووجار لەلای ڕووباری هوساک خۆیان بۆ نوێژ تەرخان بکەن. سەرنجیان لەسەر خۆشگوزەرانی ڕۆحی خوێندکارانی دیکە بوو. لە مانگی ئابی ساڵی ١٨٠٦ لە ڕێگایماڵەوەدا لەژێر ڕەشەبایەکدا گیریان خوارد و پەنایان بردە ژێر لێوارەکانی کادینێک. ئەو کاتەیان بەکارهێنا بۆ بەردەوام بوون لە نوێژکردن. ئەمجارەیان داوای بەئاگاهاتنەوەی ئارەزووی نێردراوییتیان کرد بۆ وڵاتانی بیانی لەنێو خوێندکاراندا.

یەکێک لەوانە ساموێل میڵز داوای لەو گروپە بچووکە کرد کە ئامادەیی خۆیان بۆ بوون بە نێردراوی مزگێنیدەر ڕابگەیەنن. بۆ ئەوەی هەست بە قورسایی ئەم ساتەوەختە بکەین، دەبێت ئەوەمان لەبیربێت کە لەم کاتەدا لە مێژووی ئەمریکادا یەک مزگینیدەری بیانی لە کەناراوەکانی ئەمریکا تێنەپەڕیبوو. کۆمەڵگەی نێردراوییێتی مزگێنیدەر نەبوو. کڵێساکان بە گشتی هیچ ڕوانگەیەکیان بۆ گەلانی مزگێنی پێنەگەیشتووی ئەودیوی زەریا مەترسیدارەکان نەبوو. وەک زۆرێک ئەمڕۆ دەڵێن، زۆر شت هەبوو کە لە ناوخۆ وماڵەوە ئەنجام بدرێت. کە ئەمەش ڕاست بوو! بەڵام ئەم گرووپە بچووکە لە خوێندکارە نزاکەرەکان چیتر نەیاندەتوانی بە کڵێسای ئەمریکی ڕازی بن کە دڵی بە خۆشەویستی بۆ گەلانی مزگێنی پێنەگەیشتوو و بە تامەزرۆیی بۆ شکۆمەندی خودا لەنێو گەلاندا نەدەسووتا. ئیتر نەیاندەتوانی بە کڵێسایەک ڕازی بن کە هیچ مزگێنیدەرێکی بیانی نەناردبێت. لە بەرامبەر ئەم هەموو ڕاوەستانە ڕۆحی و مێژوویی و پێکهاتەییەدا، خودا توانای ئەوەی پێداون کە بتوانن ڕێچکە بشکێن.

## ”برایان“ لەدایک بوون

نوێژکردن لەژێر ئەو کادینەدا وایکرد ئەو گەنجانە خۆیان بۆ خزمەتی نێردراویەتی تەرخان بکەن. ”هەر لەم کادینەدا بوو کە بزووتنەوەی نێردراوییێتی بیانی کڵێساکانی ئەمریکا پاڵنەرێکی سەرەتایی بەدەستهێنا.“[٥٠] لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٨٠٨ دا، گروپەکە «کۆمەڵگەی برایان»یان پێکهێنا بۆ بەهێزکردنی ئیرادەیان بۆ ئەوەی خۆیان بە خزمەتی مزگێنیدەری بسپێرن. ساموێل میڵز کاتێک لە یێڵ و پاشان لە قوتانخانەی ئەندۆڤەر دەیخوێند ڕوانگەی «برایان»ی بڵاوکردەوە. ئەو گواسترابۆوە بۆ ئەندۆڤەر بۆ ئەوەی بەشێک بێت لەوەی کە خودا لەوێ لەژێر سەرکردایەتی ئەدۆنیرام جودسۆنی خوێندکار دەیکات. ئەم گرووپە لە «برایان» لە ئەندۆڤەر پاڵنەریان بە یەکەم دەزگای نێردراوییێتی ئەمریکی بەخشی (دەستەی کۆمسیارانی ئەمریکی بۆ نێردراوێتی بیانییەکان)؛ لەم گرووپەوە یەکەم مزگێنیدەری ئەمریکی بۆ دەرەوەی وڵات لە ساڵی ١٨١٢ دا نێردرا.

## بزووتنەوەی خۆبەخشی خوێندکاران لەدایک دەبێت

لە ساڵی ١٨٤٦ ڕۆیاڵ وایڵدەر لەژێر ناوی ئەم یەکەم دەستەی کۆمسیاری ئەمریکیدا چووە هیندستان. لە ساڵی ١٨٧٧ بە هۆکاری تەندروستی گەڕایەوە و لە شاری پرینستۆن نیشتەجێ بوو. لەوێ کوڕەکەی ڕۆبێرت ”کۆمەڵەی مزگێنیدەری بیانی پرینستۆن“ی دامەزراند. نزاکانی ئەم گرووپە بووە هۆی کۆبوونەوەیەکی چارەنووسساز کە لەلایەن دی ئێل موودیەوە بانگهێشت کرا لە چیای هێرمۆن لە ویلایەتی ماساشوستس لە هاوینی

ساڵی ١٨٨٦. دوو سەد و پەنجا و یەک خوێندکار بۆ کۆنفرانسی کتێبی پیرۆز کۆبوونەوە کە مانگێکی دەخایاند. لەدوای وتارێکی سەرنجڕاکێش لەلایەن قەشە ئەی. تی. پیرسۆن بەناوی نێردراوییەتییە جیهانییەکانەوە، سەد لەو خوێندکارە خۆبەخشانە بەشدارییان کرد بۆ خزمەتکردن لە دەرەوەی وڵات. ڕۆحی ئەم بۆنەیە جیهانی خوێندکارانی گرتەوە.

لە ماوەی ساڵی خوێندنی ١٨٨٦-١٨٨٧، ڕۆبەرت وایڵدەر و جۆن فۆرمان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕوانگەکەیان گەشتیان بۆ ١٦٧ کەمپ کرد. ڕێکخستنی فەرمی بزووتنەوەی خۆبەخشی خوێندکاران دوو ساڵ دواتر ڕوویدا و جۆن ئاڕ مۆت سەرۆکی بزووتنەوەکە بوو.

مەبەستەکە وەک مۆت دەریخستووە، پێنج بەشی هەبووە:

"ئامانجی پێنج لایەنەی بزووتنەوەی خۆبەخشی خوێندکاران ئەوەیە کە، یەکەم؛ خوێندکاران بەرەو ڕەچاوکردنی وردی ئەرکە بیانییەکان ڕێنمایی بکرێن کە بە شێوەیەکی کەسی وەک کارێکی ژیان لەسەریانە؛ دووەم؛ بۆ پەروەردەکردنی ئەم مەبەستە، ڕێنماییکردنی ئەو خوێندکارانە بکرێت کە دەبنە خۆبەخش لە خوێندن و چالاکییەکانیان بۆ خزمەتی نێردراویەتیەکان تاوەکو دێنە ژێر ڕێنمایی دەستبەجێی دەستەکانی نێردراوان. سێیەم؛ بۆ یەکخستنی هەموو خۆبەخشەکان لە بزووتنەوەیەکی هاوبەش و ڕێکخراو و بە تامەزرۆییەوە. چوارەم؛ بۆ دەستەبەرکردنی ژمارەیەکی پێویست لەو خۆبەخشانی شارەزان بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی دەستەی ئەرکە جیاوازەکان. وە پێنجەم؛ دروستکردن و پاراستنی بەرژەوەندی و هاوسۆزی چالاکانەی نێردراوە بیانییەکان لەلایەن ئەو خوێندکارانەی کە بڕیارە لە نیشتمان بمێننەوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە پشتگیرییەکی بەهێزی نێردراوان بە داکۆکیکردن و بەخشین و نوێژەکانیان."[٥١]

گەشەی «بزووتنەوەی خۆبەخشی خوێندکاران» (SVM) لە سێ دەیەی دواتردا زۆر نایاب بوو. دروشمی بزووتنەوەکە ئەوە بوو، " لەم نەوەیەدا گەیاندنی مزگێنی بە جیهان."[٥٢] هەتا ساڵی ١٨٩١، ژمارەی ٦٢٠٠ خوێندکاری خۆبەخش هەبوون بەیاننامەیەکیان واژۆ کردبوو کە لەسەری نووسرابوو، "ئەگەر خودا خواستی لەسەر بێت، مەبەستی منە کە ببمە نێردراوێکی بیانی." لەو ژمارەیەش ٣٢١ کەسیان پێشتر بە کەشتی بۆ خزمەتکردنی دەرەوەی وڵات بەڕێکەوتبوون. ساڵی لوتکەی بزووتنەوەکە ساڵی ١٩٢٠ بوو، کاتێک ٢٧٣٨ خوێندکار کارتی بەڵێننامەیان واژۆ کرد و ٦٨٩٠ خوێندکار بەشدارییان لە کۆنفرانسی چوار ساڵەدا کرد. بە خەمڵاندنێکی پارێزراوان، هەتا ساڵی ١٩٤٥، ٢٠٥٠٠ خوێندکار گەیشتنە دەرەوەی وڵات، کە بەیاننامەکەیان واژۆ کردبوو.[٥٣]

## بڵێسەی خوێندکاران بە بازرگان و کڵێساکان گەییشت

زۆر شت لەم بزووتنەوەیەدا جێگەی سەرنجە، وە پڕە لە ڕێنمایی و ئیلهام بۆ نەوەی ئێمە لەدوای سەد ساڵیش. بۆ نموونە بزووتنەوەی خۆبەخشی خوێندکاران نەک تەنها خوێندکاران بەڵکو خەڵکی ئاسایی کڵێساکانیشی جۆشدا. جەی کامپبێل وایت، یەکەم سکرتێری بزووتنەوەی خزمەتی نێردراوێتی ئاسایی، لە ساڵی ١٩٩٠ دا نووسیویەتی، "لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا ڕۆحی مزگێنیدەری گەشەیەکی سەرسوڕهێنەری لەنێوان کۆلێژەکانی ئەمریکا و کەنەدادا هەبووە... سەرکردایەتیکردنی هەزاران ژن و پیاوی بەهێز بۆ ئەوەی بە ئامانجێکی باڵادەستی ژیانی مزگێنیدەری بژین."[٥٤] گەنجێکی بازرگان بەهۆی ئەم تامەزۆوییەوە لە ساڵی ١٩٦٠ لە ناشڤیل سەرنجی ڕاکێشرا و بەشداری کرد لە کۆنفرانسی SVM واتا بزووتنەوەی خۆبەخشی خوێندکاران. لە دڵی خۆیدا گوتی ئەگەر خەڵکی ئاسایی ئەمریکای باکوور بتوانن جیهان بەو شێوەیە ببینن کە ئەم خوێندکارانە دەیبینن، ئەوا بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت و هەموو ئەو پارەیەی کە پێویستە بۆ کارکە دابینی دەکات.[٥٥] لە کۆبوونەوەی نوێژی بازرگانان لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٠ لە نیویۆرک، بزووتنەوەی مزگێنیدەری ئاسایی لەدایک بوو.

ئامانجی ڕاگەیەندراوەکەی بریتی بوو لە "لێکۆڵینەوە، وروژاندن و ڕێکخستن؛ لێکۆڵینەوە لەلایەن کەسانی ئاساییەوە لە بارودۆخی خزمەتی مزگێنیدەری، وروژاندنی کەسانی ئاسایی لە سیاسەتێکی نێردراویەتی گونجاو، وە ڕێکخستنی کەسانی ئاسایی بۆ هاوکاری لەگەڵ نێردراوان و دەستەی خزمەتی نێردراوێتی لە بەکارهێنانی هەموو کڵێساکان لە کارە باڵاکەی ڕزگارکردنی جیهاندا.»[٥٦]

## دیاریی سەرکردە بەسۆزەکان

هەروەک چۆن خودا سەرکردایەتییەکی نائاسایی بۆ SVM لە ڕۆبەرت وایڵدەر و ڕۆبەرت سپیر و جۆن ئار مۆت ئامادە کردبوو، بە هەمان شێوە سەرکردەکانی بۆ بزووتنەوەی نێردراوێتی ئاسایی بەرزکردەوە کە بە هێزێکی پێغەمبەرانە قسەیان دەکرد کە هەزاران کەسی ئاسایی سەرنجیان بۆ مەبەستە جیهانییەکانی خودا ڕاکێشرا. سەرۆکی بزووتنەوەکە مزگێنیدەر و قەشە نەبوو. ئەو بازرگانێک بوو. ئەو هاوبەشییەی کە لەنێوان خوێندکاراندا دەچوون و بازرگانان کە دەیانناردن، سەریهەڵدابوو و قووڵ بووەوە، چونکە لە هەردوو گروپەکەدا سەرکردەی دیدەوانی خودا کرۆکیان بوو. هەردووکیان بە هەمان سۆزەوە پاڵیان پێوە دەنرا کە ژیانیان بەفیڕۆ نەدەن. ئەمە لە نزیکەی هەموو ڕستەیەکدا دەبیستین کە جەی کامپبێل وایت نووسیویەتی:

"زۆربەی پیاوان لە بەرهەمی هەمیشەیی ژیانیان ڕازی نین. هیچ شتێک ناکرێت

ژیانی مەسیح لەناو شوێنکەوتووانیدا بە تەواوی تێر بکات جگە لە شوێنکەوتنی مەبەستی مەسیح بەرامبەر بەو جیهانەی کە هاتووە بۆ ڕزگارکردنی. ناوبانگ و چێژ و دەوڵەمەندی تەنها توێکڵ و خۆڵەمێشن، بە پێچەوانەی خۆشی بێ سنوور و بەردەوامی کارکردن لەگەڵ خودا بۆ بەدیهێنانی پلانە هەمیشەییەکانی. ئەو پیاوانەی کە هەموو شتێک دەخەنە ناو ئەرکی مەسیحەوە، شیرینترین و بەهادارترین پاداشتەکانی ژیان بەدەست دەهێنن.”[٥٧]

## نێردراوان شەرم ناکەن بە گرتنەبەری هۆکاری ڕۆشتن

دیسانەوە ئەمە دژایەتی نییە لەگەڵ ئەوەی کە لە بەشی هەشتەمدا سەبارەت بە بەهای کاری دونیایی نووسیومە. بابەتەکە ئەوەیە کە لە جەنگێکدا، هەرچەندە کاری مەدەنی لە خۆیدا بەهادار بێت، هەموو کەسێک تامەزرۆیە بە ژیانی خۆی لە دوورەوەش بێت یارمەتییەک و هەوڵێک بۆ بەرەکانی جەنگی بدات، تاکو هێڵەکانی دوژمن بشکێنرێن. خەڵکی ئاسایی، قەشەکان، کڵێساکان -هەموومان کە لە دواوە دەمێنینەوە- ”شیرینترین و بەهادارترین پاداشت» دەدۆزینەوە کاتێک دڵمان گەورە دەکەین بۆ ئەوەی نەک تەنها پێداویستییەکانی نزیک لە ماڵەوە و نیشتمان دابین بکەین، بەڵکو پێداویستی شوێنە سەخت و مزگێنی پێنەگەیشتوەکانی جیهانیش دابین بکەین.

ئەم بازرگانانەی سەد ساڵ لەمەوبەر بانگەوازی دونیایی و بینینی خزمەتی نێردراوەتی خۆیان وەک یەکێتییەکی یەکگرتوو دەبینی. شێوازی خستنەڕووی ڕوانگەی بزووتنەوەکەی جەی کامپبێل وایت، پۆلێنەکردنێکی بە بازرگانەکان بەخشی بۆ تێگەیشتن لە یەکێتی ژیان لەژێر پەروەردگارییێتی عیسای مەسیحدا. ئەو گوتی:

”ئەم بزووتنەوەیە گەورەترین داواکاری لە خەڵک دەکات. تەنها هەوڵ دەدات بانگەوازی خودایان بۆ بکات بۆ ژیانێک کە ئامانجی باڵادەستی دامەزراندنی حوکمڕانی مەسیحە لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا... بیریان دەخاتەوە... کە خۆپەرستی خۆکوژییە لە کاتێکدا خزمەتکردنی کەسانی دیکە باڵاترین ڕەزامەندی بۆ ڕۆح دەهێنێت.”[٥٨]

## کاریگەری سەرسوڕهێنەر لەسەر کڵێسا لەو کاتەدا، بەڵام چی دەربارەی ئەمڕۆ؟

وایت نیشانی نەوەی خۆی دا کە خولیای خزمەتی نێردراوییێتی تەنها ڕێگەی ڕزگارکردنی جیهان نییە، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی کڵێساشە:

”هەوڵدان بۆ مزگێنی گەیاندن بە جیهان خێراترین و دڵنیاترین شێوازەکانی ڕزگارکردنی کڵێسا دەخاتە ڕوو. سەرچاوە ماددییەکانمان هێندە سەرسوڕهێنەرن کە

مەترسی ئەوەمان لەسەرە متمانە بە دەوڵەمەندی بکەین نەک بە خودا. واتا: ئەگەر مرۆڤ لە سەروەت و ساماندا گەورە بێت، جگە لە بەخشینی بەردەوام هیچی دیکە ناتوانێت ڕێگری بکات لە بچووکبوونەوەی ڕۆحی. مزگێنی گەیاندن بە جیهان تاکە کارگەی هێندە گەورە و گرنگە کە بتوانێت دەرچەیەکی گونجاو بۆ سامانی کڵێساکە دابین بکات.»[٥٩]

ئەمە هێشتا ڕاستە. مزگێنیدەرەکان تەنها بۆ ژیانی جیهان گرنگ نین. بۆ ژیانی کڵێساش زۆر گرنگن. ئێمە بە سامانەکەمانەوە لەناودەچین ئەگەر خۆمان بۆ خزمەتەکانی میهرەبانی لە نیشتمان و خزمەتی نێردراوییێتی بۆ ناو گەلانی مزگێنی پینەگەیشتوودا تەرخان نەکەین. ئێمە لە ئەمریکا زۆر دەوڵەمەندین. هەموو ئەو پارەیەی کە پێویستە بۆ ناردن و پشتگیریکردنی سوپایەک لە باڵیۆزی خۆبەخش و شادی بڵاوکەرەوە، لە ئێستادا لە کڵێساکەدایە. بەڵام ئێمە نایدەین.

لە ساڵی ١٩١٦ پرۆتستانتەکان ٢،٩٪ی داهاتەکانیان بە کڵێساکانیان دەبەخشی. لە ساڵی ١٩٣٣ ڕێژەی خەمناک بوو، بووە ٣،٢٪. لە ساڵی ١٩٥٥، هێشتا هەر ٣،٢٪ بوو. تەنها لەدوای ئەوەی لە ڕێگەی کەلتوورەکەمانەوە دەوڵەمەندی دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد، هەتا ساڵی ٢٠٠٠، کاتێک ئەمریکییەکان زیاتر لە ٤٥٠٪ دەوڵەمەندتر بوون، لەدوای باج و هەڵاوسان، لەچاو ڕێژەی خەمباری، پرۆتستانتەکان ٢،٦٪ی داهاتەکانیان بە کڵێساکانیان دەبەخشی.[٦٠]

جگە لەوەش، «ئەگەر ئەندامانی کڵێساکانی مێژووی باوەڕ بە مەسیح لە ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لە ئاستی ١٠٪دا بەخشینیان هەبووایە، ئەوا ١١٥ ملیار دۆلاری دیکەش لەبەردەستدا دەبوو.»[٦١] ئێستا ئەو ڕاستییە شۆکهێنەرە زیاد بکە کە لەو پارەیەی بە کڵێسا دەدرێت، کەمتر لە ٦ لەسەدی بەکاردێت بۆ نێردراوە بیانییەکان و لەو بڕە پارەیە، نزیکەی لەسەدا یەک دەچێتە سەر بودجەی پێشکەوتنەکان بۆ گەلانی مزگێنی پینەگەیشتوو.[٦٢] ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە هەر بەرەیەکدا بگەڕێینەوە دواوە. بابەتەکە ئەوەیە، زۆر شت هەیە بۆ هەموو پێشکەوتنەکان ئەگەر بۆ ئەوەی بژین نیشانی بدەین مەسیح گەنجینەی ئێمەیە.

## ئێمە لە دەرەوەی ئەرکی مزگێنیدەریدا بە تەواوی خودا ناناسین

کڵێسا بۆ ڕۆحی ژیانی خۆی پێویستی بە بەشداریکردنە لە خزمەتی نیردراویەتیەکاندا. ئێمە خودا بە تەواوی شکۆمەندییەوە ناناسین تاکو بزانین کە بە سەرکەوتوویی لەنێو گەلاندا دەجووڵێت. ئێمە وەک پێویست سەرسام نابین و ستایشی ناکەین هەتا ئەو کاتەی نەبینین کۆمەڵێک شوانی چاودێر بۆ خۆی لە هەموو گروپێکی گەلانی سەر زەوی

کۆدەکاتـەوە -کـە هەمـوو گەلانـی موسـڵمان و هیندۆسـی و بودایـی لەخۆدەگرێـت. هیـچ شـتێک وەک مـەودای کارە ڕزگارکەرەکـەی بەدرێژایـی مێـژوو ڕوانگـەی ئێمـە بـۆ نیعمەتـی سـەرکەوتووی خـودا شـکۆمەند نـاکات. چ چیرۆکێکـە! واتـا: «کردارەکانـی یـەزدان دێنمـەوە یـادم، بێگومـان پەرجووەکانـی تـۆم لەبیـرە کـە لـە کۆنەوەیـە. لـە هەمـوو کارەکانـت ورد دەبمـەوە و بیـر لـە کـردەوە مەزنەکانـت دەکەمـەوە» (زەبـوورەکان ٧٧: ١١-١٢). «ستایشـی بکـەن، بـۆ پاڵەوانییەتـی، ستایشـی بکـەن، بەپێـی زۆری مەزنایەتـی» (زەبـوورەکان ١٥٠: ٢). «ئـەی هەمـوو نەتـەوەکان، ستایشـی یـەزدان بکـەن! ئـەی هەمـوو گـەلان، ستایشـی بکـەن» (ڕۆمـا ١٥: ١١، هێنانـەوەی زەبـووری ١١٧: ١).

## بارودۆخی ئەمڕۆمان لە جیهاندا چۆنە؟

ئالنـگاری گەیاندنـی مزگێنـی ئینجیـل بـە جیهـان هێشـتا زۆر گـەورەیـە. ئێمـە لـە دۆخێکـی باشـتردایـن بـۆ زانینـی مـەودا و سروشـتی ئەرکەکـە لـە هەمـوو کاتێـکی پێشـتر. پاتریـک جۆنسـتۆن دەنووسـێت، "بـۆ یەکەمجـارە لـە مێـژوودا لسـتێکی هەتاڕادەیـەک تەواومـان هەیـە بـۆ گەلانـی جیهـان کـە هەتـا چەنـد مزگێنـی ئینجیلیـان پێگەیشـتووە."[٦٤] گروپـی جۆراوجـۆر هـەن کـە لێکۆڵینـەوە دەکـەن بـۆ ئـەوەی یارمەتـی کڵێسـا بـدەن بـۆ ئـەوەی بزانێـت چ گروپێکـی خەڵـک لـە سەرانسـەری جیهـان لەلایـەن کڵێسـای مەسـیح یـان دەزگای خزمەتـە نێردراوییێتییـەکان لەخـۆ بگـرن. کتێبەکـەی جۆنسـتۆن پوختەیەکـی بـاش لـە دۆخـی وەرچەرخانـی سـەردەمی ئێمـەدا دەخاتـە ڕوو.[٦٥]

یەکێـک لـە ڕێگاکانـی وەسـفکردنی دۆخەکـە ئەوەیـە کـە بڵێیـن نزیکـەی ١,٢--١,٤ ملیـار کـەس هەرگیـز چانسـی گوێگرتـن لـە مزگێنـی ئینجیلیـان نەبـووە[٦٦] -واتـا لـە کەلتوورەکانـدا دەژیـن کـە بانگەشـەی ئینجیـل بـە شـێوەیەکی تێگەیشـتووانە دەسـتەبەر نییـە. شـیکارانی دیکـە ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کـە ئینجیلیـان نەبیسـتووە هەتـا ڕادەیـەک زیاتـر دەخەمڵێنـن. بـۆ نموونـە، «خشـتەی ئامـاری ساڵانە لەسـەر ئەرکـی نێردراوییێتـی جیهانـی ٢٠٠٢" لەلایـەن دەیڤیـد بارێـت و تـۆد جۆنسـۆنەوە بـاس لـەوە دەکات کـە ١,٦٤٥,٦٨٥,٠٠٠ کەسـی مزگێنـی پێنەگەیشـتوو لـە جیهانـدا هـەن. واتـا لەسـەدا ٢٦,٥ ی دانیشـتوانی جیهـان لـە گروپـی ئـەو خەڵکدا دەژیـن کـە کڵێسـای ئینجیلـی ڕەسـەنیان نییـە.[٦٧] نزیکـەی لەسـەدا ٩٥ ی ئەمانـە لـە شـوێنێک لەسـەر گـۆی زەوی دەژیـن کـە پێـی دەگوترێـت پەنجـەرەی ٤٠/١٠ (لەنێـوان پانـی ١٠ بـۆ ٤٠ پلـەی باکـووری هێڵـی ئیسـتوایی و نێـوان زەریـای ئەتڵەسـی و زەریـای هێمـن). ئەمـە ئالنـگاری گـەورەی ڕۆژگاری ئێمەیـە.

جۆنستۆن ئەمە لە ڕوانگەیەکی مێژوویی هیوابەخشەوە دەخاتە ڕوو:

بـە هەنگاونـان بـۆ دواوە دەبینیـن کـە نەخشـێکی سـەرنجڕاکێش لـە گەشـەی ٢٠٠ سـاڵەی

[کڵێسا]دا سەرهەڵدەدات کە زەبری شێوازی کۆکردنەوەکەی دیارە -ساڵانی ١٧٠٠ باکووری ئەتڵەسی، ساڵانی ١٨٠٠ زەریای هێمن، ساڵانی ١٩٦٠ی ئەفریقا، حەفتاکانی سەدەی ڕابردووی ئەمریکای لاتین، هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی ئاسیای ڕۆژهەڵات، ساڵانی ١٩٩٠ی ئۆراسیا. ئەم گەمارۆدانە و نیوەی گۆی زەوی ئێستا ئالنگاری ناوچەی پەنجەرەی ٤٠/١٠ یان بەجێهێشتوە. ئاسیای ناوەڕاست و باشوور و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو بوارە سەرەکیانەن کە ماونەتەوە کە ئاستەنگیان لەسەرە. لە کوێدا پێشکەوتنەکانی... دەیەی یەکەمی... هەزارەی [نوێ] دێت؟ ئایا لەنێو موسڵمانان، هیندۆسەکان یان بوداییەکان دەبێت؟ ئەمانە کۆتا قەڵا ماوەکانی دەستی دوژمنن بە ڕۆحی مرۆڤەکانەوەیە. بەرزبوونەوەی زەریای ئینجیل لە دەوری ئەم ناوچەیەدا زیاتر بەرز دەبێتەوە و تەنانەت ئێمە پێشبینی ئەوە دەکەین کە ئەو پێشکەوتنە ڕەنگە واتای چی بێت. خۆزگە شوێن و ئازادیم هەبووایە بۆ گێڕانەوەی گوزەرانی شتە سەرسوڕهێنەرەکان کە لەم قەڵا ئایدیۆلۆژییانەی بەڕواڵەت نەتوانن بچنە ژوورەوە.[٦٨]

## خودا بانگەوازێک بۆ ئەم نەوەیە دەکات: گوێ بگرن!

بانگەوازێک هەیە بۆ ئەم نەوەیە کە گوێڕایەڵی مەسیحی لەناو مردوان هەستاوەوە بن و هەموو گەلانی مزگێنی پێنەگەیشتووی جیهان بکەنە قوتابی. من نزا دەکەم کە خودا سەدان هەزار گەنج و «تەواوکەر» (کەسانێک کە یەک پیشە تەواو دەکەن و ئامادەن دووەم پیشە لە خزمەتکردنی نێردراویەتی مەسیحیدا ئەنجام بدەن) بەرز بکاتەوە. نوێژدەکەم ئەم بانگەوازە خوداییە بە خۆشی لە دڵتدا هەڵبستێت نەک بە تاوانباری. نوێژدەکەم کە بە بەخششی پێویست، وە خواستێکی شایستە، وە پشتڕاستکردنەوەی کڵێساکەتان، وە نیشانەکانی پەروەردگار پشتڕاست بکرێتەوە. بە خوێندنەوەی ژیاننامە، تێڕامان لە کتێبی پیرۆز، لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی گەلانی مزگێنی پێنەگەیشتوو، نوێژکردن بە سۆزەوە، وە گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسە پێشەنگە دێرینەکانی خزمەتی نێردراوییێتی، گڕ لە هەموو پشکۆیەکی ئارەزوو بەربدرێت. لە پەیوەندییەکە ڕامەکەن. بەدوایدا بگەڕێ.

با مێشکت لەسەر ونبوونی تاکە کەسە لەناوچووەکان بێت، هەروەها لەسەر تەواوی ئەو گروپە خەڵکانەش کە هیچ دەستڕاگەیشتنێکیان بە مزگێنی ئینجیل نییە. ئەمە ئامانجی گەورەی پۆڵس بوو: «ئامانجی بەرزم ئەوە بوو کە مزگێنی بدەمە ئەو شوێنەی کە ناوی مەسیحی تێدا نەهێنراوە» (ڕۆما ١٥: ٢٠). هەمیشە کەسانی نەگۆڕاو بوونیان هەیە بۆ سەرکەوتن لەو شوێنانەی کە پێشتر کڵێسای لێ دامەزراوە. ئەوە ئەرکی تایبەتی نوێنەرایەتییە ناو سنوورییەکان نییە. نێردراوە دەرەوەی سنوورییەکان ئەو کارە دەکەن کە پۆڵس ئامانجی بووە: کڵێسا لەو شوێنەدا بچێنن کە ئێستا ئەگەری خزمەتکردن تێیدا

نییە. ئەمە پێویستییەکی گەورەی ئەم کاتژمێرەیە، نەک تەنها بۆ ئەو نێردراوانەی کە دەچن بۆ خزمەتکردنی کڵێسای دامەزراو لە وڵاتانی دیکە (کە ئەمەش پێویستییەکی گەورەیە، بە تایبەتی لە پەرەپێدانی سەرکردایەتیدا)، بەڵکو بۆ ئەو نێردراوانەش کە دەچنە ناو ئەو گەل و شوێنانەی کە هیچ کڵێسایەکیان بۆ خزمەتکردن نییە.

## ڕۆژی نێردراوەکان کۆتایی نەهاتووە

وا مەزانە ڕۆژانی ناردنی مزگێنیدەر بۆ وڵاتە بیانییەکان کۆتایی هاتووە، وەک ئەوەی هاووڵاتییان بتوانن کارەکە تەواو بکەن. سەدان گەل و ملیۆنان کەس هەن کە هیچ نەتەوەیەکی باوەڕدار بە مەسیحیان تێدا نییە بۆ ئەوەی مزگێنیدانی ئینجیل لە هەمان کەلتووردا ئەنجام بدەن. دەبێت سنووری کەلتوورەکان ببڕدرێت. بۆ ئەوەی دڵنیا بین، لەوانەیە لەلایەن کەسێکی ڕۆژئاواییەوە تێپەڕێنرێت، بەو پێیەی خودا لە جیهانی ڕۆژئاواییدا خێراتر کڵێساکەی گەشە دەکات.a ئەوە زۆر نایاب دەبێت. هیچ ئارەزوویەکم نییە بۆ سنووردارکردنی خۆشی خۆشەویستی. جگە لەوەش، ڕەنگە پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی ڕاهێنراوی ئاست بەرز بەڵام تاقیکاری وەک نێردراوێکی سادەتر و بوێرتر بەرهەمدار نەبن. سەبارەت بە مزگێنیدەرە نێردراوەکان بۆ وڵاتانی موسڵمان پاتریک جۆنستۆن دەڵێت، ”زۆرجار باشترین نێردراوە مزگێنیدەرەکان ئەوانەن کە کەمێک زیاتر لە بنەماکانی ئیسلامیان خوێندۆتەوە و خولیای هاوبەشکردنی مزگێنی مەسیحیان هەیە. لە بوێرییان بۆ عیسا، خۆیان دەخەنە ناو شایەتیدان بۆ موسڵمانان، کە تەنانەت ئیسلامییەک دەترسێت بچێتە ئەوێ.“[٦٩] بەڵام هەڵە مەکەن. دەبێت کەلتوورێک ببڕدرێت و ئەوەش ئەوەیە کە نێردراوەکان دەیکەن. مزگێنیدەرە نێردراوەکانن، نەک مزگێنیدەرە ناخۆییەکان کە ئەرکی گەیاندنی مژدەی ئینجیل لە هەمان کەلتووردا دەکەن.

بۆیە «داوا لە خاوەنی دروێنە بکەن تاکو سەپان بۆ دروێنەکەی بنێرێت» (مەتا ٩: ٣٨)، وە لێی بپرسە کە ئایا تۆ دەبێت یەکێک لەو سەپانانە بیت؟ چاوەڕوان بە ئەم

---

a ئەم گەشەکردنە لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن فیلیپ جێنکنز، مەسیحیەتی نوێ (ئۆکسفۆرد: چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد، ٢٠٠٢)، ٢: لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بەڵگەدار کراوە. . . ناوەندی کێشکردن لە جیهانی مەسیحیدا بە شێوەیەکی بێ وەستان بەرەو باشوور گۆڕاوە بۆ ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین. لە ئێستاوە ئەمڕۆ گەورەترین کۆمەڵگەی مەسیحی لەسەر هەسارەکە بڕیارە لە ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بدۆزرێتەوە. ئەگەر بمانەوێت مەسیحییەکی هاوچەرخی ’تایبەت‘ ببینین، پێویستە بیر لە ژنێک بکەینەوە کە لە گوندێکی نەیجیریا یان لە فاڤێلایەکی بەڕازیلی دەژی. وەک جۆن مبیتی زانای کینیا تێبینی کردووە، ”ناوەندەکانی گشتگیربوونی کڵێساکە [لە جنێڤ، ڕۆما، ئەسینای پایتەخت، پاریس، لەندەن، نیویۆرک] نەماون، بەڵکو لە کینشاسا، بوینس ئایرێس، ئەدیس ئەبابا و مانیلادان. ئەوروپییەکان یان ئەمریکای باکوور باوەڕیان بە هەر شتێک هەبێت، مەسیحیەت بەڕاستی لە باشووری جیهانیدا زۆر باش کاردەکات- نەک تەنها مانەوە، بەڵکو فراوانتر دەبێت.

نوێـژە بتگۆڕێـت. کاتێـک عیسا بـە قوتابییەکانـی گـوت نوێـژی بـۆ بکـەن، شـتێکی دواتـر کـە ڕوویـدا ئـەوە بـوو دوازدە کەسـی دیـاری کـرد بـۆ ئـەوەی ببنـە نێـردراوی خـۆی و ناردیانییـە دەرەوە. نوێـژ بـۆ سـەپانەکان بکـە، ڕەنگـە ببیتـە یەکێـک لـەوان. کاتێـک ئێمـە نوێـژ دەکەیـن و بیـر لـە ئەگـەرە ڕاسـتەقینە و پێداویسـتییە ڕاسـتەقینەکان دەکەینـەوە زۆرجـار خـودا ئـارەزوو بەئـاگا دەهێنێتـەوە، وە بەهـرە دەدات، وە دەرگاکان دەکاتـەوە. کۆپییەکـی ڕێنمایـی نوێـژی جیهانـی سەرسـوڕهێنەر پەیـدا بکـە کـە نـاوی ئۆپەراسـیۆنی جیهانییـە، وە نوێـژ بکـە و بیخوێنـەوە و ڕۆژ بـە ڕۆژ بیـر لـە ڕێگاکـەت بکـەوە لەنێـو گەلانـدا.[٧٠] بیـر لـە خەڵکـی بکـەرەوە لـە شـوێنەکانی وەک؛

- لیبیا بە شەش ملیۆن کەس و ڕەنگە دە باوەڕداری ڕەسەن.
- بوتـان کـە شانشـینییەکی بـودای زاهیـدە لـە هیمالایـا، بـۆ هـەزاران سـاڵ لـە شایەتیدانی مەسـیح دابڕاوە و تەنهـا مشـتێک بـاوەڕداری ڕەسـەن لەنێـو دوو ملیـۆن و نیـوە کەسـەکەیدا هەبـووە.
- ماڵدیـڤ، لـە کەنارەکانـی باشـووری ڕۆژئـاوای هیندسـتان، وە یەکێکە لـە داخراوترین وڵاتەکانی سـەر زەوی.
- کۆریـای باکـوور، «نەتـەوەی پاریـا کـە وردە وردە لەژێـر سـەرکردایەتی شـێتانەی کۆمۆنیسـتییەکەیدا لـە برسـێتیدا دەمرێـت»[٧١]، بـۆ مـاوەی پەنجـا سـاڵ هیـچ شـایەتیدانێکی ئاشـکرا و ژیانـی کڵێسـایەکی نییـە.
- سـعودیا، ئـەو بارەگایـەی ئیسـلام کـە ئەگـەر بـاوەڕداران بـە مەسـیح لـە سـعودیە بدۆزرێنـەوە، لـە سـێدارە دەدرێـن.
- هیندسـتان، ڕەنگـە گەورەتریـن ئالنـگاری هەموویـان بێـت، لەگـەڵ دەشـتە فراوانەکانـی گەنجـس کـە "گەورەتریـن چـڕی خەڵکـی ئینجیـل پێنەگەیشـتووە لـە جیهانـدا. بـۆ نموونـە ژمـارەی خەڵـک لـە ئۆتـار پرادێـش لـە باکـووری هیندسـتان نزیکـەی ١٨٠،٠٠٠،٠٠٠ کەسـە و ڕێـژەی بـاوەڕداران بـە مەسـیح ٠,١ ٪ و لـە دابەزینـە."[٧٢]
- تورکیـا، دەوڵەتێکـی جیهانـی و بـە شـێوەیەکی سـەرەکی موسـڵمان کـە شـایەتیدانی مەسـیح لـە کـۆی ١٠٠ پارێزگاکـەی تەنهـا لـە پـازدە پارێـزگادا بەردەوامـە.

## بیر لەو لێبوردنە بکەرەوە کە پێشکەش بە گەلان کراوە. هەڵوەستەیەک بکە

خاڵـی سـەرەکی ئـەو لسـتە ناتـەواوە ئەوەیـە کـە بـە سـادەیی وێناکردنـی تـەواوی دانیشـتووانێکن کـە لـە یاخیبـوون لـە خـودای ڕاسـتەقینەدا دەژیـن و دابـڕاون لـەو تاکـە کەسـەکە، واتـا مەسـیح، کـە دەتوانێـت لەگـەڵ بەدیهێنەرەکەیـان ئاشـتیان بکاتـەوە. ئەمـەش

بـە واتـای لەناوچـوون بـۆ بێبـاوەڕان و شـکۆمەندی بـۆ مەسـیحە. ئـەو خاوەنـی ئـەم دونیاییـە و پەیمانـی یەکگرتنـی لەگـەڵ هـەر مرۆڤێـک مافـی ڕەوای خۆیەتـی.

هەمـوو ڕۆحێـک و هەمـوو وڵاتێـک هـی خۆیەتـی. ئەبراهـام کویپـەر بـە شـێوەیەکی لەیادنەچـوو باسـی لـەوە کـردووە و دەڵێـت: "یـەک ئینجـی چوارگۆشـە لـە هەمـوو خاکـی بوونـی مرۆڤایەتیمانـدا نییـە کـە مەسـیح، کـە سـەروەرە بەسـەر هەمـوو شـتێکدا، بـۆی نەگرێـت و هـاوار نـەکات و بڵێـت: ئـەوە هـی منـە!"[٧٣] مەسـیح هاتۆتـە نـاو ئـەم جیهانـە یاخیبـووە، کـە ئـەو بـۆ شـکۆمەندی خـۆی بەدیهێنـاوە، وە بـە خوێنـی خـۆی لێخۆشـبوونی بـۆ کڕیـەوە. هـەر کەسێک چەکی بێبـاوەڕی دابنێـت، لـە هەمـوو تاوانەکانـی لـە دژی سـەروەری گـەردوون بێبـەری دەبێـت. تەنهـا بـە بـاوەڕ دوژمنـەکان دەبنـە خزمەتکارێکـی بەختـەوەر لـە شانشـینی هەمیشـەیی دادپـەروەری و شـادی. پێشخسـتنی ئـەم دۆزەی لەگـەڵ مەسـیح بـوون بەهـای هەمـوو ژیانـە.

نەخێـر، مـەرج نییـە مزگێنیدەریکـی نێـردراو بیـت بـۆ ئـەوەی سەرسـام بیت بە پێشخسـتنی مەبەسـتە گەورەکانـی خـودا بـۆ ئـەوەی لەنێـو هەمـوو گەلانـدا بناسرێیـت و سـتایش بکرێیـت و چێـژت پێبـدات. بـەڵام ئەگـەر بتەوێـت بـە تـەواوی چێـژ لـە خـودا وەربگریـت کاتێـک سـەرکەوتنەکانی لـە مێـژووی ڕزگاربووندایـە، ناتوانیـت وەک هەمیشـە بـەردەوام بیـت لـە کارەکانـت -ئەنجامدانـی کارەکانـت، پەیداکردنـی پارەکـەت، بەخشـینی دەیەکـت، خـواردن، نوسـتن، یاریکـردن و... چـوون بـۆ کڵێسـا. لەبـری ئـەوە پێویسـتە بوەسـتیت و بـۆ چەنـد ڕۆژێـک بـە کتێبـی پیـرۆز و دەفتەرێکـەوە دوور بکەویتـەوە، وە نوێـژ بکەیـت و بیـر لـەوە بکەیتـەوە کـە چـۆن کات و شـوێنی تایبەتـت لـە ژیانـدا لەگـەڵ مەبەسـتە گەورەکـەی خـودادا دەگونجێـت بـۆ ئـەوەی گـەلان پێـی دڵخـۆش بکەیـت. چـۆن دەچیتـە پـاڵ ئـەو مەبەسـتە جیهانییـە گەورەیـەی خـودا کـە لـە زەبـووری ٦٧: ٤ دا دەربـڕدراوە، «بـا نەتـەوەکان دڵخـۆش بـن و گـۆرانـی شـادی بڵێـن»؟

## واتای ناڕازیبوونت

زۆرێـک لـە ئێـوە پێویسـتە لـەو شـوێنەدا بمێننـەوە کـە ئێسـتا کاری تێـدا دەکـەن، وە تەنهـا بیـر لـەوە بکەنـەوە کـە چـۆن دەتوانـن لێهاتوویـی و پەیوەنـدی و سـەرچاوە تایبەتەکانتـان بـە شـێوەیەکی سـتراتیژیتر لەگـەڵ ئامانجـی جیهانـی باوکـی ئاسـمانیتاندا بگونجێنـن. بـەڵام بـۆ کەسـانی دیکـە کـە ئـەم کتێبـە دەخوێننـەوە، بڕیارەکـە جیـاواز دەبێـت. زۆرێـک لـە ئێـوە بـە سـادەیی ڕازی نیـن لـەوەی کـە دەیکـەن. وەک جـەی کامپێـل وایـت دەڵێـت، بەرهەمـی ژیانتـان تێرکردنـی قووڵتریـن تامەزرۆییـە ڕۆحییەکانتـان نییـە. لێـرەدا دەبێـت وریـا بیـن. هەمـوو کارێـک بـێ ئومێـدی و وەرزی تاریکـی خـۆی هەیـە. نابێـت ئـەم جـۆرە ئەزموونانـە بـە شـێوەیەکی ئۆتۆماتیکـی وەک بانگەوازێـک بـۆ جێهێشـتنی پۆسـتەکەمان لێکبدەینـەوە.

بەڵام ئەگەر ناڕازیبوون لە دۆخی ئێستاتدا قووڵ و دووبارەبۆوە و بەردەوام بێت و ئەگەر ئەو ناڕەزایەتییە لە خاکی بەپیتدا لە کتێبی پیرۆزدا گەشە بکات، ڕەنگە خودا بۆ کارێکی نوێ بانگت بکات. ئەگەر لە ناڕازیبوونتدا تامەزرۆی پیرۆزی بیت، بە دڵخۆشی پەروەردگار بڕۆن و مەسیح بە تاکە تەمەنە کورتەکەت شکۆدار بکە، ئەوا ڕەنگە بەڕاستی خودا ڕەگەکانت شل بکاتەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێک بتچێنێت و لە خزمەتێک کە تێیدا دەتوانرێت تامەزرۆییە ڕۆحییە قووڵەکانی ڕۆحت تێر بکرێت. ڕاستە دەتوانرێت لە هەموو پیشەیەکی یاساییدا خودا بناسرێت و چێژی لێ وەربگیرێت؛ بەڵام کاتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جێگیرت دەکات، خودا خواردنەوەی تازە و قووڵتر لە کانیاوی هاوڕێیەتیەکەیدا پێشکەش دەکات. خودا بە دەگمەن بانگمان دەکات بۆ ژیانێکی ئاسانتر، بەڵام هەمیشە بانگمان دەکات بۆ ئەوەی زیاتر بیناسین و زۆرتر لە نیعمەتە بەردەوامەکەی بخۆینەوە.

## ئایا پێویستە بەردەوام بم لە بوون بە قەشە؟

هەوڵ دەدەم بەم شێوەیە خزمەتەکەی خۆم بەهادار بکەم. ساڵانە لە کڵێساکەمان «هەفتەی مزگێنیدەرە نێردراوەکان»مان هەیە. من لە خزمەتەکاندا بانگەشەی بۆ دەکەم؛ ئێمە وتاردەری میوانمان هەیە. ئالنگاری دەدرێت. خەڵک بەرەو مزگێنیدەرەکان دەچن، پابەندبوون و بەشداریکردن لە پرۆگرامی پەروەردەکردنی پێش خزمەتی نێردراویەتی پێوستە. وە هەموو ساڵێک لێکۆڵینەوە دەکەم لە ژیانی خۆم وەک قەشەیەک لەم کڵێسایەدا. من لەژێر ڕۆشنایی مەبەستی جیهانی خودادا، وە لە ڕوانگەی تاریکی و نەهامەتی ڕۆحی باوەڕپێنەکراوی گەلانی مزگێنی پێنەگەیشتووی ئەم زەوییە، تەماشای ئەوە دەکەم و لەخۆم دەپرسم ئایا ئەمە ستراتیژیترین و وەبەرهێنانە لە ژیانمدا لەپێناوی مەبەستی خودا بۆ ئەوەی گەلان بە خودا دڵخۆش بن؟ لە هاوسەرەکەم دەپرسم: ”نۆئێل، هەست بە هیچ کێشکردنێک دەکەیت بۆ ئەوەی لە هێڵی پێشەوەی گەلانی مزگێنی پێنەگەیشتوو نزیکتر ببیتەوە؟“

بەیاننامەی ئەرکی کڵێساکەمان وشەی «بڵاوبوونەوە» دەخاتە شوێنی باڵادەست: «ئێمە بوونمان هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی خولیای باڵادەستی خودا لە هەموو شتێکدا، بۆ دڵخۆشی هەموو گەلان لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە.» بۆیە دەپرسم، ئایا من ئەم ئەرکە بە باشترین شێوە لەو ڕۆڵەدا بەجێدەهێنم کە ئێستا هەم؟ کاتێک پەروەردگار بانگم دەکات بۆ ئەوەی لە ڕۆژی کۆتاییدا هەژماردێک بۆ خزمەتەکەم بدەم، ئایا دەتوانم بڵێم، ”پەروەردگار، من لە بێتلەحەم ماومەتەوە، چونکە باوەڕم وابوو کە دەتوانم باشترین ئامراز بم لەوێ بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکەت، بۆ ئەوەی ناوێک بۆ خۆت لەنێو گەلان

دروست بکەیت و مەڕەکانت لە هەموو گەلانی سەر زەوی کۆبکەیتەوە“؟ ئەگەر چیتر ناتوانم وەڵامی بەڵێ بۆ ئەو پرسیارە بدەمەوە، ئەوا ڕابەرایەتیم لێرە تەواو دەبێت.

## چی دەربارەی تۆ؟

سەبارەت بە زۆرێک لە ئێوەش هەروایە. پرسە گەورەکان لە ئارادان. خوای گەورە یارمەتیت بدات. خودا ئازادت بکات. خودا بینینێکی نوێ و شکۆمەندی مەسیحت بۆ ژیانت پێ ببەخشێت -جا بچیتە لای گەلێکی مزگێنی پێنەگەیشتوو یان بە توندی و بەرهەمدار لە پۆستی ئێستاتدا بمێنیتەوە. با بینینەکەت واتای خۆی لە مەبەستە گەورەکەی خوداوە وەربگرێت کە گەلان پێی خۆشحاڵ بکات. خاچی مەسیح تاکە شانازیت بێت، وە بە متمانەی شیرین بڵێیت، ژیان مەسیحە، مردنیش قازانجە.

# بەشی دەیەم

## نوێژی من بۆ ئێوە
## با کەس لە کۆتاییدا نەڵێت: "ژیانم بەفیڕۆ داوە"

ئـەی پـەروەردگار، خۆشەویسـتی چەسـپاوی تـۆ لـە ژیـان باشـترە. تـۆ لـە زۆر ڕووەوە ئەمـەت پـێ ڕاگەیاندیـن. هـەر بـە وشـەی خـۆت، تـۆ لەسـەر زمانـی داودی خزمەتـکارت فەرمـووت: «لەبـەر ئـەوەی خۆشەویسـتییە نەگـۆڕەکـەت لـە ژیـان باشـترە، لێوەکانـم ستایشـت دەکـەن» (زەبـوورەکان ٦٣: ٣). لـە قسـەکانی پۆڵسـی نێـردراوی خۆتـدا، کاتێـک لـە زینـدان هـاوار دەکات، فەرمـووی: «حـەز دەکـەم ئـەم ژیانـە بەجێبهێڵـم و لەگـەڵ مەسـیح بژیـم، ئـەوە زۆر باشـترە» (فیلیپـی ١: ٢٣). ئـای پـەروەردگار تـۆ چەنـد لـە ژیـان باشـتریت! ئایـا پۆڵسـی نێردراوت زمانێکـی بەهێـز بەکارناهێنێـت! نـەک تەنهـا "باشـتر"، بەڵکـو "زۆر باشـتر". تـۆ هێنـدە لـە ژیـان باشـتریت کـە نێردراوەکـەت دەڵێـت مـردن قازانجـە. «ژیـان مەسـیحە، مردنیـش قازانجـە» (ئایەتـی٢١). لەدەسـتدانی هەمـوو ئـەو شـتانەی دەکرێـت ئـەم جیهانـە پێشکەشـی بـکات و تەنهـا مانـەوە لەگـەڵ مەسـیحدا، قازانجـە.

ئـەی پـەروەردگار، بۆچـی خۆشەویسـتیت لـە ژیـان باشـترە؟ بـە دڵنیاییـەوە داود لە شـێوازی قسـەکردنیدا وەڵامـمان دەداتـەوە. ناڵێـت لەبـەر ئـەوەی خۆشەویسـتی چەسـپاوی تـۆ لـە ژیـان باشـترە، لێوەکانـم ستایشـی خۆشەویسـتیت دەکـەن. چـی دەڵێـت؟ دەڵێـت ستایشـی تـۆ دەکـەم نـەک خۆشەویسـتیت. واتـا: لەبـەر ئـەوەی خۆشەویسـتی چەسـپاوی تـۆ لـە ژیـان باشـترە، لێوەکانـم ستایشـت دەکـەن. ئایا ئەمـە لەبـەر ئـەوە نییـە کـە خۆشەویسـترین شـت لـە خۆشەویسـتیتدا ئەوەیـە کـە ئێمـە دەباتـەوە ماڵـەوە بـۆ لای تـۆ -بـە چـاو و دڵ و دەروون کـە توانـای بینینـی دەوڵەمەنـدی شـکۆمەندی تۆیـان هەیـە؟ لەگـەڵ لابردنـی هەمـوو تووڕەییەکـەت، وە لێخۆشـبوونی هەمـوو گوناهەکانـمان، نـەک هیـچ شـتێک ڕێگـری لـە چێـژی ئامادەبوونـت بـکات. ئایـا ئەمـە خۆشەویسـتی خودایـی نییـە -خواسـت و کاری خـودا، بـۆ ئـەوەی خۆشـی هەمیشـەیی لـە خـودادا بـە ئێمـەی گوناهبارانـی ناشایسـتە بـدات؟ دەکرێـت خۆشەویسـتی چیـتر بێـت، ئەگـەر بێکۆتایـی بووایـە! ئەگـەر خۆشەویسـت بیـن، چ خەڵاتێکـی لـەوە گەورەتـرت بدرێتـێ!

ئـای خودایـە، دەزانیـت ئێسـتا لـەوە دەترسـم کـە زۆرێـک لەوانەی پێـت دەڵێن پـەروەردگار "خۆیـان" سـتایش و شـکۆمەند دەکـەن. پـەروەردگار، چەنـدە خۆشەویسـتی تۆیـان کردۆتـە

شایەتیدانی بەهای خۆیان! کەواتە ئایا خۆشی ئەوان پشوودانێکە لە بەهای تۆدا یان لە بەهای خۆیاندا؟ دەیان ساڵ تێپەڕیوە کە بڵاوبوونەوەی بەردەوامی ئەم پەیامە لە جیهاندایە و تەنانەت هەندێک لە خزمەتکارەکانیش وا دەڵێن: کە خۆشەویستی خودا بە واتای خۆشویستنی مرۆڤە. بۆیە کاتێک مرۆڤەکان بەم دڵنیاییەوە بیر لەوە دەکەنەوە کە خۆشەویستی تۆ ڕەنگە واتای چی بێت، هەمان شت دەڵێن: خۆشەویستی خودا بە واتای خۆشویستنی مرۆڤە. بۆ بەڵگە دەپرسن: ئایا هەست بە خۆشەویستی ناکەیت کاتێک کەسێک سەرنجی بۆ بەهای تۆ ڕادەکێشرێت؟

من وەڵام دەدەمەوە: جاران وا بیرم دەکردەوە. کاتێک ژیان لە پەروەردگار باشتر بوو، وە بە پێچەوانەوە نەبوو. کاتێک هەبوو خۆشەویستی بەم شێوەیە هەستی پێدەکرا -کاتێک نەمدەتوانی بە هیچ بیر لە هیچ خۆشییەکی گەورەتر لە شەرەفی ناوەکەم بکەمەوە. کاتێک هێندە لە خۆمدا نوقم ببووم کە نەمدەزانی خۆشی لە ستایشکردنە وەربگرم نەک ستایشکراوی. ئای بەڵێ، من زانیومە کە چۆنە بە ستایشی خەڵکی بڵێین کردەوەی خۆشەویستی و پاساو بۆ ئەم ئارەزووە بهێنینەوە، بەو ئامادەییەی کە هەمان شت بدەیت کە وەرتگرتوە، واتا ستایشکردنی دوولایەنە. چەندە جێگەی ڕەزامەندییە -ئەم خۆشەویستییەی لەنێوان خۆماندا کە سەرسامی یەکتر بین!

بەڵام ئێستا (سوپاس بۆ نیعمەتە بەهێزەکەی خودا!) بۆم دەرکەوت کە لاساییکردنەوەیە. ڕەگ و ڕیشەی لە عەدەنەوەیە و لە مێژە هەیە، لەناوبەری گەورەی خۆشەویستی و خۆشیمان بە حەوای دایکمانی گوت: «چونکە خودا دەزانێت ئەو ڕۆژەی کە دەیخۆن چاوتان دەکرێتەوە و ئیتر وەک خوداتان لێدێت و چاکە و خراپە دەزانن» (پەیدابوون ٣: ٥). وەک خودا! دەبووا بڵێت: "من لە ڕاستیدا وەک خودام." دەبووا فێڵەکەی ببینێت. بەڵام نەیبینی و ئای چەند کەس هێشتا هەتا ئەمڕۆش نایبینن! بەڕاستی ئەو ژنە وەک خودا بوو! تۆ وەها دروستتکرد -هەڵگری وێنەی خۆت بوو. بانگەواز و دیزاینە بەرزەکەی ئەمە بوو: وێنەی شکۆمەندی دروستکەرەکەی، وە بە خۆشی و متمانەی ئەو، کەسانی دیکەی خۆشبوێت. بەڵام دواتر بیرکردنەوە خراپەکە لە مێشکی چێندرا: "دەتوانم بە شێوەیەکی دیکە وەک خودا بم. دەتوانم کەسێک بم کە شکۆمەندییەکەی ببینرێت و ڕەنگە خۆشەویستی بەو شێوەیە پێناسە بکرێت کە من شکۆداربم.»

ئەم پێچەوانەکردنەوە گەورەیە بەم شێوەیە هاتە ناو جیهان کە ئێمە پێی دەڵێین گوناه. وە وەها شێوەی درا بە خۆشەویستی کە ئێستا لە دەوری سەری خۆمان بوەستێت. پەروەردگار، دڵتەنگم کە تەنانەت بە وشەش بیخەمەڕوو، بەڵام لێرەدا بە شەرمەوە دەیڵێم: خۆشەویستیت چیتر واتای ئەوە نییە کە ئەو کارە بکەیت کە دەبێت

بیکەیت بۆ ئەوەی خۆت بکەیتە شادی بۆ ئێمە. بەو واتایە هاتووە کە تۆ ئەوەی دەبێت بیکەیت دەیکەیت بۆ ئەوەی هەست بە بەهای خۆمان بکەین. ئاڵوگۆڕێکی خەمناک بوو. وە دوولایەنە بوو: نەک هەر ڕۆحی ئێمەی لەو یەک خۆشییە دزی کە تۆ داتڕشتبوو بۆ ئەوەی بۆ هەتاهەتایە تێرمان بکات، بەڵکو لەوەش خراپتر، شوێنی شکۆداری تۆمان وەک گەنجینەی ژیانمان دزی.

وە هەموو ئەو کارانەی کە لەدوای ئەو ڕۆژە تاریکەی بەهەشتەوە کردووتە بۆ ئەوەیە شتەکان ڕاست بکەیتەوە. ئای خودایە چ مێژوویێکت لە کردەوە و بینینەکانی خۆت دروستکردووە بۆ ئەوەی خۆت بکەیتە ناوەندی خۆشیمان و شوێنی شەرەف و شکۆمەندی لە جیهاندا بۆ خۆت وەربگریتەوە -بۆ ئەوەی ئەو کەسە بیت کە گەلەکەت زیاتر لە ژیانی خۆیان تۆ بە گەنجینە بزانن. بە چەندین ڕێگە گوتت و نیشانت دا، ”من بۆ شکۆمەندی خۆم دروستم کردوویت. من تۆم بۆ ستایشی خۆم بەدیهێنا. من تۆم بۆ شکۆ و ناوی خۆم بەدیهێنا“. وە، بۆ ئەوەی مەبەستەکە لەدەست نەدەین، تۆ زیادت کرد و فەرمووت: ”لە ئامادەبوونی مندا پڕ بوون لە شادی هەیە؛ لە دەستی ڕاستمدا چێژەکان بۆ هەمیشە هەن. خۆت بە من دڵخۆش بکە! لە مندا دڵخۆشبە و لە خۆشیدا هەڵبەزە؛ من پاداشتێکی دڵنیا و گەورەم بۆ تۆ! وەرە تام بکە، ئێستاش بە خۆشییەکی دەرنەبڕاو و پڕ لە شکۆمەندییەوە شادبە.“

ئای چ دیزاینێکی گەورەیە! بۆ ئەوەی خۆشیمان ببێتە دەنگدانەوەی نایابی خودا. بۆ ئەوەی چێژەکانمان بکەینە بەڵگەیەک کە نیشان بدەین ئێستا تۆ گەنجینەی لە ژیانماندا. هەتا خۆشی ڕۆحمان بکەینە کرۆکی پەرستنەکانمان، وە ئاوێنەی بەهای تۆ. بۆ ئەوەی خۆت زۆرترین شکۆمەندیت لە ئێمەدا هەبێت، ئای خودایە، کاتێک ئێمە لە تۆدا ڕازیین. ئەی پەروەردگار، من چۆن هێندە کوێر بووم کە بیر لەوە بکەمەوە خۆشەویست بوون لەلایەن تۆوە واتا ئێمە شکۆدار بکەیت نەک خۆت؟ چۆن دەتوانم چاوم بخەمە سەر هەندێک تەلەسکۆپی گەورە، کە بۆ ئەوە دروستکراوە بە بینینی گەلەئەستێرەکان دڵخۆشم بکات و لەجیاتی ئەوە لە شووشەکەیدا سەرنجی ڕەنگدانەوەی کاڵ و لێڵی ڕوخساری خۆم بدەم و بڵێم: «ئێستا من دڵخۆشم، من خۆشەویستم»؟

چۆن دەتوانم لەبەردەم ئاوابوونی خۆردا، لەنێوان زنجیرە چیاکان و فراوانی دەریادا بوەستم و بیر لەوە بکەمەوە کە خۆشی هەمیشەیی دەبێت لە شکۆدارکردنی مندا بێت؟

نەخێر باوکە، خۆشەویستی ئەمەیە: بە تێچووی زۆر خۆت کردە شکۆمەندی من و شانازیم. تێچووی بێکۆتایی بوو کە بەهۆیەوە خۆت کردە گەنجینەی ژیانم. تۆ کوڕەکەت

نـارد، ناوەنـدی گەشـاوەی جوانـی و خۆشەویسـتیت. وازت لـێ هێنـا لەگـەڵ گاڵتەجـاڕی، ناپاکـی، دڕک، قامچـی، ڕم، مشـت، بزمـار، شـەرمەزاری و مـردن. بـۆ چـی؟ هەتـا تووڕەیـی خـۆت قـووت بـدەی، وە ڕاستودروسـتیت تێـر بکـەی و هەمـوو گوناهەکانـم بنێـژی بـە دووری ڕۆژهـەڵات لـە ڕۆژئـاوا و لـە قووڵتریـن دەریـادا، هەتـا بگەڕێمـەوە ماڵـەوە و گەلەئەسـتێرەکان لـە تـۆدا ببینـم. ئەمـە خۆشەویسـتی تۆیـە، ئـای خودایـە، نـەک بـۆ ئـەوەی مـن شـکۆدار بکەیـت، بەڵکـو هەرچییـەک دەبێـت بکرێـت بیکەیـت بـۆ ئـەوەی بـۆ هەتاهەتایـە لـە خۆشـی شـکۆدارکردنی تـۆدا بەئـاگا بێمـەوە.

کەواتـە چـۆن مەسـیح تاکـە شـانازی مـن نابێـت! ئـای خودایـە، نـەک هـەر تـۆی بـۆ مـن کڕییـەوە، بەڵکـو خـۆی وێنـەی تـەواو و ناوەنـدی گەشـاوەی دەرەوشـاوەیی تۆیـە. چیـم هەیـە کـە لـەلای ئـەوەوە نەیـەت؟ چ دیارییەکـی ژیـان یـان هەناسـەیەک؟ چ بەڵێنێـک هەتـا ئێسـتا داوەتـە بەڵێـی خـۆی لـە ناویـدا وەرنەگرتـووە؟ چ شـتێکی شـیرین -یـان شـتێکی تـاڵ کـە بـەم زووانـە شـیرینی دەکەیـت- لـەو وەرمنەگرتـووە، تەنهـا هـەر ئـەوە نییـە کـە بـە خوێنـی خـۆی منـی کڕییـەوە؟ یـەک شـت هەیـە کـە شـایەنی منـە، ئەویـش دۆزەخـە. بـەڵام هەمـوو شـتێک لـە ئـەودا هـی منـە و تەنهـا بـە قوربانیدانـی ئـەو بـۆم دەسـتەبەر کـراوە. ئـای خودایـە، دووربێـت لـە مـن کـە هەرگیـز شـانازی بکـەم جگـە لـە شـانازی بـە خاچـی مەسـیحی پـەروەردگارم.

ئێسـتاش ئایـا ئێمـە کە مەسـیح بـە گەنجینـەی خۆمـان دەزانیـن و دەزانین خۆشەویسـتی تۆ زۆر باشـترە لـە ژیـان، وەک هەمـوو جیهـان، گەنجینەکانمـان لەسـەر ئـەم زەوییـە کۆبکەینـەوە؟ ئایـا گوێمـان لێـت نەدەبـوو کـە بڵێیـت، وەک جارێـک گوتـت: «ئـەی گێلـە، هـەر ئەمشـەو گیانـت دەردەچێـت. باشـە ئـەوەی کـۆت کردووەتـەوە، بـۆ کـێ دەبێـت؟» ئـەی پـەروەردگار، لـە مـن دووربێـت لـە کاتێکـدا جیهـان پـڕ بـووە لـە پێویسـتی، ئێمـە دابنیشـین و بڵێیـن: ”ڕۆح، تـۆ کاڵای زۆرت هەیـە کـە سـاڵانێکی زۆرە کۆکراوەتـەوە؛ ئـارام بگـرە، بخـۆ، بخـۆرەوە، شـاد بـە.“ پێچەوانەبوونەوەیەکـی ترسـناک چـاوەڕێ بـێ سـۆزییەکی لـەو شـێوەیە دەکات. «بـەڵام قوڕبەسـەرتان ئـەی دەوڵەمەنـدان، چونکـە خۆشـگوزەرانی خۆتـان لێـرە وەرگرتـووە» (لۆقـا ٦: ٢٤). ئێمـە لـە ترسـدا دەلەرزیـن بـەو قسـانەی کـە جارێـک بـە دەوڵەمەنـدە بـێ دڵەکانـت گـوت: «بیـرت بێـت لـە ژیانتـدا شـتە باشـەکانت وەرگـرت، ئـەو هـەژارەش لـە تەنیشـت دەرگاکەتـەوە ئازارەکـەی وەرگرتـووە؛ بـەڵام ئێسـتا پێچەوانەبوونـەوەی گـەورە دێـت و ئـەو لێـرە دڵنەوایـی دەکرێـت، لـە کاتێکـدا تـۆ لـەوێ بـە ئـازارەوە پاڵدەکەویـت. «

ئـای خودایـە ئـەم جـۆرە دەوڵەمەندییـە ژیانێکـی بەفیڕۆچـووە. ئـەی پـەروەردگار بمانپارێزە. ڕێگەمـان پێبـدە گوێبیسـتی بانگەوازێکـی دیکـە بیـن و گوێـی لـێ بگریـن: ”گەنجینەکـەت

نەک لەسەر زەوی، بەڵکو لەو شوێنەدا کۆبکەرەوە کە مۆرانە و ژەنگ و دز هەرگیز لێی نادات. گەنجینەیەک بۆ خۆت دروست بکە کە شکست نەهێنێت. بەڵام دواتر دەپرسین: ئەی پەروەردگار چ گەنجینەیەک؟ دەبینین تۆ زەردەخەنە دەکەیت و دەڵێیت. ”من گەنجینەی تۆم و پاداشتی گەورەی تۆم. من خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگی جەژن و قازانجی هەتاهەتایی تۆم. من ژیانی تۆم و خۆشی تەواو تێرکەرەکەتم.“

بەڵێ پەروەردگار. ئەوە بەسە. بەڵام ئێمە دەمانپرسی: چۆن ئەم گەنجینەیە کۆبکەینەوە؟ ئایا تەنها بە نیعمەتی تۆ کە لەوێ دانەنراوە و ئێستا بۆ هەمیشە بە خوێنی عیسا کڕدراوەتەوە؟ چۆن ئەم ژیانە -ئەم ژیانە کورتە کە ئێستا دەژین- بیکەینە کۆکردنەوەی گەنجینەی لە ئاسمان؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە؛ ئەی خودایە، دەزانی کە ئەم کتێبە بچووکەم نووسیوە. وە خۆپەرست نەبووم و گوێم لە هەندێک دەنگ نەگرتووە. بەڵام هەوڵم داوە لێکۆڵینەوە لە وشە نووسراوەکەت بکەم و ئەوەی تۆ فەرمووتە من گوێمەوە. ئەوە تاکە بانگەشەی منە بۆ ڕاستی -کە ئەوەی تۆ نووسیوتە بڵاومکردەوە و دەنگدانەوەم پێداوە.

وەڵامەکە ئەوەیە کە ڕەنگە لەم ژیانەدا مەسیح بە گەنجینەی خۆمان بکەین، وە لێرەدا وەک بڵێی توانای دڵخۆشی لە ناویدا بەدەست بهێنین. قورساییەکی گەورەتری شکۆمەندی چاوەڕێی ئەوە کەسانە دەکات کە چێژیان لێ وەرگرتوە و لە خۆشەویستی مەسیحدا گەشەیان کردووە. وە خۆشەویستی بۆ مەسیح واتای چییە؟ ئەوە بەهادان بە هەموو ئەو شتانەیە کە خودا لە ئەودا بۆ ئێمە هەیەتی. بەنرختر و کامڵبوونیەتی بەسەر هەموو گەنجینەکانی جیهاندا. خۆشحاڵییە لە هاوڕێیەتییەکەی ئەو زیاتر لە هەموو خێزان و هاوڕێکان. لەئامێزگرتنی هەموو بەڵێنەکانیەتی سەبارەت بە چێژێکی زیاتر لە ئامادەبوونیدا نەک لە هەموو بەڵێنە درۆزنەکانی گوناهدا. خۆشحاڵییەکە لە تامی ئێستای شکۆمەندی و هیوای پڕبوونی داهاتوو کاتێک ڕووبەڕووی دەبینین. ئارامیەکی بێدەنگە بەدرێژایی ئەو ڕێگایەی کە بۆمان هەڵدەبژێرێت لەگەڵ ئازارەکانی. هەستێکی ڕازییکەر کە هیچ شتێکی بێهودە بۆمان نایەنێت.

جۆرێک لە خۆشییەکی ئارام هەیە، ئای پەروەردگار، کە عیسا هەم لە گوناهەکەمان ڕزگاری کردین و هەم نیشانی داین چۆن خۆشمان بوێت. ژیانی ئەو، وەک گوتت، هەم کڕین و هەم ڕێگایەک بوو. ئەو بۆ ئێمە مرد، ئێستاش بانگمان دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بمرین. ئەو هەژاری ئێمەی گرتە ئەستۆ بۆ ئەوەی ئێمە، لەناو ئەودا، دەوڵەمەندی ئاسمانی ئەومان هەبێت و ئێستا بانگمان دەکات کە دەوڵەمەندییەکەمان بۆ هەژاران بەکاربهێنین. ئەو یەکسانی لەگەڵ تۆدا بە شتێک نەزانی کە دەستی پێوە

بگرێـت، بەڵکـو خـۆی نزمکـردەوە و مـەودای بۆشـایی بێکۆتایـی لەنێـوان ئاسـمان و زەویـدا بەزانـد، بۆیـە ڕەنگـە بزانیـن ئەرکـی خزمەتـە بێسـنوورییەکان بـۆ دەرەوەی وڵات واتـای چییـە و بەشـداری بکەیـن لـە ئەرکـی کۆتاییـدا. کەواتـە ئایـا ئەمـە ئـەو شـێوازە نییـە کـە ئێمـە گەنجینـەکان لـە ماڵەکەتـدا کۆدەکەینـەوە -بـۆ ئـەوەی پارەکەمـان و خۆمـان بدەیـن تاکـو هەتـا دەتوانیـن زۆرتریـن کـەس بـە یەکبـوون لەگـەڵ خـودادا دەوڵەمەنـد بکەیـن؟

دەڵێـم جۆرێـک لـە خۆشـییەکی ئـارام، بەهـۆی زۆری ئـازارەوە. ناتوانـم باشـتر لـە پۆڵسـی گـەورە نێـردراو باسـی بکـەم کـە ژیانـی خـۆی بـە مردنـی ڕۆژانـە ناودەبـات و دەیخاتـە نـاو پارادۆکسـێکەوە: «وەک خەمبـار، بـەڵام هـەردەم دڵشـادین، وەک هـەژار بـەڵام زۆران دەوڵەمەنـد دەکەیـن، وەک هیچـمان نەبێـت و هەرچەنـدە هەمـوو شـتێکمان هەیـە» (دووەم کۆرنسـۆس ٦: ١٠). ئـای باوکـە، بـە کڵێسـاکەت ببەخشـە کـە شـکۆمەندی تۆیـان لـە زێـڕ زیاتـر خۆشـبوێت -وە خۆشەویسـتی بـۆ ئاسـوودەیی و ئاسایشـی خـۆی بوەسـتێنێت. ئـەوە ببەخشـە کـە ئێمـە سـەرەتا بـەدوای شانشـینیدا بگەڕێیـن و بـا شـتەکانی دیکـە بـەو شـێوەیە بێـت کـە تـۆ دەتەوێـت. پێـمان ببەخشـە کـە ئێمـە بـەرەو پێویسـتی هەنـگاو بنێیـن نـەک بـەرەو ئاسـانکاری. پێـمان ببەخشـە کـە کۆتایـی پتـەوی ئاسایشـمان لـە مەسـیحدا لـە مەترسـیکردنی مـاڵ و تەندروسـتی و پارەمـان لەسـەر زەوی ئازادمـان بـکات. یارمەتیدەرمـان بـن بـۆ ئـەوەی بزانیـن ئەگـەر هەوڵـی پاراسـتنی سـامانەکەمان بدەیـن، لەبـری ئـەوەی بـەکاری بهێنیـن بـۆ ئـەوەی نیشـان بدەیـن کـە سـامان خـودای ئێمـە نییـە، ئـەوا ژیانمـان بەفیـڕۆ دەدەیـن، هەرچەنـدە سـەرکەوتووش بیـن.

پـەروەردگاری ئەزیـزم، ئێسـتا دڵـم دەلەرزێـت کـە نوێـژ بـۆ خوێنـەران دەکـەم بـۆ ئـەو شـتەی کـە خـۆم بەزەحمـەت هەسـتم پێکـرد. بـەڵام تامـم کـردووە کـە ژیانمـان ڕەنگـە چـی بێـت ئەگـەر مـن و ئـەوان بتوانیـن بـە درێژایـی لێـواری هەتاهەتایـی مردنـدا بـڕۆن، وە بـە متمانەیەکـی تـەواوەوە زەردەخەنـە بکەیـن کـە ئەگـەر بکەویـن، یـان لەوانەیـە پاڵـمان پێبدرێـت، ئـەوە بۆمـان قازانـج دەبێـت. ئـای چ ڕزگاربوونیـک، چ ئازادییەکـی گـەورە، چ ئیرادەیەکـی نـەدۆڕاو بـۆ خۆشەویسـتی بەشـی ئێمـە دەبێـت، ئەگـەر بـەم ڕێگایـەدا بـڕۆن! چ ئامادەییـەک بـۆ ئازارکێشـان لەپێنـاو شـکۆمەندی مەسـیحدا! چ تامەزرۆییـەک بـۆ ئـەوەی نیشـانی هـەزاران بدەیـن کـە ئێمـە بـە خۆشـحاڵییەوە خـەرج دەکەیـن و خەرجـمان کـردووە بـۆ ئـەوەی بـۆ هەمیشـە بـە خـودا شـادیان بکەیـن! چ خۆنزمکردنـەوە و نـەرم و نیانـی و ئازادبوونێـک لـە پێویسـتی بـە سـتایش و مووچـە نییـە! هەمـوو شـتەکان لـە مەسـیحدا هـی ئێمـەن -جیهـان، ژیـان، مـردن، ئێسـتا، داهاتـوو. هەموویـان هـی ئێمـەن و ئێمـەش هـی مەسـیحین. وە شـایانی هیـچ کامیـان نەبوویـن.

بۆیـە، پـەروەردگاری ئەزیـزم، بـە بوێریـەوە نوێـژ دەکـەم کـە هەمـوو ئـەو شـتانەی لـەم کتێبـەدا نووسـیومە، ئەگـەر ڕاسـت بێـت، بـە خۆشـییەکی درەوشـاوە لـە عیسـای مەسـیحدا لـە دڵمانـدا دابگیرسـێت و تـرس بشـکێنێت. بـا هەمـوو دڵێکـی تامـەزرۆ ئەمـەی لەبیربێـت: تـۆ بەڵێنـت داوە: «هەرگیـز پشـتگوێت ناخـەم، هەرگیـز وازت لـێ ناهێنـم» (عیبرانییـەکان ١٣: ٥). کەواتـە بـا بـە متمانەیەکـەوە کـە شکسـت بـە مـەرگ دەهێنێـت بڵێیـن: «یـەزدان یارمەتیـدەری منـە، ناترسـم. مـرۆڤ دەتوانێـت چیـم لـێ بـکات؟» (عیبرانییـەکان ١٣ :٦).

ئـەی پـەروەردگار، مەهێڵـە کەسـێک ئـەم وشـانە بخوێنێتـەوە ڕۆژێـک بێـت بڵێـت ”مـن ژیانـم بەفیـڕۆ داوە.“ بەڵکـو بـە ڕۆحـی پیـرۆزت و وشـە کاریگەرەکـەت، هێزێکـمان پـێ ببەخشـە کـە ئێمـە نـاوی مەسـیح وەک پـەروەردگار ناودەبەیـن، لـە سـەرووی ژیانمانـەوە مەسـیح وەک گەنجینەیـەک هەڵبگریـن، وە هەسـت بکەیـن، لـە قووڵایـی ڕۆحماندایـە، وە مەسـیح ژیانـە و مردنیـش قازانجـە. بـەم شـێوەیەش بـا بەهـای ئـەو پیشـان بدەیـن بـۆ ئەوەی هەمـووان ببینـن. وە بـە خەڵاتکردنـی ئێمـە لـە هەمـوو جیهانـدا ستایشـی بکرێـت. لـە ژیـان و مردنـدا شـکۆدار بێـت. بـا هەمـوو دراوسـێ و نەتەوەیـەک بزانـن کـە چـۆن دڵخۆشـی بـە عیسـا گەلەکـەی لـە هێـزی چاوچنۆکـی و تـرس ڕزگار دەکات.

بـا خۆشەویسـتی لـە پیرۆزەکانتـەوە بڕژێـت، پـەروەردگار، ئەمـە بکـە کـە ئەگـەر گیانـی ئێمـەش بەفیـڕۆ بـڕوات، خەڵکـی بـە خـودا شـاد بکەیـن. «با گـەلان ستایشـت بکەن،با هەموو گـەلان ستایشـت بکەن.با نەتـەوەکان دڵخـۆش بـن و گۆرانـی شـادی بڵێـن» (زەبـوورەکان ٦٧: ٣-٤). ئـەی مەسـیح، شـایانی شـکۆمەندیت وەک گەنجینـەی تـەواو تێرکـەری جیهـان. بـە دەسـتی لەرزۆکـەوە لەبـەردەم تەختـی خـودادا، وە بـە تـەواوی وابەسـتە بـە نیعمەتـی تـۆوە، دەنگـمان بـەرز دەکەینـەوە و ئـەم بەڵێنـە بەهێـزە دەدەیـن: وەک چـۆن خـودا زینـدووە، وە مەسـیح تەنهـا شـتێکە کـە هەمیشـە پێویسـتم پێیەتـی، ژیانـم بەفیـڕۆ نـادەم...

بە ناوی عیسای مەسیح، ئامین.

# سەرچاوەکان

1. C. S. Lewis, Mere Christianity (New York: Macmillan, 1952).
2. C. S. Lewis, Surprised by Joy (New York: Harcourt, Brace and World, 1955), 199.
3. C. S. Lewis, The Abolition of Man (New York: Macmillan, 1947), 91.
4. E. D. Hirsch, Validity in Interpretation (New Haven, CT: Yale University Press, 1967), ix. This quote does not reflect what Hirsch believes but what he is arguing agains
5. The quote is from aphorism 125 titled “The Madman,” in The Joyful Science, cited in Damon Linker, “Nietzsche’s Truth,” First Things 125 (August/ September 2002): 54; available online at http://www.firstthings.com/ftissues/ ft0208/articles/linker.html.
6. Daniel Fuller, The Unity of the Bible: Unfolding God’s Plan for Humanity (Grand Rapids, MI: Zondervan, 1992)
7. Ibid. 54-453.
8. Jonathan Edwards, The Works of Jonathan Edwards, ed. Edward Hickman, 2 vols.(Edinburgh: Banner of Truth, 1976), 1:xx-xxi
9. Jonathan Edwards, “Nothing Upon Earth Can Represent the Glories of Heaven,” in Sermons and Discourses, 1723–1729, ed. Kenneth P. Minkema, vol. 14 of The Works of Jonathan Edwards (New Haven, CT: Yale University Press, 1997), 144
10. See http://www.268generation.com/#!declaration
11. C. S. Lewis, “Meditation in a Toolshed,” in C. S. Lewis: Essay Collection and Other Short Pieces, ed. Lesley Walmsley (London: Harper Collins, 2000), 607
12. In the time of Christ this was the name for the prince of demons—that is, Satan or the Devil
13. Dietrich Bonhoeffer, The Cost of Discipleship (New York: Macmillan, 1967), 99
14. Ibid. 55.
15. This sermon is available online at www .desiring God .org under “John Piper’s Candidate Sermon at Bethlehem Baptist Church” (January 27, 1980)
16. John Bunyan, Grace Abounding to the Chief of Sinners (Hertfordshire: Evangelical Press, 1978), 123.
17. John Bunyan, Seasonable Counsels, or Advice to Sufferers, in The Works of John Bunyan, ed. George Offor, 3 vols. (orig. 1854; Edinburgh: Banner of Truth, 1991), 2:726.
18. See more on why God cannot be a risk-taker in John Piper, The Pleasures of God: Meditations on God’s Delight

in Being God, 2nd ed. (Sisters, OR: Multnomah, 2000), 54–62.
19. Stephen Neill, A History of Christian Missions (Middlesex: Penguin, 1964), 42–43
20. Ibid. 42.
21. For more, see John Piper, God Is the Gospel: Meditations on God's Love as the Gift of Himself (Wheaton, IL: Crossway, 2005)
22. Robert Murray M'Cheyne, Sermons of M'Cheyne (Edinburgh: n.p., 1848), 482, emphasisadded; quoted in TimothyJ.Keller,Ministriesof Mercy: The Call of the Jericho Road(Phillipsburg,NJ: P&R, 1997), 40.
23. For a more extended treatment of the unity of these two motives in the Christian life,see the chapter, "A Passion for God's Supremacy and Compassion for Man's Soul: JonathanEdwards on the Unity of Motives for World Missions," in John Piper, Let the Nations BeGlad: The Supremacy of God in Missions, 2nd ed. (Grand Rapids, MI: Baker, 2003), 203–14
24. Randy Alcorn, The Treasure Principle (Sisters, OR: Multnomah, 2001), 8
25. Ralph Winter, "Reconsecration to a Wartime, Not a Peacetime, Lifestyle," in Perspectiveson the WorldChristian Movement: A Reader, ed. Ralph D. Winterand Steven C. Hawthorne, 2nd ed. (Pasadena, CA: WilliamCarey Library, 1999), 705.
26. Matt. 24:42; 25:13; 26:41; Acts 20:31; 1 Cor. 16:13; Eph. 6:18; Col. 4:2; 1 Thess.5:6; 1 Pet. 5:8
27. Winter, "Reconsecration to a Wartime, Not a Peacetime, Lifestyle," 706
28. James Bradley, Flags of Our Fathers (New York: Bantam, 2000), 62.
29. Neil Postman, "Amusing Ourselves to Death," Et Cetera 42 (Spring 1985): 15, 18.See his book by the same title, Amusing Ourselves to Death: Public Discourse in the Age ofShow Business (New York: Viking, 1985).
30. David Wells, God in the Wasteland: The Reality of Truth in a World of Fading Dreams(Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1994), 88, 90
31. Douglas R. Groothuis, "How the Bombarding Images of TV Culture Undermine thePower of Words," Modern Reformation 10 (January/February 2001): 35–36
32. Bradley, Flags of Our Fathers, 246–47. This book is the story of the Battle of IwoJima woven together with the lives of the six flag raisers in the famous Iwo Jima Memorial,told by the son of John Bradley, one of the soldiers in the Memorial
33. Ibid. 188.
34. Megan Heggemeir, "For Teenagers, Fashion Is Key to Fitting In," Minneapolis StarTribune (November 16, 2002): A23
35. Bradley, Flags of Our Fathers,

174–75
36. Ibid. 62-161.
37. Martin Luther, “An Open Letter to the Christian Nobility,” in Three Treatises (Philadelphia,PA:Fortress, 1960), 14–17. See Gene EdwardVeithJr.,Godat Work:YourChristianVocationin All of Life(Wheaton, IL: Crossway,2002) for an exposition for lay people of Luther’s doctrine of vocation. See also Os Guinness, The Call: Finding and Fulfilling the Central Purpose of Your Life (Nashville: Word, 1998), and Paul Helm, Callings: The Gospe lin the World (Edinburgh: Banner of Truth, 1998).
38. Cecil F. Alexander, “All Things Bright and Beautiful” (1848)
39. Jonathan Edwards, “Thoughts Concerning the Revival,” in The Great Awakening, ed.C. C. Goen, vol. 4 of The Works of Jonathan Edwards (New Haven, CT: Yale UniversityPress, 1972), 340
40. C. S. Lewis, “Christianity and Literature,” in Christian Reflections (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1967), 10.
41. C. S. Lewis, “Rejoinder to Dr. Pittenger,” in God in the Dock: Essays on Theology and Ethics (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1970), 183.
42. For more on Adoniram Judson, see John Piper, Filling Up the Afflictions of Christ: The Cost of Bringing the Gospel to the Nations in the Lives of William Tyndale, Adoniram Judson, and John Paton, The Swans Are Not Silent (Wheaton, IL: Crossway, 2009).
43. Anderson, To the Golden Shore, 41
44. Ibid. 42.
45. Ibid. 44. The source of this story is oral reports from family members recorded in Francis Wayland, A Memoir of the Life and Labors of the Rev. Adoniram Judson, D. D., 2 vols. (Boston: Phillips, Sampson, and Co., 1854), 1:24–25
46. Anderson, To the Golden Shore, 45
47. Ibid. 83.
48. The Bethlehem College & Seminary Affirmation of Faith can be read in its entirety at www.Bethlehemcollegeand-seminary.org
49. Robert Murray M’Cheyne, Sermon LXXXII in The Works of the Late Rev. RobertMurray M’Cheyne, 4 vols. (New York: Robert Carter, 1847), 2:479. I found this readingTimothy J. Keller, Ministries of Mercy: The Call of the Jericho Road (Phillipsburg, NJ: P&R,1997), 65. I wish every one of my readers would read Keller’s book
50. Kenneth Scott Latourette, These Sought a Country (New York: Harper and Brothers,46 ,(1950 .
51. John R. Mott, Five Decades and a Forward View (New York: Harper and Brothers,8 ,(1939 .
52. David Howard, “Student Power in Missions,” in Perspectives on the

World Christian Movement: A Reader, ed. Ralph D. Winter and Steven C. Hawthorne, 2nd ed. (Pasadena,CA: William Carey Library, 1999), 283. Most of the facts I have recorded here about the SVM come from thisarticle.

53. Ruth Rouse and Stephen C. Neill, A History of the Ecumenical Movement, 1517–1948 (Philadelphia, PA: Westminster, 1967), 328

54. J. Campbell White, "The Layman's Missionary Movement," in Perspectives on the World Christian Movement: A Reader, ed. Ralph D. Winter and Steven C. Hawthorne, 1st ed. (Pasadena, CA: William Carey Library, 1981), 222

55. Ibid. 223.

56. Ibid. 224.

57. Ibid. 225.

58. Ibid. 224.

59. Ibid. 225.

60. See http://www.emptytomb.org/fig1_07.html.

61. See http://www.emptytomb.org/scg-03missions.pdf

62. See http://www.rockrohr.net/wp-content/uploads/2012/12/StatusOfGlobalMission-2010.pdf

63. Patrick Johnstone, The Church Is Bigger Than You Think (Ross-shire: Christian Focus, 1998), 22

64. See, for example, http://www.joshua-project.net/

65. Johnstone, The Church Is Bigger Than You Think, 225–30

66. Ibid. 215. Johnstone is more optimistic than Barrett in his numbers: About 20 per- cent of the world's population are unevangelized; 47 percent are non-Christians living where they are likely to be evangelized; and 33 percent are professing Christians.

67. David B. Barrett and Todd M. Johnson, "Annual Statistical Table on Global Mission2002 ," International Bulletin of Missionary Research 26 (January 2002): 22–23.

68. Johnstone, The Church Is Bigger Than You Think, 115–16

69. Johnstone, The Church Is Bigger Than You Think, 273.

70. Patrick Johnstone and Jason Mandryk, Operation World: When We Pray God Works (Waynesboro, GA: Paternoster USA, 2001). See the online version at http:// www .operation world.org

71. *Ibid. 222.*

72. *Ibid. 223.*

73. Abraham Kuyper, "Sphere Sovereignty," in Abraham Kuyper, A Centennial Reader, ed. James D. Bratt (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1998), 488

خەونی هەندێک خەڵکی سەردەم ئەوەیە خەڵکی هاندەدەن کە ژیانیان بە لایەنگری شتی بێ بایەخ بەسەرببەن، بەناو ژیاندا دەخلیسکن و لە سەرووی هەموو شتێکەوە بەدوای سەرکەوتن و ئاسوودەیی و چێژدا دەگەڕێن. بەڵام خودا مرۆڤەکانی بۆ زۆر زیاتر لەمە داڕشتووە.

ئەم کتێبە کتێبێکی پڕفرۆشە، جان پایپەر بانگەوازێکی سۆزدارانە دەکات بۆ نەوەی داهاتوو بۆ ئەوەی دوور بکەونەوە لە مەترسییەکانی ژیانێکی بەفیڕۆچوو، پێمان دەڵێت بەشدار بین لە مەترسی و قوربانیدان کە بۆ هەتاهەتایی گرنگە -بە دڵگەرمییەوە لەپێناو شکۆمەندی خودا و لە هەموو بوارەکانی ژیانماندا ڕەنگدانەوەی ئەو هەبێت.

handofhelp

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR